# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (١٩) تشرین یەکەم
٢٠١٨

**ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی**
**بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە**


**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤ - ٠٧٥١١٤١٢٥٤٣
tofeqkarem@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

ڕاوێژکاران

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**

سایتی گۆڤاری خاڵ: www.xalkurd.com

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار



# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: پێگەی خێزان لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا


کاریگەری جیهانگیری و سەرمایەداری و بەهاکانیان لەسەر خێزان ........ پ.د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ٥

ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی تاکدا توێژینەوەیەکی وەصفی کۆمەڵناسییە ............ د. عالیە فرج مستەفا ١٣

فیمێنیزم یان چەقبەستن لە دەوری مێ لە دیدی عەبدولوەهاب مەسیرییەوە ............ د.ئیسماعیل بەرزنجی ٢٣

بایەخی پەروەردەی منداڵ لەدیدی دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سلێماندا .................................. ڕێدار ئەحمەد ٢٩

ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە پەروەردەی خێزان و تەشەنەسەندنی کێشە خێزانییەکان .......................... زانا ناسیح ٤٠

ئیرادەی لاوان و سێ کوچکەی خێزان، سیستمی پەروەردە، سیستمی سیاسی ............ د. سەمەد ئەحمەد ٥٠

توندوتیژی لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی لەڕۆژهەڵاتی ناوڕاست ....................... کەنار کەمال محەمەد ٥٥

دەروونددروستی خێزان لە هەزارەی سێیەمدا (چییەتی، پایەکانی) ................................ د.ناصح مەلاکەریم ٦٢

دەروازەیەک بۆ تێگەشتن لە خۆسوتاندن ....................................................................... عەدنان ئەحمەد فەتاح ٧٢

تەلاق و فیراق ............................................................................................. ئازاد جەلال ٧٧

گرنگی و پێگەی خێزان لەپەروەردەکردنی تاکی تەندروستدا ............................................ لەتیف حسێن ٨٣

منداڵ و پەروەردە (خەمەکانی سەردەمی پێشکەوتن) ................................................ هیوا سەعید محەمەد ٩٣

ئەو چوار نیعمەتە مرۆییەی کە پێویستە لە خێزانی پێشەنگدا هەبن ........................ هەستیار عەلی سەعید ١٠٣

ڕانانێک بۆ کتێبی پەیوەندییەکانی نێوان دایباب و منداڵ ........................................ کۆسرەت ساڵح ئەحمەد ١٠٨

هەڵەبجە لە بیرەوەری ع.ع شەونمدا .................................................................. عادل صدیق عەلی ١١٨

کاتێک ئایدیۆلۆجیا مێژوو دەنووسێتەوە مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم ............ د. کامەران محەمەد ١٢٩

فەرهەنگۆکی زاراوەکانی حوکمڕانی، سیاسەت، دیموکراسی .......................................... سامان مامڵێسی ١٣٨

دواخاڵ ......................................................................................................... سەونووسەر ١٥٠




# تەوەری داهاتوو

## دیاردەی تیرۆر
## تێگەیشتن و چارەسەر

ئەگەرچی تیرۆر مێژووییەکی زۆر کۆنی هەیە، بەڵام وەك دیاردەیەکی جیهانی ئاڵۆز و پێناسە نەکراو بەشێوەیەکی گشتگیر ومەترسیدارترین پرسی سیاسی جیهانی جێی بایەخ و گرنگیپێدانی ناوەندە سیاسیی و فیکرییەکان، کەم وڵاتی جیهان هەیە گیرۆدەی دەستی تیرۆر نەبێت، گۆڤاری خاڵ تەوەری ژمارەی داهاتووی بۆ ئەم پرسە تەرخان دەکات، مەبەستیەتی لەم گۆشەنیگایانەوە خویندنەوە بۆ بابەتی تیرۆرو مەترسییەکانی بکات:

1. تیرۆر چییە؟ هۆکار و مێژووی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەو پاڵنەرەکانی؟
2. ژینگەگانی بەرهەمهێنان و هاندانی تیرۆر چین؟
3. جۆرەکانی تیرۆر، جیاوازی تیرۆرو توندوتیژی، تیرۆرو دەمارگیری، تیرۆرو دوژمنکاری؟
4. پەیوەندی تیرۆر بەو ململانێ جیبهانیانەی لەنێوان زلهێزەکاندا هەیە؟
5. تیرۆر لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن.
6. هۆکاری گۆڕانی تۆمەتی تیرۆر لە بلۆکی رۆژهەڵاتەوە بۆ بۆ بلۆکی ئیسلامی، بۆچی جاران دەیان وت تیرۆری سور ئێستا بووەتە تیرۆری سەوز؟
7. ڕەهەندە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی تیرۆر؟
8. ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە وێناکردنی تیرۆردا؟
9. هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بەتیرۆر؟
10. ئیسلامییەکان تیرۆرستن یان قوربانی تیرۆرن؟
11. هۆکارەکانی شکستی هەوڵەکانی چارەسەر؟ چارە چییە؟



# تەوەری ژمارە

# پێگەی خێزان
## لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا

هەمووان دەزانین کە خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە، لە ئەوەوە گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەرپا دەبێت، بەڵام ئەمڕۆ خودی خێزان لە بەردەم ئالنگاریی جدیدایە، پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و بەکاڵابوونی بەهاکان لە شارستانییەتی ڕۆژئاواییدا و هاوردەکردنی بێ قەید و شەرتی دابونەریتە ئەوروپییەکان بۆ کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان، لەرزەیان خستووەتە قەڵای قایمی خێزان و هەڕەشەی داڕوخاندنی دەکەن.

کەواتە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکرێت؟ ئایا توانای بەرەنگاربوونەوەیمان هەیە؟ پچڕانی شیرازەی خێزان لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی مۆدێرنە یان زیانی پێدەگەیەنێت؟ ئەو لێکەوتانە کامانەن کە ئەم دۆخە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت؟ دۆخی کۆمەڵگەی کوردی چەندە لەبارە بۆ وەرگرتن یان بەرەوڕوو وەستانی ئەم ئاڵەنگارییە؟

خودی کۆمەڵگەی ئەوروپی لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بەرەو کوێ ملدەنێت؟

کۆمەڵێک تایبەتمەند و شارەزای ئەم بوارە بوونەتە میوانی تەوەرەکە و هەریەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە بابەتەکەمان بۆ شەن و کەو دەکات. ئومێدەوارین توێژینەوەکانیان سودێک بە کۆمەڵگەی کوردی بگەیەنن و خوێنەرانی بەڕێزیش لێیان بەهرەمەند بن.

# کاریگەری جیهانگیری و سەرمایەداری و بەهاکانیان لە سەر

# خێزان






پ.د.کەریم شەریف قەرەچەتانی

پسپۆڕی دەروونی، مامۆستای زانکۆ

خێزان یەکەم یەکەی پێکهاتەی کۆمەڵگایە، سەرەتا لە ژن و پیاو پێک دێت، دواتریش منداڵەکانیان، کە پەیوەندی بەهێز لە نێوان ئەندامەکانیاندا هەیە، خێزان کۆڵەکەی کۆمەڵگایەو ئەگەر ئەو کۆڵەکەیە کەم و کورتی تێدابێت، ئەوکات ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگا لاوازو قرچۆک دەبن، بەڵام کاتێک خێزان لە سەر بنەمای بەهێز بونیاد دەنرێت، بێگومان بەرگەی زۆر ناخۆشی و هێزو فاکتەری دەرەکی دەگرێت.

پێویستە هەموومان ئەو راستیە بزانین کە بەها ئەخلاقییەکان رێژەیین و بە پێی کات لە ناو هەمان کۆمەڵگاو بە پێی شوێنیش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێن، واتە هەر گەل و نەتەوەو کۆمەڵێک خۆیان لە نێوان خۆیان لەسەر خێرو شەڕو باشەکان و حەلاڵ و حەرام ڕێککەوتون و سیستمێکی ئەخلاقی و بەهاییان بۆ خۆیان دروست کردووەو بۆ گەل و نەتەوەکانی تر نەهاتووە دەست بخەنە ناو بەها ئەخلاقییەکانیان و گۆڕانکارییان بە زۆر تێدا بکەن و جۆرێکی تر لەئەخلاق و بەهای تر بەسەریاندا بسەپێنن.

لەبەرئەوەی ئەخلاق رێژەییەو ڕەها نییە، بۆیە ناکرێت هەموو کۆمەڵگاکان وەک یەک بیر بکەنەوەو هەڵگری هەمان بەهاو بیروبۆچوون بن، چونکە جیاوازی تاکی هەیەو دووکەس نییە وەک یەک بیربکەنەوەو لە سەدا سەد هەمان بیروبۆچوون و بەهای ئەخلاقیان هەبێت، لە لایەکی تریشەوە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئێمەی وەک نەتەوەو گەل و هۆزی جیاواز دروست کردووە بۆ ئەوەی یەکتری بناسین و وەک بەندەی خودا هەموو پێکەوە بژین، ئیتر چۆن دەبێت بە ناوی جیهانگیری بەهای وڵاتانی تر یان هی دەستەو تاقمێک بە زۆر بەسەر کەسانی تردا بسەپێنرێت و ناچار بکرێن کە وەک گەلانی سەردەستەو دەسەڵاتدار بژین و بیربکەنەوەو رەفتار بکەن.

بێگومان ئەو بەهاو رەفتارانەی بۆ کۆمەڵگای ئەمریکی یان رۆژئاوایی گونجاوە، مەرج نییە بۆ گەل و نەتەوەی رۆژهەڵاتی یان ناوچەکانی تر گونجاو بن، لەبەرئەوەی بەها ئەخلاقییەکان دەرئەنجامی پێکهاتەی کۆمەڵگاو ئەو قۆناغە مێژوویی وکۆمەڵایەتیەن کە گەل ونەتەوەکانی پیدا تێدەپەڕێت، لەگەڵ ئەو جیاوازیانەدا هەندێک بەهای ئەخلاقی جیهانی گشتی هاوبەش لە نێوان گەل و نەتەوەکانی هەموو جیهاندا هەن و دەکرێت هەموو لایەک خۆی بە خاوەنیان بزانێت، بەڵام لە زۆر بەهای تردا جیاوازن و ناکرێت هەموو کۆمەڵگاکان وەک رۆبۆت پرۆگرام بکرێن و هەموویان یەک جۆر رەفتارو هەڵس و کەوت و تواناو بیرکردنەوەیان هەبێت.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئامانجی سەرەکی جیهانگیری ئەوەیە کە وا لە تاکەکانی هەموو کۆمەڵگاکان بکات لە داهاتوو وەک یەک رەفتار بکەن و لە بەهاو بیرکردنەوەیاندا نزیک بن لە یەکەوەو بەهاو داب و نەریتە جۆراو جۆرەکان لە ناو سیستمێکی تایبەتی سەرمایەداری رۆژئاوایدا بتوێنەوەو نەمێنن، بێگومان ئەمەش بە زیانی کۆمەڵگا تازە پێگەیشتوو ژێردەستەکان کۆتایی دێت و ناتوانن لەگەڵ ئەو شارستانیەی رۆژئاوا بکەونە ململانێ.

تەکنەلۆژیاو سۆشیال میدیا وەک یەکێک لە دەرئەنجامەکانی جیهانگیری کە هاتۆتە ناو هەموو ماڵێکمان، بێلایەنەو نە زیان نە قازانجی بۆمان نییە، بەڵام ئەو پرۆگرام و بەرنامەو چالاکییانەی لە رێگای ئەو سۆشیال میدیاو تەکنەلۆژیانەوە بڵاو دەکرێنەوە باش و خراپی هەیەو هەندێکیان زیانی زۆر بە پێکهاتەو بوونیادی خێزان دەگەیەنن و هەندێکی تریان قازانجیان هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لەبەرئەوەی ئاستی هۆشیاری تاکی کورد لە ئاستی پێویستدا نییە، بۆیە زۆربەی

تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی ئەو تەکنەلۆژیاو سۆشیال میدیایانەیان خراپ بەکار هێناو لە جیاتی ئەوەی بە قازانجی تاکی کوردو بوونیادی خێزانی کوردی تەواو ببێت، هەندێکجار بوونە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان و پەرتەوازە بوونی تاکەکانیان، نموونەش لە ئەو بارەوە زۆر زۆرەو تەنها سەردانی بنکەکانی پۆلیس و هۆڵی دادگاکان ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە کە چەند خێزان تووشی تەڵاق و لێکجیابوونەوە بوون یان چەند کەس کوژران و سەرگەردان بوون، لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایل... هتد.

هۆکاری سەرەکی خراپ بەکارهێنانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە لایەک ئەو ئامێرو کەرەستەو تەکنەلۆژیایانە بە خێرای هاتنە ناو وڵاتەکەمان، لەلایەکی تریشەوە نەتوانرا لەلایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و عەقڵییەوە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی پێشوازی لە ئەو داهێنانانە بکەن و بە باشی بەکاریان بهێنن و سوود لەلایەنە باشەکانی وەربگرن و لەلایەنە خراپەکانی دووربکەونەوە، دەرئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە ئەو تەکنەلۆژیاو ئامێرانە کەوتنە بەردەستی هەموو لایەک و زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگاش لەبەرئەوەی ئامادە نەکرابوون بۆیە خراپ بەکاریان هێناو دواجار بە زیانی خۆیان خێزان و کۆمەڵکاکەیان تەواو بوو.

لەبەرئەوەی هەموو داهێنانێک پێویستی بە کەسانی هۆشیار هەیە کە خۆیانی بۆ ئامادە بکەن و باش بەکاری بهێنن، لەبەرئەوەی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆر لایەنی باشی هەیەو کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات. بەڵام لایەنی خراپ و نەرێنیشی هەیەو دەبێت ئاگاداری بین لەوانە:

١-هەندێک لە پرۆگرامەکان بوونەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و لێکجیابوونەوە و زۆربوونی خیانەت و ناپاکی هاوسەرگیری، پەرتەوازەبوونی منداڵ و وئالوودە بوونی بە تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٢-گرنگیدانی زیاد لە پێویست بە بەها ماددیەکان و دوور کەوتنەوە لە بەها روحی و ئەخلاقییەکان.

٣-گرنگیدان بە ڕواڵەت و دوورکەوتنەوە لە جەوهەرو ناوەرۆک.

٤-تاک بووە بە بەکاربەر نەک وەبەرهێنەر.

٥-لادان و بەلارێدابردنی زۆر هەرزەکارو لاو.

٧-هەوڵدان بۆ سڕینەوەی فرە کەلتووری و سەپاندنی یەک جۆر رۆشنبیری بەتایبەتیش هی وڵاتانی ڕۆژئاوای باڵادەست.

٨-لە ڕۆژئاوا تەنها بەناو خێزان ماوە (کوڕو کچ )دوای هەژدە ساڵی هیچ پەیوەندییەکیان بە دایک و باوکەوە نامێنێ، سەرەڕای ئازادی سێکسی و دانانی پلان بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان بە مانا ڕاستەقینەکەی، ناپاکی هاوسەرگیری .....هتد.

٩-زۆربوونی تەڵاق و لێکجیابوونەوە لە ڕۆژئاوا، زۆربوونی منداڵی زۆڵ (ناشرعی)، زۆربوونی خێزانی یەک سەرپەرشتیار، واتە تەنها دایک یان باوک و منداڵ کە لە سۆزو خۆشەویستی ئەوی تریان بێبەش بووە، کە خەریکە ئەمانە هەموویان دەبن بە دیاردە لەلای ئێمەش.

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە باشی و هۆشیارانە بەکار نەهێندرێن ئەوا ئەم زیانانە خوارەوەیان دەبێت:

### أ-یارییە ئەلکترۆنییەکان:

١-کاتێک منداڵ یان هەرزەکار بۆماوەیەکی زۆر خەریکی یارییە ئەلکترۆنیەکان دەبێت و لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەرەکەی دادەنیشێت، ئەگەری زۆر هەیە تووشی ئازاری پشت و شان و مل ببێت.





٢- سروشتی هەندێک لە یارییەکان وایە کە لەرزین (هزە)ی تێدایە، زۆر بەکارهێنانی ئەو جۆرە یاریانەش دەبنە هۆی لاوازکردنی ماسوولکەکانی دەست و قۆڵ و منداڵ تووشی جۆرە لەرزینێک دەکەن کە وەک ئەوانە وایە تووشی نەخۆشی لەرزین بووبن.







٣-کاتێک کەسێک بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری شاشەی تەلەفزیۆن و مۆنیتەری کۆمپیوتەر دەکات، ئەگەری زۆر هەیە چاوەکانی سوورببنەوە.





٤-هەموومان دەزانین ئەو تیشکەی لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەردەچن بریتین لە تیشکی کەهرۆ موگناتیسی، ئەگەر منداڵ زۆر سەیر بکات ئەوا ئەگەری زۆر هەیە زیان بە چاوەکانی بگەیەنێت، هەندێک منداڵیش تووشی پەرکەم و نۆرەی لەهۆش خۆچوون دەبن.





٥-هەندێک کەس لەبەرئەوەی بە پێی خشتەیەک، کاتی تایبەت بۆ یاریکردن و بینینی پرۆگرامەکانی میدیاکان تەرخان ناکەن و گەورەکانیشیان ڕێنمایی پێویستیان ناکەن، بۆیە ئالوودە(مدمن) بوون و زۆربەی کاتە گرنگەکانی خۆیان بە بینین و یاریکردن بە فیرۆ دەدەن، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر خوێندن و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تریان دەبێت.





شایانی ئاماژە بۆکردنە ئێستا ئالوودە بوون و خووگرتن  بە ئینتەرنێت و یارییە کۆمپیوتەرییەکان وەک نەخۆشییەکی دەروونی هەژماردەکرێت، هەر لەبەر ئەو زیان و مەترسیانەی کە ئاماژەمان بۆکرد ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە (٢٠١٨/٧/١٨) ئالوودەبوونی بە ئینتەرنێت و یارییە ئەلیکترۆنیەکانی خستە لیستی نەخۆشییەی دەروونییەکانەوە.

٦-جووڵەی چاوی ئاسایی (چاوتروکاندن) لەلای کەسی ئاسایی (١٢) بۆ (١٥) جارە لە خولەکێکدا، کە ئەو چاوتروکاندنە وەک (فلچەی سەیارە) پێویستە بۆ پاککردنەوەی چاوەکانمان، بەڵام کاتێک منداڵ زۆر سەیری ئەو فیلیم و یاریانە دەکات و خوویان پێوە دەگرێت، ئەوا دەبێت تەرکیز زۆر بکات و دەکەوێتە ژێر سترێسێکی زۆر، بۆیە ژمارەی چاوتروکاندنی کەم دەبێتەوە بۆ (٤) یان (٥) جار واتە زۆر کەمدەکات، ئەمەش ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت زیان بە چاوی منداڵ دەگەیەنێت.





**ب-تەلەفزیۆن و میدیاكانی تر:**

١-لە هەمووشی مەترسیدارتر ئەوەیە كە زۆرلەبەرنامەو پرۆگرامەكانی تی ڤی و پلەی ستەیشن و ئای پاد و ئای فۆن دەبنە هۆی هاندانی گیانی توندوو تیژی، لەبەرئەوە مەترسی زۆر هەیە كە ئەو منداڵ و هەرزەكارانە لە رێگای لاسایكردنەوەوە فێری ئەو رەفتارە شەڕخوازی و ناپەروەردەییانە ببن. بۆنموونە منداڵ هەیە لە شوێنی بەرز خۆی فرێداوەتە خوارەوە و شوێنێكی شكاوە، لەبەرئەوەی لاسایی سپایدەرمانی كردۆتەوە، یان لە ئەنجامی شەڕەتیرەوە چاوی كوێر بووە (ئەمە بە شاهیدی ئەوانەی لە نەخۆشخانەی چاوەكان-شەهید ئاسۆ-) ، یان فێری دزین و تاوان بووە، یان فێری لادانی سێكسی بوون.




٢-هەندێك لەبەرنامەو پرۆگرامەكان ترسناكن و منداڵ تووشی ترس و تۆقین دەكەن، بۆنموونە (زومبی (Zombie)) لە ئەنجامی بینینی ئەو جۆرە فیلمانە، زۆر منداڵ تووشی تۆقین بوون و شەو خەوی ناخۆش دەبینن و ناوێرن بچنە دەرەوە یان بۆ ژووری خۆیان یان بۆ توالێت بچن، ئەمەش كێشەی زۆری بۆ دایكان و باوكان دروست كردووە.



ئەم زومبیە، بەشێكە لە ئەفسانەو فۆلكلۆری وڵاتانی ئەفریقیا و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ئەورووپاو ئەمریكا، كە گوزارشت لە (تەرمی بێ گیان) تەرمی كەسی مردوو دەكات، كە لەناو شەقام و كۆڵانەكان هات و چۆ دەكات، گوایە لەسەر دەستی سیحربازەكان هاتۆتەوە ژیان و دەیەوێت جیهان لەناو ببات، یان ئاماژەیە بۆ خودای مارەكان، تەنانەت كردوشیانە بە فیلیم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی و كارتۆن و یاری ئەلكترۆنی و گوزارشت لەمردوو دەكات كە زیندوو بۆتەوە، هەندێك جاریش ئاماژەیە بۆ گیانی شەڕخوازی.

٣-لەلایەكی تریشەوە هەندێك لە پرۆگرامەكان بە شێوەیەك داڕێژراون كە ئەو بەهاو راوبۆچوونانەی وڵاتانی تر بەسەر وڵاتانی تردا بسەپێنن و وایان لێبكەن كە نەوەكانی داهاتوو وەك ئەوان بیربكەنەوە، ئەمەش مەترسیدارە بۆ وڵاتانی وەك ئێمە كە زۆر لە منداڵ و هەرزەكارەكانمان دەكەونە ژێر كاریگەریان.

٤-زۆر سەیركردن و خووپێوەگرتن و ئالوودە بوون بە تەلەفزیۆن و سۆشیال میدیا، دەبێتە هۆی گۆشەگیری و دوورە پەرێزی و دوور كەوتنەوە لە بەها كۆمەڵایەتیەكان.



٥-لەبەرئەوەی هەندێك لە بەرنامەكانی سۆشیال میدیاكان پڕن لە كوشتن و دزین و تاوان و لادان و سەرەڕۆیی، لەبەرئەوە ئەگەری زۆر

هەیە کە ئەو کەسانەی زۆر ئالوودەیان دەبن و خوویان پێوە دەگرن، ئەوا تووشی رەشبینی و بێهیوایی ببن و بگەنە ئەو بڕوایەی کە ژیان وەک دارستانێک وایەو گەورە بچووکەکان و بەهێزەکان بێهێزەکان دەچەوسێننەوە.




**ج-مۆبایل و ئینتەرنێت:**

١- مۆبایل و ئینتەرنێت زۆر بە خێرایی هاتە کوردستان، بەڵام لەلایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە تاکەکانمان بۆ پێشوازیکردن لە ئەو ئامێرو تەکنەلۆژیا نوێیانە ئامادەنەکرابوون، بۆیە زۆربەمان نەمان توانی بە باشی وەک پێویست بۆ خزمەتی خۆمان و کۆمەڵگاکەمان بەکاریان بهێنین، لەبەرئەوە لە جیاتی سوود زۆر زیانی بە کۆمەڵگاکەمان گەیاند و زۆر خێزان بە هۆی خراپ بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیا نوێیانە تووشی لێکترازان و سەرگەردانی بوون.




٢-بەداخەوە زۆرجار لەلایەن گەورەکانیشەوە ئەم تەکنەلۆژیاو سۆشیال میدیایانە خراپ بەکارهێنراون و بوونەتە هۆی پەرتەوازە بوونی ئەندامانی خێزان و هەریەکەو جیهانێکی تایبەت بۆ خۆی دروست بکات و ئاگای لە ئەندامانی تری خێزانەکەی نەبێت، بێگومان بەردەوام بوونی ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو خێزان و کۆمەڵگا دەبێت.



٢-لە لایەکی تریشەوە زۆر لە شۆفێرەکان پابەندی یاساو رێنماییەکانی هات و چۆ نابن و لەکاتی شۆفێری بەکاری دەهێنن و ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی چەندەها رووداوی هات و چۆ.





٣- ئەوەی جێگەی سەرنجە هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵ مۆبایل و ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە دەبەنە ژووری نووستن و لە ئەوێ بەکاری دەهێنن، یان تاوەکوو بەیانی لە ژێر سەریان یان لە تەنیشت خۆیانەوە بە کراوەیە دایان دادەنێن، کە ئەمەش زیانی زۆر بە ئەو کەسانە دەگەیەنێت و ژووری نووستنەکەیان پڕ دەبێت لە جۆرەها تیشکی زیان بەخش، لەبەرئەوە هەڵەیەکی گەورەیەو نابێت لە ژووری نووستن بوونیان هەبێت و دەبێت شەو بکوژێنرێنەوە.




د-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر باری دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ

یەک کەس نییە گومانی لە ئەوە هەبێت کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بووە بە یەکێک لە کاریگەرترین فاکتەرەکان کە گرنگی زۆری لە ژیانی زۆربەی

# ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە (2018/7/18) ئالوودەبوونی بە ئینتەرنێت و يارييە ئەليكترۆنيەكانی خستە ليستی نەخۆشييەی دەروونييەكانەوە.

زۆری تاکەکانی کۆمەڵ هەیە، کەم کەس هەیە فەیسبووک یان تویتەر یان ئینستگرامی نەبێت، یان پەیجێک تاووتوێ نەکات، ئینجا ئەم تۆڕە بەرفراوانە، کاریگەری لەسەر هەموو تاکەکان بە جێ دەهێڵێ بەتایبەتیش هەرزەکار.

– لاسایکردنەوەی ڕەفتارە نادروستەکان و فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن.

– دزینی زانیاری یان وێنەگرتنی کەسی بەرانبەر بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، دوایی خراپ بەکارهێنانی و (استغلال )کردنی کەسەکان و بەکارهێنانی دژیان.

– دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کاتێک هەرزەکار ژیانی زۆر کەسی تر دەبینێ و خۆی بە ئەوان بەراورد دەکات و ناتوانێت وەک ئەوان بکات ئەوکات تووشی خەمۆکی و دڵتەنگی و بێزاری دەبێت .

– گۆشەگیری و دوورە پەرێزی و تەنیایی و نقوومبوون لەناو ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەو پچڕاندنی شیرازەی هەندێک خێزان.

– توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە واز هێنان لە جگەرەو مادە هۆشبەرەکان ئاسانترە لە وازهێنان لە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

– هەڵخەڵەتاندنی بەرانبەر، کوڕە خۆی دەکات بە کچ، کچە خۆی دەکات بە کوڕ.

– هەموو ئەوانەی کە لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تر شت بڵاودەکەنەوە، بەردەوام خاڵە باش و لایەنی بەهێزەکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە زۆرکەس ژیانی خۆی بە ئەوان بەراورد دەکات وا دەزانێت ژیانی ئەوان بەهەشتەو ژیانی ئەم دۆزەخ، بۆیە زۆر خەفەت دەخوات و تووشی خەمۆکی دەبێت و هەست بەکەمی دەکات ، لەکاتێکدا ئەوانیش وەکوو هەموو مرۆڤێکی تر خاڵی لاوازیان هەیە بەڵام بڵاوی ناکەنەوە، لەکاتێکدا منداڵ یان هەرزەکار توانای ئەو لێکدانەوەی نییە و وا دەزانێت تەنها ئەو ژیانی ناخۆشەو وەک ئەوانەی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان نییە.

– بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆری ژیانیان بە شتی لاوەکی و دووبارە و سوار، کە ئەمەش زیانی زۆری بۆ پاشەڕۆژیان دەبێت.

– ژیان لە جیهانێکی گریمانی و دوور کەوتنەوە لە ژیانی واقیعی و کەمبوونەوەی سۆزو عاتیفەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

– بڵاو بوونەوەی پرۆپاگەندە و درۆو چەواشەکردن بە شێوەیەکی زۆر خێرا، کە زۆرجار دەبێت هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵ و دروستکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

– چەندەها ئەپڵیکەیشن هەیە کە کەسەکانی نادیارن و زۆر کێشە بۆ کەسانی تر دروست دەکەن و بەرەو خراپە هانیان دەدەن.

دیمەنە سێکسی و توندوتیژەکان و کاریگەریان لەسەر باری دەروونی مرۆڤ:

١- دروستکردنی (ئازاری دەروونی، ڕەش بینی، ترس لە داهاتوو، ڕاهاتن لەگەڵی و دوارۆژ کوشتن و خوێن ڕشتن دەبێت بەشتێکی وئاسایی، جاران لە گوندێک کەسێک بکوژرایە تا ماوەیەکی

زۆر زۆرکەس بە ئەو شوێنەدا نەدەڕۆیشت.

٢- سەربڕین و سوتاندن ...هتد ، تۆقین، خەوی ناخۆش، دەرکەوتنی نیشانەکانی دوای هێدمەو زەبری دەروونی، ئازاردنی ویژدان و شێواندنی لایەنی عاتیفی.

٣- لاسایکردنەوە (دروستکردنی نەوەیەکی توندووتیژو بێ بەزەیی).

٤- بڵاوبوونەوەی چەندەها نەخۆشی دەروونی.

٥- گەشەپێکردنی لایەنی شەڕخوازی تاکەکان و وێڵبوون بە دوای تێرکردنی رەمەک و غەریزەکان و دوور کەوتنەوە لە بەها ئاکاری و ئەخلاقییەکان.

٦- مانەوەی ئەو دیمەنە توندوو تیژانە لە کۆئەندامی یادکردنەوەمان و تا ماوەیەکی زۆر کاریگەریان لەسەر خەوتن و کارو چالاکییەکانی رۆژانەو خوێندنمان دەبێت.

٧-ناپاکی هاوسەرگیری، هاندانی هاوسەرگیری نێوان (پیاوو پیاو) یان (ژن و ژن)، تێکدانی شیرازەی خێزان و نەهێشتنی کۆڵەکەو پیرۆزییەکانی، ئەو هەموو ماڵپەڕانەی بۆ سێکس و کاری خراپ تەرخان کراون و بە ئاسانی هەموو کەس دەستی پێیان دەگات، هەزاران فلیم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی شەڕخوازی.

٨- سیستمی سەرمایەداری دەوڵەمەندەکان زیاتر دەوڵەمەندتر دەکات و هەژارەکان زیاتر هەژاردەکات و خەریکە چینی ناوەڕاست نەمێنێ، ئەمەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لە بونیادو پێکهاتەی خێزان کردووەو دایک و باوک بەردەوام لە هەڵپەی دابینکردنی بژیوی منداڵەکانیان و خەریکە ئاگایان لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان نامێنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئینتەرنێت و پاڵەوانی فیلیم و زنجیرە تەلەفزیۆنەکان دەبن بە دایک و باوکی منداڵەکان و زیاتر لە دایک و باوکی بایۆلۆژی و راستەقینەی خۆیان کاریگەریان لەسەریان هەیەو ئەمەش بۆتە هۆی لادان و سەرەڕۆیی زۆر لە منداڵ و هەرزەکاران و مەترسیدارە لە سەر چارەنووسی نەوەی داهاتوومان.

پێویستە دایک و باوک زیاتر گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن،کاتی پێویستیان بۆ تەرخان بکەن، لەلایەنی دەروونیەوە بە هێزیان بکەن، بۆ ئەوەی بەرگری دەروون( المناعة النفسیة) یان هەبێت و بە ئاسانی نەبن بە نێچیری بەر دەستی ئەو تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیانە کە دەرئەنجام و رەنگدانەوەی جیهانگیرییەو ئەو سیستمە نوێیەی جیهان، زۆر بە باشی ئەو تەکنەلۆژیاو هۆیەکانی راگەیاندنی بۆ بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی بەهاو بیروباوەڕەکانی خستۆتە کار و لە رێگای هەزاران پرۆپاگەندەو رێکلام و پرۆگرامی تایبەتەوە لە هەوڵی بە جیهانکردنی هەموو کەلتوور و نەتەوەکانە، ئینجا ئەگەر لایەنی پەیوەندیار و حکومەتی هەرێم پلانی زانستی بۆ سوود وەرگرتن لە بەهاو بیروبۆچوونە ئەرێنیەکانی جیهانگیری و خۆپاراستن لە لایەنە نەرێنییەکانی نەبێت، ئەوا کۆمەڵگای کوردی زیاتر تووشی لێکترازان و پەرتەوازەیی و هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکانی دەبێت.



# رۆڵی خێزان
## لە پەروەردەکردنی تاکدا

### توێژینەوەیەکی وەصفی کۆمەڵناسییە




نووسینی: پ.ی.د. عالیە فرج مستەفا

پسپۆڕ لە بواری خێزان و جێندەر

مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی ڕۆڵی خێزان وەکو یەکێک لە دامەزراوە پەیوەستەکان بە پەروەردەکردنی تاکەکانەوە لە بوارەکانی پەروەردەی کەسی و کۆمەڵایەتی، توێژەر هەوڵیداوە پێگە و ڕۆڵی پەروەردەیی خێزان لە ڕوانگەی هەردوو زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی بخاتەڕوو.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم پێکدێت لە پێناسەی خێزان، پایە سەرەکییەکانی خێزان، پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی و ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. بەشی دووەم پێکدێت لە پرۆسەی پەروەردە لە ناو خێزاندا، قۆناغەکانی پەروەردەکردن، ژینگەی ئاسانکار بۆ پەروەردەی خێزانی و لەمپەرەکانی ڕۆڵی پەروەردەیی خێزان.

**بەشی یەکەم: خێزان و ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی**

**١. پێناسەی خێزان:**

خێزان هەریەکە لە هاوسەرگرتن و وەچەنانەوە، کۆمەڵێک پێگەStatus ، ڕۆڵی بەدەستهێنراو لە ڕێی هاوسەرگرتن و وەچەنانەوە دەگرێتەوە، بۆیە لای زۆرینەی کۆمەڵگەکان هاوسەرگرتن بەمەرجی پێشینە بۆ پێکهاتنی خێزان دادەنرێت و خێزانیش بە بەرهەمی کارلێکی مرۆیی دادەنرێت.

خێزان بەو نێوەندە دادەنرێت لە لایەن کۆمەڵگەوە کە هەریەکە لە: پێداویستییە غەریزییەکانی تاکەکەس، پاڵنەرە سروشتی و کۆمەڵاتییەکان وەکو حەزکردن بە ژیان، مانەوەی نەژادی مرۆڤ، بەدیهاتنی ئامانج لە بوونی مرۆڤ، بەدیهاتنی پاڵنەرە سۆزداری و هەڵچوونییەکان وەکو سۆزی باوکایەتی و دایکایەتی دێنێتەدی.

خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتییە لە پێکهێنانی بینای کۆمەڵایەتی و کولتوری، لە سادەترین شێوازیدا خێزان پێکدێت لە دایک و باوک و منداڵەکانیان کە هاوسەرگرتنیان ئەنجامنەداوە و خێزان دوو جۆر لە پەیوەندی خزمایەتی دەگرێتەخۆی: پەیوەندی دایکایەتی و باوکایەتی و پەیوەندی برایەتی و خوشکایەتی، ئەم جۆرە لە خێزان زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا ناوزەندیان کردووە بە خێزانی سەرەتایی یان خێزانی ناوەکی.

خێزان پێناسە دەکرێت بە کۆمەڵێکی بایۆلۆژی نیزامی پێکدێت لە ژن و پیاوێک بە بوونی پەیوەندی هاوسەرێتی دانپیانراو لە نێوانیاندا و منداڵەکانیان، لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەم کۆمەڵەیە: پڕکردنەوەی پێداویستییە سۆزدارییەکان، پراکتیزەکردنی پەیوەندی غەریزی، ڕەخساندنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کولتوری بۆ پێگەیاندن و چاودێریکردن و ئاڕاستەکردنی منداڵان.

مالینوفسکی Malinowski پێناسەی خێزان دەکات بە کۆمەڵێک لە تاکەکەسەکان پەیوەندییەکی بەهێز کۆیاندەکاتەوە کە جیایان دەکاتەوە لە کۆمەڵەکانی تر، لەماڵێکی هاوبەشدا پێکەوە دەژین و پەیوەندی سۆزداری هاوبەش پێکەوە گرێیان دەدات، هەروەها پێگەیاندنی منداڵ لە گرنگترین ئەرکەکانی خێزانە لای مالینوفسکی.

لەو پێناسانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە کۆمەڵێک مەرجی پێشینە هەیە بۆ کۆمەڵی کۆمەڵایەتی تا ناوزەند بکرێت بە خێزان:

– بوونی پەیوەندی هاوسەرێتی یان پەیوەندی خوێن لە نێوان ئەندامانی هەمان خێزاندا.

– بوونی شوێنێکی نیشتەجێبوونی هاوبەش بۆ سەرجەم ئەندامانی خێزان.

– بوونی منداڵی بایۆلۆژی یان منداڵ بە هەڵگرتنەوە.

– بوونی پەیوەندی غەریزی لە نێوان دوو هاوسەر لە خێزاندا.

– بوونی خێزان وەکو یەکەیەکی ئابووری، ئەوەش بە بەشداریکردنی ئەندامانی خێزان لە ڕێی داهات و موڵکدارییەکانیانەوە و بوونی مافی بەکارهێنانی موڵکەکانی خێزان بۆ سەرجەم ئەندامانی خێزان بە یەکسانی.

**٢. پایە سەرەکییەکانی خێزان:**

خێزان وەکو یەکەمین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بەرپرسیار لە وەچەنانەوە و پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکان و فەراهەمهێنانی دەستی کار بۆ کۆمەڵگە، لە روانگەی کۆمەڵێک لە زانایانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی خێزان لە رووی پێکهاتەوە لە چەند پایەیەک پێکهاتووە:

أ- پایەی پێکهاتەیی: مەبەست لە پایەی پێکهاتەیی حزوری هەردوو هاوسەرو منداڵە بە شێوەیەکی تەواوکاری و پێکەوەگرێدراوە، کە هەریەک لەوانە رۆڵ و پێگەی خۆی لە پێکهاتەی خێزاندا بەجێبهێنێت.

ب- پایەی کۆمەڵایەتی: سەرکەوتنی ژیانی خێزانی بەندە بە قەناعەتی هەردوو هاوسەر بە گرنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزان لە نێوان هەردوو هاوسەر و ئەندامانیتری ناو خێزان، کە تایبەتمەندی سۆزداری و ئاڵوگۆڕکاری هەیە و زامنی جێگیری و بەردەوامی خێزان دەکات.

ج- پایەی تەندروستی: خێزان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بە یەکەی وەچەنانەوە دادەنرێت، بۆیە تەندروستی ئەندامانی خێزان و رەچاوکردنی باری تەندروستی و دوور بوون لە نەخۆشییە بۆماوەییەکان بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئەو گەنجانەی ئاراستەدەبن بەرەو هاوسەرگیری، هەروەها بوونی ئەندامێکی خاوەن گرفتی تەندروستی بۆ خۆی مایەی زیادبوونی گرفت و کێشەکانی خێزانە.

د- پایەی دەروونی: ژیانی هاوسەرێتی پێویستی بە ئامادەسازییەکی دروست هەیە لە رووی دەروونی و هەڵچوون و سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆراگرییەکی بەردەوام لەبەردەم فشار و قەیرانەکان، کە بە گیانی قوربانیدان و بەخشین و وەرگرتنەوە پرۆسەی بڕیاڕدانی هاوبەش ئەنجامدەدرێت.

هـ- پایەی ئابووری: بوونی سەرچاوەی داهات مەرجێکی پێشینەیە بۆ هاوسەنگکردنی پەیوەندییە خێزانییەکان و کاراکردنی ئەندامانی خێزان تا بتوانن رۆڵی دیاریکراوی خۆیان ئەنجامبدەن بە باشترین شێواز، بۆیە گرنگە هاوبەشیکردنی هەردوو هاوسەر لە دابینکردنی بودجەی خێزاندا.

و- پایەی ئایینی: پابەندبوون بە ئایینەوە هۆکاری بنەڕەتییە لە جێگیری ژیانی خێزانی و پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ، جێبەجێکردنی سروتە ئایینییەکان لە خێزاندا هۆکاری پەیوەستبوون منداڵە بە ئایینەوە و راهاتن لەسەر ژیانی دەستەکۆیی.

**٣. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:**

لای پارسۆنز پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەی فێربوونە بە پشتبەستن بە لاساییکردنەوە و یەکگرتن لەگەڵ فۆرمی ژیری و سۆزداری و ئاکاری لای منداڵ و هەرزەکار بە ئامانجی تێهەڵکێشانی رەگەزە پێکهێنەرەکانی کولتور لە سیستەمی کەسایەتی، کە لە سەرەتای لەدایکبوونی کەسەکە دەستپێدەکات، بەردەوامی دەبێت لەگەڵ چوونە خوێندنگە و تێکەڵبوون بە دەستەهاورێ.

لای دۆرکایم پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەی گۆڕینی لایەنی بایۆلۆژییە بە رەهەندی کۆمەڵایەتی و کولتوری تا رۆڵی ئاراستەکار بۆ رەفتاری تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا ببینێت. هەروەها بریتییە لە پەروەردەکردنی کەسە پێگەشتووەکان بۆ کەسە پێنەگەشتووەکان تا ببنە خاوەنی کەسایەتی لە چوارچێوەی خواست و رێساکانی کۆمەڵگە.

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەی داڕشتنی رەفتاری مرۆیی تاکەکەسە و بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی بونەوەرێکی بایۆلۆژی بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و لەخۆگرتنی کەسەکان بۆ کولتوری کۆمەڵگە کە لە رێیەوە تاکەکەسی لەدایکبوو گەشە بە کەسایەتی خۆی دەدا و دەبێتە خاوەنی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی کارا لە چوارچێوەی یاسا و رێسای کۆمەڵگە و کولتورەکەی.

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەی فێربوون و

# سەرکەوتنی ژیانی خێزانی بەندە بە قەناعەتی هەردوو هاوسەر بە گرنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزان لە نێوان هەردوو هاوسەر و ئەندامانیتری ناو خێزان

پەروەردە وفێرکردنە بە پشتبەستن بە کارلێکی کۆمەڵایەتی بە ئامانجی لەخۆگرتنی تاکەکەس بۆ رەفتار و پێوەر و ئاراستەگونجاوەکان لەگەڵ رۆڵە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانی تا بتوانێت بە هاوشانی گروپەکەی خۆگونجاندن بەدیبهێنێت.

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسەیە کە لە رێیەوە تاکەکەس هۆشیار دەبێت بە هۆکارە کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان و زامنی کارلێک و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەکات کاتێک تاکەکەس کارلێک لەگەڵ کەسانیتر دەکات و کاریگەر دەبێت بە پێوەر و رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستە دەروونییەکان، بەوەش کەسەکان بەرهەمی ئەم کارلێکە دەبن.

**٤. تایبەتمەندییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:**

لە روانگەی کۆمەڵناسی خێزانەوە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە و جیای دەکاتەوە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییە کولتورییەکانی تر، لەوانە:

**یەکەم**: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەی فێربوونی کۆمەڵایەتییە، تاکەکەسەکان لە رێی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە فێری رۆڵ و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و فۆرمەکانی رەفتار دەبن لە چوارچێوە رێپێدراوەکانی کۆمەڵگە.

**دووەم**: لە رێی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە منداڵی پشتبەستوو بە کەسانیتر دەگۆڕێت بۆ کەسێکی سەرکەوتوو کە درکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەکات.

**سێیەم**: پرۆسەیەکە بەردەوامە بە دەستپێکردنی ژیان دەستپێدەکات و بە کۆتاییهاتنی کۆتایی دێت.

**چوارەم**: پلەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت و فۆرمەکەی جێگیرە.

**پێنجەم**: لە بەئەنجامگەیاندنی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک دامەزراوە لەگەڵ خێزان بەشدارن، لەوانە: خوێندنگە ودامەزراوەی ئاینی و رۆشنبیری و میدیایی لەگەڵ گروپی دەستە هاوڕێ.

**شەشەم**: زیاتر لە فۆرمێک لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، بە پێی گۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و پێگە و کولتوری خێزان و قەبارە و ریزبەندی منداڵ...تاد.

**حەوتەم**: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە واتای لەخۆگرتنی کەسەکان بۆ کەسایەتی کۆمەڵایەتی جیاواز و بەتوانا لە جوڵەکردن و گەشەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کولتورێکی دیاریکراو.

**هەشتەم**: پرۆسەیەکی راستەوخۆیە و بەرهەمی دەستی کۆمەڵگەیە نەک کەسێک یان کۆمەڵێک کەس.

**نۆیەم**: پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دەروونییە و جەختدەخاتە سەر هەردوو لایەنەکە پێکەوە.

**٥. ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:**

یەک: بەرهەمهێنانی کەسێکی خاوەن شیاوێتی

کۆمەڵایەتی و خاوەن توانای کارلێکی کۆمەڵایەتی.
دوو: دەمجکردنی بەها ئاکاری و کۆمەڵایەتییەکان لە بینای کەسایەتی تاکەکەس و پێکەوەنانی ڕێساکانی ڕێگەگرتن لە ڕەفتاری نەخوازراو.
سێ: فێربوونی منداڵ بۆ ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان.
چوار:گۆڕینی پێداویستییە بایۆلۆژییەکان بۆ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕینی ڕەفتاری کەسەکە تا ببێتە کەسێکی کۆمەڵایەتی و خاوەندارێتی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگە دیاریدەکات.
پێنج: بەدیهێنانی پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی گشتی و پابەندبوون بە بەهاکانەوە بەشێوەیەکی تایبەتی.
شەش: پێگەیاندنی هاوڵاتی خاوەن توانای ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی ژیانی ببێت و هەوڵبدات بۆ پێشخستن و گەشەپێدان.

## بەشی دووەم: ڕۆڵی پەروەردەیی خێزان

### ١. پرۆسەی پەروەردە لە ناو خێزاندا:

پرۆسەی پەروەردەی تاک بە دوو شێواز ئەنجامدەدرێت:
یەکەم: پەروەردەی مەبەستدار: ئەو پەروەردە ڕێکخراوەیە، کە ئامانجی ئاشکرای هەیە، لەبەر گرنگی ئەم شێوازەی پەروەردە خودی دەوڵەت لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی خوێندنا ڕێکخستنی بۆ دەکات، لە ڕێی پرۆگرامی سەرتاسەری دیاریکراو و ڕێنمایی بەئامانجگیراو. هەروەها پەروەردەی خێزانیش بە شێوازی پەروەردەی ڕاستەوخۆ ئەژماردەکرێت
دووەم: پەروەردەی بێ مەبەست: ئەو پەروەردەیە تاک لە ڕێی بەریەکەوتن و پەیوەندییەکانی بە کەسانی دەورووبەرەوە و کاریگەربوونی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدەستدیدێنێت.

### ٢. قۆناغەکانی پەروەردەکردن لە ناوخێزاندا:

پەروەردەکردنی تاک لە خێزاندا بەسەر چوار قۆناغدا دابەشکراوە:

**قۆناغی چەپاندن:**

لە کاتی لەدایکبوونەوە تا تەمەنی (حەوت) ساڵ تایبەتە بە چاندنی بەهاکان لە بینای کەسایەتی منداڵدا لە لایەن دایک و باوکەوە، ئەوەش لە ڕێی سوود وەرگرتن لە هەریەکە لە: هەڵوێست و بەریەکەوتن و ڕووداوەکان و بۆنەکان و جوڵە و پەرچەکرداری منداڵ لە ناو ماڵدا.
چاندنی بەهاکان پێویستی بە ژینگەیەکی خێزانی ئاسانکارە لەسەرەتای لەدایکبوونی منداڵەوە تا قۆناغی هەرزەکاری، بۆیە پابەندبوونی پەروەرشیاران (دایک و باوک) بە پێنج پایەی بنەڕەتییەوە لەسەرەتای ژیانی جگەرگۆشەکەیەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ فەراهەمهێنانی ژینگەیەکی یارمەتیدەر بۆ چاندنی بەها خوازراوەکان:
١- ناسینی منداڵ لە دوای تەمەنی یەکساڵیەوە بە خاڵ و بەهێزو لاوازەکانی کەسایەتی خۆی، کە سەرەتای پرۆسەی خودناسی دەستپێدەکات و بۆ یەکەم جار دایک و باوک دەبنە ڕێنیشاندەری جگەرگۆشەکەیان.
٢- ناسینی دەوروبەر بە منداڵ لە ڕێی ئاشناکردنی منداڵەکە بە ماناو واتای جوڵەو وتەو جوڵانەوەکانی کەسانی دەوروبەر، لەڕێی بەریەککەوتنە زارەکییەکان واتە قسەو گفتووگۆ، بەمە هەنگاو بە هەنگاو منداڵ بەرەو تێگەیشتن لە دەوروبەری خۆی دەڕوات و ئەزمونی کەڵەکەبوی بۆ دروست دەبێت کە لە گەشەی عەقڵو هۆشو ئیدارکیا ڕۆڵی گەورەی دەبێت.
٣- بەبەشداریکردن لە گفتوو گۆی ناوماڵ و دانیشتنی سەردانو سەیرانو بۆنەکان گرنگە دایکو باوک هەوڵبدەن تا منداڵ ڕابهێنن لەسەر هونەری گوێگرتن، ئەوەش بە بەشداریکردنی منداڵ لە دوای تەمەنی ٣ ساڵیەوە وەکو گوێگر لە مەجلیسی کەسانی جیاوازدا لە ڕووی کەسایەتی و توانای ئاخاوتنو گفتوگۆکردنەوە، خاڵی سەرەکیش بۆ دایکو باوک برییتیە لە پیشاندانی ئەزمونی گوێگرتنی خودی دایکو باوک و باسکردنی

گرنگی ئەو گوێگرتنانە، لەمەوە بە ئاسانیو بە تێپەڕبونی کات گوێگرتن وەکو یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ مێشکی منداڵ کارا دەبێت.

٤- تێکەڵبونی دایکو باوک بە کەسانی دەروبەریانو گفتوگۆکردن لەسەر هۆکارەکانی بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریان بە حزوری منداڵ، هەروەها باسکردنی هۆکارەکانی لاوازکردن یان دابڕانی پەیوەندی بە کەسانی ترەوە، سەرئەنجام ئەم هەنگاوە ئەزمونی زیندوو بە منداڵ دەدات لە هونەری بینای پەیوەندییەکانو کۆتایی پێهێنانیانو منداڵ ڕادێت تا ببێتە خاوەنی توانای دەستپێشخەریکردن لە بواری بینای پەیوەندییەکاندا.

٥- دانایی کۆمەڵایەتی کە زۆر جار بە بەستنەوەی جوڵەی جەستە بە دەربڕینەکانەوە لە وشەو وتار دەربڕینی بۆ دەکرێت، ڕاهێنانی دایکو باوک بۆ منداڵەکەیان لە سەر گرێدانی وشەو دەربڕینەکانیان بە شێوازی تایبەت لە جوڵە سەرو دەمو چاوو دەستو جەستەیان هەنگاوێکی گرنگە بۆ تێگەشتن لە جوڵەی جەستەی کەسانی بەرامبەرو دەوروبەریان، لە کاتێکدا جوڵەی جەستە بەرپرسە لە گەیاندنی زانیاری بۆ دەماغ بە هەمان توانایی وشەو دەربڕینەکان، بەمەش زەمانەتی گەشەی بەردەوامی عەقڵی منداڵەکە بۆ دایکو باوک دێتە دی.

**قۆناغی چاولێکەری:**

لە تەمەنی (حەوت) ساڵ بۆ ( چواردە) ساڵ تایبەتە بە چەسپاندن و ناساندنی بەهاکان بە خودی منداڵ کاتێک لە ڕێی پەرچەکردار و مامەڵەی ڕۆژانەی منداڵەوە ڕەنگدانەوەی بەهاکان بە ئاشکرا تێبینیدەکرێت لە لایەن دایک و باوک و خوشک و برای گەورەوە لە ماڵدا، بۆیە ئەرکی پەروەرشیاری بۆ ئەم قۆناغە ناساندنی منداڵە بە ناو و کاریگەری بەهاکان لەسەر ئاستی کەسی و کۆمەڵایەتی بۆ خودی منداڵ.

**قۆناغی کۆمەڵایەتی:**

لە تەمەنی (چواردە) ساڵ بۆ ( بیست و یەک) ساڵ تایبەتە بە گەشەپێدانی تواناکانی هەرزەکار لە بواری بونیاتنانی پەیوەندییەکەسییە کۆمەڵایەتییەکانی بە تایبەتی پەیوەندی هاوڕێیەتی، پێویستە دایک و باوک کاربکەن لەسەر فەراهەمهێنانی ماڵێکی گونجاو بۆ هەرزەکار تا هەلی بانگهێشتکردنی هاوڕێی بۆ دابین ببێت و کەسایەتی قۆناغەکانی گەشەی دەروونی و سۆزداری بە شێوەیەکی ئاسایی بێت.

**قۆناغی کرداری (عەمەلی):**

لە تەمەنی ( بیست و یەک) ساڵ بۆ تەمەنی (سی و پێنج) ساڵ تایبەتە بە بونیاتنانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ڕووی پیشەیی و خێزانی و بەدەستخستنی پێگەی کۆمەڵایەتی و لەئەستۆگرتنی ڕۆڵ و بەرپرسیارێی کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی.

**٣. ژینگەی ئاسانکار بۆ پەروەردەکردنی منداڵ:**

پەروەردەکردن پێناسەدەکرێت بە ئەکتیڤکردنی هەریەکە لە زیهن (عەقڵ)و دڵو دەرونو جەستەی تاکەکەس، بە مەبەستی هاتنەدی سەروەربوونی مرۆڤ لەسەر زەویداو بەدیهێنانی جێنشینی بۆ خوای گەورە.

پەروەردەکردن بە دواندنی ژیریو دەرونو ڕۆحی تاکە کەسەکە دەستپێدەکات، کە لە ڕێی شێوازو میکانیزمەکانی پەروەردەییەوە کار لەسەر دارشتنی قەناعەت عەقڵییەکانو ئیدراکو هۆشمەندی تاکەکەس ئەنجامدەدرێت، سەرئەنجام ویستی تاکەکەس چالاک دەبێتو داینەمۆی گۆڕانکاری کارادەبێتو دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکەس خۆویستانە ئاراستەی گۆڕانکاری لە ناخو ئاکارو ڕەفتارو مامەڵەی خۆیدا بکات.

ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ بەدیهێنانی پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ یەکێکە لە مەرجە پێشینەکان بۆ گەشتن بەسەرکەوتن لە نواندن و بەجیهێنانی ڕۆڵی پەروەرشیاربوون لە لایەن دایک و باوکەوە. گرنگترین پێداویستییەکانی فەراهەمهێنانی ژینگەی ئاسانکار بریتییە لە :

**١- حزوری بەهاکان بە تایبەتی بەخشینی خۆشەویستی لە خێزاندا:**

خۆشەویستی یەکەم بەهای بونیاتنەری ژیانی خێزانییەو بەخشینی خۆشەویستی و سۆز لەلایەن دایک و باوکەوە بە جگەرگۆشەکانیان بە گرنگترین ئەرکی خێزان دادەنرێت، کە تەنها خێزان دەتوانێت پێی هەڵبسێت و سەرجەم دامەزراوە و بونیادە کۆمەڵگەییەکانیتر وەکو خوێندنگە و رێکخراو و مزگەوت و و...تاد تیهەلکێشی ئەرکەکانی خۆیانی ناکەن. تایبەتمەندی خێزان لە بەخشین و تێرکردنی ئەندامانی بە خۆشەویستی ئەوەیە بە بێبەرامبەر خۆشەویستی دەبەخشێت و بەخشینی خۆشەویستیش دەبێتە سەرچاوەی بەختەوەربوونی خێزان.

خێزان لەرێی بەخشینی خۆشەویستی بە ئەندامانی کاردەکات لەسەر بەهێزکردنی توانای وەرگرتن و بەخشینی خۆشەویستی لای ئەندامانی و هاوسەنگکردنی ئەو توانایە، بەوەش سۆزداری وەکو یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کەسایەتی منداڵ گەشەی سروشتی خۆیدەکات شانبەشانی پێکهێنەری هزری، دەروونی، مەعنەوی و هەڵچوون لە کەسایەتی منداڵدا.

دەربڕینی خۆشەویستی بۆ منداڵ لە یەکەم ساتی لەدایکبوونییەوە دەستپێدەکات، بە گەورە بوونی منداڵ و هاتنی منداڵیتر و تێکەڵاوبوونی منداڵ بە ژینگەی خوێندن و دەستەهاورێ شێوازەکانی دەربڕین گۆڕانی بەسەردا دێت.

لە روانگەی دەروونناسییەوە منداڵ لە (یەک) رۆژی تەمەنیەوە بۆ (حەوت) ساڵ بە شێوەیەکە سەرەکی پێویستی بە خۆشەویستی دایک و باوکییەتی وەکو سەرچاوەی بنەڕەتی تێرکردنی لایەنی سۆزداری منداڵ و لە تەمەنی (حەوت) ساڵ بۆ ( چواردە) ساڵ خۆشەویستی سەرجەم ئەندامانی خێزان بۆ منداڵ دەبێتە سەرەکیترین سەرچاوەی خۆشەویستی، بۆیە تا تەمەنی (چواردە) ساڵی منداڵ لە ناو خێزانی خۆیدا خۆشەویستی وەردەگرێت و گەشەی پێدەکات و لێهاتوویی بەخشینی خۆشەویستی لەخۆدەگرێت.

٢- پێکەوەژیانی خێزانی:

پێکەوەژیانی خێزانی بە کۆبوونەوەی ئەندامانی خێزان رۆژانە لە یەکەیەکی جوگرافی دیاریکراو لە ناو ماڵدا پێناسە دەکرێت، لەگەڵ هەوڵدانی بەردەوام بۆ رێگەگرتن لە دوورکەوتنەوە یان ئامادەنەبوونی یەکێک لە ئەندامانی خێزان بۆ ماوەی زیاتر لە بیست و چوار) کاتژمێر لە کاتی باری ئاسایی خێزاندا و بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک لە کاتی بوونی باری نائاسایی بۆ خێزان یان ئەندامانی خێزان، بە تایبەتی بۆ ئەو ئەندامانەی تەمەنیان لە نێوان (دوازدە) بۆ ( هەژدە) ساڵە بە پێی هەندێک لە ئاراستە زانستییە تایبەتەکان بە پێگەیاندنی ئەندامانی خێزان و بەردەوامییدان بە پەیوەندییە خێزانییەکان.

پەیوەستبوونی منداڵ بە جوگرافیای ناوماڵ بە یەکێک لە بەرهەمەکانی پێکەوەژیانی خێزانی ئەژماردەکرێت، بۆیە گرنگە دایک و باوک بە شێوەیەکی سیستماتیک کاربکەن لەسەر تێکەڵاوکردنەوەی منداڵ بە بازنەی پێکەوەژیانی خێزانی لە رێی:

یەکەم: بوونی تێڕوانین و قەناعەت لای دایکو باوک بە گرنگی حزوری منداڵ لە چوارچێوەی جوگرافیای ماڵدا، وەکو یەکێک لە پایەکانی فەراهەمهێنانی ژینگەیەکی پەروەردەیی خێزانی کە منداڵ سەنتەر بێت تیایدا.

دووەم : بوونی ویستێکی راستەقینە بۆ گۆڕینی ئەم قەناعەت و روانینە بۆ شێوازی دروست و کاریگەر لە مامەڵەی بەردەوام و جێگیری رۆژانە لە چوارچێوەی خێزاندا و پێویستبوونی پاڵپشتیکردنی ئەم ویستە لەلایەن ئەندامانیتری ناو خێزان و کەسانی نزیکی خێزان.

سێیەم: بوونی لێهاتوویی بەخشینی سۆز و

وەرگرتنی و گەیاندنی شیکردنەوەی لۆژیکانە... تاد، بۆ بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی پەیوەستبوونی منداڵ بە دایک و باوکەوە وبەهێزکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکاری نێوان ئەندامانی خێزان، سەرئەنجام پەیوەندییەکی دەروونی تایبەت پێکدێت، کە لە گرنگترین دەرهاویشتەکانی هەستکردنی منداڵ بە ئەمان و بوونی پشتی خێزانی دەبێت.

چوارەم: بوونی هۆشیاری و توانستی پێویست لای دایک و باوک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فشار و ڕێگر و بەربەستە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و خێزانییەکان لە بەردەم بەواقیعیکردنی پەیوەستبوونی منداڵ لە ڕێی بەرجەستەبوونی پێکەوەژیانی خێزانی

٣- بوونی هاوبەشێتی ڕاستەقینە لە نێوان دایک و باوک و دامەزراوە پەروەردەییەکان:

هاوبەشێتی ڕاستەقینە بە واتای بوونی هەماهەنگی لە نێوان ستافی کارگێری و پەروەرشیارانی ناو دامەزراوە پەروەردەییەکان و دایک و باوک لە خێزاندا، هەر لە قۆناغی دایەنگە تا کۆتا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی منداڵ.

زۆرێک لە دامەزراوە و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان بە بواری پەروەردەی منداڵ ڕێکەکەوتوون لەسەر ئەوەی بەرجەستەبوونی هاوبەشێتی ڕاستەقینە لەڕێی پرۆگرامەکانی خوێندن و پەروەردەی منداڵ لە تەمەنی (٣ بۆ ٨) ساڵ پێویستە ئەم ئەرکانە بگرێتەئەستۆ:

أ- ڕەخساندنی هەل بۆ دایکان و باوکان تا هەستبکەن خاوەنی پێگە و قەدرن لە ژیانی منداڵەکانیان بەوەی سەرەکیتترین کەسی کاریگەرن بۆ منداڵەکانیان و هاوبەشن لە پەروەردەکردنیاندا.

ب- ڕێزگرتنی دایکان و باوکان لە خۆیان کاریگەری بنەڕەتی دەبێت بۆ گەشەی منداڵ، پێویستە باوکان و دایکان لە ڕێی بەشداری ئەرێنییەوە لەگەڵ دامەزراوەکانی پەروەردە ئەم ڕێزگرتنە لە خود بچەسپێنن.

ج- بەشدارپێکردنی دایکان و باوکان لە دارشتنی بریارەکانی تایبەت بە پەروەردە لە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن بە تایبەتی دایەنگە و باخچەی ساوایان.

د- ڕەخساندنی هەل بۆ دایکان و باوکان لە لایەن دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە بۆ گەشتنی دایکان و باوکان بە پۆل و هۆڵی ئەنجامدانی چالاکی منداڵەکانیان.

هـ- ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و زانیاری لە نێوان دایکان و باوکان و مامۆستایان بە مەبەستی زۆرترین سوود گەیاندن بە منداڵەکان

و- کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی گرفتی منداڵ کاتی چوونە خوێندنگە بۆ یەکەمجار لە ڕێی هەماهەنگی نێوان دایکان و باوکان و بەڕێوبەرایەتی دامەزراوە پەروەردەییەکان.

لەگەڵ بەرجەستەبوونی هاوبەشێتی ڕاستەقینە لە نێوان دایکان و باوکان و دەستەی بەڕێوبەرایەتی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن، خودی منداڵان سوودمەنددەبن بە:

١- بەردەوامیدان بە کەڵەکەبوونی ئەزموون و بیناکردن لەسەر ئەزموونە پێشینەکانی منداڵ ، کە لەسەرەتای ژیانییەوە شێوازەکانی فێربوون و گەشەی سۆزداری لە ماڵەوە دەستیپێکردووە.

٢- بەشداریکردنی دایکان و باوکان هۆکاری بنەڕەتییە بۆ زاڵبوونی گیانی خۆشەویستی و ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان دایکان و باوکان و کەسانی ناو دامەزراوە پەروەردەییەکان.

٣- هاوکاری و هاوبەشێتی هەلی بەردەوام دەرەخسێنێت بۆ هەردوولا: دایکان و باوکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ درککردنی پێداویستییەکانی منداڵ و شێوازی گونجاو بۆ فێربوونی و گرنگیپێدانەکانی منداڵ، کە باشترین هەل دەرەخسێنێت بۆ گەشەکردن و فێربوونی بەردەوام.

٤- گەشەکردن و بەرزبوونەوەی ئاستی فێربوونی زمان لای منداڵ و پابەندبوونی بە

ئەرکەکانی خوێندنگە و توانستی چارەسەرکردنی گرفت و باشتربوونی لایەنی کۆزانیاری و جەستەیی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی و پابەندبوونی بە ڕێنمایی و یاساکان.

دکتۆرە Marjorie Kostelnik کە خاوەنی ١٧ کتێب و ٥٨ بابەتە لە بواری فێربوون بە راهێنان لە گەڵ هاوڕێکانی لیستی ئەو ئەرک و کارانەیان تۆمارکردووە، کە هەریەکە لە دایکان و باوکان و مامۆستایان خوازیارن بەرامبەرەکانیان بەجێیبهێنن:

٤. لەمپەرەکانی رۆڵی پەروەردەیی خێزان:

أ- وەلاوەنانی پەروەردە لە خێزاندا: بە خزمایەتی چر، ئاڵۆزبوونی ژیان، بەپلە دوو یان سێ بوونی خێزان لە رووی کاریگەری پەروەردەییەوە، خێرابوونی ریتمی ژیان....تاد.

ب- رادەستکردنی پەروەردەی منداڵ: بەشێک لە دایکان و باوکان ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ رادەستی خوێندنگە یان یانە هونەری و پەروەردەییەکان یان خزمەتکار دەکەن، بە بێ رەچاوکردنی ئەوەی ئەرکی سەرەکی خێزان هاوبەشێتی دایک و باوکە لە پەروەردەکردنی منداڵدا.

ج- خستنەڕووی پەروەردە لە چوارچێوەیەکی نموونەیی دوور لە واقیع، لەگەڵ بەقورسکردنی

| (10) ئەرك باوكان و دایكان خوازیارن مامۆستایان ئەنجامیبدەن | (10) ئەرك مامۆستایان خوازیارن دایكان و باوكان ئەنجامیبدەن |
|---|---|
| ١. یارمەتیدانی منداڵ بۆ بیناکردنی ڕێزگرتن لە خود.<br>٢. ناسینی هەر منداڵە بە تەنیا.<br>٣. بە بەردەوامی بەریەکەوتن لەگەڵ دایک و باوک.<br>٤. بەخشینی ڕێنمایی بە دایکان و باوکان بۆ چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ منداڵ لە ناو ماڵدا.<br>٥. پاراستنی ئاستی بەرز لە لایەنی رەفتاری و ئەکادیمی.<br>٦. پێشوازیکردن لە بەشداریکردنی دایکان و باوکان و هاندانیان لەسەر بەشداریکردن.<br>٧. چالاکبون و پشتگیریکردنی چالاکی و ئەنجومەنی باوکان.<br>٨. دابینکردنی چالاکی دەوڵەمەندکردنی کەسایەتی منداڵ.<br>٩. پێشبینیکردن و هاندان و ڕێزگرتن لە منداڵان و میوانەکان.<br>١٠. لە یادیان بێت باوکان خوازیاری پێشکەشکردنی یارمەتین. | ١) دابینکردنی سەرچاوەی خوێندنەوە و فێربوون لە ماڵەوەدا.<br>٢) پێشەنگبوون.<br>٣) هاندانی منداڵ بۆ تەواو بەخەرجدانی تواناکانی لە خوێندنگە.<br>٤) جەختکردنەوە لەسەر بەدەستهێنانی مەعریفە.<br>٥) پشتگیریکردنی ڕێنماییەکانی پرۆگرام و ئامانجەکانی.<br>٦) بەکارهێنانی شێوازەکانی فشاری پۆزەتیف.<br>٧) پەیوەندیکردن بە مامۆستاکانەوە لە سەرەتای بوونی گرفت.<br>٨) لەخۆگرتنی بەرپرسیاریی وەکو دایک و باوک.<br>٩) تەماشاکردنی ئاهەنگی گەنجان و رەفتارە دزێوەکان بە شێوەیەکی جدی.<br>١٠) بە ئاگابوون لە واقیعی خوێندنگە و بەشداریکردن لە چالاکییەکانی خوێندنگە. |

سەرچاوە: (Kostelink et al,378,1993 ).

خستنەڕووی کۆمەڵێک پاساو بەشێک لە دایکان و باوکان ئەرکی پەروەردەیی خێزان وەلاوە دەنێن و خۆیان بە دوور دەگرن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، لەو پاساوانە: زۆری دەوام، پەیوەندی پرۆسەی پەروەردەی منداڵ لە هەلومەرجی هاوچەرخی خێزاندا.

د- رادەستکردنی پەروەردەی منداڵ بۆ هۆکارە جیاوازەکانی میدیا: بەشێک لە دایکان و

باوکان ئاساییە بۆیان منداڵەکانیان لە ساواییەوە تا قۆناغی هەرزەکاری زۆرترین کاتیان لەبەردەم شاشەکانی میدیا جیاوازەکان بەسەربەرن بە تەنیا، سەرئەنجام حزوری دایک و باوک لە بەسەربردنی کاتەکانی منداڵ زۆر لاواز دەبێت.

هـ- نەبوونی توانست و هۆشیاری پەروەردکردن یان کەمی پەروەرشیار لە ناو دایکان و باوکان و لاوازی پێگەی بایەخدان بە پێگەیاندنی دایک و باوک بۆ کەسایەتی پەروەردەیی خۆیان لە ناو ماڵدا و پشتبەستن بە مامۆستای خوێندنگە یان پەروەرشیاری ناو مزگەوت و دامەزراوە ئاینییەکان لە پەروەردەی منداڵدا.

و- پیادەکردنی شێوازەکانی پەروەردەی هەڵە و کەمترین گەڕانەوە بۆ سەرچاوە زانستییەکان لە پەروەردەی منداڵدا، لەو شێوازە هەڵانەی باون لە ناو خێزانەکاندا لە بواری پەروەردەی منداڵ: پەروەردە بە نازپێدان، پەروەردە بە جیاکاری نێوان منداڵان، پەروەردە بە زەبر و ئەشکەنجەدان، پەروەردە بە توندوتیژی، پەروەردە بە سەپاندن، پەروەردە بە پاراستنی زیادلەحەد، پەروەردە بە سزادان، پەروەردە بە سات ساتیبونی دایک و باوک.

**سەرچاوەکان:**


١- بكة الميسوم، صورة الذات لدى الفتاة في العائلة في ضوء بعض المتغيرات، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة وهران ، كلية العلوم الاجتماعية، ٢٠١٦.

٢- دنيا جليل اسماعيل الربيعي، اساليب التنشئة الاجتماعية الخاطئة وانعكاساتها على الاعداد الاجتماعي للطفل العراقي دراسة ميدانية، مركز ابحاث الأمومة والطفولة، جامعة ديالى ، ٢٠١٥.

٣- د.علاءالدين جاسم البياتي ،علم الاجتماع بين النظرية والتطبيق، دار التربية، بغداد، ١٩٧٥

٤- د. سامية مصطفى الخشاب، النظرية الاجتماعية ودراسة الاسرة، الطبعة الثالثة، دار المعارف، القاهرة، ١٩٩٣

٥- د. هدى محمود الناشف، الأسرة وتربية الطفل، دار المسيرة للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية ، عمان ، ٢٠١١.

٦- نجن سميرة، اسهام الاسرة التربوي في تفوق الابناء دراسيا، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة محمد خيضر،كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، ٢٠١٧ .

٧- محمد مهدي القصاص، علم الاجتماع العائلي، ، ٢٠٠٨.

٨- «خێزان و پێکەوەژیان» ، د. عاليه فرج، ژیان بە چاوی ژن، ژمارە (٩٠٦) ڕۆژنامەی یەکگرتوو، بەرواری ٢٠١٢/٩/١٠).

٩- «پێکەوەژیان و بەراورد لای منداڵ» ، د. عاليه فرج، گۆشەی ژیان بە چاوی ژن، ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (٩٠٧) بەرواری دووشەممە ٢٠١٢/٩/١٧.

# فێمێنیزم

## یان چەقبەستن لە دەوری مێ

## لە دیدی عەبدولوەهاب مەسیرییەوە





**د.ئیسماعیل بەرزنجی**

لەدایکبووی ١٩٧٨. بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە ئەدەبی عەرەبی. چوار بەرهەمی چاپکراوی هەیە. چەندین توێژینەوە و وتاری بڵاوکراوەی هەیە. ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەنتەری زەهاوییە.

دکتۆر عەبدولوەهاب مەسیری (١٩٣٨ – ٢٠٠٨) بیرمەند و کۆمەڵناسی ئیسلامی ناسراوترە لەوەی بناسێندرێت و ژیانێکی پڕاوپڕی لە هزر و زانست و بەخشین بەسەربردوە، خاوەنی بیرێکی تیژ و ڕەخنەئامێز و فراوان بووە، لە میانەی کێشمە کێشم و لێکدانەوەی فیکریی دوور و درێژ و بەردەوامەوە گەیشتووە بە حەقیقەتی ئیمان و باوەڕهێنان، بەشێوەیەک کە باسکردن لێی هەویرێکە ئاوی زۆر دەکێشێت، خوێنەر بۆ ئەو مەبەستە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبە گرنگەکەی (کاروانی هزریم، لەبارەی تۆ و ڕیشە و بەرهەمیەوە – رحلتي الفكرية، فی البذور والجذور والثمار )(١)، لەوێدا هزرێکی قووڵ دەبینێت، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە باسی بکەم پەیوەست بە دۆسیەی ئەم ژمارەیەی (خاڵ) تێڕوانینی مەسیریە بۆ (پرسی ئافرەت) لە ڕەهەندە فەلسەفی و فیکریەکەیەوە، هەروەها تێگەیشتنی ئەو لە کاروانی خەباتی هەموو ئەوانەی بە دوای مافەکانی ئافرەتەوە بوون و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بیروبۆچوونیان لەم بوارەدا، ئەمەش لە کتێبە ناوازەکەیدا بەرجەستە بووە بە ناونیشانی (پرسی ئافرەت لە نێوان ئازادکردن و چەقبەستن لە دەوری مێدا)(٢)، بۆیە منیش بۆ ئەم نووسینە پشتم بەم کتێبە بەستووە.

ئەوەی مەسیری جیادەکاتەوە لە زۆرێک لە بیرمەندان ئەوەیە خاوەنی (شوناسی فیکریی) خۆی بووە، مەبەست لە شوناسی فیکری ئەوەیە لە هەموو تێز و بەرهەمەکانیدا تایبەتمەندی خۆی تێکەڵکردووە و هەمیشە هەڵوەستەی کردووە لەسەر بابەتەکان و هەڵی سەنگاندوون و ڕای تایبەتی و زادەی بیری خۆی دەربڕیوە لەسەرییان، هیچکات ناوبانگی کەسایەتی و بیرمەند و ئاراستە فیکرییەکان چاوبەستی لێ نەکردووە کە شتانێک بڵێت و بنووسێت وەکو تووتی بەبێ تێگەیشتن و لێکدانەوە، بە تایبەتی ئەو تێز و بابەتانەی لە ئەورووپا و ڕۆژئاواوە هاتوونەتە کۆمەڵگا مسوڵمانەکان.

ئەو ڕەخنە دەگرێت لەوانەی بە دۆگماییەوە دوای ڕۆژئاواییەکان دەکەون و پێیانوایە هەرچی لای ئەوانەوە بێت بێ سێ و دوو ڕاستە و بۆ ئێمەش دەشێت، ئەو پێیوایە هەموو تێزە ڕۆژئاواییەکان لە هەر بوارێکدا بن پێویستە ملکەچی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و ڕەخنە لێگرتن بن، چونکە ئەوە بەرهەمی ژینگەیەکی تایبەت بە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانە و ڕەگوڕیشەی لای ئەوانە، پێویستە ئێمە پرسیارمان هەبێت لەسەریان، پرسیارگەلێک بەرهەمی تێڕوانین و ئەزموونی مێژوویی مرۆڤبوونی خۆمان بێت (٣).

لەم ڕوانگەیەوە کاتێک دەیەوێت باسی (فیمێنیزم) بکات وەک بزووتنەوەیەکی بەرگریکردن لە مافی ئافرەت و مێینە، دەیخاتە ناو ئەو سیاقە کۆمەڵایەتی و فیکریەی ڕۆژئاوا کە تێیدا بەرهەمهاتووە، بۆیە ئەو وەک کەسانێتر شاگەشکە نابێت بەرامبەر ئەم چەمکە و کوێرانە بە شان و باڵیدا هەڵنادات، بەڵکو ڕەخنەی جددی هەیە لەسەری و بە زادەی فەلسەفە و ئاراستە فیکریەکانی دوای مۆدێرنەی دادەنێت کە بە ڕای ئەو گۆڕانێکی ڕیشەییان لە چەمکی (مرۆڤبوون)ی مرۆڤدا کردووە و چیدی (مرۆڤ) سەنتەری گرنگیپێدان نییە و لە گەردوون گەورەتر نییە، بەڵکو شتێکە وەک هەموو شتەکانیتر لەناو سروشتدا و ماددەیەکی ئاسایی بوونە.

دکتۆر مەسیری جیاوازی دەکات لەنێوان دوو ئاراستە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتان، ئەوانیش بزووتنەوەکانی ئازادی ئافرەتان لە کۆن و نوێدا، ئەو پێیوایە بزووتنەوە کۆنەکان لە ڕوانگەی تاکڕەهەندیی مرۆڤبوونەوە (هیومانیتی) کاریان لەسەر مافەکانی ئافرەت کردووە، بڕوایان وابووە کە (مرۆڤ) جیاوازە لە سروشت و باڵادەستە بەسەریەوە و ئەو سەنتەرە و دەتوانێت سروشت تێپەڕێنێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو بەو شێوەیەی دەیەوێت ڕامی بکات و دایڕێژێتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە داوای یەکسانیان دەکرد لەنێوان

هەموو مرۆڤەکاندا بە ژن و پیاوەوە.

بەڵام بزووتنەوە ئازادیخوازە نوێیەکان ئەم بنچینە فەلسەفیەیان نییە، بەڵکە هەر بڕواشیان پێی نییە، ئەوان بڕوایان بە تاکڕەهەندیی ئیمپریالی هەیە، واتە ململانێی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ یان مرۆڤ و سرووشت، لەوش زیاتر هەڵخزاندنی مرۆڤ لە سەنتەری بوون و بڕوابوون بە کۆتاییهاتنی چەقێکی دیاریکراو و یەکسانکردنی مرۆڤ بە شتەکانی سرووشت و بە ئاژەڵ و داروردەخت(٤)، وەکو ئەوەی مرۆڤ هیچ جیاوازیوکی نەبێت لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی سروشتدا و ئاگایی و ئەزموونی نەبێت و کائینێکی بێ ئەقڵ بێت، یان ئادەم پێش ئەوەی ڕۆحی بەبەردا بکرێت پارچەیەک قوڕ بوووبێت و بە هەر شێوەیەکیتر دەکرا دروست بکرێت و جیاوازی نەبووە لەگەڵ پێکهاتەکانیتری سروشتدا.

ئەمەش ئیدیعایەکی بێبنەما نییە لای مەسیری، بەڵکو بۆ ئەمە نمونەی جەختکردنی بەردەوام دەهێنێتەوە لەسەر مافەکان، مافی پێکهاتە جیاوازەکان، مافی ڕەش پێست و مافی ئافرەت و مافی ئاژەڵ و مافی هاوڕەگەزباز و هەموو مافە جۆراوجۆرەکانیتر، کە ئاڕاستە فەلسەفی و فیکرییە هاوچەرخەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەمەش وا دەکات مرۆڤ هەمیشە لە ململانێدا بێت لەگەڵ مرۆڤەکانیتر و سروشتدا.

هەر لەم سۆنگەیەوە(تیۆری نوێی مافەکان) داکۆکیەکی زۆر و لەرادەبەدەر دەکات لە (هاوڕەگەزبازی)، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە لە سروشتی ئەو کەسانە تێبگەن کە توشی ئەو لادانە بوون و مافیان پێبدەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو دیاردەیە بکەن بە حاڵەتێکی ئاسایی، ئەمەش لە باوەڕبوونیانەوەیە بە نەمانی پێوەرێکی جێگیر بۆ (مرۆڤبوون) و نەمانی (مرۆڤ سەنتەری) لە بوونەوەردا و یەکسانکردنی بە هەموو شتەکانی ناو سروشت، ئەوان ئەو بڕوا جێگیرەیان هەرەس پێهێناوە کە مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییە و (مرۆڤبوون) پێوەرێکی هاوبەش و نەگۆڕە لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا بە جیاوازیەکانیانەوە، گرنگی بوونی ئەم پێوەرەش ئەوەیە کە هەمیشە مرۆڤایەتی مەرجەعیەتێکی هەیە بۆی دەگەڕێتەوە لە ژیاندا کە هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا و شێوەی ژیان و بەها و چەمکەکانیان بۆ دیاریدەکات، ئەو پێوەرە پێمان دەڵێت چی شتێک مرۆڤانەیە و چی مرۆڤانە نییە، جیامان دەکاتەوە لە ئاژەڵ و سروشت و هەموو بوونەوەر، سەروەری بە مرۆڤ دەبەخشێت و دەیکاتە کائینێکی جیا لە سروشت، ناسنامەی مرۆڤبوونی دەداتێ کە هەموو شتەکانیتر لەو بچوکترن و بۆ خزمەتی ئەو دروستکراون، پێویست ناکات جەخت لە مافەکانی خۆی بکاتەوە لەبەرامبەر مەوجوداتی بوونەوەردا، ئەمە ئەو بڕوایەیە کە ئاڕاستەفیکریەکانی (پۆست مۆدێرنە) لەدەستیانداوە و وا دەزانن بەوە ماف و شکۆ بۆ مرۆڤ دەگێڕنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤیان لەناو بردووە و خاڵیان کردووەتەوە لە بەهای مرۆڤبوون.

بۆیە ئەو مرۆڤەی ئەوان بانگەشە بۆ مافەکانی دەکەن شتێکی بچوکی سەربەخۆی زۆر سادەیە، تاکڕەهەندە، ناکۆمەڵایەتی و ناشارستانییە، هیچ پەیوەندییەکی بە خێزان و کۆمەڵگا و دەوڵەت و مەرجەعیەتی مێژوویی و ئەخلاقیەوە نییە، بەڵکو تەنها کۆمەڵێک پێویستی ماددی سادەیە کە کۆمپانیا زەبەلاحەکان ئیستیغلالی دەکەن لە پێناوی قازانجی زیاتردا.

ئەگەرنا بۆچی کەس باس لە (مافی کۆمەڵایەتی) مرۆڤ ناکات؟ کەس باسی پرسی گەل و کۆمەڵگا ناکات کە سەروەت و سامانی دەدزرێت و لە بانکەکانی ڕۆژئاوادا دادەنرێت؟ بۆچی هیچ کەسێک داوای ڕاگرتنی چەکی کۆمەڵکوژ ناکات کە زۆرترین بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت و هەزاران کەس لەناو دەبات؟

جەختکردنەوەی بەردەوام لەسەر ئەوەی کە

خەڵکی هەموویان چین و توێژی بچوک و کەمینەن و لێکدابڕینیان بەهۆی شوناسی بچوک بچوکەوە مانای ئەوەیە هیچ زۆرینەیەکی دیاریکراو نییە، ئەمەش واتای نەبوونی پێوەرێکی مرۆڤایەتی جێگیر، بەمەش هەموو شتێک دەبێتە ڕێژەیی و بێسەرەوبەرەیی دروست دەبێت لە مەعریفە و ئەخلاقدا.

ئەم بیروبۆچوون و تێزانەی باسکران چوارچێوەی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی (فێمێنیزم) ن و ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا هاتووەتە ئاراوە، زۆرێک جیاوازی ناکەن لەنێوان فێمێنیزم و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ژنان، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازییەکی بنەڕەتیان هەیە، هەرچی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانن لە چوارچێوەی هیومانیزمدا بڕوایان بە سەنتەربوونی مرۆڤ هەیە لە بوونەوەردا، هەروەها بڕوایان بەوەیە کە (مرۆڤبوون) خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو مرۆڤەکانە کە کۆیان دەکاتەوە بەهەموو جیاوازیەکانیانەوە، بڕوایان وایە کە مرۆڤ دەبێت مرۆڤبوونی لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی و شارستانیەوە وەربگرێت، لەم چوارچێوەیەدا ژن وەک مرۆڤێک و تاکێکی کۆمەڵگا پێویستە مافەکانی دەستەبەر بکرێت لە هەموو ڕووەکانەوە و عەدالەت بەرپا بکرێت نەک یەکسانی، هەروەها ڕشۆڵی کۆمەڵایەتی ژن لەبەرچاو بگیرێت وەک (دایک) و پەروەردەکار و ڕێکخەری کاروباری ناوماڵ و بڕبڕەی پشتی خێزان.

بەڵام (فێمێنیزم) بەرهەمی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە تێڕوانینی ڕۆژئاوا بۆ مرۆڤ، بەشێوەیەک سەرلەنوێ مرۆڤ و مرۆڤبوون داڕێژراوەتەوە، چیدی مرۆڤ ئەو مرۆڤەی جاران نەماوە، بەڵکو تێڕوانینێکی ماددی و ئابوری و بەکالاکردنی مرۆڤ هاتووەتە ئاراوە و بەها ماددیگەراییەکان زاڵبوون بەسەر ژیاندا، ئەمەش وایکردووە گرنگی بە ڕۆڵی ژن بدرێت وەک دەستی کار و توانای ئیشکردن لەسەر حیسابی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکان و کارکردن لە ماڵەوە و لەناو خێزاندا.

(کریستۆفەر لاچ) کە کۆمەڵناسێکی ڕۆژئاواییە تێبینی ئەوەی کردووە کە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە ئیتر خێزانی ئەمریکی نەیتوانیووە لەسەر داهاتی تاکە کەسێکی بژیت، بەڵکو ژن و دایکی خێزانەکەش پێویست بووە لەسەری ببێتە دەستی کار و سەرچاوەیەکی داهات بێت بۆ خێزانەکەی، ئەمەش وایکردووە واز لە ئەرکە ئینسانییە ئاساییەکەی بهێنێت کە (دایکایەتی)یە، و ئەرکی نوێ وەربگرێت، بەمەش کۆتایی بە کۆتا سەنگەر و پەناگای مرۆڤ هات کە پەیوەندی نێوان ژیانی تایبەتی تاکەکەس و ژیانی گشتی ڕێکدەخست(٥).

ڕێنمایی ماددیانە و بڵاوکردنەوەی بەهای سەرمایەداری بەشێوەیەکی ترسناک خزێنرایە ناو ژیان و بیرکردنەوەی تاکەکەس، بەشێوەیەک کە (کاری مرۆڤ) بوو بەو کارەی لە بەرامبەر (بڕێک پارە)دا دەیکات و بەس، هەموو چالاکییەک کە مرۆڤێکی نێر یاخود مێ ئەنجامی دەدات و لەبەرامبەریدا پارەیەک وەردەگرێت ناونرا (کار)، بەمەش زۆر بەئاسانی (دایکایەتی) و پەروەردە و کاری ناوماڵ لە پێناسەی کارکردن دوورخرانەوە، چونکە لە بەرامبەریدا ژن هیچ پارەیەک و پاداشتێکی ماددی وەرناگرێت لە کاتێکدا سەرتاپا ژیانی داگیر دەکات، بە کورتی کاری ناوماڵی ژن بەکار حساب ناکرێت چونکە بەرامبەری ماددی نییە، تەنانەت زاراوەی (ژنی ماڵەوە) کرا بە کارێکی سەلبی و بێبایەخ و هیچ بەهایەکی بۆ دانانرێت لەگەڵ ئەو گرنگییە زۆرەی کە لە ژیانی تاک و کۆمەڵگادا هەیەتی.

بۆیە (فێمێنیزم) لە دیدگای عەبدولوەهاب مەسیریەوە بریتیە لە (چەقبەستن لە دەوری مێ) کە بەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی چەمکی (مرۆڤبوون)ە و لادانی مرۆڤ لە سەنتەری

# بۆچی کەس باس لە (مافی کۆمەڵایەتی) مرۆڤ ناکات؟ کەس باسی پرسی گەل و کۆمەڵگا ناکات کە سەروەت و سامانی دەدزرێت و لە بانکەکانی ڕۆژئاوادا دادەنرێت؟

گرنگیپێدان و دەسەڵاتداربوون بەسەر بونەوەردا بۆ کائینێکی سروشتی کە لە سروشتدا تواوەتەوە و پێوەری مرۆڤبوون نەماوە، بەڵکو بووە بە بەشێک لە سروشت و شتێک لە شتەکان، نرخ جێگای بەهای گرتووەتەوە و چەندێتی جێگای چۆنیەتی گرتووەتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە ژن دەتوانێت چەند کاربکات و چەند پارە بەدەست بهێنێت، نەک چ کارێک بکات و کام بەهایە بچەسپێنێت.

بزوتنەوەی فێمێنیزم یان (چەقبەستن لە دەوری مێ) جیاوازییەکی قووڵی لەنێوان ژن و پیاودا دروستکردووە، وەکو ئەوەی کە هیچ هاوبەشێک کۆیان نەکاتەوە، یان مرۆڤبوون جەوهەری بوونی هەردوکیان نەبێت، چونکە لای ئەوان ژن تەنها خۆیەتی و دەیەوێت خۆی بدۆزێتەوە و خۆی بسەلمێنێت لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵگا، ئەو هەمیشە دەبێت لە ململانێدا بێت لەگەڵ پیاودا، فێمێنیزم لە بزوتنەوەیەکی داواکاری مافی ژنانەوە گۆڕاوە بۆ بزوتنەوەیەک بەدوای شوناسێکی تایبەتی ژندا دەگەڕێت، شوناسێک لەناو مەعریفە و ئەنترۆپۆلۆژیادا، کە تایبەت بێت بە ڕەگەزی ژن و بۆ ڕەگەزی پیاو نەشێت، لای فێمێنیستەکان مرۆڤێک نییە دابەش بێت بەسەر نێر و مێدا، هەریەکەیان ماف و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەبێت و بگونجێت لەگەڵ سروشتی خۆیدا، بەڵکو (نێر) هەیە و (مێ) هەیە، ئەم دوانە هەمیشە لە ململانێدا بوون بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان، نەک ئێستا بەڵکو بەدرێژایی مێژوو وابووە، پیاو هەر هەوڵیداوە ژن کۆنترۆڵ بکات و ژنیش بەردەوام لە خەمی ڕزگاربوونی خۆیدا بووە، تەنانەت هەندێک زۆر دوورتر دەڕۆن و دەڵێن زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا دوای کۆمەڵێک جەنگ هاتووە لە سەردەمانێکی کۆندا کە کۆمەڵگا هەموو (ژن سالاری) بووە، خواوەندەکانیش هەر ژن بوون، بەڵام دوایی پیاوان هاتوون و زاڵبوون بەسەر ژندا و کۆمەڵگایان بەپێی ویست و بۆچوونی خۆیان دارشتوەتەوە.

لەم تێڕوانینەوە بۆ مێژوو بانگەشەکارانی (چەقبەستن لە دەوری مێ) داوای پێداچوونەوەی سەرلەبەری ژیان دەکەن و سەرلەنوێ دارشتنەوەی بە تێڕوانینی (مێ سالاری)، چونکە پێیانوایە مێژوو لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە و دەبێت سەرلەنوێ بخوێندرێتەوە، چونکە (نێر) بەرهەمیهێناوە و تەفسیری بۆ کردووە، بۆیە نادروستە و دەبێت سەرلەنوێ بە تێڕوانینی (مێینە) سەیربکرێتەوە.

بەکورتی، لای ئەوان نێر و مێ دوو ڕەگەزی لەیەکتر جیان و مرۆڤبوونی هاوبەش لەنێوانیاندا نییە و بەردەوام لە دژایەتی و ململانێی یەکتردان، تەنانەت هەندێک لە توندڕەوانی ئەم ڕەوتە دەڵێن وشەی (ژن woman - دەبێت ئیملاکەی بگۆڕدرێت چونکە لە وشەکەدا (man) هەیە کە مانای پیاوە، ئەوان دەڵێن پێویستە ژن بەئینگلیزی ئاوا بنوسرێت(womyn).

ئەم زیادەڕۆییکردنە لە پێداگریی لەسەر ژن مەگەر چی لێ بەرهەمدێت؟ ئەوەنەبێت کە ژن بە تەواوی خۆی بە ڕەگەزێکی جیاواز و دژ بەپیاو حساب بکات و بە تەواوی بایکۆتی پیاو بکات،

لەمەشەوە (هاورەگەزبازیی) نێوان ژن و ژن دێتەئاراوە، چونکە نایەوێت پیاو ئیستیغلالی بکات و بۆ کاری سێکسی هاوبەشی بکات، لەئەنجامدا منداڵ بەرهەم نایەت، مەگەر بە نەشتەرگەریی بێت، کە دیسان پیاو بە ناڕاستەوخۆیی لایەنێکی پرۆسەکە دەبێت، بەمەش کۆمەڵگا بە تەواوی لە مرۆڤبوون دەشۆرێت و ڕوو لە هەڵوەشان و پەرتەوازەیی دەکات، هەریەکە لە ژن و پیاو دەچن بەلای سروشتی خۆیانەوە و مێژوویەک لە ململانێ دروست دەبێت و کۆتایی مێژووی چەقبەستن لە دەوری مێ دێت.

لە کۆتاییدا پێویستەئەوە بڵێین کە ئەم تێڕوانینەی عەبدولوەهاب مەسیری – وەک خۆی جەخت دەکاتەوە – مانای ئەوە نییە ئەو ئینکاری پێشێلکردنی مافەکانی ژن دەکات لە کۆمەڵگا ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتیەکاندا، بەڵکو پێیوایە کە کێشەیەکی قووڵ هەیە سەبارەت بە ژن پێویستە چارەسەر بکرێت، هەرگیز بڕوای وا نییە کە دەبێت ژن لە چوار دیواری ماڵ نەچێتە دەرەوە و کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەکات و کرێ وەرنەگرێت، بەڵکو ئەو داوای چارەسەرکردنی کێشەی ژن دەکات لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگادا و مرۆڤبوون بکرێت بەپێوەر، مرۆڤبوونی کۆمەڵایەتی بەوپێیەی هەمووان ئەندامی کۆمەڵگایەکن، نەک مرۆڤبوونی سروشتی هەڵچنراو لەسەر ڕق و قین لەنێوان نێر و مێ و لێوانلێو لە ململانێ لە نێوانیاندا، یان بێ بەهاکردنی مرۆڤ و یەکسانکردنی بە شتەکانی سروشت.

ئەو چیرۆکی خۆی و هاوژینەکەی (د.هودا حیجازی) دەگێڕێتەوە کاتێک چوون بۆ (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بۆ خوێندن، دەڵێت من لە داکۆکیکارانی سەرسەخت بووم لە مافەکان ژن – بەو پێیەی ئەوکاتە هەڵگری فیکری ئیسلامی نەبووە- و داوای یەکسانیم دەکرد لە هەموو شتێکدا، نزیک لەو تێڕوانینە فێمێنیستیەی سەرەوە کە باسمانکرد، بۆیە حەزم دەکرد کە هاوژینەکەم دکتۆرا بەدەست بهێنێت.

بەڵام ئەو ماستەریشی هەندێک بە قورسی بۆ تەواوکرا، چونکە دەیویست لەپاڵ خوێندنەکەیدا (دایکایەت)یش بۆ کچەکەمان بکات کە ئەوکاتە منداڵێکی ساوا بوو، دواتر کە فرسەتی خوێندنی دکتۆرای بۆ هەڵکەوت پێویست بوو بە تەواوی یەکلاببێتەوە بۆی و کچەکەمان بباتە دایەنگا، بۆیە منیش هانمدا کە فرسەتەکە بقۆزێتەوە و بخوێنێت، ئەگەر ئەوەی بکردایە زوو لە تەمەنی (٢٦) ساڵیدا دکتۆرای وەردەگرت، بەڵام سەرم سوڕما کاتێک ڕەتیکردەوە بەردەوام بێت لە خوێندن، چونکە پێیوابوو (دایکایەتی) قەرەبوو ناکرێتەوە، هەروەها پەیوەندی هاوبەشی نێوان دایک و منداڵ لەو تەمەنە بچوکەدا بەدرێژایی ژیان هاوسەنگ نابێتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو منداڵە بێبەشدەبێت لە ژیانی منداڵی خۆی چۆنی بوێت ئاوا لە خەو هەستێت و ژیان بەسەر بەرێت بەئاسایی.

مەسیری دەڵێت ئەوکاتە زۆرم پێناخۆش بوو کە ئەو بڕیارەیدا، چونکە لەگەڵ پرەنسیپ و بیروبۆچوونی مندا دژبەیەک بوون، لە کاتێکدا ئەمە حەقیقەتێکی زۆر سادەی ژیان و بوونەوەرە، بەڵام لە کۆتاییدا کچەکەمان گەورە بوو و دایک و کچ هەردوکیان دکتۆرایان بەدەستهێنا و دنیاش ئاخر نەبوو(٦).

**پەراوێزەکان:**

(١) رحلتی الفكريه، فی البذور والجذور والثمار، د.عبدالوهاب المسيری (الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، ٢٠٠٠.

(٢) قضية المرأة بين التحرير والتمركز حول الأنثى، د.عبدالوهاب المسيری (شركة نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، ط٢، ٢٠١٠.

(٣) بڕوانە: قضية المرأة بين التحرير والتمركز حول الأنثى، ص٣.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٨-٩.

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل١٧.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل٥١.

# بایەخی پەروەردەی منداڵ

## لەدیدی دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سلێماندا

## کتێبی (دارمانی ژیاریی ئیسلامیی و دووبارە سازدانەوەی) بەنموونە

دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سلێمان(١)، یەکێکە لەو نووسەرە هاوچەرخانەی بابەتی پەروەردە پانتاییەکی فراوانی لەنووسینەکانیدا گرتووە، نەك هەر ئەمە، بەڵکو کاریگەری گەورەشی هەبووە لەسەر چەندین ناوەند و ڕێکخراو کە کاری کردووە تێیاندا(٢)، لەم کورتە باسەدا ناتوانین هەموو کتێبەکانی بخەینە بەر باس(٣)، تەنها کتێبی "دارمانی ژیاری ئیسلامیی و دووبارە سازدانەوەی)(٤) وەك نموونە وەردەگرین.



**ڕێدار ئەحمەد**

لەدایکبووی ١٩٧٤، بەکالۆریۆس لەیاسا، ماستەر لەیاسای ئیسلامی، خاوەنی پازدە کتێبی چاپکراوە لەبواری وەرگێراندا

کاتێ ناونیشانی ئەم کتێبە دەبینین، خەیاڵمان بۆلای کۆمەڵێک پرەنیسپی سیاسی و کارگێڕی دەچێت کەبەهۆیانەوە ژیاری ئیسلامیی دووبارە ببوژێتەوە، بەڵام کاتێ بەوردی و ڕامانەوە کتێبەکە دەخوێنینەوە دەبینین ناوەرۆکەکەی بابەخی بابەتێکی دیکە بۆ ئوممەت باس دەکات کەئەویش پەروەردەیە، بۆ ئەوەی ناوەرۆکی کتێبەکە بەپوختی ئاشنای خوێنەری بەڕێز بکەین، خستنە ڕوویەکی خێرا بۆ کتێبەکە دەکەین.

کتێبی «دارمانی ژیاری ئیسلامیی و دووبارە سازدانەوەی، ڕەگ و ریشە کەلتووریی و پەروەردەییەکان) لە (٢٩٧) لاپەڕە یە، لە پێشەکییەک و شەش بەش پێکهاتووە، لەسەرەتا پێشەکییەکەدا نووسەر بەخوێنەرانی دەڵێت: «ئەم کتێبە لەخۆوە بەدڵدا نەهاتووە و بێ بیرکردنەوە و تێفکرین نووسرابێت، بەڵکو ئەنجامی برێکی زۆر ئەزموون و توێژینەوەیە، لەپاڵ کتێبی (قەیرانی عەقڵی موسوڵمان)دا، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو هۆکارانەی کە تاوەکو ئەمڕۆ ڕێگربوون لە سەرکەوتنی پرۆژەی چاکسازی و ژیاری ئیسلامی و هێنانە ئارای گۆڕانکاریی پێویست لە ئوممەتەکەماندا»( ل٦)، دەبێت ئەو ڕێگرییانەی بەردەم سەرکەوتنی پرۆژەی چاکسازی و ژیاری ئیسلامی چی بن؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کەنووسەر بەشوێن وەڵامەکەیدا دەگەڕێت، هەر زوو خۆی لەپێشەکییەکەدا وەڵاممان دەداتەوە« ئەم توێژینەوەیە ڕوونیدەکاتەوە، کە هێشتا ڕەهەندێکی نا ئامادە لە پرۆژەی چاکسازیی (ڕیفۆرمی) ئیسلامییدا بوونی هەیە، کە ناکرێت پرۆژەی ژیاریی –بەبێ ئەو ڕەهەندە– ئەو گۆڕانکارییە خوازراوە بهێنێتەدی، کە وزەی ئوممەتی ئیسلامیی دەتەقێنێتەوە و توانا



شاراوەکانی وزە ویژدانییەکەی تێدا دەخاتەگەڕ، ئەم ڕەهەندەش بریتییە لەو منداڵەی، کەخۆی لە تۆوەکەدا دەنوێنێت کە جۆری درەختەکە و تامی بەرەکەی دیاری دەکات.

ئەم کتێبە، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە غیابی لایەنی دەروونی ویژدانی لە گوتاری پەروەردەیی ئیسلامیی لە منداڵدا، تا ئەم تێگەیشتنە ببێتە بناغەیەک بۆ ریشەدارکردنی وزەکانی دەستپێشخەری و داهێنان لە بونیادی دەروونی و ویژدانییدا، لە هەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ ئاشنابوون بەو ڕەهەندە ڕووناکبیریی و فیکرییانەی ئەم شێواندن و غیابەیان دروستکردووە، هەروەها بۆ زانینی ئەو چەمک و سەرچاوانەی کە توانای نەهێشتنی ئەم کەموکووڕییە دەبەخشنە موسوڵمانان. گەڕاندنەوەی ئەم فاکتەرە کارێکی پێویستە لە پرۆسەی گۆڕینی کۆمەڵایەتی و ژیارییدا، لەسەر ڕێگای گێڕانەوەی یەکێتی لەنێوان لایەنی مەعریفی و سایکۆلۆژیی و ویژدانیی لە بونیادی دەروونییانەی منداڵدا، هەروەها بەهێزکردنی توانا و وزەکانی دەستپێشخەری و گیانی زانستییانە و ئافراندن لە بناغەی سروشتی منداڵیتیی مرۆڤی موسوڵمان و پێکهاتە دەروونی و ویژدانییەکەیدا.»( ل٧-٨)، بۆ ئەو مەبەستەش نووسەر ئامرازە میتۆدی و ڕووناکبیرییە پێویستەکانی چاکسازیی پەروەردەیی ڕووندەکاتەوە، بەپێویستی دەزانێت کە مامەڵەی جدی لەگەڵ سێ قەیراندا بکرێت» قەیرانی عەقڵ و میتۆد، قەیرانی فیکر و فەرهەنگ، قەیرانی ویژدان و پەروەردە «(ل٩).

بەشی یەکەمی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ «کێشەو ریشەکانی قەیرانەکە«، لەژێر ئەم



ناونیشانەدا سێ سەرباس هەیە، یەکەم: کێشەکە و پاڵنەرەکانی ئەم توێژینەوەیە. دووەم: میتۆد. سێیەم: ڕەگ و ڕیشەکانی قەیرانەکە.

بەشی دووەمیشی تەرخانکردووە بۆ «دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە»لەم بەشەشدا دوو سەرباس هەیە، یەکەمیان: شێواندن و لادانەکان لەهزر و ڕۆشنبیری ئوممەتدا، دوومیشیان: دەستهاتی تاڵ و شوێنەواری لادانە فیکرییەکان.

بەشی سێیەم کرۆکی ئەم بابەتەی ئێمەیەو ناونیشانی «منداڵ خاڵی دەستپێک»ی لەخۆگرتووە، لەپاڵ سێ سەرباسدا، یەکەم: بزووتنەوەکانی چاکسازی ئیسلامی و پێویستی هەڵسەنگاندنیان، دووەم: پێگەی فیکر لەکێشە هەرە گەورەکانی ئوممەتدا، سێیەم: گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و گوتاری پەروەردەیی.

نووسەر لەبەشی چوارەمیشدا بابەتی پەروەردەی منداڵی کردووەتە مەبەستی سەرەکی و ناونیشانی «چارەسەری بنەڕەتی: بونیاتنانی منداڵێتی»ی لێناوە و چوار سەرباسی بۆ تەرخان کردووە، یەکەم: ڕێگەی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان، دووەم: کێشەی ڕۆشنبیری، لابردنی شەرە وەهمییەکان، سێیەم: کێشەی پەروەردەیی، بەرنامە و سەرچاوەی دەستپێکردن، چوارەم: لەنێوان ڕابردوو ئێستادا، بنەماو سەرچاوە پەروەردەییەکان.

بەشی پێنجەمیش ئەم ناونیشانەی لەخۆ گرتووە: «خێزانی موسڵمان کانگای ویژدانە«، لەم بەشەشدا ئەم سەرباسانە بەرچاو دەکەون، یەکەم: نهێنییەکانی شەریعەت لەبونیاتنانی خێزاندا، بنەما و بەرنامە، دووەم: نیشانەکانی سەر ڕێگا لە (سینا) ی سەردەمدا. کۆتا بەش، تەرخان کراوە بۆ «پلانی کاکردن»، ئەمیش دوو سەرباسی گرتووەتە خۆی، یەکەمیان: بەرەکانی کارکردن، دووەمیشیان: پلانی قوتابخانەی ئیسلامییەتی مەعریفە.

لەگەڵ کۆتاییەک کە لەحەوت لاپەڕە پێکهاتووە و پوختەی ئەوەی لەکتێبەکەیدا پێی گەیشتووە تێیدا خستوویەتیە ڕوو. ئەمە گوزەرێکی خێرابوو بۆ ئاشناکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکە و دەگەڕێمەوە سەر دیدی پەروەردەیی دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان.

**دیدی پەروەردەیی دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سلێمان تێنەگەیشتن لەڕۆڵی منداڵ**

«فەرامۆشکردنی ڕۆڵی منداڵێتی و تێنەگەیشتن لێی، لە گرنگترین هۆکارەکانی قەیرانی موسوڵمانن «(ل١١)»، دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەوجۆرە گوزارشت لەبایەخی ڕۆڵی منداڵ دەکات، کەفەرامۆشکردنی یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکانی قەیرانی موسڵمانان، هۆکاری ئەو فەرامۆشکردنەش دەگێڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

هۆکاری یەکەمیان: کەموکوڕی لەبەرنامەی فیکری ئیسلامییدا، ئەو کەموکوڕیانەش بریتین لە:

١. ڕەهەندی مەعریفیی گشتگیری شیکاریی پەیوەست بە زانینی (یاسا خوداییەکان: السنن الإلهیه) ی لە سروشتە سایکۆلۆژیی و گەردوونییەکان وەلا نراوە.

٢. لاوازی هۆشیارییە لەبارەی بایەخی لێکۆڵینەوەی زانستی تیۆری و ئەزموونکارانەی پێکهاتنی دەروونییانەی مرۆڤ و ڕۆڵی قۆناغی منداڵیی تێیدا و جۆری گوتاری دەروونییانەی پەروەردەیی گونجاو بۆ هەر یەکێک لە قۆناغەکانی ئەو منداڵێتییە و کاریگەری لە پێکهێنانی بونیادی سایکۆلۆژییانەی تاکی موسوڵمان، ئەمەش پاڵنەرە ویژدانییە دەروونییە پێویستەکانی بۆ دەستەبەر دەکات؛ تا نەوەی تازەپێگەیشتوو ببێتە ئامرازێکی کارا لە چاکسازی و گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەی دیدی گشتییانەی گەردوونیی کۆمەڵایەتی و لابردنی ئەو لادانانەی لێوەی دەکەونەوە و گێڕاندنەوەی توانا بۆ وردەکاریی لە ئەنجامدانیدا و

ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان بەشێوەیەکی کارای ئەرێنی.

هۆکاری دووەمیان: نائامادەگیی دوواندنی دەروونیی زانستییانەی دروستی پەروەردەیی؛ کە بۆ بونیادنانی سایکۆلۆژیای منداڵی موسوڵمان پێویستە. بەم دوو هۆکارە تێدەگەین کەئەبوسولەیمان لەدیاریکردنی کێشەکەدا هۆکارەکە دەگێڕێتەوە بۆکەموکورتی میتۆدو کەموکورتی گوتاری پەروەردەیی.

**منداڵ خاڵی دەستپێک**

دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان پاش لێکۆڵینەوە لەهەموو بزاڤەکانی چاکسازی ئیسلامی لەڕابردوودا ڕاشکاوانە پەنجە دەخاتە سەر ئەو خاڵەی کەئەوان پەییان پێ نەبردووە، ئەویش بابەتی منداڵە، لەمبارەیەوە دەنووسێت: « هیچ شتێک نەماوەتەوە بیری چاکسازی و بزووتنەوە چاکسازیخوازە ئیسلامییەکان تاوەکو ئێستا پەرۆشانە قسەیان لەسەر نەکردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین ئەو ڕەهەند و هۆکارانەی کە پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە بابەتی منداڵە، بەو سیفەتەی ئامرازێکی بنەڕەتی ئەنجامدانی ئەو چاکسازی و گۆڕانکارییە پێویستەیە، چونکە منداڵ توانای ئەو بارودۆخانەی هەیە کە مەرجەکانی چاکسازی و گۆڕانکاری دەستەبەر دەکات کە بزاڤە چاکسازیخوازەکان بانگەشەی بۆ دەکەنو دەبێتە مایەی دووبارە ئامادەکردنەوەی تاکی موسوڵمان و کۆمەڵگای موسوڵمان و سەرلەنوێ بەدەستهێنانەوەی توانا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان.»( ل ١١٣).

لێرەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەپەروەردەی منداڵ بەشێوەیەکی دروست خاڵی دەستپێکە لەدیدی پەروەردەیی دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیماندا.

لەمبارەیەشەوە ڕەخنە لەشێوەی خوێندنی جاران دەگرێت کەجیاکاری کراوە لەنێوان خوێندنی منداڵانی کەسانی دەسترۆشتوو و فەرمانڕەوا لەگەڵ منداڵی کەسانی هەژار و نەداردا.

سەرئەنجامی ئەمەش وەک دواتر لەکتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوە بووتە هۆی درێژەکێشانی دواکەوتوویی ئوممەت: »بەهۆی کەمتەرخەمییەکانی ڕۆشنبیریی ئیسلامییەوە، منداڵ بووە ئەو ئەڵقە بەتاڵەی کە دەستەوەستانی ئوممەت لەگۆڕینی ڕەوشیو نوێکردنەوەی وزەکانی تێدا دەسوڕایەوە.

وەک نووسەر ئاماژەی پێدەدات ئەم حاڵەتەی جیاوازی لەئێستاشدا هەیە و منداڵی بەرپرسان و کەسانی دەوڵەمەند لەو قوتابخانە تایبەتانەدا دەخوێنن کەباشترین ستافی وانە وتنەوە و نوێترین کەرەستە و پێویستییەکانی خوێندنی تێدا فەرهەم کراوە، لەبەرانبەردا منداڵی هەژار و نەداران لەقوتابخانە گشتییەکاندا دەخوێنن کەکەمترین پێویستی تێدایە، لەبەرانبەریشدا پۆلەکانی خوێندن ژمارەیەکی زۆر فێرخوازیان تێدایە.

بێگومان وەلاتانی کاروباری پەروردەدەی منداڵی موسوڵمان و دەستەوەستانی عەقڵی موسوڵمان لەو بوارەدا و درک نەکردن بە گرنگی گەشەپێدانی پەروەردەیی و فێرکردنی منداڵ لە وڵاتانی ئیسلامی و کەمتەرخەمی زۆر لە فەراهەمهێنانی پێویستییەکانی ئەو گەشەپێدانە، یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکانی بێ توانایی لەئەنجامدانی چاکسازیی و گۆڕانکاری پێویست لە دووبارە داڕێژرانەوەی عەقڵی و ویژدانی منداڵی موسوڵمان.»( ل١١٦).

بونیاتنانی منداڵێتی

دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان بونیاتنانی منداڵێتی بەچارەسەری بنەڕەتی دەبینێت و لەوبارەیەوە دەڵێت: « ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەو عەقڵە گەورانە وەک پێویست ڕەهەندی پەروەردەیی منداڵیان لەبەرچاو نەگرتووە، کە بناغەی گۆڕانکارییە، بۆیە تاوەکو ئاستێکی دوور، منداڵ و ڕەهەندی پەروەردەیی لە فیکر و سیاسەت

و چالاكیی فیكری و كۆمەڵایەتیی ئوممەتدا لەپەراوێزدا مایەوە.

بەدارمانی فیكری پەروەردەیی -بەو سیفەتەی بەشێكە لە دارمانی فیكری گەردوونیی كۆمەڵایەتیی مرۆیی- بێ مەبەست دیدگای كۆمەڵایەتی گشتییش شێوا، بەهۆی تەشەنەكردنی دەرد و بەڵای سەركوتكردنو زۆرداریی لە سیاسەت و فیكر و پەروەردەدا، لایەنە خراپ و نارێكییە كۆمەڵایەتییەكان جێگەی خۆیانیان تۆكمەكرد، چونكە بەبێ رۆشنبیری و فیكر، راوێژ و دادپەروەری و توانا بوونیان نییە، هەروەها بەبێ پەروەردە و فێركردن، گەشەپێدان و پەرەسەندن بوونیان نییە.»( ل١٩٣).

رووددەكاتە دایكان و باوكان و داوایان لێدەكات خۆشەویستی بكەنە كلیلی چارەسەر، بەڵام بەشێوەیەكی راست دروست و دەڵێت: « دایكان و باوكان زۆرجار تێكەڵ و پێكەڵ دەكەن لەنێوان چەمكەكانی خۆشەویستی و ئازادی و رێكخستن و وەك كاروبارگەلێكی دژ و پێكەوە نەگونجاو دێتە پێشچاویان، لەراستییشدا پێكەوە گونجاو و تەواوكەری یەكترن.

خۆشەویستیی نازپێدانی لەرادەبەدەر نییە، ئەوە ناگەیەنێت بەدەم هەموو داخوازیی منداڵەكەوە بچیت و لە هەڵە و زیادەڕەوییەكانی چاو دابخەیت، بەڵكو خۆشویستنی راستەقینە كرۆكی ئەو پەیوەندییەیە كە لەنێوان منداڵ و پەروەردەكاردا دەربڕینێ دروست دەكات، لەبارەی هەستی خۆشویستن و گرنگیپێدان و چاودێریی راستگۆیانەی ئەرێنی، كە ئامانج پێی بەرژەوەندیی ئەو منداڵە و فەراهەمكردنی هەموو ئامراز و شێوازە جیاوازەكانی خۆشگوزەرانی و چاودێری و گەشەپێدان و بەهێزكردنی توانا و بونیادنانی دەروونیی ئەو منداڵەیە، لەسەر بنەما گەلێكی ئیسلامیی ساغ و چاك، ئەوەش واتای هەوڵ و تێكۆشان دەدات بۆ تێگەیشتنی دەروونی ئەو منداڵە و ئەو قۆناغەی كە پێیدا تێپەڕ دەبێت و ناسینی ئەو شێوازە پەروەردەییانەش كە پێویستە لەپێش چاو بگیردرێن، لەكاتی مامەڵەكردن لەگەڵیدا، بەجۆرێك منداڵەكە پاڵبدات بۆ رەفتاری ساغ و لەبار.»( ل٢٠٤-٢٠٥).

### قۆناغە بنەڕەتییەكانی گەشەی منداڵ

دكتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان لەم كتێبەیدا چەند قۆناغێكی بنەڕیتی بۆ گەشەی منداڵ دەستنیشان كردووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: « پەروەردەكاری لێزان، پێش هەموو شتێك هەوڵی ناسینی سیفەت و توانا عەقڵی و دەروونی و ویژدانی و جەستەییەكانی منداڵ دەدات، تاوەكو دەستیبگرێت و لەو قۆناغەدا گەشە بەتواناكانی بدات و عەقڵییەتی پێكەوەبنێت و بونیادی دەروونی و ویژدانیی بۆ دروست بكات، لەپێناو چاندنی باشترین بەها و تەقاندنەوەی بەرزترین وزە لە سنووری تایبەتمەندیی منداڵ و توانا بیری و دەروونی و جەستەییەكانی، بەجۆرێك لە دەرەوەی توانای، ئەركی نەخاتەسەر، هەروەك نەهێڵێت وزەكانیشی بەخۆڕایی بەفیڕۆبچن.»( ل٢١١)

لەمبارەیشەوە تەمەنی منداڵی بۆ چەند قۆناغێك دابەش كردووە، لەگەڵ خستنەڕووی پێویستی و چۆنیەتی مامەڵە لەو قۆناغەدا لەگەڵی:

١. قۆناغی خوار تەمەنی حەوت ساڵی: « سروشتی منداڵی تەمەن خوار حەوت ساڵ بەوجۆرەیە كە بەدەم دووبارەكردنەوە و راهاتنەوە بچێت، ئەو قۆناغەش تایبەتمەندە بەپێكهێنانی سادەترین شارەزایی و دووبارەكردنەوەی، تایبەتمەندە بە لاوازیی توانای وردبینیكردن و بەدواداچوون و بیرهێنانەوە، بۆیە گونجان و گفتوگۆ و یاریی لەگەڵداكردن و ئارامگرتن و دووبارەكردنەوە بناغەی پەروەردەی ئەو قۆناغەن.

گرنگە لەو قۆناغەدا منداڵ وابەستە بێت بە پەروەردەكارەكەی و خۆشەویستی و متمانەی پێ

# فەرامۆشکردنی ڕۆڵی منداڵێتی و تێنەگەیشتن لێی، لە گرنگترین هۆکارەکانی قەیرانی موسوڵمانن

هەبێت، دەبێت پەروەردەکار هەنگاوەکانی جێگیربێت و بزانێت چی شتێک لەو منداڵە داواکراوە، تاوەکو لەبارەی منداڵەکەوە هەستی ئارامیی بێتەدی و هەلی نەریتگرتن و ڕاهاتنی بۆ بڕەخسێت، ئەوەش کاتێک دەبێت کە ئاڕاستەکانی پەروەردەکار دژ و پێچەوانە بەیەکتر نەبێتەوە و ڕیسی ڕاهێنانەکانی نەپچڕێت، تاوەکو منداڵەکە ڕابێت و بزانێت چی شتێکی لێ ویستراوە.» ( ل٢١١-٢١٢).

٢. قۆناغی ناسینەوەی باش و خراپ: ئەمەش لەتەمەنی حەوت ساڵیەوە دەست پێدەکات، « لەو قۆناغەدا پەروەردەکار زۆر ئارامگرانە بەردەوام دەبێت لە بەدواداچوون و ڕاهێنانی منداڵەکە لەسەر نەریت و شێوازە دروست و ڕەوشتە جوانەکان، لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەری لەگەڵ گەورە و بچووک و ئاڕاستەکردنی ڕووەو ڕاهاتن لەگەڵ ئەوانی تر و بەشداریکردن و ڕێزگرتنی مافی ئەوانی تر و هاوکاریکردن لەگەڵیان و هەوڵدان بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکان و بەستنەوەی هەست و دەستکەوتە ئیجابییەکانی، بەرادەی هێنانەدیی ئەو ئامانجانە لەڕەفتار و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا.»( ل٢١٢)

٣. قۆناغی پێگەیشتی جەستەیی: « لەگەڵ گەیشتنی منداڵەکە بەقۆناغی دە ساڵان -بە رادەی جیاواز- قۆناغی پێگەیشتنی جەستەیی و دەروونیی لا دروست دەبێت، ئەوکات پێویستە پەروەردەکار منداڵەکە ڕابهێنێت لەسەر هەڵگرتنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان و گەڕانی ئیجابییانە بۆ پێشبڕکێ و جیاکردنەوەی ئیجابی و کردنەوەی ئاسۆی زانیارییەکان لەبەردەم خۆیدا، بۆ گەڕان بەدوای مەعریفە و تامەزرۆبوون بەدۆزینەوە و دەستهێنان و داهێنان و حەزکردن لە جیاکردنەوە و هەڵگرتنی مەترسییەکان، جا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، پێویستە هەموو ئامراز و کەرەستە توێژینەوەکراوەکان فەراهەم بهێنرێن، لەهەمانکاتدا پێداگریی بکرێت لەسەر ئەوەی منداڵ نەخرێتە مەترسیی و تێکشکاندنەوە.

بۆیە خۆشەویستیی لە قۆناغی منداڵییدا، کۆڵەکەی پەروەردەی ساغ و سەرکەوتووانەیە، لەگەڵ دانانی پشکی شێر بۆ ڕاهێنان و ڕێکخستنی میتۆدی پەروەردەیی.» (ل٢١٢)

٤. قۆناغی هەرزەکاریی: «حەزی مەعریفە و قەناعەتخوازی و حەزی سەربەخۆبوون و ڕێگەگرتنەبەر بەگیانی دۆزینەوە و بەرزبوونەوە بەسەر دەروونی ئەو منداڵەدا بەهێز دەبێت. لەوکاتەی کە ڕووبەڕووی گۆڕانکاریگەلێکی جەستەیی و دەروونی و ویژدانیی دەبێتەوە، کە پێشینەیەکی شارەزایی و مەعریفیی نییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا، وەهای لێدەکات شێواو بێت لەڕووی دەروونی و پەیوەندییەکانی و بەربەرەکانێی هەستەکان، بۆیە پاڵیدەنێن بۆ داخران و زاڵبوونی هەستی شەرم و خەجاڵەتیی بەسەریدا، یان بەپێچەوانەوە پاڵیدەنێن بۆ یاخیبوون و پێکدادان و لەدەست دەرچوون.

لەڕێگەی پەیوەندیبوون لەگەڵی و سنگفراوانی و بواری هەستی سەربەخۆیی و دەستهات و دۆزینەوە و مەعریفەخوازی و چاودێری و فەراهەمکردنی کەشوهەوای پاک و بەدواداچوونی سۆزدارانە و ئاڕاستەکردنی ناسک و تێکەڵیی

# بەهۆی کەمتەرخەمییەکانی ڕۆشنبیریی ئیسلامییەوە، منداڵ بووە ئەو ئەڵقە بەتاڵەی کە دەستەوەستانی ئوممەت لەگۆڕینی ڕەوشیو نوێکردنەوەی وزەکانی تێدا دەسوڕایەوە

ساغەوە، دەکرێت ئەنجامگەلێکی ئیجابیی بەدەستبێت و بەهۆیەوە کرانەوە ڕوودات و کۆنترۆڵی وزە و هێزە تەقێندراوەکان بکرێت لە قەوارەی ئەو منداڵەدا.»(ل٢١٢-٢١٣)

پەروەردەکاری سەرکەوتوو

پەروەردەی دروست و شیاو، پێویستی بەپەروەردەکاری سەرکەوتوو لێوەشاوە هەیە، نووسەر لەم کتێبەدا خەسڵەتەکانی پەروەردەکاری سەرکەوتووی بەجوانی شیکردووەتەوە، دەتوانین بەگشتی لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەینەوە:

١- زانست و مەعریفە: «زانست و مەعریفە دوو شتی پێویستن بۆ سەرکەوتنی پەروەردەکار و پەروەردە، بەبێ زانست و شارەزایی بەدەروونی منداڵ و قۆناغەکانی پێگەیشتنی، ئەوا سۆز و خۆشەویستیی هیچ سوودێک ناگەیەنێت، بەڵکو ڕەنگە ئەو سۆز و خراپ پەروەردەکردنە هۆی لەدەستچوونی ئەو منداڵە بن، بۆیە دەستەوەستان و خۆپەرست و نەرجسیی پەروەردە دەبێت و ناتوانێت پەیوەندیگەلێکی ڕێک لەگەڵ کەسانی تردا دروست بکات، وەک دەڵێن: «دوژمنێکی ژیر باشترە لە هاوڕێیەکی نەزان». چەندە ورچی نەزان هەبووە بەهەموو خۆشەویستی و دۆستایەتییەکی بۆ هاوڕێکەی تاوەکو مێشێکی لەسەر سەری هاوڕێ خەوتووەکەی لابدات، نەوەک خەوەکەی لێ تێکبدات، بەمشتێ هاوڕێکەی خۆی کوشتووە.»

٢- دادگەری: «دادگەریش ئەو بناغە پتەو و بەهێزەیە کە خۆشەویستی و ڕێز و کارایی ئاڕاستەکردنی نێوان منداڵ و پەروەردەکارەکەی لەسەر دەوەستێتەوە، چونکە دادگەریی سەنگی مەحەکی ڕاستیی هەستی پەروەردەکارە بەرانبەر منداڵ. منداڵ ناتوانێت گوێ بەدەربڕینی خۆشەویستی و دیمەنی ڕێزلێنان بدات، تاوەکو لە پەروەردەکارەکەیدا هەستی دادپەروەری و لایەنگیری نەکردن و جیاوازیی نەکردنی نێوان ئەو و منداڵێکی تر و کۆمەڵێکی تر نەبینێت.»

٣- ئارامگرتن: « ئارامگرتن و پەروەردە دوانەیەکی لەیەک دانەبڕاون، چونکە دەستەوەستانی و کەمتەرخەمی و ئەزموون و هەڵە و حەزی ئاگاداربوون و ئەزموونکردن، لە سیفەتەکانی منداڵین و دەبێت بەگیانێکی ئیجابییەوە لەلایەن پەروەردەکارەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوە ئەو نرخەیە کە پێویستە پەروەردەکار بیدات، تاوەکو منداڵەکە پێبگات، ئەوەش بە دووبارەکردنەوەی هەوڵەکانی و فێربوون لەهەڵەکان و دۆزینەوەی وزەی خۆی و دەورووبەری. بەبێ نەرموونیانی و ئارامگرتن، خۆشەویستیی بەرهەمی نابێت، تەنیا ئاڕاستەکردن سوود ناگەیەنێت، هیچ نەریتێک سەقامگیر نابێت و هیچ ڕەفتارێک ڕاست و دروست نابێت و هیچ توانایەک گەشە ناکات بەبێ نەرموونیانی و ئارامگرتن.»

٤- چاودێریکردنی منداڵ و فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی: «بەبێ تێکۆشان و پێداگریی

لەسەر چاودێریکردنی منداڵ و فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی، ئەوە خۆشەویستی و ڕێزلێنان و داد بوونی نابێت، بەخۆشەویستی و هەوڵ و ئارامگرتنەوە بەهەشت کەوتووەتە ژێر پێی دایکانەوە و بەو دوانە دایکان و باوکان مەقامی چاکەکاری و جوان هاودەمییکردنیان بەدەستهێناوە.»(ل٢١٣-٢١٤)

دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان داوا دەکات سوود لەژیانی پێغەمبەری مەزن (درودی خوای لەسەر بێت) وەک پێشەنگێک وەربگیرێت و دەڵێت: « پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێت) لەماڵی خۆی و لە مزگەوت و وتار و ئاراستە و ڕێنیشاندان و ڕێنمایی و هاوەڵێتیکردنیدا نموونە و پێشەنگ بوو بۆیە لەپێشتر و شیاوترە بە موسوڵمانان لەوانەکانی ڕێباز و گوتاری پەروەردەیی پێغەمبەرێتیی تێبگەن لەبابەت ئافرەت و منداڵ، تاوەکو لەسەر نرخ و بەرزیی و هێزی ئیمان و تێکۆشانی کاری چاک و پوختەکردن، نەوەکانی موسوڵمانان بونیاد بنرێنەوە.»(ل٢١٥)

### ڕەگەزەکانی پرۆژەی پەروەردەیی دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان

نووسەر لەم کتێبەیدا پرۆژەیەکی پەروەردەیی هەیە لەچەند ڕەگەزێکی گرنگ پێکهاتووە، لەوانە:

١. تەرخانکردنی بەشێکی گرنگ لە هەوڵی بیریاران و پەروەرشیاران و چاکسازانی ئیسلامی و دەستەبەرکردنی پشگیری مەعنەویی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کە گوتاری زانستی ئیسلامی قەناعەتپێکەری کاریگەر بۆ باوکان و دایکان ئاراستە دەکات» بەجۆرێک کە:

أ- لەڕووی پەروەردەییەوە ڕووناکبیریان بکات.

ب- شێوەکانی شێواندنی کەلتووری و کەموکووڕیی پەروەردەییان پێ بناسێنێت.

ت- شوێنەواری لەسەر بونیادنانی ڕۆڵەکانیان و ئوممەتەکەیان ئاشنایان بکات، لەڕووی ئایینی و دەروونیی و مەعریفی و ژیارییەوە.

٢. چاوکردنەوەیان بەو زانیاری و ڕێگا و ئامرازانەی وایان لێدەکات بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن، لە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان و چاودێریکردنی گەشەکردنیان و سەقامگیربوونی بونیادی دەروونی و ویژدانیی و مەعریفییان، بەجۆرێک کە وزەکانی خۆشەویستی و دادگەری و هەوڵ و خۆڕاگرتنیان لێوە سەرچاوە بگرێت، لایەنە فیترییەکانی دایک و باوکیان بەرانبەر منداڵەکانیان لێوانلێو بکات.»

### کەم وکورتی پەروەردە و فێرکردن

سەبارەت بەکەم وکورتیەکانی پەروەردە و فێرکردنیش لەوڵاتانی ئیسلامیدا، سەرەتا ئەو دەزگایانەی دەستنیشان کردووە کە کاریگەرییان لەسەر منداڵ هەیە، ئەوانیش:

١- کاریگەری قوتابخانە و فێرکردن.

٢- کاریگەری ڕاگەیاندن.

٣- کاریگەری خێزان.

سەبارەت بەکاریگەری خێزان لەم سەردەمەدا دەڵێت: « خەریکە ڕۆڵی لە ئەرکی پێدانی خواردن و دەستەبەرکردنی خواست و پێداویستییە ماددییەکانی منداڵ لە شوێن و خۆراک و پۆشاک کۆتایی بێت.» پاشان دێت و بەراوردێک لەنێوان ئەو برە پارەیەدا دەکات کەلەوڵاتانی ئیسلامیدا بۆ پەروەردە خەرج دەکرێت لەگەڵ ئەوەی بۆ ڕاگەیاندن خەرج دەکرێت و ئەوەشی بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی خێزان خەرج دەکرێت و دەڵێت: « گەر بێتو بڕی ئەو پارەیەی لە قوتابخانە و فێرکردندا خەرجدەکرێت -سەرەڕای کەمی ڕێژەکەی لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا- لەگەڵ ئەوەی بۆ ڕاگەیاندن خەرج دەکرێت بپێوین، بەراورد بەوەی کەبۆ ڕۆڵی پەروەردەییانەی خێزان و بەرزکردنەوەی ئەم ڕۆڵە و ڕووناکبیرکردن و ڕابەرایەتیکردن و دەوڵەمەندکردنی بە چەمک و هۆکارە پێویستییەکانی بەجێگەیاندنی کارای پەروەردەیی خەرج دەکرێت، ئەوا دەبینین شایانی

بەراوردکردن نییە، گەر هەندێک لە قسەوباسی دارشتن ئاساو ئامۆژگاری سەبارەت بە بایەخی رۆڵی دایک و باوک بەوپێیەی سەرمەشقی منداڵان و تازە پێگەیشتووانن جیابکەینەوە، بابەتەکە لەو رادەیەدا کۆتایی دێت، ئیدی دایک و باوک توانای گۆڕینی کانزاکانیان نابێت و ناشزانن چۆن ئەوە ئەنجام بدەن، بەشێوازگەلێکی کردەیی، پێکهاتەی رۆڵەکانیان چاک بکەن و بە شێوەیەکی جیاواز لە هی خۆیان دابیرێژنەوە، سەرەرای سووربوونی فیترییان لەسەر کارکردن بەهەموو توانای خۆیان، بۆ بەرژەوەندی رۆڵەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستییان.»

**هەنگاوەکانی مەعریفەی ئیسلامی**

لەلاپەرەکانی کۆتایی ئەم کتێبەدا نووسەر تیشکی خستووەتە سەر کارەکانی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی لەبواری پەروەردەدا بەگشتی و پەروەردەی منداڵ بەتایبەتی و ئەو دەزگاو دامەزراوانەی دایانمەزراندووە، هەروەها باسی هەنگاوەکانی مەعریفەی ئیسلامی کردووە کەئەویش بەشێکە لەهەوڵەکانی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی.

**گرنگترین هەنگاوەکانی مەعریفەی ئیسلامیش بریتین لە:**

هەنگاوی یەکەم: چاککردنی مەنهەجەکانی فیکر و پاڵفتەکردنی رۆشنبیری.

هەنگاوی دووەم: کارکردن لەسەر چاککردنی بونیادی خێزان و پەیوەندییەکانی دایک و باوک لەسەر بناغەی ئیسلامی وەک خۆشەویستی و متمانە و ئاسایش و دەستەبەرکردنی ژینگەی پێویستی پەروەردەیی بۆ پەروەردەکردنی منداڵی کەسێتی کامڵ و بەهێزی خاوەن توانای دەستپاک.

هەنگاوی سێیەم: هۆشیارکردنەوەی پەروەردەیی کە تواناکانی خێزان لە کانگاکانی خۆشەویستی و متمانە و ئاسایشەوە دەگۆرێت بۆ بەرنامەیەکی پەروەردەیی ئەرێنی کارا، دەستی منداڵ دەگرێت و چاودێری دەکات، تواناو لێهاتووییەکانی پێکهێنەرەکانی عەقڵییەتی زانستی و ویژدانی زیندوو کۆمەڵایەتی گەشە پێدەدات.

هەنگاوی چوارەم: دەستەبەرکردنی هۆکارە زانستی و پەروەردەییەکانە بۆ مامۆستایان، تا هاریکارین بێت لەراپەراندنی ئەرکەکانیاندا. ئەمەش لەرێگای کۆمەکیکردنیان بە هەموو نوێ و بەسوودێک لە بواری پەروەردەییداو بەرهەمهێنانی ئەو ئەدەبیاتەی یاریدەیان دەدات و توانای تێگەیشتنیان قووڵتر دەکات، هەروەها ئەو بەرنامانەشیان بۆ دەستەبەر دەکات کە زانست و زانیاریی گونجاو بۆ هەرقۆناغێک لە قۆناغەکانی منداڵی پێشکەش دەکات.

ئەمەی لەم بابەتەدا ئاماژەمان پێدا، گوزەرێکی خێرا بوو بەهێڵە گشتییەکانی دیدی پەروەردەیی دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیماندا وەک بیرمەندێکی دیاری ئیسلامی و کتێبی دارمانی ژیاری ئیسلامییمان وەک نموونە هەڵبژارد.

تێگەیشتنی تەواو لەو دیدە پەروەردەییەو پرۆژەکانی دیکەی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی بۆ خوێنەرانی بەرێز بەجێدەهێڵم.

## پەراوێزەکان:

١. دکتۆر عەبدولحەمید ئە بوسولەیمان ساڵی (١٣٥٥کۆچی- ١٩٣٦ زاینی) لەمەککە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەمەککە تەواو کردووە، ساڵی (١٣٧٤ک-١٩٥٥ز) قوتابخانەی ئامادەکردنی نێردەکانی تەواو کردووە، ساڵی (١٣٧٨ک-١٩٥٩ز) بەکالۆریۆسی بازرگانی لەبەشی زانستە سیاسیەکانی کۆلێژی بازرگانی زانکۆی قاهیرە بەدەستهێناوە، ساڵی (١٣٨١ک-١٩٦٣ز) لەهەمان زانکۆ ماستەری لەزانستە سیاسیەکاندا بەدەستهێناوە، بڕوانامەی دکتۆرایلەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی لەزانکۆی پنسلڤانیا لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی (١٣٩٣ک-١٩٧٣ز) بەدەستهێناوە.

لەچەندین زانکۆ وەک مامۆستا وانەی وتووەتەوە، لەدامەزرێنەرانی چەندین ڕێکخراوی ئیسلامی بووە لەئەمریکاو کەنەدا، دامەزرێنەری پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی و یەکەم سەرۆکی بووە.

٢. دامەزرێنەری دامەزراوەی گەشەپێدانی منداڵ بووە، دامەزرێنەرو سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی زانایانی کۆمەڵناسی موسڵمانان بووە لەئەمریکاو کەنەدا، دامەرزێنەرو سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری ئەمریکی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان بووە، دامەزرێنەرو سەرۆکی زانکۆی ئیسلامی بووە لەمالیزیا (١٩٨٨-١٩٩٩ز)، خاوەن و بەڕێوەبەری گشتی (دار منار الرائد)ە بۆ راوێژکاری پەروەردەیی و فێرکردن.

٣. لەگرنگترین کتێبەکانی:

- نظرية الإسلام الاقتصادية: الفلسفة والوسائل المعاصرة» (١٩٦٠م).

- السياسة البريطانية في عدن والمحميات ما بين عام ١٧٩٩وعام١٩٦١م (رسالة ماجستير) ١٩٦٣.

- «النظرية الإسلامية للعلاقات الدولية: اتجاهات جديدة للفكر والمنهجية الإسلامية» (١٩٧٣م).

- «أزمة العقل المسلم» (١٩٨٦)م.

- «إسلامية المعرفة: الخطة والإنجازات» (١٩٨٦م).

- «العنف وإدارة الصراع السياسي في الفكر الإسلامي بين المبدأ والخيار: رؤية إسلامية» (٢٠٠٢م).

- «قضية ضرب المرأة وسيلة لحل الخلافات الزوجية!» (٢٠٠٣م).

- «أزمة الإرادة والوجدان المسلم» (٢٠٠٤م).

- «الإصلاح الإسلامي : الثابت والمتغير، تجربة الجامعة الإسلامية ٢٠٠٤م»، «الإنسان بين شريعتين ٢٠٠٥» .

- جزيرة البنائين: قصة عقدية تربوية (للصغار والكبار)» .

- «كنوز جزيرة البنائين: قصة عقدية تربوية (للشباب والكبار)».

- «إشكالية الاستبداد والفساد في الفكر والتاريخ الإسلامي ٢٠٠٧م».

- « الرؤية الكونية الحضارية القرآنية ٢٠٠٩ م».

٤. دارمانی ژیاری ئیسلامیی و دووبارە سازدانەوەی، وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەکیم ئەبوبەکر، لوبلاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری ژمارە٦٢، ٢٠١٨.

# ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە پەروەردەی خێزان و تەشەنەسەندنی کێشە خێزانییەکان





**زانا ناسیح**
ماستەر لەدەروونناسی کلینیکی

زۆرێک لە زانایان و خاوەن بۆچوونەکانی زانستی کۆمەڵایەتی بڕوایان وایە کە پەیدابوون و فراوان بوونی تەکنەلۆجیا لەم چەند دەیەیەی ئەخیردا بووەتە هۆی دروستبونی قۆناغێکی نوێ کە قۆناغی کرانەوەی گەورەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێدەڵێن. ئەم قۆناغە بە دەستەواژەی جیاواز تەعبیری لێکراوە، وەک کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنیزم(ژان بودریار)، کۆمەڵگای سەرو پیشەسازی(دانیل بل)، کۆمەڵگای تۆڕیی(مانوێل کاستلز)، کۆمەڵگای زانیاری.

چونە ناو کۆمەڵگای زانیاری هەروەک قۆناغی گوێزانەوەی کۆمەڵگایە لە کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی، ئەم گواستنەوەیە تەواوی لایەنەکانی ژیانی ئینسانی خستوەتە ژێر کاریگەرییەوە.

ئەگەر بەراوردێکی کۆمەڵگا بکەین لەنێوان دوێنێ و ئەمرۆدا ئەتوانین بڵێین کۆمەڵگای پێش تەکنەلۆجیا کۆمەڵگایەکی تەواو نۆرماڵ و سادە بوو لە شکڵ و پێکهاتەدا، ئەگەر خێزان بە نموونە وەربگرین، لەناو خێزانیشدا پێداویستیەکانی ماڵ و پەیوەندی نێوان تاکەکان وەربگرین، دەبینین ماڵێک پێکهاتبوو لە یەک دوو ژووری بچوک، چەند پێداویستیەکی خواردن و خواردنەوەو پشوودانی سادە. هەروەها لە ڕوی پەیوەندییەوە، تاکەکان ئەڵقەیەکی پەیوەندی زۆر بەهێز لەنێوانیاندا هەبوو، تەنانەت ئەم ئەڵقەی پەیوەندییە لە بازنەی خێزان تێپەری کردبوو بۆ بازنەی خزم و دراوسێ و گەڕەک. بەڵام بە پەیدابوونی تەکنەلۆجیا ئەم وێنانە گۆڕدران بۆ ماڵی گەورەی پڕ لە وەسایلی تەکنەلۆجی، وەک (رادیۆ، تەلەفزیۆن، سەتەلایت، مۆبایل...)، لە هەموویان کاریگەرتر ئینتەرنێتە کە ژیانی بە گۆشەی ١٨٠ پلە چەرخاند. وێنەکان گۆڕدران بۆ لاوازبونی پەیوەندییەکان لە بازنەی گەڕەک و دراوسێ و خزمەکانەوە تەنها بۆ تاکەکانی خێزان، دواتر ساردو سڕیەکی عەجایب پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزانیشی گرتەوە، وەک دەوترێت تەکنەلۆجیا کەسە دوورەکانی لێک نزیک کردەوەو کەسە نزیکەکانی لەیەک دوورخستەوە.

لەم باسەدا مەبەستمە تەرکیزی خوێنەرانی بەرێز بخەینە سەر چەند ناونیشانێک کە بریتین لە:

١. تەکنەلۆجیا چییە؟ کەی و چۆن پەیدابوو؟
٢. خێزان چییە؟
٣. رۆڵی تەکنەلۆجیا لە تەشەنەسەندنی کێشەکانی خێزاندا چییە؟

سەرەتا بابزانین تەکنەلۆجیا چییە؟

تەکنەلۆجیا پێناسەی جیاواز لەخۆ دەگرێت و بەپێی ئەدەبیاتە جیاوازەکان پێناسەکەشی دەگۆرێت، ئەمەش بەهۆی جیاوازی پسپۆرییەکان و پێشکەوتنی تایبەتمەندییەکانی خودی تەکنەلۆجیا. لە ڕوی زمانەوانییەوە دەستەواژەی تەکنەلۆجیا یۆنانیەکان بەکاریان هێناوە، کە لە هەردوو برگەی (techno) بەمانای هونەر یان کاری دەستی دێت، برگەی (logi) بەمانای زانست دێت. (کومار،١٩٩٩) پێی وایە تەکنەلۆجیا بریتیە لە دوو بەش:

١- بەشی ماددی کە پلان، پرۆسە و دروستکردنی ئەدەوات و پێداویستی لەخۆدەگرێت.

٢- بەشی زانیاری کە زانیاری و لێزانی هونەری بەرێوەبردن، مارکێتینگ، دروستکردن، کۆنترۆڵی کواڵێتی، دڵنیایی ئیشکەرانی شارەزا و شوێنی کار لەخۆ دەگرێت.

(دەنین،١٩٩٤) پێی وایە تەکنەلۆجیا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە زانستەوە و زیاتر پرۆسەی لێکۆڵینەوەو گەشەپێدانی لەخۆ دەگرێت.

هەروەها ئەکرێت بڵێین تەکنەلۆجیا بریتییە لە گروپێکی پێکهاتوو لە زانیاری، وەسایل و تەکنیکانێک کە لە زانست و تەجروبەی زانستی سەرچاوەیان گرتووە، لە گەشەپێدان، دیزاین، دروستکردن و بەکارهێنانی بەرهەمەکان، پرۆسەو سیستمە خزمەتگوزارییەکان سوودی لێ دەبینرێت. تەکنەلۆجیا نە ١٠٠٪ بەرهەمێکە نە ١٠٠٪ پرۆسەیەکە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ مانەوەو رێکخستن و پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

## سەرەتای پەیدابونی تەکنەلۆجیا

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پەیدابوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، پێویستە جیاکارییەک بکەین لە نێوان ٧ سەردەمدا، واتە تەکنەلۆجیا ٧ قۆناغی جیاوازی بڕیوە تا گەشتووە بەم سەردەمەی ئێستای کە بریتین لە:

١. سەردەمی شکارچییەکان: لەم سەردەمەدا شکارچییەکان چەک و تفاقی دروستکراویان لە دار و ئێسک و بەرد بەکاردەهێنا بۆ ژیانکردن.

٢. سەردەمی مەدەنیەت: ئەم سەردەمە لەگەڵ زیادکردن و گرنگیدان بە کاروبارەکان بەمەبەستی هاندانی گۆڕانکاری لە هەیکەلەی کۆمەڵایەتیدا پەیدابوو.

٣. سەردەمی ئامێری یەکەم: سەردەمی پەیدابونی کاتژمێر و ئامێری چاپکردنە، لەم سەردەمەدا مەعریفە یەکگرتوتر بوو، زۆر فراوانیش بوو.

٤. سەردەمی سەرەتاکانی بەرهەمهێنان: بە پەیدابوون و بەکارهێنانی وزەی هەڵم دەست پێدەکات.

٥. گەشەسەندنی تەواوی سەردەمی هەڵم: ئەم سەردەمە کاریگەری تەواوی دانا لەسەر بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٦. سەردەمی دروستکردنی بزوێنەری گوێزەرەوەکان.

٧. سەردەمی کارەبای و ئەلکترۆنیاتی ئێستا: خێراتر لە هەر سەردەمێک ژیانی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت و ئاراستەی دەکات.

لە سەدەی ٢١ یشدا نمونەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە ساڵی ١٩٥٧ دا خۆی پیشاندا، ئەویش لە لایەن روسیاوە بوو، بریتی بوو لە دروستکردن و ناردنی موشەکی ئاسمانی سپۆتینگ، دواتر بەهۆی پەیدابونی ئینتەرنێتەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٩-١٩٨٩کە تەنها لە دام و دەزگا دەوڵەتییەکاندا بەکار دەهات، پاشان لە ناوەراستی نەوەدەکان و سەرەتای ٢٠٠٠ کاندا کە تەکنەلۆجیا گەشت بەدەست زۆرێک لە ماڵەکان، بەرگێکی نوێی کرد بە بەری خۆی و کۆمەڵگاشدا، بووە هۆی ئاشنابوونی کۆمەڵگا بەم دەستەواژەیە و پێشکەوتنی گەورەی لەم بوارەدا بەدوای خۆیدا هێنا.

## خێزان

یەکەیەکی سادەی سەرەکی ژیانە، رۆڵی هەیە لە بە کۆمەڵایەتیکردن و فێربوونی هونەری ژیانکردنی تاکەکانی لە کۆمەڵگادا. بەپێی تێڕوانینی فێربوون، خێزانی سەرکەوتوو و بەختەوەر خێزانێکە کە ئەم (٦) بنەمایەی تێدا چەسپابێت:

١- هاودڵی و پەیوەندی توندوتوڵی نێوان ئەندامانی خێزان.

٢- سەربەخۆبوونی ئەندامەکانی.

٣- دابینکردنی نیاز و پێداویستیەکانی ئەندامانی.

٤- پێکەوەیی و گونجانی ئەندامان.

٥- باڵادەستی بەها ئەخلاقییەکان لەناو خێزانەکەدا.

٦- رازیبوونی ئەندامانی خێزان.

(کونیگ) پەیوەندی توندوتوڵ بەجیاکەرەوەی سەرەکی خێزان دەزانێت، و پێی وایە ئەندامانی خێزان دەبێت هەست و سۆزێکی زۆریان لەنێواندا هەبێت و گەرمو گوڕییان تیادا چەسپابێت. یەکێکی تر لە بنەماکانی خێزانی سەرکەوتوو سەربەخۆی ئەندامەکانییەتی، (مک کی) و (فنینگ) پێیان وایە: لە گرنگترینی ئەرکەکانی دایباب فێرکردنی مەهارەتی سەربەخۆبوون و لەسەر پێ راوەستانی منداڵەکانیانە تا بتوانن لە داهاتوودا ژیانی نوێ بۆخۆیان دروست بکەن.

هەروەها رازیبوونی ئەندامانی خێزان لە خێزانەکەیان بنەمایەکی ترە کە (فالیکو) پێی وایە ژیانی خێزانی حەوت قۆناغە  و رازیبونی ژن و مێرد لە قۆناغی یەکەمیدا بە پرۆسەی هاوسەرگیری دەست پێدەکات، دواقۆناغی بە خانەنشین بوون کۆتایی دێت. هەروەها دابینکردنی نیازو

پێویستیەکانی ئەندامان لە بنەما هەر گرنگەکانی بەختەوەری و سەرکەوتوویی خێزانە. پێکەوەبون و گونجانی ئەندامانی خێزانێک و رازیبون لەیەکتری هۆکار گەلێکی تری جیاوازبوونی خێزانێکی سەرکەوتوە لە خێزانێکی ناسەرکەوتوو. دواجار بالادەستی بەها ئەخلاقییە جوانەکان یەکێکی ترە لە بنەما سەرەکیەکانی خێزانی بەختەوەر و سەرکەوتوو، (هیونگ) پێی وایە چالاکی ئایینی و ئەخلاقی هۆکارێکی سەرەکییە لە فراوانکردن و زیادکردنی رەزامەندی خێزانی.

## رۆڵی تەکنەلۆجیا لە تەشەنەسەندنی کێشە خێزانییەکاندا چییە؟

لە پێشتردا بەشێوەیەکی گشتی باس لە تەکنەلۆجیا و خێزان کرا، لێرەدا مەبەستمە باسی کاریگەرییە خراپەکانی تەکنەلۆجیا و هەندێک جۆریان بکەم کە زیاتر کۆمەڵگا و خێزانی خستوەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە و تاکەکانی خێزان زۆر بەزەحمەت یان هەر ناتوانن لەژێر ئەم کاریگەرییەی بێنە دەرەوە کە ئەوانیش (ئینتەنێت، مۆبایل، تەلەفزیۆن)ە. هەر یەک لەم ئامێر و تەکنەلۆجیایانە بەشێوازی جیاواز رۆڵ و کاریگەری زۆر گەورەیان هەیە لە قاڵبدانی خێزان و تاکەکانی لە زۆرێک لە بوارکاندا، وای لێهاتوە ژیانی بێ مۆبایل و ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن شتێکی زۆر مەحاڵ دەبینرێت. ئەم ئامێر و تەکنەلۆجیایانە زۆر بەئاسانی کاریگەریان هەیە لەسەر چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

بێگومان تەکنەلۆجیا سەرەرای بونی سوودگەلێکی زۆر و کارئاسانی ژیانکردن، کۆمەڵێک رۆڵی نەرێنیش دەگێرێت، کاریگەری هەیە لە دروستکردنی دەیان و بگرە سەدان کێشەی خێزانی و تاکەکسی و نێوان فەردی کە ئەمرۆ بەچاوی خۆمان دەیبینین یان خۆمان بەشێکین لە قوربانییەکانی، لە چەند خاڵێکدا کاریگەریە خراپەکان دەخەینە روو:

### ١. تێکدان و لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئەندامانی خێزان(دایباب و منداڵەکانیان).

ئەو وتەیەی کە دەڵێت مرۆڤ بە سروشتی خۆی کەسێکی کۆمەڵایەتییە، بەهۆی تەکنەلۆجیای سەردەمەوە گۆرانکاری بەسەردا هاتووە و بووە بە مرۆڤ بە سروشتی خۆی کەسێکی تەکنەلۆجییە، لەبەرئەوەی تاکەکان ئەمرۆ زیاتر جەزبی نوێترین ئامێری تەکنەلۆجی ئەبن تا نوێترین گفتوگۆ و باس و خواس یان ئاڵوگۆری ئەفکارو هەست و سۆز، بۆیە دەبینین پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزان کورت بوەتەوە لە ئاڵوگۆری چەند رستەیەکی کورت لەنێوان یەکتریدا.

ئەگەر نەوجەوانێک حەزێک یان کێشەیەکی خوێندنی یان سۆزداری هەبێت وابەباش ئەزانێت بڕواتە دنیای چاتکردن بۆ چەندین سەعات لەبری ئەوەی لەگەڵ دایبابیدا هەوڵی چارەسەری کێشەکەی بدات، چونکە پێی وایە دنیای مەجازی شوێنێکی باشترە بۆ گفتوگۆ وەک دنیای واقعی.

### ئینتەرنێت

کاتێک منداڵێک یان نەوجەوانێک تەنانەت هەندێک لە گەورەکانیش ئامێرێکی وەکو مۆبایلی بەدەستەوەیەو پەیوەستە بە ئینتەرنێتەوە بۆ چەندین سەعات لەناو ئەو دنیایەدا هاتوچۆیەتی، بە تێپەربونی کات توشی ئالودەبوون ئەبێت پێیەوە، تووشی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی دەبێت، مامەڵەی لەگەڵ خەڵکیدا کەم دەبێتەوە، لەکاتێکدا پێشتر زۆر حەزی بە تێکەلاوی کۆمەڵایەتی بووە، لە توێژینەوەیەکدا کە دانا فازڵ لەسەر خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی ئەنجامی داوە لە ساڵی ٢٠١٤ دەرکەوتوە کە ٧٨٪ ی گەنجانی سلیمانی پێیان وایە ئینتەرنێت بووەتە هۆی لاوازکردن و کەمکردنەوەی پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتیان. بۆیە لەگەڵ لەدەستدانی دنیای کۆمەڵایەتی، منداڵ یان نەوجەوان خێرا هەوڵی دۆزینەوەی جیهانێکی

تر دەدات کە تیایدا کاتەکانی بەسەربەرێت کە ئەویش دنیای مەجازی و ناراستی ئینتەرنێتە.

لەم دنیایە نوێیەدا، ئەم تاکی خێزانە هاوڕێی مەجازی زۆر پەیدا دەکات لەسەرتاسەری دنیادا، بەتایبەت ئەگەر توانای نووسین و قسەکردنی بە چەند زمانێک هەبێت، هەر ئەمەش وا ئەکات بۆ چەندین سەعات لەبەردەم کۆمپیوتەرێک یان بە مۆبایلێک خەریکی قسەکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری بن لەبارەی یەکترەوە، بەتایبەت ئەگەر بە تەنها بن، بۆنموونە لە شارێکی وەکو سلێمانیدا توێژینەوەیەک ئەنجامدراوە و دەرکەوتووە ئەوگەنجانەی کە سەربەخۆن و تەنهان ١٠٠٪ ئەم کەسانە زیاد لە ٣ کاتژمێر و لە هەندێ حاڵەتدا دەگاتە ١٠ کاتژمێری کاتەکانیان بە ئینتەرنێت بەسەردەبەن، کە ئەمەش حاڵەتێکی خراپی ئالودەبونە بە ئینتەرنێت، ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە کە ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەندامانی تری خێزان لە ماڵێکدا ئەژین ٤٠٪ یان ٣ کاتژمێر، هەندێ جار زیاتری کاتەکانیان بە چوونە ناو ئینتەرنێت بەسەردەبەن، کە ئەمەش حاڵەتێکی دڵخۆشکەر نییە. بۆیە مانەوەی زیاترلەگەڵ ئینتەرنێت واتە ئەوەندە سەعات گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، تەمەڵی جەستە، قەلەقی و نیگەرانی، ئەمە جگە لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی چونە ناو سایتە پۆرنییەکان.

**مۆبایل**

کاریگەریە خراپەکانی ئینتەرنێت شاراوە نییە و ناتوانرێت ئینکاری بکرێت، بەڵام پێویستە بزانین کە تەنها ئینتەرنێت نییە ئەم جۆرە کاریگەرییەی هەیە، ئامێرێکی تری وەک مۆبایل کاریگەری خراپی کەمتر نییە لە ئینتەرنێت. پێش ئەوەی باسی کاریگەری خراپی بکەین، کاریگەری و رۆڵە باشەکانی لەبەرچاون، وەک ئاسانی هەڵگرتن و بەکارهێنان، نزیککردنەوەی دورەکان لەیەکتر، چارەسەری زۆرێک لە ئیش و کارەکان بە لێدانی چەند ژمارەیەک، کەمکردنەوەی کات و هەوڵی تاکەکان و چەندین باشی تر، بەڵام باسەکەی ئێمە کاریگەرییە خراپەکانیەتی، نابێت باشییەکانی لە ئاست خراپیەکانیدا چاومان پێ دانەوێنێت. ئەم ئامێرە خاڵی سەرنج راکێش و هێزی ئیدمانکردنی تاکەکانی لە نوێکردنەوە و تازەگەری جۆرەها ڤێرژن و بەرنامەکانیدایە کە وادەکات بەکارهێنەرەکانی تینووی بن، زۆرێک لە دایبابەکان لەژێر فشاردا بێت یان بۆ ئاگاداربوون لە منداڵەکانیان مۆبایلیان بۆ کڕیوون بۆ ئەوەی لەکاتە پێویست و نارەحەتەکاندا بەزوترین کات هەواڵیان بزانن و هۆکارێکی یارمەتیدەربێت بۆ کەمکردنەوەی سترێسەکانیان، بەڵام لە هەمان کاتتدا ئەم ئامێرە خاڵی نییە لە کاریگەری خراپ و تێکدانی شیرازەی خێزانەکان، بۆیە لەگەڵ هاتنی مۆبایل بۆ ناوخێزانەکان، بە تایبەت مۆبایلە زیرەکەکان، چەندین خێزانی خۆشبەخت و گەرم و گور وە پر لە هەست و سۆز و خۆشەویستی کۆتاییان پێهات، یان لانی کەم پەیوەندییەکانی نێوانیان کەم بویەوە و سارد و سڕی عاتفی باڵی کێشا بەسەریاندا، ئەمەش بەهۆی ئاشکرابوونی بەستنی پەیوەندی سۆزداری نهێنی زۆرێک لە پیاوان و برێک لە ئافرەتان لەگەڵ رەگەزی بەرامبەریاندا.

هێلین رولاند دەڵێت: پیاو ژنێک دەهێنێت بۆ ئەوەی واز لە تەواوی ژنان بێنێت، کەچی واز لە ژنەکەی دەهێنێت بۆ ئەوەی دوای ژنانی تر بکەوێت و ژنەکەی خۆی لەبیر بکات. چینیەکان پەندێکیان هەیە دەڵێت: هاوسەران هاوسەرانی تریان پێ باشترە. دەبینین گەنجانێکی زۆر یەکێک لە حەزو هیوایەتەکانیان بەستنی پەیوەندییە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر لە رێی مۆبایلەوە، بۆیە پەیوەندی سۆزداری زۆر بەهۆی مۆبایلەوە دەبەسترێت، تەنانەت دەگاتە ئاستی پرۆسەی هاسەرگیریش، بەڵام لە دواتردا دەر ئەکەوێت یەکێک یان هەردولا لەژێرەوە خیانەتی لەوی تر کردووە و لەگەڵ کەسانی تر پەیوەندی هەیە.

# تەکنەلۆجیا کەسە دوورەکانی لێك نزیك کردەوەو کەسە نزیکەکانی لەیەك دوورخستەوە.

**تەلەفزیۆن**

ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە لە فراوانکردنی بازنەی غیابی پەیوەندی خێزانی، کاتێک تاکەکانی خێزانێک لەبەرامبەری تەلەفزیۆنێکدا دائەنیشن و جەزبی بەرنامەیەک ئەبن، ئەمە وا ئەکات لەبری پەیوەندی و ئاڵوگۆری ئەفکار و هەست و سۆز لەگەڵ یەکتر، لەگەڵ تەلەفزیۆن و بەرنامەکەدا ئەم ئاڵوگۆرە ئەنجام بدریت، بە تێپەربونی کات ساردی عاتفی و مامەلەکردن لەگەڵ یەک پەرە دەسەنێت. خێزانێکی نمونەیی کاتێکی زۆر بە سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە بەسەردەبەن، لەساڵی ٢٠٠٩ دا توێژینەوەی میدیایی نیلسن ئەوەی خستە ڕوو کە مام ناوەندی کاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن لە لایەن خێزانێکەوە لە ٢٤ سەعاتدا بریتییە لە ٤ کاتژمێر و نیو. سەیرکردنی تەلەفزیۆن و کاریگەرییەکەی بەستراوەتەوە بە کاتی پێکەوەبونی ئەندامانی خێزانەکان، هەروەک ساکسبی و هاوکارەکانی لە ساڵی ٢٠١١ دا لە توێژینەوەیەکیاندا ئەوەیان خستە ڕوو کە ئەو خێزانانەی کاتێکی زۆر پێکەوە بەسەردەبەن، کاتێک پێکەوە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن جگە لە تام و چێژ بینین دەبێتە هۆی چالاک کردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان، ئەمە بەنیسبەت گەورەکانەوە، بەڵام لە توێژینەوەیەکی تردا کوبێی ئەوەی خستە ڕوو کە منداڵان زیاتر لە ژوورەکانی خۆیاندا و بەتەنهایی حەز بەسەیرکردنی تەلەفزیۆن دەکەن نەک لەگەڵ دایبابیان، ئەمەش وا دەکات توشی گۆشەگیری و کەمبوونەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان ببن.

بۆیە تەلەفزیۆن لەمڕۆدا موونافسی یەکەمی دایبابەکان لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە ڕێی چەندین کەناڵی تایبەت بە منداڵان و چەندین بەرنامە کە هی کۆمەڵگاو کلتورێکی ترە و ڕەنگە لەڕووی بەها ئەخلاقییەکانەوە نەگونجاوبێت لەگەڵ کلتور و عادات و تەقالیدی کۆمەڵگاکەی ئەو، ئەمەش وادەکات منداڵ لەسەر ڕێگەیەک پەروەردە ببێت کە لەگەڵ بیر و پەروەردەی دایبابەکەدا نەگونجێت و لە دەستیان دەربچێت یان کاریگەری و تۆوی نامۆ تیایدا بڕوێت.

**٢. لاوازی پەیوەندی ژن و مێرد:**

لە لێکۆلینەوەیەکدا لەسەر ٥٠ ژن و مێرد کە لە وڵاتی ئێران ئەنجامدراوە دەرکەوتوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کوالیتی ژیانی هاوسەرگیریدا هەیە، بەو مانایە کە تاوەکو ژن و مێرد زیاتر کاتەکانیان لەناوئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بەسەرببەرن، ڕێژەی ڕازی بوونیان لە ژیانی ژن و مێردایەتی کەمتر دەبێت.

ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی گەورەی تەکنەلۆجیاوە، گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیستمی پەیوەندییەکانی ئێمەی مرۆڤ ڕوویداوە و بەردەوام ڕوودەدات. ئەم بابەتە هەرچەند سوودگەلێکی زۆری بۆ هێناوین، وەک پێشتر باسمانکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشەو گرفتانێکی زۆری بەدوای

خۆیدا هێناوە، لە نموونەی کەمڕەنگ بوونی پەیوەندییە عاتفیەکان، خراپ سوودبینینی ئەخلاقی و دارایی لێی ... رۆڵی نەرێنی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانی هاوبەشی ژن و مێردەکان بە ئاشکرا دەبینرێت، کاتێک زمان و مەهارەتی پەیوەندی هاوسەران نسبەت بە یەکتر کاڵ بوبێتەوە، بەدڵنیاییەوە لە دوور مەودادا دەبێتە هۆی کەمبونەوەی رەزامەندی ژن و مێردایەتی.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لەژێر چەتری بەستنی پەیوەندی ئاسان هاتە بوون، لە ئێستادا بە ناونیشانی مونافسێکی سەرسەختی هاوسەران و پەیوەندی روو بە روو خۆی پیشان ئەدات.

جەزاب بوونی ئەم ئامێرو تەکنەلۆجیایانە وای کردوە زۆرترینی کاتەکانمان بەتایبەت چینی گەنجان لەناو ئەم دنیای تەکنەلۆجیایەدا بەسەربەرین. ئەم بابەتە کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەبێتەوە کاتێک ژن و مێرد یان تاکەکانی خێزانێک لەناو دنیای مەجازیدا غەرق دەبن بە ئامانجی پەیداکردنی دۆست و هاورێی نوێ و دۆست و خزم و هاوسەرانی راستەقینەی خۆیان فەرامۆش ئەکەن و هەوڵ ئەدەن لەرێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندیەکانیان بپارێزن.

کاتێک یەکێک لە هاوسەران بەشێوەیەکی بەردەوام (لەسەرمێزی نانخواردن، میوانی، کاتی گفتوگۆ) رۆئەچن لە دنیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە بێگومان زۆرێک لە فرسەتەکانیان لەدەست دەدەن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا و چارەسەرکردنی کێشە و گرێ و گۆڵەکانی ژیانیان و گوێگرتن لە کێشەو دڵتەنگیەکانیان ... هەموو ئەمانە وادەکات هاوسەرەکەت هەست بە تەنهایی و گرنگی پێنەدان بکات و متمانە بەخۆبونی لاوازبێت و گومانی بۆ دروست بێت، دواجار هەریەک لەمانە ئەتوانێت پایەکانی ژیانی ژن و مێردایەتی تێک بشکێنێت.

لەتیفیان و هاوکارەکانیان لە لێکۆلینەوەیەکیاندا کە لەسەر ٤٠٢ ژنی خێزاندار ئەنجامیانداوە دەرکەوتوە کە ئینتەرنێت پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە بە تەلاقی عاتفی لەنێوان ژن و مێردەکان.

لە لێکۆلینەوەیەکی تردا کە لەسەر ٥٠ ژن و مێرد ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ئەو هاوسەرانەی رۆچوون لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا هەر (٥) پایەی مەهارەتی پەیوەندیان کە بریتین لە (تێڕوانین، مەهارەتی کەلامی، مەهارەتی گوێگرتن، ئازایەتی بڕیاردان، بەڕێوەبردنی هەیەجان) کاریگەری نەرێنی جێدەهێڵن لەسەری پەیوەندی ژن و مێردایەتی.

### خیانەتی ژن ومێرد

خیانەت بابەتێکی زۆر راچڵەکێنەرە بە نیسبەت هاوسەران و خێزانەکانیان، پەیوەندی نهێنی یەکێک یان هەردوو هاوسەر لەگەڵ کەسێکی تردا کە رەنگە پەیوەندییەکە جەستەیی و جنسی یان تەنها عاتفی بێت، ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزانێک. رۆستایی و هاوکارەکانی (٢٠١٥) لە توێژینەوەیەکیاندا بە ناونیشانی (کاریگەری تەکنەلۆجیا نوێکانی وەک « ئینتەرنێت، سەتەلایت، مۆبایل» لەسەر خیانەتی عاگفی هاوسەران و هۆکاری کاریگەر لەسەریان) کە لەسەر ١٢٠ کەسی خێزاندار ئەنجامیان دابوو، دەرکەوت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆجیایانە، بەو مانایەی کە هەتا زیاتر سەتەلایت و مۆبایل و ئینتەرنێت بەکاربهێنن رێژەی خیانەت زیاتر دەبێت.

### چاولێکەری کوێرانە

منداڵان و نەوجەوانان و زۆرێک لە گەنجانیش دەکەونە ژێر کاریگەری فیلم و زنجیرە فیلمەکان کە پەخش دەکرێن، ئەم کاریگەرییە زۆرجار دەگاتە رادەی لاساییکردنەوەی کوێرانەی پاڵەوانە وەهمیەکان و ئەنجامدانی خراپەکاری و تاوان. ئەم لاساییکردنەوە لە دەرەنجامی گۆشەگیری و دووری منداڵ و گەورەکانە لەیەکتر لەروی عادات و تەقالید

# پیاو ژنێك دەهێنێت بۆ ئەوەی واز لە تەواوی ژنان بێنێت، کەچی واز لە ژنەکەی دەهێنێت بۆ ئەوەی دوای ژنانی تر بکەوێت و ژنەکەی خۆی لەبیر بکات.

و بیرکردنەوە و رەفتارەوە، لاوازی کۆنترۆڵی گەورەکان بەسەر ئەم ژینگەیەدا، ئینتەرنێت رۆڵێکی گەورەی هەیە لە لاساییکردنەوە و کۆپیکردنی ستایل و هەڵس و کەوتی کەسایەتییە ناودارەکان لەسەر بەکارهێنەرانی، بۆنموونە لە کوردستاندا توێژینەوەیەک دەریخستووە کە ٨٨٪ ی ئەو گەنجانەی کە ٤-٦ ساڵە ئینتەرنێت بەکاردێنن هەڵس و کەوت و ستایلی جلو بەرگی کەسە ناودارەکان کاریگەری هەبووە لەسەریان، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی لاسایکردنەوەی کوێرانە، چونکە ئەو کەسایەتیانە زۆرێک لە ستایلی جل و بەرگ و رەفتاریان بۆ کۆمەڵگای خۆیان گونجاوە، نەک کۆمەڵگای کوردی. هەروەها زۆرێک لە توێژینەوەکانی بواری زانستی تاوان پشت راستی ئەوە ئەکەنەوە کە زۆرێک لە تاوانەکان کە نەوجەوانان ئەنجامی دەدەن لە چاولێکەری کوێرانەی فیلم و زنجیرە فیلمەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە تەلەفزیۆنەکانەوە سەیردەکرێن، چونکە نەوجەوان زۆرکات هەوڵ دەدات رۆڵی پاڵەوانێک ببینێت کە لە فیلمێکدا دیویەتی و تووشی تاوانێک ئەبێت، یان نەوجەوانە کچەکان بەهۆی زنجیرە فیلمە رۆمانسیەکانەوە دەکەونە داوی خۆشەویستییەکی درۆینەوە کە کێشەی خێزانی لێ دروست دەبێت و هەندێک جار کوشتنی لێدەبێتەوە. هەروەها سەتەلایت و ئینتەرنێت وادەکات تاک شتەکانی خۆی نەبینێت و تواناکانی بەراورد بکات بە توانای کەسایەتی دنیای مەجازی و توشی نائومێدی و هەندێک جار نەخۆشییە دەروونییەکانی وەک خەمۆکی ببێت.

### کەسایەتی دوو لایەنە

مەشغوڵ بونی تاک بە ئینتەرنێت و رۆچونی تیایدا و هەستی پیلانی نەخوازراو وادەکات تاک کەسایەتییەکی نا واقعی بۆ خۆی دروست بکات، بە وێنە و ناوی نەخوازراوەوە دەچێتە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە مەبەستی بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر، یان دزیکردن و لەکەدارکردنی کەسایەتییەکان، ئەم کارانە ئەکرێت لەرێی مۆبایلیشەوە ئەنجام بدرێت بە هەمان مەبەست بەهۆی پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ کەسایەتییە ناسراو و نەناسراوەکاندا.

### لادانی ئەخلاقی

پیشاندانی فیلمە پۆرنەکان و زنجیرە فیلم و بەرنامە تایبەتەکان لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە یان لەرێی ئینتەرێتەوە، رۆڵێکی یەکجار گەورەی هەیە لەسەر لادانی ئەخلاقی گەنجان و نەوجەوانان، بەشێوەیەک کە زۆرێکیان لەرێی مۆبایل یان کۆمپیوتەرەکانیانەوە بە ئاسانی ئەتوانن داونلۆدیان بکەن و لە ناو خوێندنگاکاندا پیشانی یەکتری بدەن و ئاڵوگۆری پێ بکەن، ئەم جۆرە ئیشە لەسەرەتادا زۆر بە شەرمەوە ئەنجامی دەدەن، بەڵام دواتر ئاسایی دەبێتەوەو دەگەنە رادەی هۆگربوون پێیەوە، هەروەها لەرێی فیلم و بەرنامەکانەوە رەواجێکی چاک دەدرێت بە جۆرەها مەشروباتی کحولی و جگەرەو نێرگەلە و خۆشەویستی ناڕاست و وەهمی، کە ئەمجۆرە رەفتارانە کاریگەری گەورە دادەنێت لەسەر تێکچونی رەفتار و ئەفکاری تاکەکان و شیرازەی خێزان.

## کاریگەری لەسەر منداڵ

بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لایەن منداڵانەوە کاریگەری زۆری هەیە لەسەریان، توێژەران باس لە دڵەراوکێی منداڵان ئەکەن کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە تووشیان دەبێت، تێکچونی خەویشیان کە دواجار ئەمانە کاریگەری لەسەر پرۆسەی خوێندنیان دەکات، ئەمە جگە لە دوورکەوتنەوەی منداڵان لە ئەنجامدانی هیوایات و یاری و چالاکیەکانیان لەگەڵ منداڵانی هاورێییان.

عزیمی و شکر خواه(٢٠١٤) لە توێژینەوەیەکیاندا بەناونیشانی (منداڵ، تەکنەلۆجیا و پەیوەندی بەرامبەر) بۆیان دەرکەوتووە کە تەکنەلۆجیا کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر بەکارهێنەرەکانی کە منداڵ یەکێکە لەوانەو کاریگەری بۆسەر ئەم چینە زۆر زیاتر و مەترسیدارترە، بۆیان دەرکەوتووە کە تەکنەلۆجیا بینراو و بیستراوەکان زیاتر کاریگەری خراپیان هەیە وەک لەوانی تر. ئینتەرنێت کە توانیویەتی زۆربەی زۆری سیفەتی تەکنەلۆجیا لەخۆیدا کۆبکاتەوە و جەزابیەتێکی زیاتری هەبێت بۆ منداڵ و نەوجەوانان، سەرەرای خاڵە ئەرێنیەکانی بووە بە مەترسیەکی گەورە و جدی لەسەر ژیانی منداڵان، بۆیە ئەم بابەتە بووەتە کێشەیەکی جیهانی و بۆ چارەسەرکردنی و کەمکردنەوەی کاریگەری خراپی دەستپێشخەری و هەوڵ دراوە.

دواجار ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی کەرێژەیەکی زۆرلە تەکنەلۆجیای ئەمرۆ پێداویستی گرنگن بۆ ئەنجامدانی زۆرێک لە ئەرکەکان، ئیمەی مرۆڤ ناتوانین ئینکاری ئەم بابەتە بکەین و خۆمانی لێدوربخەینەوە، بەڵێ بۆمان دەرکەوت کە تەکنەلۆجیا باوەکانی سەردەم کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەسەر خێزان و تەشەنەسەندنی کێشەکانی لە کاتێکدا سوودگەلێکی زۆریان هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی سوودمەندبین لە باشیەکانی و زیانەکانی کەمبکەینەوە پێویستمان بە فەرهەنگی مامەڵەکردنی دروستە لەگەڵ ئەم داهێنانە و فێربوونی چۆنیەتی کۆنترۆڵکردن و بەکارهێنانیان لە لایەن تاکەکانی خێزان و کۆمەڵگاوە.

## سەرچاوەکان:


١- اللواتى، نسرين (٢٠١٧).التكنولوجيا عبر العصور: بداية مثيرة... و نهاية مجهولة. مجلة الاهرام للكومبيوتر و النترنيت و الاتصالات.

٢- محمد، دانا فاضل(٢٠١٤).الاثار الاجتماعية والثقافية لاستخدام الانترنيت على الشباب. رسالة الماجستيرفى الاجتماع.جامعة بيروت العربية.

٣- عظيمى، محمد حسن؛ شكرخواه، يونس(٢٠١٤). كودك، رسانة و ارتباط متقابل.فصلنامة علوم و فنون مديريت اطلاعات، سال ١،شمارة١، صفحة ٦٩-٩٤.

٤- خوجه وازى، طاوس؛ يوسف، عادل(٢٠١٣). وسائل التكنولوجيا الحديثة و تأثيرها على الاتصال بين الأباء و الأبناء (الانترنيت و الهاتف النقال نموذجا). البحث للملتقى الوطنى الثانى حول: الاتصال و جودة الحياة فى الاسرة، جامعة قاصدى مرباح.

٥- زارعان، منصورة(٢٠١٣). موفقيت خانوادة و تأثير خانوادةى جهت ياب در ان. فصلنامة شوراى فرهنطى اجتماعى زنان و خانوادة،سال ١٥،شمارة ٥٩.

٦- زارع نذاد، حميدة زادة(٢٠١٥). رابطةى بين شبكةهاى اجتماعى نوين با كيفيت زندطى زناشويى. سيويليكا(ناشر تخصصى مقالات كنفرانس ها و ذورنالها).

٧- زمام، نورالدين؛ سليمانى، صباح (٢٠١٣). تطور مفهوم التكنولوجيا و استخداماته فى العملية التعليمية. مجلة علوم الانسانية والاجتماعية.العدد ١١.

٨- روستاي، مرتضى؛ بديهى زراعتى، فرنوش؛ ثوراكبريان، الهة؛ رجب زادة، زينب(٢٠١٥). بررسى تأثير رسانةهاى نوئديد(اينترنت، ماهوارة و تلفن همراة) بر خيانت عاطفى زوجين و عوامل موثر بر ان. مجلة اصول بهداشت روان، سال ١٨، صفحة ٢٣-٤١٩.

٩- لطيفيان، مريم؛ عرشى مليحة؛ اقليما، مصطفى(٢٠١٧). ارتباط اعتياد بة اينترنت با طلاق عاطفى ىر زنان نتأهل شهر ىر سال ١٣٩٥. مجلة دانشطاه علوم ثزيشكى رفسنجان، دورة١٦.

١٠- كوضكى، محبوبة؛ شيرى، طمهورث؛ مظفرى، افسانة(٢٠١٦). مقايسة ميزان مهارتهاى ارتباطى زوجين در شبكةهاى اجتماعى و تأثير ان بر رضايت زندطى زناشويى. فصلنامة روزنامةنطرى الكترونيك، سال اول،شمارة ٢.

11- Almeida, Gisela Da Silva (2009). Les structures familiales, la famille: espèce sociale en voie de disparition?. Féderation des Association de parents de l›Enseignement Officiel.

12- Sazali,Abdul Wahab; Raduan, Che Rose; Suzana, Idayu Wati Osman. (2012). Defining the concepts of Technology and Technology transfer: A literature analysis. international business Research,vol.5.no.1.

13-Villegas, Alessondra.(2013). The influence of technology on family dynamics. Proceeding of the New York State communication association: vol.2012,article 10.

# ئیرادەی لاوان و سێ کوچکەی خێزان، سیستمی پەروەردەو فێرکردن، سیستمی سیاسی





د. سەمەد ئەحمەد
پسپۆڕ لە بواری پەروەردەو دەروونناسیی
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ئایا لاوان چۆن دەبن بە خاوەنی ئیرادەی خۆیان؟ ئەم پرسیارە ئەگەرچی تا رادەیەک کۆن و تەقلیدییە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لاوانی ئێمە، وەکو زۆربەی توێژەکانی تری کۆمەڵ، هێشتا خاوەنی ئیرادەی خۆیان نیین، ئەگەر وانەبوایە، دەمانپرسی: لاوان چۆن بوون بە خاوەنی ئیرادە؟

کاتێک دەڵێین: لاوان خاوەنی ئیرادەی خۆیان نیین، دەبێت هەموولایەکمان درکمان بەوەکردبێت کە ئیرادە لە مرۆڤدا وەکو بەشێک لە سروشتی مرۆڤ، لەگەڵ لەدایکبووندا لە دایک دەبێت و گەشە دەکات و پێدەگات.

کەواتە کاتێک مرۆڤێکی بێ ئیرادە و مجرۆ دەبینین، ئەوا دەبێت بزانین کە ئەو کەسە بەشێوازی جیاجیا بێئیرادە کراوە.

مەبەستمان لە ئیرادە، رۆڵ بینین و خۆسەلماندن و کارلێکردن و زۆر چالاکی ترە لە کۆمەڵدا..

ئیرادەش وەکو زۆربەی پێکهاتەکانی تری مرۆڤ، بەرهەمی پەروەردەی خێزانی کۆمەڵایەتییە و لە ژێر کاریگەری و پاڵەپەستۆی ژینگەی دەوروبەردایە...

روونتر بڵێم: پەیوەندی بە پەروەردەی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، چونکە ئیرادە لەژینگەی کۆمەڵایەتیدا نەبێت نە گەشە دەکات، نە هیچ مانا و کاریگەرییەکی دەبێت.. چۆن نەمامێک ئەگەر ئاوی لێببڕیت، لە جێی خۆیدا سیس دەبێت و دەژاکێت و هەڵدەوەرێت، ئیرادەش ئاوها، بە بێ ژینگەی کۆمەڵایەتی پێناگات و مەزن نابێت..

ئێمە وایدەبینین زیاتر لە ناوەندێک، یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی، لاوانی ئێمەی بێ ئیرادە کردووە، بۆیە پێویستە پێش ئەوەی وەڵامی ئەوە بدەینەوە کە ئایا لاوان چۆن دەبن بە خاوەنی ئیرادەی خۆیان، پرسیار لەوەبکەین ئایا چ دامەزراوەیەک، یان ناوەندێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لاوانی ئێمەی بێ ئیرادە کردووە؟

خێزان و پەروەدرەی نادروستی دایک و باوک، یەکەم ژینگەیە کە بۆتە مایەی ئەوەی لاوانی ئێمە (کوڕ و کچ) بە گشتی بێ ئیرادە و نا چالاک و کەلەلا بکات..

(کچ) لە کۆمەڵگای دواکەوتووی تەقلیدیدا، بە بەراورد لەگەڵ کوڕدا کەسی پلە دووە، لەگەڵ لە دایکبوونیدا سەرکوێر و دەستاژۆ و بێ ئیرادە دەکرێت، رادەهێنرێت لەسەر ئەوەی کە قسە نەکات و شەرمن بێت.. کاتێکیش گەورە دەبێت، دەبێتە شەرەفی خێزان و بنەماڵە و تەواوی نێرینەی خێزان و بنەماڵە دەبێت لە پارێزی ئەو شەرەفەدابن، بەم بیانووەوە، باوک وبراو ئامۆزا و هەموو (زا) کانی تریش مافی دەستێوەردانیان لە ژیانی تایبەتی ئەو کچەدا دەبێت.

لە ژینگەیەکی ئەوهادا قسەکردن لە بارەی ئیرادە و خۆناسین و دەورووبەر ناسین و نواندی چالاکی کۆمەڵایەتی و...هتد، جگە لە چەند مەسەلەیەکی گاڵتەجاڕی هیچی تر نابێت. کاتێک ئەمە دەڵێین، دەبێت بزانین کە کوڕیش بەشێوەیەکی تر لە لایەن خێزان و کۆمەڵگەوە بێ ئیرادە کراوە.

لە کۆمەڵگای تەقلیدیدا (کوڕ) بەو سیفەتەی کە پارێزەری شەرەفی خێزانە، دەبێت نە ترس و جەربەزە و دڵرەق و قایم بێت، سڵ لە تاریکی و مار و مێروو و ئاگر و ئاسن نەکاتەوە! بە کورتی بڵێین: کۆمەڵگە لە کەسێتی نێردا ئەوەندەی کەسی جەنگاوەری دەوێت، ئەوەندە کەسی عاقڵ و میهرەبان و خاوەن سۆز و خۆشەویستی ناوێت.

کۆمەڵگە بەگشتی و خێزان بە تایبەتی هەر لە منداڵییەوە کەسێتی راستەقینە لە کوڕ دەستێننەوە

و کەسێتییەکی درۆزنانە و موزەیەف و تەزویری پێدەبەخشن، چونکە لە راستیدا منداڵی کوڕیش وەکو هەر منداڵێکی تر، سڵ لە تاریکی دەکاتەوە، لە خشەی مار و مێروو دەترسێ، خاوەنی سۆز و خۆشەویستییە، نەک دڵ رەق و دڵ پیس.. بەڵام بۆ ئەوەی لە کۆمەڵدا ببێتە کەسێکی جێی متمانە و خاوەنشکۆ، دەبێ خۆی و خەڵکی بخەڵەتێنێت و خۆی بە ئازا و دڵ رەق و چاونەترس بداتە قەڵەم... لێرەوەیە کە نێرینە بە گشتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا جگە لەوەی کە خاوەنی هیچ ئیرادەیەک نییە، هەروەها کەسێتییەکی دووڕوو و دووفاقیشی هەیە..

جگە لە خێزان، هەروەها سیستمی پەروەردەو فێرکردنیش رۆڵی گەورەی هەیە لە بێ ئیرادەکردنی لاواندا. چونکە سیستمی پەروەردە و فێرکردن یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی راستەوخۆ رۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر ئیرادەی مرۆڤ بەگشتی و لاوان و خوێندکاران بە تایبەتی.

ئاشکرایە کە سیستمی پەروەردە و فێرکردن کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر پێگەیاندنی کەسێتی و هۆشیاری و بیرکردنەوەی مرۆڤ، چونکە لە هەر وڵاتێکدا ئەگەر سیستمی پەروەردە و فێرکردنێکی دروست و مرۆڤانە هەبێت، ئەوا دواجار تاکێکی ئاشتیخواز و خزمەتگوزار و کاریگەر و لێبووردە و ژیری خاوەن ئیرادە بەرهەم هاتووە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئیرادە تەنها لەژێر کاریگەری سیستمی پەروەردە وفێرکردندایە و بەس و هیچ فاکتەرێکی تر وازی لەم مەسەلەیەدا ناکات. نەخێر، مەبەستمان لەم دەربڕینە ئەوەیە کە دەشێ و دەکرێ ئیرادە لە مرۆڤدا وەکو جەستە و عەقڵ و رۆح پەروەردە بکرێت.

وەک ئاشکرایە کە زیاتر لە شێوازێک لە پەروەردە و فێرکردن هەیە، کە ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بە دوو جۆریان دەکەین:

یەکەم: پەروەردەی ئازاد و سەربەخۆ.

دووەم: پەروەردەی گوێڕایەڵی و بێدەنگبوون و جێبەجێکردن و ملکەچی، کە وەکو یەک، بەڵام جیاوازیش لە یەکتری کاریگەرییان لەسەر پێگەیاندن هەیە، یان زەلیلکردن و مراندنی ئیرادە لە مرۆڤدا.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پەروەردەی ئازاد و سەربەخۆ، دیالۆگ و پرسیارکردن و رێزگرتنی رای ئەودیی و قبوڵکردنی جیاوازی فیکر و... هتد یە.

ئاشکرایە کە ئیرادە لە سایەی سیستمێکی ئاوهادا، پێدەگات، مەزن دەبێت و مرۆڤ دەکاتە خاوەنی کەسێتییەکی تەندروست لە کۆمەڵدا.

جۆری دووەم لە پەروەردە کە لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی کوێرانە و بێدەنگبوون جێبەجێکردنی فرمان و زەلیلکردنی فکر و نەبوونی پرسیار بونیادنراوە، دەبێتە مایەی لێسەندنەوە و دواجاریش مراندنی ئیرادە لە مرۆڤدا، چونکە ئیرادە پێش ئەوەی هەرچییەک بێت، پرسیارکردنە. هەر لە رێگەی پرسیاریشەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت خۆی و پێکهاتەکانی و دەوروبەری باشتر بناسێت. ئەمەش یەکێکە لە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤ و هەر گیانلەبەرێکی تر.

ئێستا بابپرسین: سیستمی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی کوردستان لە کام جۆریانە؟

ئێمە وایدەبینین کە بەداخەوە لە جۆری دووەمیانە، چونکە هەتا ئێستاش زۆربەی مامۆستا و پەروەردەکارانی ئێمە ئەوەندی بە فێرخوازان دەڵێن (بێدەنگ بن)، نیو ئەوەندە ناڵێن

## خێزان و پەروەردەی نادروستی دایك و باوك، یەکەم ژینگەیە کە بۆتە مایەی ئەوەی لاوانی ئێمە (کوڕ و کچ) بە گشی بێ ئیرادە و نا چالاك و کەلەلا بکات..

(پرسیار بکەن).

سیستمی پەروەردە لە کوردستان، زۆر نزیکە لە سیستمی عەسکەرییەوە، ئەگەر سەرباز بە پێوە و بە قاچەکانی (پشووبدە) و (وریابە) ی پێبکرێت، ئەوا قوتابیان لەسەر ریحلە و بە دانیشتن و بە دەستەکانیان (پشووبدە) و (وریابە)یان پێدەکرێت.. ریزبوونی قوتابیان لە ناو ساحە و ئەمرکردن و قسەکردنی یەک لایەنەی بەڕێوەبەری قوتابخانە و دواجاریش بە بێدەنگی بە ڕێخستنی دوو دووی قوتابیان بۆ ناو پۆل، زۆر لە ساحەی عەرەزاتی سەربازگە دەچێت کە چۆن فەرماندە ئەمر بە سەربازەکان دەکات بۆ پێشەوە بچن، راوەستن، بەلای راست، یان بە چەپدا وەرگەڕێن!

پەروەردەی لەمجۆرە، مرۆڤ گوێڕایەڵ و ملکەچ و موتیع دەکات، بەڵام لە بەرامبەردا ئیرادە و توانای قسەکردن و چالاکیی و رۆڵبینینی لێدەسەنێتەوە.

جگە لە شێوازی پەروەردەی لەمجۆرەی مامۆستا و پەروەردەکاران، هەروەها ناوەرۆک و پرۆگرامەکانی خوێندنیش هۆکارێکی ترن بۆ بێئیرادەکردنی لاوان و خوێندکاران، بە تایبەتی لە قۆناغی دوای ئامادەیی، چونکە سیستمی خوێندن لە کوردستاندا ئەوەندی سیستمی پێلەبەرکردنی وانەکانە، نیوئەوەندە تێگەیشتن و بە عەمەلیکردنی خوێندن و (سیستمی ئەزموونگەری - تجریبی)نییە.

بۆیە پێگەیاندن و مەزنبوونی ئیرادەی زانستی، لە سایەی سیستمێکی ئاوهادا، جگە لە مەسەلەیەکی گاڵتەجاڕی هیچی دی ناگەیەنێت.

جگە لەخێزانو سیستمی پەروەردەو خوێندن، سیستمی سیاسیش رۆڵی هەیە لە دروستبوون، یان مراندنی ئیرادە لەلای لاوان.

ئەگەر ئیرادە بریتی بێت لەنواندنی چالاکی سیاسیو کۆمەڵایەتی، هەروەها بەشداریکردن لەخزمەتگوزاریو کاربەڕێوەبردن، ئەوا راستەوخۆ سیستمی سیاسی کاریگەری هەیە لەسەر هەموو ئەمانە، بەمانایەکی دی هەر سیستمی سیاسییە لەوڵاتدا ئەوە دیاری دەکات کە تاک چەندە ئازادە لە بیرکردنەوەو رۆڵبینین لە کۆمەڵدا.

وەک ئاشکرایە کە سیستمی سیاسی لە فۆرم وناوەرۆکدا زیاتر لە شێوەو شێوازێکی هەیە، کە دەتوانین بۆ دوو جۆری گشتی پۆلێنیان بکەین:

**یەکەم: سیستمی دیکتاتۆری.**

**دووەم: سیستمی دیموکراتی.**

لە سیستمی دیکتاتۆریدا، بەهەموو شێوەکانییەوە، دەوڵەت خاوەنی ئیرادەیە و تاک لە پەراوێزدایە، هەر دەوڵەتە ئەوە دیاری دەکات کە تاکەکان چۆن و بەچ شێوەیەک چالاکی

سیاسی و رێکخراوەیی بنوێنن.

لە سایەی سیستمێکی ئاوهادا تاکەکەس پێیخۆش بێت یان نا، دەبێت بۆ ئیرادەی دەوڵەت وسیاسەتی گشتی وڵات مل کەچ بکات، ئەگەر وانەکات بە توندترین شێوە سزا دەدرێت، ئیرادەی لاوان بۆ خۆناسین و دەوروبەرناسین لە سایەی سیستمێکی سیاسی ئاوهادا لە نزمترین ئاستدا دەبێت.

بەڵام بەپێچەوانەوە، لە سایەی سیستمی دیموکراتیدا تاک لەیەک کاتدا چەندە کار لێکراوە، لەوە زیاتر کاریگەرە.

نەک هەر ئەمە، بەڵکو سیستمی سیاسی وزەو توانای خۆی لە ئیرادەی تاکەکانییەوە بەدەست دەهێنێت.

دەسەڵاتدارانی سیستمی دیموکراتی پێیان وایە تاک چەندە لە بیرکردنەوەو رەفتارو چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی دا خاوەنی ئیرادە و ئازادی بێت، ئەوەندە ئەو سیستمە سیاسییە زیاتر ئازاد دەبێت و دەبێتە خاوەنی ئیرادە.

لێرەدا ئیرادەی تاک دەبێتە ئیرادەی دەوڵەت و بەپێچەوانەشەوە هەر راستە.

بەڵام بابپرسین: ئەو میکانیزمانە چین کە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی دەیگرێتە بەر بۆ گەشە پێدانی زیاتری رۆڵبینین و چالاکی نواندنی لاوان کە دەکاتە ئیرادە لە مرۆڤدا؟

وەڵامی ئەم پرسیارە فرە رەهەند و هەمە لایەنەیە، بە کورتی دەتوانین بڵێن: بریتیە لە وەڵامدانەوەی پرسیارە چارەنووسسازەکان و بەتەنگەوە هاتنی کێشەکان و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی تاکەکان بەگشتی ولاوان بەتایبەتی.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی وەڵامی داخوازییەکانی لاوان نەداتەوە، ئەوا وەک پەرچەکردارێک، لاوان لە دژی دەسەڵات هەڵوێست وەردەگرن.

دەبێت بزانین کە ئەم هەڵوێست وەرگرتن و دژ وەستاندنەوەیە ئەنجامە نەک هۆکار، ئەنجامی پەراوێز خستنی لاوانە، نەک هۆکاری ئاژاوەگێڕی و نابەرپرسیاریەتی کە هەندێجار دەسەڵاتی سیاسی تۆمەتی لەم جۆرە دەدەنە پاڵ توێژێکی یاخیبوو و پەراوێزخراوی وەک لاوان.

لێرە، لە کوردستان، لاوان تەواو پەراوێز خراون و هەرگیز وەکو پێویست گوێ لە پرسیارەکانیان، لە داخوازییەکانیان، لە کێشەکانیان نەگیراوە، چ جای جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانیان، بەپێچەوانەوە، سیستمی سیاسی لە کوردستان زۆر بەچڕی کاری لەسەر بێ ئیرادەکردنی لاوان کردووە، هەر بۆیە لاوان لە کوردستان ئەگەر بۆیان بلوێت، نیشتمان بەجێدەهێڵن، ئەگەریش بۆیان نەلوێت ئەوا لە کوردستان سەرگەردان و بێ ئیرادە چاوەڕوانی چارەنووسی نادیاری خۆیان دەکەن!

# توندوتیژی
## لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست






**کەنار کەمال محەمەد**

دەرچوی کۆلێژی زانستە مرۆییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی ساڵی ٢٠١٣. توێژەری کۆمەڵایەتی و چالاکوانی بواری ئافرەتان. چەندین چاوپێکەوتن و وتاری بڵاوکراوەی هەیە لەبوارەکانی (ئافرەتان، منالان، هەرزەکار). خاوەنی (دوو) توێژینەوەی بڵاونەکراوەیە سەبارەت بەئافرەت.

توندوتیژی ئەو دیاردەیەیە هەر لەدێر زەمانەوە بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە، مێژوونووسان و زانایانی بواری کۆمەڵایەتی یەکەمین کردەی توندوتیژی دەگەڕێننەوە بۆیەکەمین جەنگی مرۆڤایەتی نێوان (هابیل و قابیل) کە ئەم بکوژیە وەک تۆ و سەرەتایی کردەی توندوتیژی ناوزەند دەکرێت، دواتر کردەکانی توندوتیژی لەچەندین وێناو دۆخی جیاجیادا بەپێی گۆرانی دۆخ و زەمان خۆی بینیوەتەوە، هاوکات توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان بەوە ناسێنراوە کەهەرکردەیەک بەرامبەر ئافرەت سەربکێشێت بۆ ئازاردانی (جەستەیی)( دەرونی)(جنسی )، یان هەرجۆرە ئەشکەنجەدانێک لەشێوەی هەڕەشەکردن بەتوندوتیژی، ڕق لێبونەوە و بەکارهێنانی هێز یان بێبەشکردن لەمافەکانی ئەگەر بێت و ئەم توندوتیژیانە لەچوارچێوەی خێزان یان کۆمەڵگە یاخود شوێنی کارەکەیدا بێت ئەوە توندوتیژییە بەرانبەر ئافرەت.(١)

هەربۆیە یەکێک لەدیاردە دیارەکانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بریتیە لەتوندوتیژی جێندەری لە(جۆری کۆمەڵایەتی)، کەئەمەش ئاماژە بۆئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییە بەدەستهاتووانە دەکات کەلەنێوان ڕەگەزی مێ و نێردایە، لەداب ونەریت و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵ و هەل و بەرپرسیاریەتی و بەرژەوەندی جیاواز لەسەر ئاستی ڕەگەزی دەدات بەنێر و مێ، جیاوازی جۆری کۆمەڵایەتی بەگوێرەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی هێزی زیاتر دەدات بەڕەگەزی نێر لەسەر ڕەگەزی مێ، بەشێوەیەک پێشێلکاری مافەکانی ئافرەت ئەنجام دەدرێت، (جێندەری)ش پێناسەیەکی ڕەگەزی تایبەتە کەپەیوەستە بە ڕۆشنبیری کۆمەڵگەوە، جیاوازە لە(جنس ) کەخەسڵەتی بایەلۆجی و فسیۆلۆجی جیاوازی مێ و نێرە، لەڕوانینی جێندەرییەوە جیاوازی بایەلۆجی نێوان ژن و پیاو سروشتی و ئاساین، بەڵام ئەوجیاوازیانەی کلتور لەنێوان نێر و مێ دروستی دەکات گرفتی توێژینەوەی جێندەرییە.

توندوتیژی جێندەریش هەرکردارێکی ئازاربەخشە دژی ئیرادەی کەسێک کەپشت ئەبەستێت بەجیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان ژن و پیاو (نێر ومێ) لەپەراوەکردنیدا مێینە دەبێتەقوربانی. (٢)

جێندەر لەسادەترین مانادا بەواتای چەشن و ڕەگەزی مرۆیی (نێر _مێ)دێت، لەگەڵ ئەوەی لەیەکێ لەماناکانیدا نایەوێ دان بەڕەگەزیی بایەلۆژی مرۆڤ وئەندامە زاوزێیەکانی مرۆڤدا بنێت، بەوپێیە کەئەم جیاوازییە نایەکسانی لەنێوان نێر و مێدا دروست دەکات، هەربۆیە ئەتوانین بڵێین ئەم بۆچونە دژیەکی هەیە لەگەڵ ئەوپەروەردە نەریتییە کۆنەی کەهەردوو ڕەگەزی لەسەر پەروەردەکراون و جیاکاری تێداکراوە، هاوکات تێڕوانینی ئافرەتانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی لەسەر مێ بوون دامەزراندوە، پێناسەکردنی چەمکی مێینە لەدیدی نەریتی ڕۆژهەڵاتی ئاماژەیە بۆئەو ئافرەتانەی کەلەڕووی جەستەی و هەندێک جار بڕیارە عەقڵییەکان تواناى خۆبەڕێوەبردنیان نییە، بۆ پێویستییەکانی ژیانیان دەگەڕێنەوە بۆهاوکاری و بڕیارەکانی پیاو، هەربۆیە ئەم دیدی مێینەبوونە کاریگەری سلبی دروست دەکات لەسەر خودی ئافرەتان لەدووبارە پرۆسەی پەروەردەکردنەوەی کچانی داهاتوودا .

ئەگەربێت و سەیری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بکەین، دەبینین ئەو منداڵانەی کەکچن لەزۆرێک لەشارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا ڕووبەڕوی جیاکاری دەبنەوە، لەقۆناغە زووەکانی منداڵیەوە تاوەکو هەرزەکاری، بەهۆی هەڵوێست و مومارەسەی زیان بەخشی وەک(خەتەنەی ئافرەت، هاوسەرگیری پێش وەخت، تەنگپێهەڵچنینی سێکسی)، هەروەها ئەو مومارەسانەی پەیوەندی بەتەندروستییەوە هەیە لەدابەشکردنی خۆراک>

ئەوا ڕێژەی ئەو کچانەی دەگەنە قۆناغی پێگەیشتن کەمترە لەڕێژەی کوڕان، کەئەمە لەمەودایەکی بەرفراوانی ئەو کۆمەڵگایانەدا جێبەجێ دەکرێت کە کوڕان بەباشتر دەبینن وەک کچان، بەچاوخشانێک بەهەژاری یاساکانی پاراستن یان نەبوونی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە ئەوا ئافرەتان زیاتر ڕووبەڕووی کردەکانی توندوتیژی دەبنەوە، بەتایبەتتر توندوتیژی سێکسی، لەزۆرێک لەناوچەکاندا ڕوبەڕوی جیاوازیکردن دەبنەوە لەهەلی سوودمەندبوون لەپەروەردەو فێرکرد و ڕاهێناندا.(٣)

هاوکات ئەم توندوتیژییە جێندەریە لەسەر ئاستی بێبەشبون و بەپلە یەکەمینکردنی نێر بەسەر مێدا ئەپەڕێتەوە بۆ ئەو توندوتیژییە زیانبەخشانەی کە ئازاری قوڵ لەسەرئافرەت جێدەهێڵێت، کەئەمەش دەچێتە چوارچێوەی بەربڵاوترین توندووتیژی کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبێتەوە، ئەویش (توندووتیژی زارەکییە)، کە ئەمجۆرەی توندوتیژی بەترسناکترین جۆری توندوتیژی دادەنرێت کەشتێکی بەرجەستەکراو هەستپێکراو نین، بەوپێیەی کەشوێنەواری ئاشکرا بەجێیهێڵێت لەسەرجەستە، ئەمجۆرە لەکۆمەڵگە پێشکەوتوو دواکەوتوەکاندا زۆر بڵاوبۆتەوە، شوێنەواری ڕووخێنەر لەسەر تەندورستی دەرونی ژن بەجێدەهێڵێت، ترسناکییەکەی لەوەدایە کەیاسا ناتوانێت بەئاسانی دەریبخات و بیسەلمێنێت.(٤)

هەربۆیە پێوانەکردنی توندوتیژی بۆ ئەمرۆ کارێکی نوێ نییە، بەڵکو سەربوردەی جۆرەکانی توندوتیژی (زارەکی، جەستەیی) لەمێژە لەکۆمەڵگە مرۆییەکاندا بوونی هەیە، زۆرێک لەو توندوتیژیانەش ڕۆژانە بەرچاودەکەون و تۆماردەکرێن لەخێزانەوە سەرچاوە دەگرن، گەرچی ماڵ وەک پەناگەیەکی ئاسایش و ئارامی و بەختەوەری لێکدەدرێتەوە، کە خێزان لەبنەمادا ڕایەڵەیەکی بەهێز لەنێوان تاکەکاندا گرێ دەدات، کەوابەستەی خۆشەویستی و ڕێز ویەکگرتوی دەبەخشێت بەوتاکانەی ئەندامانی خێزانیان پێکهێناوە کە (باوک و برا و خوشک و دایک)ە. بەڵام بەشێک لەسەربوردەی زۆربەی ئافرەتان توندوتیژی خێزانییە، کەئەمجۆرە توندوتیژییە بەلایەکی نوێی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو لەسەدەی ناوڕاست و سەرەتاییەکانی بەپێشەسازی بوندا توندوتیژی لەهەمبەر ئافرەتان شێوازێکی بەربڵاوی هاوسەرگیری بوو.(٥)

بەخوێندنەوەمان بۆجۆرەکانی توندوتیژی لەکۆی کۆمەڵگەکان و ئەو ئامارانەی پێوانەی توندوتیژیان بۆکردوین ئەتوانین بڵێین: توندوتیژی زارەکی باوترین و بەربڵاوترین جۆری توندوتیژییە کەبەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزی نێر بەرامبەر ڕەگەزی مێ ئەنجامی دەدات، لەگەڵ ئەوەی لەفەرهەنگی نەریتی بەشێک لەگەلاندا ئەمجۆرە توندوتیژییە سزایەکی کۆمەڵایەتی و یاسایی لەسەر نییە، هاوکات لەیاساکانیشدا بەبینینی ئاسەوارە جەستەییەکانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان یاسا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، یاخود هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان جۆرێک ڕام هێنراوە لەبەرامبەر کردەی توندوتیژی زارەکی بێدەنگی هەڵدەبژێرن ،هەروەها هەندێ لەتاکەکان خودی ئەمجۆرە ئاکارە بەتاوان نابینن، گەرچی کاریگەرییەکی سلبی گەورە لەسەر دەروونی بەرامبەر دروست دەکات.

هەربۆیە ئەمجۆرە توندوتیژییە کاردەکاتە سەردەروونی تاک و خێزان، ئەمەش لەڕێی ئەوزاراوانەی کەمرۆڤ بریندار دەکات و لەشکۆی دادەبەزێنێت، خۆی دەبینێتەوە لەتوندوتیژی دەنگ بەرزکردنەوە لەکاتی گفتوگۆدا، لەگەڵ سوکایەتی پێکردن و شکۆ شکاندن و جنێودان، ەجۆرەها هۆکاری ئازاردان لەکەسایەتی کەمدەکاتەوە، لەڕاستیدا توندوتیژی زارەکی دەکرێت توندتر حسابی بۆبکرێت لەچاو توندوتیژی جەستەیی، لەبەرئەوەی ئەو ئافرەتە بەردەوام گوێی لەوشەکانی

(گەمژە، کەر، بێ مێشک ..هتد) دەبێتەوە، هەربۆیە ڕەنگە بگاتە ئاستێک کەباوەڕ بەخۆبوون لەدەست بدات .

ئەم توندوتیژdیە لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەندا بەرەو زۆربون دەچێت، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کەژێرخانی ڕۆشنبیری چاولێکەرییە لەوناوچانەی عێراق، بۆنموونە بەشە خۆماڵییەکان بەغداد لەوپەڕیدان، بەتایبەتی لەناوراستی باشوریدا بەرێژەی ٣٦٪ لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستان کەمترین ڕێژەی توندوتیژی لەشاری سلێمانی تۆمارکراوە بەرێژەی ١٨٪ هەروەها لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو ئافرەتانەی کەشویانکردوە دەریانخستوە کە ٦٦٪ی دووچاری توندوتیژی قسەپێوتن بونەتەوە کەهەندێکجار سەردەکێشێت بۆ ئازارگەیاندن، لێکۆڵینەوەیەکیش لەسەر توندوتیژی ناوماڵەکان دەریخست کەلە ٣٥٪ی ئافرەتان دووچاری قسەی نەشیاودەبنەوە.(٦)

جگە لەداتا عێراقییەکان، چەند داتایەکی ترمان بەرچاو کەتووە لەیاساکانی تایبەت بەبەرەنگاری توندوتیژی ژنانی (ئەردەن) کەئاماژە بەجۆری توندوتیژی و موماسەرەکردنی بەزۆری لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان دەکەن، بۆنموونە لێکۆڵینەوەیەکی ئەردەنی ئەوەی دەرخستوە کەڕێژەی لە٥٨٪ی ئافرەتان لەلایەن مێردەکانیانەوە ڕوبەڕووی سەرزەنشتکردن و جنێودان دەبنەوە، لێکۆڵینەوەکانی تر ئەوەی خستەڕوو کەلە ٣،٢٥٪ ئافرەتە ئوردونییەکان ڕووبەڕوی ڕابواردن و سوککردن دەبنەوە، کەلەگەڵیشیدا جنێوپێدان بەرامبەر بەکەسانی تر بەرێژەی ٣،١٦٪ بووە، بەڵام گۆکردن بەووشە خراپەکان بەرێژە ١٥،١٪بوو.(٧)

_لەگەڵ ئەوەی هۆکارەکانی دروستبوونی توندوتیژی (فرە جۆرن) بەڵام ئەتوانین بڵێین (نەبوونی) وەک سەرەکیترین هۆکار دادەنرێت لەناو خێزانەکاندا بەردەوام ڕێژەی تانەو قسە پێوتنەکان بەرزدەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی کێشە ئابوورییەکان فشار دەخاتە سەر ئەوی تر و تورەییەکەی بەسەر ژنەکەیدا بەتاڵ دەکاتەوە، هەروەها نەفەقەی ئابووری دەروازەیەکی دیکەیە مافی ئەوەی بەسەردا دەدات کەتوندرەو بێت لەئاستیدا، لەلایەکی ترەوە قبوڵکردنی ژنان بەو توندوتیژییە هۆکارێکی ترە کە ناتوانێ خۆی یان منداڵەکانی بژیەنێت، هەربۆیە هۆکاری ئابووری ٤٥٪ی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بەئافرەتان پێکدەهێنێت.(٨). هاوکات هۆکارەکانی تری نەگونجان ،یەکێکی دیکە لەجۆرەکانی توندووتیژی لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی بریتییە لە(توندووتیژی جەستەیی)، کە لەسادەترین مانایدا (لێدان و ئازاردان )دەگرێتەوە، ئەوشێوازەی توندوتیژیەیە کەتیایدا هێز لەبەرامبەر جەستەی بەرامبەر بەکاردێت، بەهۆی بەکارهێنانی ئەو هێزەوە ئیرادەو توانای بەرامبەرتێکدەشکێنێت، هەر بۆیە بەمانای وەشاندنی زەبرێکی کاریگەر دێ لەبەرامبەر کەسانی قوربانی، ئاسەوارەکانیشی لەسەر جەستەی قوربانییەکە دەردەکەوێت، بەبەکارهێنانی (شەق و زللە و بۆکس و قژ ڕاکێشان ...) جاری واهەیە کەسەکە ئەوەندەی لێدەدرێت دەگاتە قۆناغی خوێن بەربوون شکاندنی دەست و پێ و پەراسو.(٩)

گەرچی ئافرەتان لەئێستادا خاوەن پاڵپشتیەکی زۆری یاساین، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا توندوتیژییەکان هەربەربڵاوە، یاسا وەک میکانیزمێک تەنیا لەچوارچێوەی دەزگاکاندا لەمامەڵەکردندایە، زۆرن ئەو خێزانانەی چمکی یاسا لێیان دوورەو ئافرەتان لەپەنای زۆری توندوتیژیدا لەپێناوی مانەوەی خۆیان و قوربانیدان بەژیانی خێزانیان بێدەنگی دەدەن بەدرێژەدان بەئازارو توندوتیژی.

لەهەڵسەنگاندنی تەندروستی خێزان لەعێراق دەرکەوتوە کەنزیکی ٢١،٢٪ی ئەو ئافرەتانەی پرۆسەی هاوسەرگیریان کردووە ڕوبەڕوی توندوتیژی جەستەیی بونەتەوە، (مها عبدالجبار) ڕوونیکردەوە کە بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن مێردەوە لەزۆرترین

توندوتیژییە بەربلاوەکانە، ٣٩٪ی ئەو ئافرەتانەی کەلێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە لەم جۆرەتوندوتیژیەن، لەلوتکەی ئەو توندوتیژیانەی لەعێراق ئافرەتان ڕووبەڕوی بونەتەوە ١٥ ئافرەت لە(بەسرە) لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەی بەبیانوی ڕەوشتی و ئاینی هەڵدەستن بەوکارە مانگانە کوژراون، لێکۆڵینەوەیەکی وەزارەتی ناوخۆ ئەوحاڵەتانەی دەربارەی توندوتیژی جەستەیی بوون گەیشتونەتە لایەنەکانی ئاسایش لەساڵی ٢٠٠٩ دا چەند هێندە بوون، بەنزیکەی نۆ هێندەی ساڵی٢٠٠٣. (١٠)

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی توێژینەوە ڕۆژهەلاتییەکان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە ئەو توندوتیژیانەی ئەنجام دەدرێت، بەتایبەتتر توندوتیژی جەستەیی لەناوخێزانەوە سەرچاوە دەگرێت کەلەلایەن (باوک، برا، هاوسەر، برا..) وەوە دەکرێ، هاوکات توندوتیژی خێزانی لەناویشیاندا ئەو توندوتیژیانەی کە دەکەوێتە ژێر ناوی (پاراستنی شەرەف) داب و نەریتی کۆمەڵگە لەوڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوڕاست پشتگیری دەکات، کلتور و داب و نەریتە ڕۆژهەلاتییەکان ژن (شەرەف و ناموسی) پیاوە، بۆیە توندوتیژی لەسەر مەسەلەی شەرەف جۆرە شەرعیەتێکی پێدراوە، یاساش دەستەوەسانە پشتیوانی لێدەکات، هەرئەمەش ڕێگا بەپیاوان دەدات کەهەستێ بەلێدانی (خوشک، ژن،کچ )یان بەبیانووی تەربیەت و ڕەوشت.(١١)

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی کەفەرمانگەی ئامار لەساڵی (٢٠٠٨)، تیایدا هاتووە کە ٢٠٪ی ئافرەتە ئەردەنییەکان لەلایەن مێردەکانیانەوە ڕووبەڕوی لێدان دەبنەوە تاوەکو ئەدەب وەرگرن، ئەم لێکۆڵینەوەیە (١٥)هەزار خێزان (١١)هەزار ئافرەتی شوکردووی گرتوتەوە، زۆربەیان تەمەنیان لەنێوان (١٥_٤٩) ساڵدا بووە، لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە لەزۆربەی بارەکاندا ئافرەتان هیچ جۆرە سکاڵایەکیان تۆمار نەکردووە.(١٢)

لەگەڵ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی بەوەکرد ژنان لەبەرامبەر کردەکانی توندوتیژی بەشێوەیەکی گشتی بێدەنگی هەڵدەبژێرن، لەپاڵ عەیبەی کۆمەڵایەتی کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی سکاڵا بەنەنگی دەبینن، هاوکات دابی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئەو ئافرەتانە بەر تانە ئەدەن و ئەکەونە ژێر خەشمی چواردەوور کە سکاڵا لەپیاوکانیان دەکەن، جگە لەمانە زیندانیکردنی کەسە نزیکەکانیان لەپاش کردەی توندوتیژی بەزەرەری خۆیان دەشکێتەوە، هەروەها بوونی بیرۆکەی سزادانی جەستەیی و فەرزرکردنی بڕیارەکانی زیندانیکردن و غرامەکردنی مادی نابنە هۆی بڵاوبونەوەی دیاردەی سکاڵا بەشێوازێکی ئەرێنیانە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :

١. سزادان بەزیندانیکردن: ڕەنگە ڕێگر بێت لەچەند کەسێکی کەم کە توندوتیژی خێزانی مومارەسە نەکەنەوە، بەڵام لەزۆربەی جارەکاندا ڕق و کینە لەبەرامبەر ئەو ئافرەتەی کەبۆتە هۆکاری زیندانیکردن تۆختر دەکاتەوە، هەرچەندە ئافرەتەکە قوربانیش بێت، هەرچەندە ماوەی زیندانییەکە درێژە بکێشێت.

٢. فەرزکردنی غرامە بەتەنها نابێتە سزا بۆ هاوسەرە دەستدرێژیکارەکەی، بەڵکو دەبێتە سزا بەسەر هەموو خێزانەکەدا، لەناویشیاندا ئەو ئافرەتەی کەدەویسترێت پارێزگاری لێبکرێت، لەبەرئەوەی ئەو دەکەوێتە ناو ئەو واقیعەی کەبەشێکە لەخێزانەکە.

٣. یاسایی سزادانەکان باس لەزیندانیکردن وغرامەکردن دەکات لەتاوانەکانی توندوتیژی خێزانییدا، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئاسەوارێکی نابینرێت لەڕووبەڕوبوونەوەی دیاردەکەدا.(١٣)

لەپاڵ زۆر هۆکار گەلی وەک (کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خێزان، داب و نەریت، هۆکاری ژینگەیی و سیاسی و ڕاگەیاندن ) کەخاڵی توندوتیژییەکان تۆختر دەکەنەوە، بەڵام ئەو هۆکارە سەرەکییەی کە وادەکات ژنان بەردەوام رووبەڕووی جۆرکانی توندوتیژی ببنەوە خودی ژنان خۆیانن، ئەویش بەقبوڵکردنی توندوتیژی و لێبوردنی بەردەوامی کردەکانی توندوتیژی لەلایەن بەرامبەرەوە، ئەم بێدەنگبوونە لێی وا لەبەرامبەر دەکات زیادەڕەوی بکات لەبەکارهێنانی توندوتیژی، جار لەدوای جار جەربەزەتر بێت لەبەکارهێنانیدا، ئەم حاڵەتەش زیاتر دەبێت کاتێک ژنەکە کەسێک یان شوێنێکی نەبێت، بۆیە ئەم بێدەنگبوونەی ژن بێدەنگ بوونێکی ناچاری و زۆرە ملێیە لەپێناو خێزان و پاراستنی منداڵەکانی لەدەست نەدانی قبوڵی دەکات .(١٤)

ئەو توندوتیژیانەشی لەسەر ئاستی جیهان ڕوبەڕوی ئافرەتان دەبێتەوە فرە جۆر و فرە بوارن، (گێچەڵکردنی سێکسی) دژ بەئافرەتان لەئەمڕۆدا بەیەکێک لەمەترسیدارترین و کاریگەرترین جۆری توندوتیژی دادەنرێت، پسپۆڕانی بواری پەروەردەی جنسی پێیان وایە گێچەڵکردنی سێکسی کارێکە دەرهاویشتەی هۆشمەندییەکی مەبەستدار، مرۆڤ لەئەنجامی خواست و ئارەزوویەکی جنسیدا پێی هەڵدەستێت، بەشێوازی جۆربەجۆری بینین و بیستن و هێمابۆکردن، لەهەندێ کاتدا بەشێوازی جەستەیی ڕاستەوخۆ وەک دەست بۆبردن و نزیک بوونەوە.(١٥)

هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکردن لەسەر کردەکانی (دەستدرێژی سێکسی و لەشفرۆشی) کارێکی سانا نییە، بەتایبەتتر لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست کەرێژەیەکی زۆری ئافرەتان لەئاستی کردەکانی (دەست درێژی، تانەی سێکسی، گێچەڵپێکردن... هتد) بێدەنگن، گەڕان بۆ زانینی ڕێژەی ئەمجۆرە کارانە نامانگەیەنێتە بەردەم داتایەکی دروست.

هەربۆیە گێچەڵی سێکسی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئافرەت تیایدا دەژی، چ لەنێو ماڵەکەیدا یاخود لەدەرەوەی ماڵ، هەندێجار لەلایەن نزیکترین کەسە حەرامکراوەکان ڕودەدات، وەک (باوک، برا،مام ..) بەشێوەیەک دکتۆرە (هیلال اسماعیل حیلمی) لەلێکۆڵینەوەکانیدا بەناوی توندوتیژی خێزانی لەقاهیرە ئاماژەی پێداوەو دەڵێت: (منداڵەکان لەلایەن ئەوکەسانەی گەورەترن لەهەمان خێزاندا ڕووبەڕوی دەست درێژی سێکسی دەبنەوە)، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەمیسر کە لەسەر (١٠٠)پیاو (٥٠٠) ئافرەت کراوە دەریدەخات کەلە ٦٤٪ی ئافرەتان ٦٠٪ی پیاوان حاڵەتەکانی دەستدرێژی مەحرەمیان بیستووە، ئەم حاڵەتانەش نەگەیەندراونەتە بنکەکانی پۆلیس، هەروەها دەریدەخات ٢٥٪ی ئەو ئافرەتانەی ڕوبەڕوی ئەو توندوتیژییە بونەتەوە کە هاوەڵی دەستدرێژی سێکسین لەماوەی پێگەیشتنیان پاشماوەی جستەیی و دەروونی قوڵ بەجێدەهێڵێت، کە بریتین لە (ترس، لەرزین، هەناسە تەنگی، بورانەوە...) هەروەک چۆن توندوتیژی بەردوام پەلکێشان دەکات بۆ ئەوەی هەست بەبێنرخی خۆیان بکەن، بەشێوەی دەرونی و جەستەیی خۆیان بێهۆش بکەن بەمادەی کحولی و ئالودەبونیان بەمادە بێهۆشکەرەکان هەستکردنیان بەئازاردانی خۆیان، ئەمە سەرباری ئەوەی ترسیان لەهاوسەرگیری کردن هەیە لەداهاتودا. (١٦)

ئەگەربێت و شێوەکانی دەستدرێژی ڕوونبکەینەوە کەدژ بەئافرەتان دەکرێت، دەبینن شێوەکان و ڕەفتارەکان فرەشێواز و جۆراوجۆرن، وەک (تێڕوانینی ناپاک کەمانابەخش بێت بۆ مێینە لەکاتێکا لەبەردەم کەسێکا تێدەپەڕێت، دەبرینی وشەیەک کەواتای جنسی بگەیەنێت، تانەوتەشەری جنسی، دەست بۆبردنی جەستە، نوکتە و چیرۆکی

جنسی، دەستبازی، چرنوک گرتن، نازپێدان، دەستدرێژی زارەکی) (١٧).

لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئاماژە بەوەدەکات کە لەساڵی ٢٠٠٩ دا زیاتر لە ١٠٠ حاڵەتی دەستدرێژی هەبووە کە بە بەشێکی گرنگی دەست درێژی بۆسەر ئافرەت دادەنرێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکە شوێنی دەستدرێژیەکەو شێوازەکانی نەخستووەتە روو، بەپێی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ نزیکەی (٣٠٠) حاڵەتی رفاندنی ئافرەت لەساڵەکانی (٢٠٠٦) تا (٢٠٠٩ )لەعێراقدا هەبووە، کەدەکرێت ئەم ژمارەیە بەبازرگانیکردن بەئافرەتانەوە بۆمەبەستی سێکسی لێکبدرێتەوە.(١٨)

لەپاڵ ئەو داتایانەی کە دەزگاکان لەرێگای سکاڵاو لێکۆڵینەوەکانی دەستیان کەوتووە، بەڵام رێژەی رووبەڕووبونەوەی ئافرەتان لەهەمبەر ئەم جۆرە توندوتیژییە زۆر مەترسیدارترە لەو رێژەی کەخراوەتەڕوو، چونکە دەسکەوتنی داتایەکی وا ئەستەمە، هاوکات پەردەپۆشکردن و بێدەنگبوونی کچان و ئافرەتان لەترسی عەیبەی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی سەرەکییە بۆدەست نەکەوتنی داتایەکی دروست.

هەربۆیە لەخستنەڕووی ئەم باسەماندا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کردەکانی توندوتیژی (زارەکی، جەستەی، سێکسی) لەسەر ئاستی جیاوازی رەگەزی بەشێوەیەکی بەرفراوان بوونی هەیە، ئەمجۆرە توندوتیژییەش بەرامبەر بەئافرەتان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر تاک وخێزان و کۆمەڵگە، وێنایەکی چەق بەستووی نەریتی کۆمەڵگەمان نیشان ئەدات، کە رۆڵ و هێزی دەسەڵاتی یەکەم بەخشراوە بەپیاوان، لەبەرامبەر نیشاندانی لاوازی ئافرەتان لەقبوڵکردنی کردەکانی توندوتیژی لەبەرامبەریان.

**سەرچاوەکان:**


١. تقرير حول تحليل وضع الوطني، الحقوق الانسانية للمرأة والمساواة على اساس النوع الاجتماعي، ص٣٠.

٢. د. عمر رشيد، مافەکانی مرۆڤ، فەلسە ياسا، هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠١٥، لا ٢٣٢.

٣. تقرير الحقوق الانسانية للمرأة، نظرة الى حقوق الانسان بعين تراعي قضاية تمكين الجنسين, تمكين المرأة .لا١٢.

٤. ئا/رێبوار محمود مستەفا، کاروان علی محمد. رەهەندکانی کلتوری کوردی و کاریگەری لەسەر توندوتیژی دژی ژنان. گۆڤاری تەوار. سلێمانی . پایزی ٢٠١٠. لا١٣٩.

٥. ئەنتۆنی گیدنز، و/حەسەن ئەحمەد مستەفا. کۆمەڵناسی. چاپخانەی ئاراس. هەولێر ٢٠٠٩، لا ٢٦١.

٦. تقرير العنف ضد المرأة في العراق والاشكاليات والخيارات .. صندوق الامم المتحدة، لا٢٢.

٧. قانون لمواجهة العنف ضد النساء، المؤتمر الاقليمي. متابعة الاشراف، هبة الطيبي، حزيران ٢٠٠٧. عمان، الاردن، الطبعة الاولى ٢٠٠٨ ص١٦.

٨. ئا/شارا بەکر ئەحمەد، کویستان کمال عەبدول رەحمان، توندوتیژی دژی ژنان لەفەرمانگە حوکمیەکان، گۆڤاری تەوار، سلێمانی.پایزی٢٠١٠، .لا١٧٩.

٩. نەسرین کوردە. توندوتیژی دژی ژنان، توندوتژی رەگەزی.گۆڤاری تەوار .سلێمانی.٢٠٠٨ ژمارە(٢٤) لا ١٦١.

١٠. العنف ضد المرأة في العراق، الاشكاليات والخيارات.. صندوق اللامم المتحدة للسكان،.ص.٢٠.

١١. نەسرین کوردە. توندوتیژی دژی ژنان توندوتژی رەگەزی .گۆڤاری تەوار. هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ١٥٨.

١٢. تقرير حول تحليل وضع الوطني، الحقوق الانسانية للمرأة والمساواة على اساس النوع الاجتماعي، ص٣٠.

١٣. قانون لمواجهة العنف ضد النساء. المؤتمر الاقليمي. متابعة الاشراف .هبة الطيبي. مصدر سابق، ص١٨.

١٤. توندوتیژی دژی ژنان لەساڵانی ١٩٩١_٢٠٠٧ . شنۆ عوسمان . گۆفاری تەوار .ژ. ٢٦. ٢٠٠٩.

١٥. کنێر عبدالله. ژن و توندوتیژی. لێکۆڵینەوە.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .سلێمانی. چاپی یەکەم .لا١٣٠_١٣١.

١٦. هەتاو کریم. ظاهرة العنف الاسري .دراسة ميدانية في مدينة أربيل .الطبعة الاولى ٢٠٠٨، ص٩٧.

١٧. کنێر عبدالله . دەست درێژی سێکسی دژ بەژنان. چاپخانەی روون . ٢٠١٠ لا٢٥.

١٨. تقرير العنف ضد المرأة في العراق، الاشكاليات والخيارات..صندوق اللامم المتحدة للسكان،.ص.٢٢.



دەروووندروستی خێزان
لە هەزارەی سێیەمدا
(چییەتی، پایەکانی)
د.ناصح مەلاکەریم
توێژەر و مامۆستای زانکۆ
پرۆفیسۆری یاریدەدەر، دکتۆرا لە فیکری ئیسلامی

توێژەر و مامۆستا لەزانكۆی هەڵەبجە، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، دكتۆرا لە فیكری ئیسلامی، تێزی دكتۆرا: التربية الاسلامية وأثرها فى الصحة النفسية. خاوەنی حەوت توێژینەوەی بڵاوكراوەیە لە گۆڤارەكانی هەرێم و عێراق و دەرەوەی عێراق.

**دەسپێک**(١):

دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین كە سروشتی خێزان وەک سروشتی (تاک) وایە، پێویستی بە بەختەوەری و ئۆقرەیی و سەقامگیری و جێگیری هەیە. لەبەر ئەمەیە پێویستە بەردەوام پارێزگاری ئاسایش و دامەزراوی خێزان لە كارە لەپێشینەكانی دڵسۆزانی خێزان بێت. چونكە گەر بڕیار بێت لاشەی مرۆڤ نەخۆش بكەوێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە وەک توێژینەوەكانیش دەیسەلمێنن (لاشەی خێزان) یش ڕووبەڕووی هەمان مەترسی دەبێتەوە!!

سەدەی بیست و یەک، لای پسپۆڕانی بواری سایكۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی بە سەدەی (دڵەڕاوكێ) ناسراوە(٢)، ئەمەش وایكردووە كە خەمخۆرانی خێزان قۆڵی لێهەڵكەن و دەیان توێژینەوە ئەنجام بدەن بە مەبەستی ڕاگرتنی باڵانسی دەروونددرستی و گەشەپێدانی لەڕێی (ڕێگا گەشەییەكان) و دابینكردن و پاراستنی دەروونددروستی و یارمەتیدانی خێزانەكان لە ڕێی (ڕێگا پارێزیارییەكان) و هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەی ئاسەوارەكانی دڵەڕاوكێ لەڕێی (ڕێگا چارەسەرییەكان)ەوە.

لە ڕوانگەی ئایینەوە بە گشتی و ئیسلام بەتایبەتی، بابەتی دەروونددرستی خێزان بووەتە خەمی هەنوكەیی زۆرێک لە پسپۆڕانی بواری سایكۆلۆژی. هۆی ئەم بایەخدانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە خێزان یەكەمین یەكەی كۆمەڵایەتییە و گۆڕەپانی سەركەوتن یان شكست، هەروەها ئاسایی(السواء) یان نائاساییبوونی (اللاسواء)ی تاكە.

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە دوو توێژبەند پێكهاتووە:

توێژبەندی یەكەم: چییەتی (ماهیەت)ی دەروونددروستی و خێزان – (دەروونددروستی، ڕێبازەكانی دەروونددروستی، خێزان، هۆكارو پاڵنەرەكانی بایەخدان بە دەروونددروستی خێزان.

توێژبەندی دووەم: پایەكانی دەروونددروستی خێزان.

*** توێژبەندی یەكەم: چییەتی (ماهیەت)ی دەروونددروستی و خێزان (دەروونددروستی، ڕێبازەكانی دەروونددروستی، خێزان، پاڵنەرەكانی بایەخدان بە دەروونددروستی خێزان.**

**یەكەم: چییەتی (ماهیەت)ی دەروونددروستی:**

لێرەدا گرنگترین پێناسەكانی دروستی دەروونی دەخەینە ڕوو:

- دەروونددروستی: دروستی و سەلامەتی مرۆڤ تەنها بریتی نییە لەو حاڵەتەی كە جەستەی دووربێت لە نەخۆشی، بەڵكو بریتییە لە هەستكردنی تاک بە دڵنیایی و ئارامی و بوونی هاوپەیوەندییەكی پتەو لە نێوان هەموو لایەنەكانی (جەستەیی و دەروونی و كۆمەڵایەتی) و كارامەیی و لێهاتووییان بۆ خۆسازاندن لە تەک خود و ژینگەی كۆمەڵایەتیدا و لە توانای تاكدا هەبێت كە بەرەنگاری گرفت و ناخۆشییەكانی ژیان ببێتەوەو هەست بە چالاكی و كۆڵنەدانی خۆی بكات(٣).
- لە ڕوانگەی ئیسلامییشەوە دەروونددروستی بەم شێوەیە پێناسە كراوە: حاڵەتێكە لە كامڵبوونی بەردەوام لەگەڵ تاكدا، لە گەشەپێدان و تێركردنی لایەنە جەستەیی و ڕۆحی و ژیری و هەڵچوونی و كۆمەڵایەتییەكان، بە شێوەیەكی ڕاست و دروست(٤).
- خێزان: یەكەمین یەكەی كۆمەڵایەتییە كە لە باوک و دایک و منداڵان پێكدێت... یان دەزگایەكی

کۆمەڵایەتییە، ئەندامانی لە شوێنێکی دیاریکراودا ژیان بەسەر دەبەن و پەیوەندی خزمایەتی بەیەکەوەیان دەبەسێت (٥)، بەمپێیەش خێزان لەسەر دوو کۆڵەکە دادەمەزرێت: یەکەمیان بایۆلۆژییە، کە خۆی لە پەیوەندی هاوسەری و پەیوەندی خوێن لە نێوان دایک وباوک و منداڵان و زنجیرەی نەوەکاندا دەبینێتەوە. بەڵام کۆڵەکەی دووەم کۆمەڵایەتی و کلتورییە وەک دەبینین پەیوەندی خزمایەتی و ژن و ژنخوازی لە ڕێی پرۆسەی هاوسەریەوە دروست دەبێت و وابەستەبوونی خێزانی گەشەدەکات بە پێی یاساکانی باری کەسێتی و دواتر دانی پێدا دەنرێت(٦).

ئەوەی لێرەدا سەبارەت بە دەروونددروستی خێزان پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت وەک پسپۆڕانی سایکۆلۆژی باسی لێوە دەکەن سێ پێلێنراو (مسلمات)ی گرنگە(٧):

**پێلێنراوی یەکەم:** دەروونددروستی وەرگیراوە (مکتسبة) زیاتر لەوەی بۆماوەیی بێت، ئەو وەردەگیرێت و نابەخشرێت، کەم و زیاد دەکات بە پێی هەوڵ و ئیرادەی بەهێزی مرۆڤ لە گەشەپێدانی بیروباوەڕەکانی و هەستەکانی ڕازیبوون و گەشبینی و خۆشەویستی و لێبووردەیی، وە کوژاندنەوەی هەستەکانی ناڕازیبوون ورەشبینی ونائومێدی و شەڕەنگێزی.

**پێلێنراوی دووەم:** هەموو مرۆڤێکی باڵغ وژیر بەرپرسە لە دابینکردن و گەشەپێدانی دەروونددروستی خۆی، هەروەها بەرپرسە لە هەر لادان و لاوازبوون و تێکشکانێکی دەروونی. وەک خوای گەورە دەفەرموێت: **كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ**(٨).

**پێلێنراوی سێیەم:** هەموومرۆڤێکی باڵغ و ژیر بەرپرسە لە دابینکردن و گەشەپێدانی دەروونددروستی ئەوانەی لەژێر دەستیدان و سەرپەرشتییان دەکات. وەک خوای گەورە دەفەرموێت: **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ**...(٩). وەک پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: **(كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْؤُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، فَالْأَمِيرُ رَاعٍ عَلَى النَّاسِ وَهُوَ مَسْؤُولٌ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِهِ وَهُوَ مَسْؤُولٌ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ زَوْجِهَا وَهِيَ مَسْؤُولَةٌ، وَالْعَبْدُ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِهِ وَهُوَ مَسْؤُولٌ، فَكُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْؤُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ** )(١٠).

کەواتە، پیاو بەرپرسە لە گەشەپێدان و پاراستنی دەروونددروستی هاوژین و منداڵەکانی، هاوژین بەرپرسە لە گەشەپێدان و پاراستنی دەروونددروستی مێرد و منداڵەکانی، خاوەن دەزگا بەرپرسە لە گەشەپێدان و پاراستنی دەروونددرستی کارمەندان و فەرمانبەرەکانی، کاربەدەستانی وڵات بەرپرسن لە گەشەپێدان و پاراستنی دەروونددروستی ژێردەستە و هاوڵاتیان.

- **ڕێبازەکانی دەروونددروستی خێزان:**

پەروەردە و پێگەیاندنی خێزان پێویستی بە پەرژین وچەپەری (سیاج) ێک هەیە تا بیپارێزێ لەو مەترسیانەی کاریگەری نێگەتیفیان هەیە بۆ سەر دڵ و دەروونی تاک و قەوارەی خێزان. ئەم هەنگاوەش کاتێ دێتە دی کە ڕێبازەکانی (گەشەیی، پارێزیاری ، چارەسەر) ی لە چوارچێوە و بۆتەی ئاینداری ڕاستەقینەدا بونیاد بنرێن. بەم شێوەی لای خوارەوە:

یەکەم-ڕێبازی گەشەیی: ئەم ڕێبازە ڕێبازێکی بونیادنەرە، مەبەست لەم ڕێگایە زیادکردنی خۆشی و گونجان و تەباییە لای کەسە ئاساییەکان وخێزانەکان لە قۆناغەکانی گەشە تا دەگاتە بەرزترین ئاستەکانی دەروونددروستی وهۆشیاری پەروەردەیی. ئەمەش لە ڕێی چاودێری کردنی لایەنە (جەستەیی و عەقڵی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەکانی) تاکەو دەبێت، بە مەبەستی

گەشەپێدانی توانا و لێهاتووییەکانی تاک و زیادکردنی کارامەیی و زانیارییەکانی، چ دەروونی بن، یان زانستی، یان سۆزداری، یان کۆمەڵایەتی، یان هەڵچوونی (١١).

هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازەدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئاراستەی مرۆڤی باوەڕدار دەکات تا پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی ئیسلام و دوورکەوێتەوە لە هەر چەشنە ئاراستەیەک کە مرۆڤ بەرەو لادان دەبات. ئەمەش لە ڕێی پاککردنەوەی دەروون و (تێرکردنی پاڵنەرەکان) و (ڕێکخستنی هەڵچوونەکان).

دووەم ــ ڕێبازی پارێزیاری ( پارێزگاری ): ئەم ڕێبازە بریتیە لە پاراستنی مرۆڤ (تاک) لە کەوتنە ناو کێشەو شڵەژان و کێشەی دەروونی. ئەم ڕێبازە گرنگی بە کەسە ئاساییەکان دەدات ، پێش ئەوەی گرنگی بە کەسە نەخۆشەکان بدات. هەروەها ئەم ڕێبازە سێ ئاستی هەیە: یەکەمیان هەوڵی ڕێگری لە نەخۆشی دەروونی دەدات، دووەمیان هەوڵی دەستنیشانکردنی نەخۆشی دەدات، سێیەمیشیان هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان دەدات(١٢).

بەگەڕانەوەمان بۆ فەلسەفەی ئاینداری وخوداپەرستی لە ئیسلامدا ، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە (بیرو باوەڕی بەهێز) و (خوداپەرستی) و (پابەندبوون بە ئاکارە جوانەکان و دوورکەوتنەوە لە ئاکارە خراپەکان) گەورەترین سەرچاوەکانی ڕێبازی پارێزیارین.

سێیەم– ڕێبازی چارەسەری: ئەم ڕێبازە بریتییە لە چارەسەری کێشەو لادانەکان و شڵەژان و نەخۆشییە دەروونییەکانی خێزان. تا ئەو کاتەی خێزانی نەخۆش و خاوەن گرفت دەگەڕێتەوە باری ئاسایی و دەرووندروستی (١٣).

* پاڵنەرەکانی بایەخدان بە دەرووندروستی خێزان (١٤):

**١–قۆناغەکانی تەمەن و گۆڕانکارییەکانی ژیان:**

هەموو تاکێک لە قۆناغەکانی گەشە و گەورەبوونیدا بە چەند ساتێکی ئاسایی و نائاسایی، خۆشی و ناخۆشیدا تێدەپەڕێت، لەم ساتانەشدا پێویستی بە ڕێنمایی و دەستگرتن هەیە تا بە سەر ناخۆشییەکاندا زاڵبێت و لە سەر خۆشییەکانیش بەردەوام بێت. گرنگترین کاتەکانی ژیانی تاکیش ئەو کاتانەیە کە لە تەمەنی (رەبەندی) دەگوازێتەوەو هەنگاو بەرەو پرۆسەی هاوسەرگیری دەنێت. یان کاتێک جیابوونەوە (تەلاق) روو دەدات، یان ئەو کاتەی مرۆڤ بێ ویستی خۆی لە قۆناغی منالییەوە بەرەو هەرزەکاری و لە هەرزەکارییەوە بەرەو تەمەنی نەوجەوانی و لە نەوجەوانیشەوە بەرەو پیری دەڕوات.

بێگومان ئەو سات و قۆناغانەش ئاماژەمان پێکردن دەیان ململانێ و سەرکەوتن و نشوست و هەندێجاریش(ترس و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی) ئاوێتەی ژیانی تاک دەکەن. ئەمەش وا دەخوازێت تاک ئامادە بکرێت لە قۆناغی ئێستاداو پەروەردە بکرێت بۆ قۆناغی داهاتووتا کەسێکی (تەبا و گونجاو) بێت لە گەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی رووی تێدەکەن.

**٢–گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان:**

سیستمی خێزانەکان لە کۆمەڵگە جیاواز و فرە رەنگەکاندا جیاوازن. ئەم جیاوازیەش لە چەند روویەکەوەیە> وەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیستمی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. ئاسەوارەکانی ئەم جیاوازیەش لەو توێژینەوە کۆمەڵایەتییە بەراوردکاریانەی سەبارەت بە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان ئەنجامدراوە یان سەبارەت بە سیستمی خێزان لە هەر یەک لە شارو لادێ هەست پێ دەکەین.

٣–پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی: جیهان

ئەمرۆ پیشکەوتنێکی خێرا لەبواری زانست و تەکنۆلۆژیادا بەخۆوە دەبینێت، بێگومان ئەم پێشکەوتنەش وا دەخوازێت کە (تاک) لەگەڵ خودی خۆیی و کۆمەڵگە گونجاو بێت. هەروەها سەلمێنەری ئەوەن کە پێویستمان بە ( دەروونددروستی) هەیە بە تایبەت لە ناوەندی خێزان، تا بتوانین لە گەڵ پەرەسەندن و گەشەکردنی زانستی هەنگاو بنێن و پلانمان بۆ ئاینده هەبێت وتوانای رووبەرووبوونەوەی گرفتە خێزانییەکانمان هەبێت.

٤-سەردەمی دڵەڕاوکێ: لە سەردەمێکدا ژیان بەسەر دەبەین کە بە سەردەمی دڵەڕاوکێ ناسراوە، مرۆڤەکان بە هیچ رازی نین، بەردەوام بە دوای چاکتردا دەگەڕێین، رێگای بەختەوەری لای هەندێکمان ونبووە. سەردەمی ئەمرۆ بە سەردەمی نەخۆشییەکانی مەدەنیەت ناسراوە، سەردەمی ململانێ و ناکۆکییەکانە. ئەمەش وامان لێدەکات پێویستمان زیاتر بە خزمەتەکانی(دەروونددروستی) هەبێت، بەتایبەت لە بواری خێزانی و کەسایەتی و گرفتەکانی کەسایەتییدا.

**توێژبەندی دووەم: پایەکانی دەروونددروستی خێزان**

پایەی یەکەم: گونجان و تەبابوونی هاوسەری (Marital adjustment):

**مانای گونجان:**

گونجان : دەستەواژەیەکە واتای نزیکبوونەوەو ئاشنابوون و گردبوونەوەی دەوری یەکتری دەگەیەنێ، لە هەمان کاتیشدا دژی واژەکانی ناکۆکی و پێکدادان و دژایەتی و نەگونجانە. گونجان لە سایکۆلۆژیدا ئەو کردە دینامیکییە بەردەوامەیە کە تاک دەیەوێ بە هۆیەوە رەفتارەکانی بگۆڕێت، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی گونجاوتر و هەماهەنگتر لە گەڵ خۆی و ژینگەکەیدا بەرقەرار بکات (١٥).

(گونجانی هاوسەری) لە سایکۆلۆژیدا بریتییە لە بەختەوەری خێزانی و رازیبوون لە یەکتر و سەرکەوتوویی هەر یەک لە ژن و مێرد لە هەڵبژاردنی ئەوی تر، خۆشەویستی بەرامبەر، تێرکردنی سیکسی و چوونەژێرباری بەرپرسیارێتی ، توانای رووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان و جێگیری هاوسەری(١٦).

به پێی هەردوو پێناسەکەی سەرەوە، گونجانی خێزانی لە ڕوی سایکۆلۆژیەوە بریتییە لە توانای تەبابوون و بەدەمەوەچوونی هاوسەران بۆ پێداویستیەکانی هاوسەرێتی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆسەی هاوسەری و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان و تێرکردنی پێداویستەیکان و دەربڕینی هەست و نەست و هەڵچوونەکان.

ئەو توێژینەوانەش لە بواری سایکۆلۆژی خێزان ئەنجامدراون، ئەنجامەکانیان ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە ژن لە ڕووی بایەخدانی بە ئەو حەوت پێداویستیە سۆزداریەی کە لەلایەن زۆرێک لە پسپۆڕانی سایکۆلۆژی خێزانی پیشبینیکراوە جیاوازە؛ بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکان(١٧)، ژن لە پلەی یەکەمدا (خۆشەویستی) لە مێردەکەی دەوێت، پاشان تێگەشتن، بایەخپێدان،رێز، پێزانین، قەبوڵکردن، متمانە. بەڵام پیاو بەدوای (پێزانین)دا دەگەڕێت بە پلەی یەکەم، پاشان رێز، تێگەشتن، خۆشەویستی، قەبوڵکردن، متمانە، بایەخپێدان.

* **نیشانەکانی گونجانی هاوسەری:**

لە گرنگترین نیشانەکانی گونجانی خێزانی (١٨):

- هەڵبژاردنی دروست بۆ هاوسەری ژیان.
- نزیکی ئاستی کۆمەڵایەتی، زانستی، ئابوری، کلتوری، ژن و مێرد.
- مامەڵەی دروست و بایەخدان بە یەکتری، چونکە تا رێژەی بایەخدان بە یەکتری بەرز

بێت، گونجانی هاوسەری مسۆگەر دەبێت، پێچەوانەشەکەشی راستە.

- توانای هاوسەران لەڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکان لە چوارچێوەی خێزان و تێپەڕاندنی جیاوازیەکان و ململانێیەکان.
- هەستکردن بەبەرپرسیارێتی و پابەندبوون بە وابەستەیی و پەیوەندی خێزانی و پەیوەندیەکانی باوکایەتی ودایکایەتی.
- پێگەیینی دەروونی (النضج النفسي) وزیرەکی هەڵچوونی(الذكاء العاطفي) ئەمەش لە دەروندروستی هەر یەک لە ژن و مێردا دەردەکەوێت، هەروەها لە زیرەکی هەڵچوونی رەنگ دەداتەوە.
- بوونی سەلیقەو کارامەییەکانی پلاندانان و بەڕێوەبردن و پێگەیاندنی منال و بەڕێوەبردنی ژیانی هاوسەری و ڕێکەوتن لە سەر ئامانجە هاوبەشەکان.
- بەدەستهێنانی ئۆقرەیی مرۆیی: خوای گەورە دەفەرموێت:وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ الروم: ٢١.
- تێگەشتن وحاڵیبوون لـەپێداویستیە سـۆزداریەکانی هـاوسەری، لەوانەش: ئەویندارێتی، متمانە، قەبوڵکردنی یەکتری، ریز وپێزانین، هـانـدان، سەرسامبوون بە یەکتری. گونجانی سێکسی. بیریشمان نەچێت لە بەدواچونێکی نووسەری ئەم بابەتە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە یەکێک لە هۆکارەکانی لەدەستدانی ئۆقرەیی خێزانی و سەرهەڵدانی گرفتەکان، بریتی بووە لە تێرنەبوونی سێکسی و دروستبونی بۆشاییەکی سۆزداری لە نێوان ژن و مێرد، وە نەبوونی تێڕوانینێکی راست و دروست بۆ سێکس و پەروەردەی سێکسی.

**پەروەردەی سێکسی چییە؟**

قسەکردن دەربارەی پەروەردەی سێکسی قسەکردنە سەبارەت بە لایەنێکی زۆر کاریگەری (دەروونددروستی) خێزان، چونکە هەوڵدانە بۆ راماڵین و رەواندنەوەی ئەو مەترسیانەی لەلای هەندێ لەباوکان و دایکان دروست دەبێت سەبارەت بە سێکس و پاشان زیادبوونی ترس ودڵەڕاوکێی باوکان و دایکان و پسپۆرانی بواری پەروەردە لەو دەنگە نامۆیانەی بەردەوام باس لە کرانەوەو خۆدارنین وخۆداماڵین لەبەها بالاکان و شکاندی قەوارە و قەلای خێزان دەکەن، لەرێی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆرە کۆمەلایەتییەکان و ئامرازەکانی تر کە زۆر بەئاسانی لەبەردەست کچان و کورانی هەرزەکاردایە و تەنها بە (کلیکێک) ســـەدان پێگەی سێکسی و دڵداری و سۆزداری و وروژێنەری سێکس بەردەست دەبێت.

زۆربەی پسپۆرانی بواری سایکۆلۆژی لەسەر ئەوە کۆکن کە پەروەردەی سێکسی بریتییە لە ئەو پەروەردەیەی کە زانیاری زانستی و شارەزایی راست و دروست سەبارەت بە بابەتە سێکسیەکان دەداتە تاک، بە ئەندازەی ئەوەی کە گەشەی جەستەیی و فیسیۆلۆژی و ژیری و هەڵچوونی و کۆمەلایەتی رێی پێدەدات لە چوارچێوەی ئایین و ئاکاردا، بەمەبەستی گونجانی دروست و لەبار لە هەڵویستە سێکسیەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە ســـێکسیەکان لە ئێســـتا و داهاتودا، ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە دروستی ســـێکسی مسۆگەر بکات (١٩).

بەدڵنیاییەوە خۆدزینەوە لە باسکردنی پەروەردەی سێکسی بە پاساوی شەرم و ترس یان گومانی خراپ پێبردن، کارێکە لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە هەردوو رەگەزی (کوڕ و کچ)

ئەگەر تێگەشتنێکی راست و دروستیان نەبوو سەبارەت بە سێکس و ڕێگای حەلاڵی تێرکردنی، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕێگای ناتەندروست و ناشەرعی ومیکانیزمی حەرام دەگرنەبەر بۆ تێرکردنی.

بەگەڕانەوەمان بۆ سەردەمە پاکەکانی ئیسلام، وەک سەردەمی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لە سەر بێت) ، سەرباری ئەو پاکی و پاکیزەییەی هاوەڵانی پێناسراوە، بەڵام لەیادیان نەچووبوو کە داوای ڕونکردنەوە بکەن لە پێغەمبەری ئیسلام لە زانست و زانیاریەکانی تایبەت بە سێکس کە جێی بایەخیان بوو، ڕوونترین بەڵگەش ئەم دوو فەرموودەیەیە:

- عن علي بن أبي طالب أنه قال: (كنت رجلا مذاء فاستحييت أن أسأل رسول الله فأمرت المقداد بن الأسود فسأله فقال : فيه الوضوء ) (٢٠).

- جاءت أم سليم إلى رسول الله فقالت يا رسول الله إن الله لا يستحيي من الحق فهل على المرأة من غسل إذا احتلمت ؟ قال النبي : (إذا رأت الماء ). فغطت أم سلمة -تعني وجهها- وقالت يا رسول الله وتحتلم المرأة ؟ قال (نعم تربت يمينك فيم يشبهها ولدها ؟ ). (٢١).

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مامەڵەی ئیسلام لە گەڵ سێکس مامەڵەیەکی زانستی و واقیعییە؛ وەک دەبینین لایەنی سێکسی پشتگوێ نەخستووە، بە ڕەهاییش ڕێی پینەداوە، بەڵکو لە چاوچێوەی ویقار و حەیادا باسی لێوەکردووە وەک لەم چەند ئایەتەدا دەردەکەوێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

- **أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ** البقرة: ١٨٧.

- **وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ** البقرة: ٢٢٢.

- **نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ مُلَاقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ.** البقرة: ٢٢٣.

گرنگی بایەخی پەروەردەی س]کسی لەوەدایەکە ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ لە سوککردنی شڵەژانی دەروونی و مسۆگەرکردنی دەروونددروستی. چونکە لە کاتی نائامادەیی و نەبوونی پەروەردەی سێکسی راست و دروست چەندین گرفتی سێکسی سەرهەڵدەدات؛ لەوانە: گرفتەکانی گەشەی سێکسی، چەپاندنی سێکسی، بێسەروبەری سێکسی، کەوتنەناو بۆتەی ئەویندارى نادروست و ناشەرعی، نەبوونی زانیاری دروست سەبارەت بە مامەڵەی گونجاو لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، دڵەڕاوکێی هاوسەری، ڕۆچوون لە خوێندنەوەی بابەتە سێکسیەکان، لادانی سێکسی و پەنابردن بۆ ڕێگا نادروستەکانی تێرکردنی سێکس، لاوازی ڕێنمایی خێزانی، وە چەندین گرفتی تر(٢٢).

(میکانیزمەکانی پەروەردەی سێکسی)ش لەمانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە (٢٣):

١. ڕێگری لە خۆڕووتکردنەوەو، پابەندبوونی ڕەگەزی مێ بە پۆشاکی ئیسلامیەوە.

٢. چاوپارستن، چونکە ئەم میکانیزمە بەهێزترین بەربەستە لەبەردەم هەرچەشنە لادانێکی سێکسی.

٣. دورکەوتنەوەو خۆپارستن لە وروژێنە سێکسیەکان؛ وەک: تەوقەکردن لەگەڵ کەسانی نامەحرەم، ژوان و تەنهایی لەگەڵ کەسانی نامەحرەم، تێکەڵاوی نادروست، تەماشاکردنی فیلم و دیمەنە سێکسیەکان (وەک وێنە وگرتەی ڤیدیۆیی) خوێندنەوەی چیرۆکە سێکسیەکان و گوێگرتن لەو گۆرانیانەی کە ئافرەت وەک کاڵا بەکار دێنن.

٤. ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری.

**پایەی دووەم: زاڵبوون بەسەر فاکتەرەکانی ناکۆکییە خێزانییەکاندا:**

بێگومان تێکچوونی خێزان و لە دەستدانی (دەروندروستی خێزان) و نائۆقرەیی ونائارامی خێزانی، دەرەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونییە، گرنگترین ئەو فاکتەرانەش ئەمانەی لای خوارەوەن (٢٤):

١. پەروەردەی خێزانی نادروست.

٢. دەستتێوەردانی دەرەکی (کەسوکاری ژن ومێرد یان خەڵکانی تر).

٣. سەربەخۆنەبوونی ژن و مێرد (ماڵی هاوبەش).

٤. لێکتێنەگەشتنی ژن و مێرد لە یەکتری.

٥. قەیرانە ئابوورییەکان.

٦. هاوسەرگیری پێشوەخت.

٧. نەزۆکی.

٨. فرەژنی.

٩. ناپاکی هاوسەری.

١٠. بواری پیشەیی (کارکردنی ژن لە دەرەوە).

١١. جیاوازی تەمەن.

١٢. خراپ هەڵبژاردنی هاوسەر.

١٣. پابەندنەبوون بە بەڵێن و پەیمانەکانەوە.

١٤. سستی و لاوازی سێکسی.

١٥. تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

١٦. خۆپەرستی و دەمارگیری لە لایەن ژن ومێردەوە.

١٧. گومانی خراپ وئیرەیی بردنی لە رادەبەدەر (دڵپیسی).

١٨. میدیا.

١٩. توندوتیژی جەستەیی و دەروونی.

٢٠. خواردنەوەی مادە کحولیەکان و ئالودەبوون بە مادە هۆشبەرکان.

٢١. جیاوازی لە رووی رۆشنبیری و ئاستی خوێندەواری.

٢٢. زۆر دووبارەکردنەوەی وشەی تەڵاق و ئاسانکاری و فەتوادان.

٢٣. سەفەرکردنی پیاو و نەگەڕانەوەی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ.

**پایەی سێیەم: (سایکۆلۆژیای تەڵاق)(٢٥):**

تەڵاق لە روانگەی دەروونی وکۆمەڵایەتیەوە: بریتییە لە رووخان و هەرەسهێنانی بونیادی خێزانی، بەمەش لایەنێک لە لایەنەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری – ژن یان پیاو– ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێناکات.

(تەڵاقی عاتیفی) بریتییە لە یەکەمین هەنگاوی جیابوونەوەو فاکتەری سەرەکی تەڵاقی ئێجگاری نێوان ژن وپیاو، سیما ونیشانەکانی ئەم جۆرە تەڵاقە:

١. کەمبوونەوەی سۆزو خۆشەیستی بۆ یەکتری لە لایەن هاوسەرانەوە.

٢. بێبایەخکردن و پشتگوێخستنی یەکتری.

٣. بڵاوبوونەوەی دڵەڕاوکێ.

٤. گرژی وئاڵۆزی.

٥. توندو تیژی دەروونی وترسان لە داهاتویەکی نادیار.

٦. بێزاری و بێتاقەتی ژن و مێرد لە یەکتری.

٧. نەمانی سۆزو خۆشەویستی بۆ یەکتری.

٨. ونبوونی رێزو ئەمەکداری.

٩. سستی و لاوازی پەیوەندی خێزانی بە گشتی و پەیوەندی سێکسی بە تایبەتی.

١٠. ئاژاوەی بەردەوام و ونبوونی زمانی گفتوگۆ.

١١. جیابوونەوەی ژن و مێرد لە یەکتری لە رووی دەروونیەوە، لەم حاڵەتەدا ماڵ بە (ماڵی ئوتێلی) ناو دەبرێت.

بۆ رێگری لەجۆرەکانی تەڵاق دەبێت هاوسەران لە سایکۆلۆژیای تەڵاق تێبگەن و کار لەسەر کەمکردنەوەی فاکتەرەکانی بکەن، بەتایبەت تەڵاقی عاتیفی.

## کۆتایی

سەبارى ئەوەی نەمانتوانی وەک پێویست سەرجەم بابەتە پەیوەندیدارەکانی دەروونڕوستی خێزان بخەینەڕوو، لە کۆتایی دا ئەم چەند خاڵە بەپێویست دەزانین:

یەکەم: کردنەوەی سەنتەری ڕێنمایی خێزانی، کە ئامانجی ڕاگرتنی هاوسەنگی خێزانی و کەمکردنەوەی مەینەتیەکانی بێت.

دووەم: کارکردن بۆ ئەوەی کۆمەڵێک بەرنامەی فێرکاری سەبارەت بە دەروونڕوستی خێزان بخرێتە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

سێیەم: ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی گرفتە ڕەفتاریەکانی خێزان، کە لەوانەیە هەردوو ڕەگەز ڕووبەڕوی ببنەوە، وەک: پەنابردن بۆ مادە کهولییەکان، مادە هۆشبەرەکان، لادانی سێکسی، وە هەرجۆرە لادانێکی تر.

چوارەم: ڕێنمایکردنی ئەوانەی ڕوو لە پرۆسەی هاوسەرگیری دەکەن (لە هەردوو ڕەگەز) بۆ پابەندبوون بە بەها ئیسلامییەکان و گونجانی هاوسەرگیری و ڕۆشنبیری هاوسەرگیری و پەنا بردن بۆ دەسەڵاتی عەقڵ و لۆجیک لە کاتی دروستبوونی کێشە خێزانیەکان.

پێنجەم: هەستانی دەزگا پەیوەندیدارەکان بە کاروباری خێزان بە تەنسیق لەگەڵ پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی، بە کردنەوەی خولی پێگەیاندن و هۆشیارکردنەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی.

شەشەم: ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵە و باوەکانی تایبەت بە خێزان ، بەتایبەت ئەویندارى و پەیوەندی سێکسی و گونجانی هاوسەری و تەڵاقی سۆزداری.

حەوتەم: بەهێزکردنی بەرگری دەروونی خێزانی و ڕێگری لەو مەترسیانەی هەڕەشە لەسەر خێزان دروست دەکات، بە تایبەت (میدیا) و (تەکنۆلۆژیا).

## پەراوێزەکان:

١. یەکێک لەو بابەتە هەستیارانەی کە توێژەرانی بواری سایکۆلۆژی سەرقاڵکردووە (پەیوەندی نێوان ئایین ودەروونڕوستییە). هەرچەندە توێژبەندێک (مبحث)ێکی گرنگمان بەوناونیشانە ئامادەکردبوو، بەڵام لەبەر ڕێنماییەکانی گۆڤاری خاڵ و درێژی بابەتەکەی ئێمە، نەمانتوانی جێی بکەینەوە، ئومید دەکەین لە کاتی تردا بتوانین ئەو بابەتە وەک پێویست تاوتوێ بکەین.. لێرەشەوە ڕێنمایی خوێنەران دەکەین ئەم سەرچاوانە بخوێننەوە کە قسە لەسەر بابەتی (ئایین و دەروونڕوستی) دەکەن: إريك فروم ، الدين والتحليل النفسي، ترجمة: فؤاد كامل، مكتبة غريب – الأسكندرية، ٢٠٠٣. هەروەها : صالح بن ابراهيم الصنيع ، الصحة النفسية من منظور اسلامي بين علماء الاسلام وعلماء النفس – اطروحة دكتوراه – ط١، ١٤٢٦هـ-٢٠٠٦م. ئازاد عەلی ئیسماعیل، ئایین و دەروونساغی، وەرگێرانی: شوکریە ساڵح کەریم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی ( ٤٤) چ١، ٢٠١٧.

٢. د. حامد عبد السلام زهران، التوجيه والإرشاد النفسي،عالم الكتب –بيروت - د ت، ط٣، ص ٣٤.

٣. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی – هەولێر- چ٢- ٢٠٠٧، ل ٣٦٥.

٤. صالح إبراهيم الصنيع ، الصحة النفسية من منظور إسلامي ، الرياض- دار الفضيلة، ط١، ١٤٢٦هـ – ٢٠٠٥م ، ص١٩.

٥. المسؤلية التربوية للاسرة - رسالة ماجستير - سعدي محمد الصالح» الجامعة الاسلامية- المدينة المنورة، ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، ص ٩.

٦. مصطفى حجازى، الاسرة وصحتها النفسية، المكز الثقافى العربى- بيروت، ط١، ٢٠١٥، ص١٥.

٧. كمال ابراهيم مورسى، العلاقة الزوجية والصحة النفسية فى الاسلام وعلم النفس، دار القلم- الكويت، ١٤١٥هـ-١٩٩٥م, ص١٣-١٤.

٨. المدثر/ ٣٨.

٩. التحريم/ ٦.

١٠. صحيح مسلم ، مسلم بن الحجاج النيسابوري, دار إحياء التراث العربي – بيروت ١٤٥٩/٣.

١١. خالد بن حامد الحازمي ، أصول التربية الإسلامية، دار عالم الكتب – المدينة المنورة، ط١، ١٤٢٠ك –٢٠٠٠ز. ص٥٥.

١٢. عبدالرحمن محمد العيسوي، الارشاد والعلاج النفسي ، ل٤٨– ٥٢.

١٣. كاملة الفرخ و د. عبد الجابر تيم ، مبادئ التوجيه والارشاد النفسي، دار صفاء – عمان، ١٩٩٩م – ١٤٢٠ه، ص٣٠.

١٤. بڕوانە: عبدالرحمن العيسوى، الارشاد والعلاج النفسى، ٢٠٠٦، ص ٤٣–٤٧. الإرشاد النفسي: خطواته وكيفيته (نموذج إسلامي)عبدالعزيز بن محمد النغيمشي, مجلة جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، العدد ٤، السنة ٤، الارشاد النفسي الديني, محمود فتوح سعدات,١٤٣٦.

١٥. مستەفا فەهمی: دەروونڕوستی- چەند لێكۆڵینەوەیەك سەبارەت بەسایكۆلۆژیای گونجان، وەرگێڕانی سەلاح سەعدی، نارین – هەولێر، چ١، ٢٠١٢، ل ٣٧.

١٦. إجلال محمد سري: علم النفس العلاجي، عالم الكتب – القاهرة، ١٩٩٠. ص ٣٢.

١٧. بۆ نموونە بڕوانە: أمل بنت أحمد بن عبد الله باصويل، التوافق الزواجي وعلاقته بالإشباع المتوقع والفعلي للحاجات العاطفية المتبادلة بين الزوجين،كلية العلوم الاجتماعية- الرياض، ١٤٢٨–١٤٢٩، ص ١٤٦ و دواتر.

١٨. هالة سيد عبد العزيز محمد: التوافق الزواجي وعلاقته بدرجة العدوانية لدى الأبناء من ١٢ سنة. رسالة ماجستير، معهد الدراسات العليا للطفولة - جامعة عين شمس ١٩٩٨. رضا فاروق حافظ سيد: بعض الأفكار اللاعقلانية السائدة لدى الزواجين وعلاقتها بمستوى التوافق الزواجي بينهما. رسالة دكتوراه ، كلية الآداب - جامعة المنيا – ٢٠٠٢.

١٩. زانیاری زیاتر لە: عبدالعزيز القوصي، أسس الصحة النفسية، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ط ٤، ١٣٧١هـ - ١٩٥٢م، ص ٣٧٩. لطفي الشربيني، معجم مصطلحات الطب النفسي، ص ١٦٥. أحمد زكي بدوي: معجم مصطلحات العلوم الإجتماعية، ٣٦٥–٣٦٧. عثمان الطويل: التربية الجنسية في الإسلام للفتيات والفتيان، دار الفرقان، د ت، ص٨. عبدالله ناصح علوان, مسؤولية التربية الجنسية من وجهة نظر الإسلام، دار السلام، د ت ، ص ٥.

٢٠. أخرجه البخاري، صحيح البخاري ١/١٠٥ ١٣٢. ومسلم، صحيح مسلم ١/٢٤٧.

٢١. أخرجه البخاري، صحيح البخاري ١/٣٨ ومسلم ١/٢٥١.

٢٢. د. حامد زهران، الصحة النفسية والعلاج النفسي، ص ٤٥٢.فاروق عطية يوسف بخيت، التربية الجنسية في ضوء القرآن الكريم والسنة – رسالة ماجستير- جامعة النجاح الوطنية- نابلس، كلية الدراسات العليا، ٢٠١٠. هەروەها عبد المنعم الحفني، الموسوعة النفسية الجنسية، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط ٤، ٢٠٠٢.

٢٣. بڕوانە: التربية الاسلامية وأثرها فى الصحة النفسية، أطروحة دكتوراه – ناصح كريم عبدالله، ص٢٩٧–٣٠٤.

٢٤. زانياري زياتر لە: أسماء بدري الابراهيم: الصحة النفسية لدى النساء الأردنيات المعنفات، مجلة الجامعة الإسلامية (سلسلة الدراسات الإنسانية) المجلد الثامن عشر، العدد الثاني، يونيو ٢٠١٠. أسماء بدري الابراهيم: الصحة النفسية لدى عينة من النساء الاردنيات المطلقات. مجلة اربد للبحوث والدراسات، المجلد الحادي عشر، العدد الاول، ٢٠٠٧. أمل أحمد بن عبد الله باصويل: التوافق الزواجي وعلاقته بالإشباع المتوقع والفعلي للحاجات العاطفية المتبادلة بين الزوجين - رسالة الماجستير- جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية كلية العلوم الاجتماعية – الرياض، ١٤٢٨–١٤٢٩. إيمان عبد الوهاب: الآثار الاجتماعية للطلاق/دراسة ميدانية لظاهرة الطلاق في مدينة الموصل، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الموصل، ١٩٩٨.

٢٥. زانياري زياتر لە : مصطفى حجازي,الصحة النفسية منظور دينامي للنمو في البيت والمدرسة. د.كمال ابراهيم مرسي، العلاقة الزوجية والصحة النفسية في الاسلام وعلم النفس.د. ناصح كريم عبدالله، الصحة النفسية لدى عينة من النساء المطلقات في مدينة حلبجة( دراسة ميدانية). مجله الفنون والادب وعلوم الادب والاجتماع – دبى، ع ٢٤–– مايو- ٢٠١٧.


دەروازەیەك بۆ تێگەشتن لە
خۆسوتاندن
عەدنان ئەحمەد فەتاح
ماستەر لەکۆمەڵناسی

خۆکوشتن لەو دیاردانەیە کە زیاد لە سەد ساڵە، بابەتێکی گرنگە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی کۆمەڵناسی. کتێبی (خۆکوشتن)ی ئەمیل دۆرکهایمیش، لە سەد ساڵی رابردوودا، یەکێکە لە هەوڵە زانستییە دەگمەنەکان، بۆ راڤەکردنی دیاردەی خۆکوشتن. پێش ئەمیل دۆرکهایم، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان جەختیان لە هۆکارە دەروونیی و بایۆلۆجییەکان کردووەتەوە، بەڵام دواتر دۆرکهایم دێت و راڤەیەکی نوێ دەکات و جەخت لە هۆکاری کۆمەڵایەتیی پشت ئەم دیاردەیە دەکاتەوە، ئەڵبەتە بەبێ ئەوەی هۆکارە دەروونیی، بایۆلۆجیی و عەقڵیەکانی پشت ئەم دیاردەیە رەتبکاتەوە.

خۆکوشتن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت، هەم وەک ڕێژە و هەم وەک شێوازەکانی خۆکوشتن. ڕێژەی خۆکوشتن و شێوازەکەشی لە هەمان کۆمەڵگەدا، لە نێوان نێر و مێدا جیاوازە. ڕێژەی خۆکوشتن و تەنانەت شێوازەکانیشی، کە ئەم کەسانە پەنای بۆ دەبەن، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. هەر بۆیە لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە بەبەردەوامیی، پێویستییەکی گرنگ و زانستییە بۆ تێگەشتن لە هۆکارەکان و هۆکاری هەڵبژاردنی شێوازەکانی خۆکوشتن لەلایەن ئەم کەسانەوە.

لە ئاستی دونیادا، خۆهەڵواسین، ژەهر خواردن و خۆ دەرمانخواردکردن، لە ڕێگا هەرە دیارەکانی خۆکوشتنن. بەکارهێنانی ڕێگایەک بۆ خۆکوشتن لە کۆمەڵگایەکدا چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە، هەر وەک چۆن جیاوازیی بەکارهێنانی ڕێگاکانی خۆکوشتنیش لە نێوان نێر و مێدا، هۆکاری کۆمەڵایەتیی و کەلتوریی لە پشتەوەیە. پیاوان بە زۆری بە بەکارهێنانی چەک یان خۆهەڵواسین خۆیان دەکوژن، ژنان زیاتر بە ژەهر یان دەرمان خۆیان دەکوژن. (WHO, 2012)

بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی، ڕێژەی خۆکوشتن لە هەموو وڵاتاندا لە بەرزبوونەوەدایە. (WHO, 2012)

لە هەر وڵاتێکدا، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کێشەکانی خێزان و قەیرانی ئابووریی زیاد بکەن، ڕێژەی خۆکوشتنیش بەرزدەبێتەوە.

بە ڕای ئەمیل دۆرکهایم ئەو شێوازانەی لەلایەن ئەو کەسانەی کە خۆیان دەکوژن بەکاردەهێنرێن، مانا و هۆکارێکی هێندە بەهێزی لە پشتەوەیە، بۆ تێگەشتن لێی زەحمەتە بکەوینە هەڵەوە. کەسێتیی کەسەکە، سووربوونی لەسەر کارەکە و ئەو مانا و پەیامەش کە دەیەوێت لە ڕێگەی خۆکوشتنەکەوە بیگەیەنێت، کاریگەرییان هەیە لەسەر هەڵبژاردنی شێوازی خۆکوشتنەکە. (Akt.Volant, 2005, s.36)

لە سەردەمە کۆنەکانەوە مرۆڤ دەیان ڕێگای جیاوازی بەکارهێناوە بۆ خۆکوشتن. لای ڕۆمانەکان نەخواردن تاکو مردن و خۆفڕێدانە نێو ئاگر لە ڕێگا بەکارهێنراوەکان بووە. لەگەڵ ئەوەی لەلایەن گەنجان و ژنانەوە شێوازێکی خۆکوشتن بووە، بەڵام خۆهەڵواسین لەلایەن ڕۆمانیەکانەوە بە چاوێکی شەرم و پیسەوە سەیرکراوە، لە کاتێکدا مردنیان بە چەک بە ڕێگایەکی شەرەفمەندانە سەیرکردووە. (Jamison, 2004, s.165-167- 168)

شنایدمان بە پشتبەستن بەو کێشانەی کە ئەو کەسانە بوووەتەوە کە خۆیان دەکوژن، باس لە سێ جۆری خۆکوشتن دەکات:

یەکەمیان پەیوەستە بەو کێشانەی کە کەسەکە لە ناو خۆیدا هەیەتی. واتە ئەوەی پەیوەندی بە ناوەوەی ئەو کەسەوە هەیە. جۆری دووەم ئەوەیە کە ئەو کەسە لەگەڵ کەسێکی تردا لە کێشەدایە. سێیەم جۆریش ئەوەیە ئەو کەسە خۆی بە دابڕاو دەزانێت لە کەسانی دەوروبەری، تەنانەت لە هەموو مرۆڤایەتیی و هەست بە تەنهایی دەکات. (Lester, 1971, s.42).

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ساڵانی ١٩٧٠

ئەنجامدراوە، لەگەڵ ئەوەی ژنان و پیاوانیش دەرمان و زەهرخواردن بە رێگایەکی پەسەندکراو ئەزانن، بەڵام پیاوان چەک وەک شێوازێکی پیاوانە، کاریگەر و ئاسان دەبینن. ژنانیش دەرمان و زەهرخواردن بە شێوازێک دەبینن کە بەدەستهێنان و بەکارهێنانیشیان ئاسانە. (Jmison, 2004, s.174).

ساڵانە زیاتر لە ٨٠٠ هەزار کەس لە جیهاندا خۆیان دەکوژن. بێگومان ژمارەی ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن زۆر زیاترە لەم ژمارەیە. لە ساڵی ٢٠١٢، ٨٠٤ هەزار کەس لە جیهاندا خۆیان کوشتووە. لە هەمان ساڵدا، هۆکاری یەکەمی مردنی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٣٠ ساڵییدان، خۆکوشتن بووە.

عێراق ئەو وڵاتەیە کە رێژەی خۆکوشتنی ژنان لە پیاوان زیاترە. ٢.١ بۆ ژنان و ١.٢ بۆ پیاوان. بە شێوەیەکی گشتیی لە وڵاتانی عەرەبیی و ئیسلامیی، جیاوازی زۆر لە نێوان رێژەی خۆکوشتنی ژنان و پیاواندا نابینرێت.

لەم پێنج وڵاتەشتدا رێژەی خۆکوشتنی ژنان لە هی پیاوان زیاترە. (بەنگلادیش، پاکستان، ئەندەنوزیا، چین و عێراق). (World Health Organization WHO, 2012).

**خۆسوتاندن**

لە هەر کۆمەڵگا و سەردەمێکدا چەندین شێوازی خۆکوشتن هەیە. هەندێک شێوازی خۆکوشتن تەنها لە قۆناغێکی مێژووییدایە و دواتر نامێنێت.

جۆرەکانی خۆکوشتن پەیوەندی بە هەڵبژاردن و جیاوازی تاکەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. (Durkheim, 2004, 35).

واتە ئەوە کۆمەڵگا و کەلتورە بڕیار دەدات چی شێوازێکی خۆکوشتن لە کۆمەڵگایەکدا هەبێت و بڵاو ببێتەوە. خۆسوتاندن یەکێکە لە جۆرەکانی خۆکوشتن و لە چەند کۆمەڵگایەکدا هەیە.

خۆسوتاندن رێگایەکە دەگیرێتە بەر بۆ خۆکوشتن، بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆسوتاندن بۆ خۆکوشتن نییە، بۆیە نابێت خۆسوتاندن وەک هاوماناکایەک بۆ خۆکوشتن بەکاربهێنرێت.

خۆسوتاندن شێوازێکی تازەی خۆکوشتن نییە و هەر لە کۆنەوە هەبووە. ئەمیل دۆکهایم بەر لە سەد ساڵ لە کتێبی خۆکوشتندا ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: مرۆڤ وەک چۆن بە پارچەیەک ئاسن یان ئاگر خۆی دەکوژێت (خۆی دەسوتێنێت)، ئاواش دەکرێت بە رەتکردنەوەی خواردن کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت. (Durkheim, 2014, s.23)

ئەم جۆرەی خۆکوشتن لە سودان، یەمەن، ئەردەن، کوەیت، میسر، عەرەبستانی سعودی، تونس، ئێران، کۆریای باشور و تورکیا هەیە.

لە هیندستان جۆرێکی خۆکوشتنی ژنان پییدەوترێت ساتی، کە بە مانای ژنی راستگۆ دێت. ژنی مێرد مردوو، خۆی فڕێدەداتە ناو ئەو ئاگرەی لە رێورەسمی جەنازەی مێردەکەیدا کراوەتەوە.

**عێراق**

عێراق لە پلەی ١٤ دایە لە نێوان وڵاتانی عەرەبی بۆ خۆکوشتن. لە عێراقدا لە هەر ١٠٠ هەزار کەسێک ١.٧ کەس خۆیان دەکوژن. (WHO, 2014)

لە عێراقدا لە ١٩٣٤ بۆ ١٩٧٥ خۆسوتاندن دوای خۆکوشتن بە چەک و دەرمان، سێیەم جۆری خۆکوشتن بووە.

لە هەرێمی کوردستان، پێش ١٩٩٠ بە هۆی نەبوون یان بەردەستنەبوونی ئامارەوە، نازانرێت رێژەی خۆسوتاندن چەند بووە، لە چی ناوچەیەک و لە چی وەرزێکدا زۆرتر بووە و هۆکارەکانیشی چی بوون. بەپێی زانیاریی و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، لە کۆتایی (١٩٦٠) ەکان، لە گوندێکی نێوان عێراق و ئێران و نزیک بە شارۆچکەی دەربەندیخان، ئافرەتێک کە لەلایەن یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگەوە دەستدرێژی

**له هیندستان جۆرێکی خۆکوشتنی ژنان پێیدەوترێت ساتی، کە بە مانای ژنی راستگۆ دێت. ژنی مێرد مردوو، خۆی فڕێدەداتە ناو ئەو ئاگرەی لە رێورەسمی جەنازەی مێردەکەیدا کراوەتەوە.**

سێکسیی دەکرێتە سەر، ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و گیان لەدەست دەدات.

ئەمە کۆنترین رووداوی خۆسوتاندنە ئێمە پێیگەشتووین. لێکۆڵینەوەکانی تر کە لەم بوارەدا دەکرێن، دەبێت ریشە و مێژووی ئەم دیاردەیە بدۆزنەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

رێژەی خۆسوتاندن لە هەرێمی کوردستان، لە دوای ١٩٩٠ بەبەردەوامیی رووی لە زیادبوون بووە. لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٩١، ٣٩ ئافرەت خۆیان سوتاندووە، لە ساڵی ١٩٩٥ دەگاتە ١٣٥ ئافرەت و لە ساڵی ٢٠٠٠ دەگاتە ٢٠٢ ئافرەت و لە ساڵی ٢٠٠٥، ٣٠٠ ئافرەت خۆیان سوتاندووە. Alamir, 2009, s.27

پرسیاری ئەوەی بۆچی ژنان خۆیان دەسوتێنن، جیاوازە لەو پرسیارەی بۆچی ژنان رێگای خۆسوتاندن بەکاردەهێنن. لێرەدا و بۆ ئێستا تەنها لە هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەمداین. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش تەنها تیشکخستنە لایەنە تیۆرییەکەی ئەم بابەتە بەس نییە و دەبێت راستەوخۆ ئەم وەڵامە لەو کەسانەوە وەربگرین کە خۆیان سوتاندووە. ئێمە ناتوانین گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکدا بکەین کە خۆی کوشتووە و ئەمەش یەکێکە لەو گرفتە گەورانەی روبەرووی هەر توێژەرێکی ئەم بوارە دەبێتەوە و رێگرە لەوەی بگات بە وەڵامێکی زانستیی.

ئەو ژنانەی خۆیان دەسوتێنن، بۆ ئامانجی جیاواز خۆیان دەسوتێنن. واتە هەموو ئەم ژنانە بۆ مردن خۆیان ناسوتێنن. هەندێکیان بۆ مردن و بەمەبەستی خۆکوشتن خۆیان دەسوتێنن، هەرچەندە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەدا دەکرێت رایان و پەشیمان ببنەوە. بەم جۆرەش ناکرێت پرۆسەکە ناوبنرێت هەوڵی خۆکوشتن. هەندێکی تر لەم ژنانە تەنها بۆ ترساندنی خێزانەکانیان و رزگاربوونە لەو فشارانەی کە خێزانەکانیان کردوویانەتە سەریان. هەندێکی تریان بۆ گەشتنە بە ئامنجێک کە نەیتوانیوە بە رێگای تر و فشاری تر بگات بەو ئامانجەی و دەست بۆ ئەم رێگا قورس و ترسناکە دەبات. هەندێک لە ژنانی تریش بۆ ئەوەی ژیانیان نەکەوێتە مەترسییەوە یان توشی کوشتن نەیەن یان بۆ پاراستنی ژیانی کەسێک، هەوڵی سوتاندنی بەشێک لە جەستەیان دەدەن.

لەگەڵ ئەوەی ئامانجی هەندێک لەم ژنانە مردن نییە و تەنها دەیانەوێت بەشێک لە جەستەیان بسوتێت و وەک فشارێک بەکاریدەهێنن، بەڵام هەندێک جار ئاگرەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و دەکرێت مردنی کەسەکەی لێبکەوێتەوە. واتە کەسێک خۆکوژیی دەکات بەبێ ئەوەی مەبەستی خۆکوشتن بێت. وەک چۆن هەندێک جار ئەم کەسە ئامانجی خۆکوشتنە لە خۆسوتاندنەکە و بەڵام لە کاتی ئەنجامدانیدا پەشیمان دەبێتەوە. بۆیە تاکو لێکۆڵینەوەیەکی ورد نەکرێت، ناکرێت بە تەواوی بزانین ئامانجی ئەوەی مردووە و ئەوەشی نەمردووە چی بووە.

لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوە دەربارەی خۆسوتاندن زۆر قورس و ماندووکەرە، بەڵام ئەوەی کە هەندێک لەو ژنانەی کە بە جددی و بەمەستی مردن خۆیان سوتاندووە، لە ژیاندا دەمێنن، دەتوانین نزیک ببینەوە لە هۆکاری سەرەکی پشت کردارەکە.

ئەڵبەتە ئەگەر ئەم کەسە زانیارییەکان، بەتایبەت زانیارییە گرنگەکان لە توێژەر نەشارێتەوە.

گەورەترین گرفتێک ڕوبەڕووی هەر توێژەرێکی ئەم بوارە دەبێتەوە لە کوردستاندا، ئەوەیە کە ئەم ژنانە زۆربەیان ئامادە نین قسە بکەن. کاتێکی زۆرت ئەوێت بۆ ئەوەی هەندێک لەم ژنانە ڕازی بکەیت تاکو دەربارەی هۆکاری خۆسوتاندنەکەی قسەت بۆ بکات. بڕێکی زۆریان ڕەتی دەکەنەوە کە خۆیان سوتاندبێت و ڕایدەگەیەنن کە ئەوان بە هۆکارێک سوتاون نەک خۆیان سوتاندبێت. ئەوانەشی ئامادەی قسەکردنن، مەرج نییە هەموو شتێک ڕوونبکەنەوە.

دەکرێت بە شێوەیەکی گشتیی باس لە هۆکارەکانی خۆسوتاندنی ژنان لە کوردستان بکەین، بەڵام هێندەی ژمارەی هەر ژنێک کە خۆی دەسوتێنێت، هۆکاریش هەیە کە ناکرێت هەموویان لە هۆکارە گشتییەکاندا بدۆزینەوە.

بە گشتیی ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لە هۆکارەکانی خۆسوتاندن لە کوردستاندا:

١. کەمیی ئازادیی بۆ ژنان، ئازادییەک کە خۆیان بە کەمتر لە پیاوان نەبینن. ئەم کەمیی ئازادییە لە ژنێکەوە بۆ ژنێکی تر دەگۆڕێت، بە پێی خێزان و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی.

٢. بەزۆر بەشودان، لەگەڵ ئەوەی ئازادیی کچان لە کاتیی هاوسەرگیرییدا بەبەراورد بە ساڵانی پێشوو تا ڕادەیەکی زۆر زیادی کردووە، بەڵام هێشتا لە هەندێک خێزاندا ماوە و یەکێکە لە هۆکارەکانی خۆسوتاندنی ژنان لە کوردستاندا. تەنها بە زۆر بە شودان نا، هەندێک جار ڕێگرتن لەوەی کچێک هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێک بکات کە خۆی دەیەوێت، هۆکارە بۆ خۆسوتاندن.

٣. وکایتییکردن بە ژن، لەلایەن هاوسەرەکەی یان کەسێکی نێو خێزانەکەیەوە، لەبەردەم خەڵک، منداڵ و ئەندامەکانی خێزانەکەیدا. ئەم سوکایەتییکردنە وەها لە ژنەکە دەکات، هەست بە کەمیی بکات و بەرەو نائومێدیی دەبات.

٤. نەخۆشی دەروونیی، هەندێک لەم ژنانە بە ڕێژەی جیاواز لە ژێر فشاری دەروونییدان و هەندێکیشیان ئەوەیان دوپات کردووەتەوە کە هۆکاریی سەرەکی خۆسوتاندنەکەیان، ئەو بارە دەروونییە سەختە بووە، کە تێیدا بوون. بەشێکی زۆری توێژینەوەکانی ئەم بوارەش، باری دەروونیی قورس و نەخۆشییە دەروونییەکان، بە هۆکارێک دادەنێن لە پشت خۆکوشتنەوە.

٥. بێکاریی، ئەگەر بۆ پیاوان بێکاریی بارێکی قورس بێت، بۆ هەندێک ژن کە ناچارن کار بکەن بۆ ئەوەی پێی بژین و کاریان دەستناکەوێت، بارودۆخەکە زۆر قورستر دەبێت. بە پێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش، بێکاریی یەکێک بووە لە هۆکارەکانی خۆسوتاندنی ژنان.

٦. توندوتیژی جەستەیی، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی خۆسوتاندن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەم جۆرەیە لە توندوتیژی دژی ئافرەتان.

## سەرچاوەکان:


١. وعد ابراهيم خليل الامير. ظاهرة انتحار النساء حرقا دراسة مُدانٌة فً مدٌنة السلٌمانٌة. بغداد، اربيل، بيروت. الدراسات عراقى .٢٠٠٩.

2. Durkheim, Emile. (2014). İntihar. Çev. Özer Ozankaya. 3.Basım. İstanbul: Cem Yayınevi.

3. Jamison, Kay Redfield. (2004). Erken Çöken Karanlık. İstanbul: Ayrıntı Yayınları.

4. Lester Gene, Lester David. (1971). Suicide (The Gamble With Death). New Jersey: Prentice-Hall, İNC. Englewood Cliffs.

5. Volant, Eric. (2005). İntiharlar Sözlüğü. Çev. Turhan Ilgaz. İstanbul: Sel Yayıncılık.

6. WHO. 2012.

7. 2014

# تەڵاق و فیراق





ئازاد جەلال . توێژەری کۆمەڵایەتی

## چارەسەرێکی تاڵ

تەڵاق، واتە نەگونجانی نێوان دوو کەس کە پێشتر بڕیاریاندا پێکەوە لە ژێر چەترێکدا بەئارامی بژین. تەڵاق وەک گرێبەستی هاوسەرگیریی، بۆنەیەکی ناچارییە، بڕیاردانە بۆ گۆڕینی ژیانی تاکێک لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر. لە زۆر دۆخدا، وەک چۆن پێمانخۆشە دوو کەس پێکەوە گرێبەستی هاوسەری دەکەن و شیرینی دەخۆنەوە، ئاوا دەبێت پێمان باش بێت کە جیادەبنەوە، بەڵام پێویستیان بە ڕاهێنانەوەو ڕێنمایی هەیە.

قورسکردنی تەڵاق لە هەندێک ئاییندا بە واتای لەناوبردنی بیرکردنەوەی تاکو نائومێدی دێ، ئەمەیش هاندان نیdە بۆ ئەوەی کە دووکەس کێشە لەنێوانیان هەبوو خێرا بڕیاری جیابوونەوە بدەن. لە ڕاستیدا کێشەکە خودی خۆیان نین، ڕەنگە لەوەوە سەرچاوە بگرێ کە شێوازی بنەمای هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەری لەسەر بەندە، ئەگەر بنەمای دروستکردنی ژیانی هاوسەری تەندروست بوو، ئەو دووکەسە کە گرێبەستەکە دەکەن هاوسەنگی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئایینی جیاوازی تەمەن و جوانیو ئاستی ڕۆشنبیرییان بە پێوانە کۆمەڵایەتییەکان لێکەوە نزیکبوو، یان لانی کەم چەند هاوسەنگییەک لە نێوانیان هەبوو، لەکاتی بوونی کێشەدا بەئاسانی دەتوانرێ قۆناغەکە تێپەڕێنن.

لە نێو کۆمەڵی کوردی ئەگەر دووکەس پێکەوە نەگونجان، دۆخێکی نەفسی نەخوازراویان بەسەردا دەسەپێنن، بە ژنەکە دەڵێن ئەگەر چاکبوایە تەڵاق نەئەدرای پیاوەکەیش سیمایەکی تر وەردەگرێ کە جیاوازە لەوەی پێشتر هەیبووە لە لایەن دەوروبەرەوە.

تەڵاق چارەسەرێکی تاڵی دەروونیە بۆ ژن و پیاو بۆ سەر لەنوێ گەڕانەوەی هیوا بۆ ژیان. جیابوونەوە خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە.

## تەڵاق و تەفریق

لە دادگا ئەم دوو زاراوەیە زۆر بەکادێ.

تەڵاق وەک لە پێناسە یاساناساندا هاتووە: بریتییە لە جیابوونەوە و ڕزگاربوون لە کۆتێک، یان بڕیارێکی ئاڵۆزەو خۆتی لێ ڕزگار دەکەی.

لە یاسا، یان شەرعدا بەکاردێ بۆ ئەو حاڵەتەی کە کە ژنو مێرد لێکجیادەبنەوە. دوای ئەوەی بە گرێبەستێک بوونەتە ژنو مێرد.

تەفریقیش: بریتیە لەوەی کە ژن و مێرد کێشەی زۆریان هەیە و ڕوو لە دادگا دەکەنو بە زۆریش داوای جیابوونەوە دەکەن، دادگایش خۆی بڕیار لەو بارەیەوە دەدات.

لە زمانی عەرەبیدا تەڵاق بە واتای لابردنی کۆسپێک لە نێوان دوو شتدا....

### ئایە چارەسەرە؟!!!

بێگومان، ڕەنگە تەڵاق هەندێکجار چارەسەر بێت، بەتایبەت لەمجۆرە کۆمەڵگایەنەدا. چ ژن و چ پیاو لە ژیانی زۆرەملێیدا ڕووبەڕووی دۆخێکی دەروونی ئاڵۆز دەبنەوە، ڕەنگە ئەگەر هاوکاری کەسی جیابووەوە بکرێ سەرلەنوێ لە ماوەیەکی کەمدا ئەو دۆخە تێپەڕێنن و ژیان لەگەڵ کەسێکی تر دروستبکەنەوە و بەرەو لێواری ئارامی هەنگاو بنێن. لەنێو خێزانی کوردی ئەگەر ژنێک چەند شوویەک بکات، دەیکەنە نێو چوارچێوەی نوکتەوە و بەنەنگی سەیری دەکەن، لە کاتێکدا لە زۆربەی کۆمەڵگەکان ئاساییە. تەنانەت لە نێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا زۆر لە ژنان شەش تا حەوت شوو دەکەن.

### ڕووخان ئاسایی نیە....

بە بڕوای شارەزایانی کۆمەڵناسی، ئاساییە ئەگەر کوڕێک بۆ جاری دووەمیش سەرکەوتوو نەبووە، سێیەمجاریش ژنی هێناوەتەوە هەر سەرکەوتوو نەبووە لە پرۆسەکەدا، با جارێکی تر خێزان دروستکاتەوە، بە پێچەوانەیشەوە بۆ ژنیش هەر ڕاستە ئەوەی ئاسایی نییە ڕووخانە، ڕووخان ئەوەیە کە ژن، یان پیاو دوای جیابوونەوە

بیر لە دروستکردنەوەی ژیان لەگەڵ کەسێکی تر نەکاتەوەو بە درێژایی ژیانی داهاتووی لەناو بیرەوریدا بژی.

**خەتای ئێوە نییە**

گلەییەکە ئاراستەی کۆمەڵگەیە کە بنەماکانی هاوسەرگیریی تیایدا گونجاو نییە. دوو کەسەکە نەیانتوانیوە لەیەکبگەن قۆناغی دەستگیرانداریيان بە باشی تەی بکەن.

**رێژەکەیش ئەوەندە مەترسیدار نییە...**

لە موعمەر قەزافیان پرسی هۆکاری تەڵاق چییە؟ لە وەڵامدا وتی: هۆکاری تەڵاق «زەواجە»، ئەگەر هاوسەرگیریی نەبێت تەڵاقیش نییە، لە کوردستان ئەو رێژەیەی بە فەرمی خراوەتە روو بە بەراورد لەگەڵ رێژەی زۆری هاوسەرگیریدا هیچ مەترسیەکی نییە. ئەگەر ٥٠ ساڵ پێش ئێستا لە نێو خێزانی کورددا تەڵاق نەبووە، واتای ئەوە نەبووە، کە باوباپیری ئێمە بە ئاسوودەیی ژیاون و کێشەیان نەبووە.

واتای ئەوە بووە نە ژن و نە پیاو رایان نەبووە، زۆرجار پیاویش وەک ژن قوربانی ئەو کولتورە باوە بووە کە لە نێو کۆمەڵگەی کورددا هەبووە، دەیانو سەدان منداڵ هەیە قوربانی هاوسەرگریی ژن بەژنو بە زۆر دایکی لە باوکی جیاکردۆتەوە.

خستنە رووی ئاماری جیابوونەوە بۆ ئەوە نییە کە میدیاکان بیکەنە هەراو کۆمەڵی کوردی پێ برمێنین. هێشتا ژمارەی جیابووەوکان نەگەیشتۆتە حاڵەتێکی مەترسیدار، تەنانەت هەندێکجار لە هەندێک شوێنەوە ئامار دەخرێتە روو دوورە لە راستیەوە، لە خستنەرووی ئامادردا رۆژنامەنووس جیاوازی لە نێوان تەفریق و تەڵاق ناکات، هەموو ژمارەکان بەجیابوونەوە دەخاتە روو لە کاتێکدا دادگا بەشێکی زۆری کێشەکان کە رەوانەی توێژەری کۆمەڵایەتی دەکات چارەسەر دەکات.

بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٦ بڕیاری یەکلاکەرەوە تەنیا بۆ ٥٣٢ سکاڵا دەرچووە، بەڵام رۆژنامەنووس تۆمارکردنی سکاڵا بە جیابوونەوە دادەنێ، بە پێی پێوەرە کۆمەڵناسییەکان لە هەزار گرێبەستی هاوسەرگیریی ئەگەر سەد دانەیش پێکەوە نەگونجان مەترسیەکی ئەو تۆ بۆ خێزانو کۆمەڵ دروست ناکات.

**دەرهاویشتەکانی...**

قوربانیی یەکەمی جیابوونەوە لەنێو خێزاندا بریتییە لە منداڵ، منداڵ گەورەترین زیانی بڕیاردانی جیابوونەوەکانی نێوان ژنو مێردن.

هەروەها تەڵاق کاریگەری لەسەر باری ئابووری وڵاتیش هەیە، چونکە ئەو کەسانەی کە دووچاری جیابوونەوە بوون ناتوانن ئیشەکانیان بە باشی جێبەجێبکەنو بەرهەم وەک پێویست نابێت.

کاریگەری لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی ژن بۆ پیاو و پیاویش بۆ ژن هەیە، کاتێک پرسیار لە ژن دەکرێت بۆچی شوو ناکەیتەوە؟ ئەڵێ پیاو هەموویان یەک توخمن، بەهەمان شێوە پیاویش لە دیدگای ژنی یەکەمەوە سەیری ژن دەکات، لەوانەیە وا نەبێت، زۆر نموونە هەیە کە ژنو پیاو پێکەوە نەگونجاون و جیابوونەتەوە و ئێستا لەگەڵ کەسێکی تر دەژین ئاسوودەن.

**زیانی دەروونی بۆ منداڵ زۆرە...**

کێشەکە ئەوەیە لەنێو زۆربەی خێزاندا کە بڕیاری جیابوونەوە دەدەن، بڕیارەکە بە شەڕ کۆتایی دێو هەندێکجار دوو خێزان، یان دوو بنەماڵە بەو هۆیەوە قسەیان لەگەڵ یەک دادەبڕن.

ئەگەر دوو کەسەکە بە قەناعەتەوە بڕیاری جیابوونەوە بدەن، منداڵیش لە نێوانیان هەبێت، بە پێی تەمەنی منداڵەکە دەتوانرێ هۆکاری پێکەوە نەگونجانەکەیان بۆ روونبکرێتەوە، تا لە مەسەلەکە تێئەگات، بەمشێوەیە جیابوونەوە کەمترین زیان لەسەر باری دەروونی منداڵ دروست دەکات.

# ڕەنگە تەڵاق هەندێکجار چارەسەر بێت، بەتایبەت لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا. چ ژن و چ پیاو لە ژیانی زۆرەملێییدا ڕووبەڕووی دۆخێکی دەروونی ئاڵۆز دەبنەوە

## شەڕی یەکتری بەمنداڵەکانیان دەکەن

ژن و پیاو هەوڵ دەدەن بەرائەتی خۆیان بۆ منداڵەکە دەربڕن، هەر یەکەیان هۆکاری پێکەوە نەگونجانیان بخەنە ئەستۆی ئەوی تریان، لایەنگری ئەم منداڵ بۆ دایک، یان باوک کێشەیەک دروست دەکات زیانی دەروونی بەدواوەیە، هەر ئەوەندە بەسە بە منداڵەکە بوترێ ئێمە نەمانتوانیووە پێکەوە بگونجێن و لێکجیابووینەتەوە، باشترە منداڵەکە سەرپشک بێت لە بینینی دایک، یان باوکی، یان خزمەکانی... ئاگاداربن بنەمای دروستبوونی کەسێتی لە قۆناغی منداڵیدا بەرجەستە ئەبێت. ئەو منداڵ ئەگەر بە شێوازی زانستی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و بابەتەکەی لێ نەشاردرێتەوە و دوای جیابوونەوە لە بینینی هەردووکیان بێبەش نەبێت، باوک و دایکی لەکاتی بینینی یەکتری ڕێزیان لەیەکگرت، لەم کاتەدا کەمترین زیان بەر منداڵ دەکەوێ. حاڵەتی لەم چەشنە لە کوردستان هەیە، کە ژن و مێرد بەخۆشی لە یەکجیابوونەوە، بەڵام زۆر کەمن، هەردوولا لەسەر بنەمای ڕێز لە یەکتر جیابوونەتەوەو دواتریش پێکەوە منداڵەکەیان دەبەنە باخێک، یان چێشتخانەیەک. بەڵام کاتێک دایکەکە شوویکردۆتەوە، مێردی دووەم ڕێگری کردووەو ئەمیش وەک ئەوانی تری لێهاتۆتەوە.

هۆکارەکانی تەڵاق هێندەی پەیوەندەی بە پەروەردەی خێزانی و کولتوری هەردوو تاکەکەوە هەیە، نیو هێند پەیوەندی بە خودی کێشەکەوە نییە.

## هەڵەتێگەیشتن هەیە...

خستنە ڕووی هۆکارەکانی جیابوونەوە ئاسان نییە، پەیوەندی بەناواخنی کەسێتی هەردووکیانەوە هەیە، لە ڕاستیدا هیچیان خراپ نین، ژنو مێرد خۆیان ڕەفتارەکانیان هەڵنەبژاردووە، بیرکردنەوەو ئەو چوارچێوە کولتوورییەی بۆیان دروستبووە کە تیایدا ژیاون قاوغی بۆ کێشاون، ئەوان دوو مرۆڤن لە بنەڕەتەوە پاکن، ڕەنگە ژینگە و دەوروبەر ئۆباڵەکەیان لە ئەستۆدا بێت، چونکە بڕیارەکە کۆمەڵ بۆیان دروست دەکات، نەک خۆیان مەسەلەی ژنو مێردایەتی زیاتر پەیوەندییەکی ڕۆحییە، ئەگەر هەر لە شەوی یەکەمەوە بێ متمانەیی لەنێوان ئەو دووانە دروست ببێت، پیاو لە شەوی یەکەمەوە وەک شەڕ پێشوازی لەو دەروازە خێزانییە دەکاتەوە، هەر لەو کاتەوە پیاو گومان لە پاکی و ناپاکی ژنەکەی دەکات، ئەمە پەیوەندییە ڕۆحییەکەی نێوان ژنو مێرد دەکوژێت، ژن لێرەوە هەست بەو جەنگە دەروونییە دەکات کە پیاوەکە لە هەمبەری دەیکات، نە ژن و نەپیاو لەوە نەگەیشتوون.

ئەو خەیاڵەی هەردوکیان کێشاویانە مەرج نییە وابێت، ڕانەهێنراون بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان، کاتێک ڕووبەڕییان دەبێتەوە هەردووکیان فیش دەخۆنەوە، تا ئەو کاتەی کێشەکانی نێوانیان کەڵەکە دەبێت، شەڕێک دێتە ئاراوە و هەمووی بە یەکەوە و بەسەر یەکدا هەڵدەڕێژن.

ئەگەر ژنو پیاوەکە ئەو پەیوەندییە سۆزداریو

رۆحییە بپارێزن، ئەوا دەستێوەردانی دەرەکی هیچ هۆکار نییە، لەکاتێکا ئەگەر نەیانتوانی ئەو پەیوەندییانە ڕاگرن دەستێوەردانی دەرەکی ژیانیان تاڵ دەکات... بێ ماناترین پاساو بۆ جیابوونەوە لە نێو خێزاندا ئەوەیەکە بڵێیت مێردەکەم ڕەزیلە، یان دڵپیسە و پیاویش بە ژن بڵێ: دەمەوەرە...

ئەمە هیچ واتایەکی نییە، تەنیا خۆدزینەوەیە لە ڕاستیەکانو گوزارشتە لە ناهۆشیاری خێزانییان. تاڵییەکی ناخۆش لە پێناوی خۆشکردنی ژیانێکی تردا باشترە لەمانەوە لەنێو تاڵاییەکی هەمیشەییدا...

## تەمەنو تەڵاق

تەڵاق بەپێی دۆخە کۆمەڵایەتییەکە کاریگەرییەکانی دەردەکەوێ، ئەو کاریگەرییەی لەسەر ژنیش هەیەتی بەهەمان شێوە لەسەر پیاویش هەیەتی، بەڵام پیاو توانای بەهێزترو باشترە و کاریگەریو ڕەنگدانەوەی کەمتر لەسەر دادەنێت..

تەمەنی جیابوونەوە کاریگەری هەیە، ئەگەر ژنو پیاوەکە تەمەنیان لەنێوان ٢٠ بۆ ٣٠ساڵیدابێت، چانسیان دووبارە بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی هاوسەری ئاسانترە وەک لە تەمەنەکانی سەروو ٣٥ ساڵ، بۆیە زۆربەی جیابووەوەکان لە کوردستان لەو تەمەنەدان. جیابوونەوە لە قۆناغی دەستگیرانداری هیچ کێشەی نییە، بە ڕای شارەزایان نابێت ئەمجۆرە جیابوونەوەیە بخرێتە نێو ئاماری دادگاکانەوە، چونکە ڕێژەی لە٥٪ ی ئامارەکان لە دادگاکان کە دەخرێتە ڕوو ئەو جیابونەوانەن.

جیابوونەوە لەتەمەنی (٣٠-٤٠) ساڵی، دەرهاویشتە کۆمەڵایەتیو دەروونییەکانی زۆرترە، بەتایبەت ئەگەر سێ بۆ چوار منداڵ لە نێوان ژنو مێرد هەبێتو تەمەنی منداڵەکان لە خوار هەژدەساڵەوە بن، ئەگەر دووکەس ڕێکەوتن لەسەر گەورەکردنی منداڵێک، بڕیاری جیابوونەوەکە دوابخەن، ئەمە ئاماژەی ڕۆشنبیری ئەو دوو تاکەیە.

## وەک ماسی وان

لە مەسەلەی جیابوونەوەدا بنەمای کەسێتی تاک گرنگە، زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵی کوردی توانای خۆگونجانیان لەگەڵ ژینگەیەکی تری دەرەوەی چوارچێوە کولتوورییەکەی قورسە، زۆربەی ژن دەیەوێ بەلای کەس وکاری دایشکێنێتەوەو پەروەردەی ئەوان وەربگرێت، پیاویش بەهەمان شێوە، لە کاتێکدا مەرج نییە پەروەردەکان تەندروست بن، ئەم لایەنگرییە تەنیا جۆرێکە لە سەرکێشیو نەبوونی توانای خۆگونجان لەگەڵ ژینگەیەکی تر، هەندێک لە خێزانەکان وەک ماسی، یان وەک بۆق دەژین، هەر لە ئاوەکەی خۆت دەرت هێنا ناتوانێت بژیو توانای بەرگری نییە.

چێژی هاوسەرگیری لە گۆڕانکارییەکەدایە، هەتا خێزانیش ئەگەر ئەم گۆڕانکارییەی تیا نەبێت، ئەوا خێزانێکی کۆپیو تەقلیدی بەرهەم دەهێنێ، هەر بۆیە هاوسەرگیریی خزمی نزیک لە ئایینی مەسیحییدا نابێتو لە ئایینی ئیسلامیشدا باش نییە. خزم هەموو نهێنەکانی یەکتریان لەبەردەستیدایە، ڕاستە ئیسقانی ناشکێنێت، بەڵام دەیتوێنێتەوە، هاوسەرگیریەکە نوێگەری تیا نییە، هەمان خێزان بە فۆرمێکی تر بەرهەم دێتەوەو جیابوونەوەیش تیایدا بقەیە.

ڕەفتارە دەروونیەکان بەشێکن لەبیرکردنەوە، بەڵام ژیانی کۆمەڵایەتی بە پێی باروودۆخەکان دەگۆڕێت، زۆربەی ئەو ژنانەی کە کراوەن و لە خێزانێکی کراوەدان ناتوانن لەگەڵ ژینگەیەکی میللیدا تەبا بن، چونکە کرانەوە بەشێکە لەبیرکردنەوەی ژن، بەڵام کولتووری پیاوەکە ڕێگەی نادات...

## بەرگرتن لە تەڵاق

مالیزیا لە ماوەی دە ساڵدا ڕێژەی جیابوونەوە لە ٣٧٪ وە هێنایە خوارەوە بۆ ١٠٪ لە ڕێگەی هەندێک ڕێکارەوە کاتێک زانی جیابووونەوە زیان

# لە کوردستان ئەو ڕێژەیەی بە فەرمی خراوەتە ڕوو بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی زۆری هاوسەرگیریدا هیچ مەترسیەکی نییە.

بە ئابووری وڵات دەگەیەنێت.

حکومەت هات بارودۆخی ژیانی هاوڵاتیانی گۆڕی و بژێوی ژیانی بەرزکردەوەو بۆ ئەو کوڕانەی کە ژن دێنن، کردی بە مەرج کە دەبێت ٦ مانگ خول ببینن، مۆڵەتی دا بەو گەنجانە بە مووچەی تەواوی ئەو دامەزراوەیەی تیایەتی، ئەمەیش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خێزانی ئەو تاکە و چۆنیەتی ماڵەکردن لەگەڵ ژن و منداڵ و خێزان.

کەمکردنەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختو دوورکەوتنەوە لە مەسەلەی خاتر و خۆتر بۆ هاوسەرگیریی، ئەگەر یاسایەک هەبێت بۆ قەدەغەکردنی جیاوازی تەمەنی نێوان ژنو پیاو بە ٢٠ ساڵ کەمتر نەبێت ئەمەیش گونجاوە.

بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری خێزانی لە ڕێگەی میدیاو کۆڕو سیمنارەکانەوە، وەرگرتنی ڕای ژن خۆی بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکانی و گێڕانەوەی وەک ئەزموونی تازە هاوسەردارەکان. باشتر وایە بۆ ماوەیەک ئەم دوو هاوسەرە لە نزیک ماڵی باوکیان بن وەک چاودێرییەک..

ژنان هەوڵی دەسترەنگینی بدەن بۆ دروستکردنی خۆراکی تەندروست و گرنگیدان بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پیاو، کاتێک ژن دەگوێزرێتەوە وەک وڵاتانی تر. پێویستە دایکان لە شەوی بوکێنیدا ئامۆژگاریو ڕێنماییان هەبێت، نەک بگرین.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە**

کۆمەڵناسی خێزان/ د.سابیر بۆکانی.
- ڕۆژنامەی هاوڵاتی
- پاشکۆی ماڵ/ ڕۆژنامەی کۆمەڵ
- پەیجی گەشەپێدانی مرۆیی

# گرنگی و پێگەی
# خێزان
# لەپەروەردەکردنی تاکی تەندروستدا



**لەتیف حسێن - توێژەری کۆمەڵایەتی**

هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی. توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەنووس. سەرۆکی ڕێکخراوی تاکۆ بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان

**دەستپێک:**

گومانی تێدا نییە لەهەر سەردەم و قۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بێت، قسەکردن و وروژاندنی ئەرک و رۆڵ یان پێگەو گرنگی خێزان و کاریگەری پرەنسیپ و بەرنامەو مێتۆدەکانی پەروەردەکردنی، کاریگەری لەسەر رەوشت و کردارو گوفتاری ئەندامەکانی(تاکەکانی) دادەنێت و ئەمەش وا دەکات بۆ هەموو سەردەم و قۆناغەکان بایەخی خێزان لە پەروەردەکردنی تاکەکانیدا، گرنگ و کاریگەر بێتە بەرچاوو دوارۆژیان دیاری بکات.

ئەمە لەکاتێکدایە کە نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە رۆڵ و پێگەی خێزان لەپەروەردەکردنی ئەندامەکانیدا، بۆ ئێستای سەردەمی تەکنەلۆژیاو بە زمانە باوەکەش جیلی ئالتونی، بێ کێشەو بێشەو ئاریشە نییەو بەربەست و قورسیی خۆی هەیەو وا پێویست دەکات خێزانەکان بۆ ئەوەی ئەو بەربەستانە ببڕن و کۆڵنەدەن و تاکەکانی خۆی کە پێکهێنەرو بونیادی خێزانەکەن، نەداتە دەستی ئەکنەلۆژیاو رۆڵ و پێگەی خۆی پاسیڤنەکات، وەک ئەوەی بەداخەوە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کەم دەبینین و دەبیستین کە ئەو رۆڵ و پێگەیەی خێزانی رابردوو لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانیدا هەیبووە، ئێستا ئەو رۆڵ و کاریگەرییەی مابێت، بێگومان بۆ ئەمەش پاساوو هۆکارگەلی زۆر باس دەکرێت و ئەکرێتە بیانوو بۆ ئەوەی رۆڵی گەوەری خێزان لە کۆمەڵگەدا تارادەیەک وەک ئەوەی ئێستا هەیە کەمبایەخ بکرێت، جا ئەمە بەرنامەو کاری سیاسەت و سیستمی حکومڕانی بێت، یان ئەو گۆڕانکارییە خێراو رۆاڵەتیانەیە کە بەسەر کۆی جومگەو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا هاتووە، ئەمە قسەیەکی ترەو دەکرێت ئەگەر دەرفەت هەبوو لەم باسەدا کەمێک تیشکی بخرێتەسەر.

ئێمە بۆ ئەوەی بەوردی بتوانین قسە لەسەر رۆڵ و پێگەی خێزان بکەین لەپەروەردەکردنی ئەندامەکانیدا بەشێوەیەکی تەندروست، پێویست ئەکات تیشک بخەینەسەر چەند لایەنێکی ئەم تایتڵ و ناونیشانەی کە گۆڤاری(خاڵ) وەک تەوەرێکی گرنگ و بەبایەخ لەچوارچێوەیەکی هێڵ بۆ دیاریکراودا، دەیەوێ لێکۆڵینەوە یان شیکاری کۆمەڵناسیانەی بۆ بکات، بۆ ئەمەش سەرەتا پێویستمان بەوە هەیە، کە:

– سەرەتا دەبێت بپرسین هاوسەرگیریی چییە؟ بناغەی هاوسەرگیریی چ کاریگەرییەکی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دەبێت؟

– چەمکی خێزان و گرنگی و خێزان بۆ تاک و بۆ کۆمەڵ، بایەخی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵ و کۆمەڵگە، دیدوتێڕوانینی بیریاراو فەیلەسوفەکان بۆ خێزان.

– کاریگەری خێزان لەسەر پەروەردەو پێگەیاندنی تاک.

– لەدەرئەنجامی ئەو هێڵە گشتییانەی لەم تەوەرانەدا روونده‌کرێنەوە، بایەخ و گرنگی پێگەی خێزان دەردەکەوێت، لە پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست رەفتارو گوفتاردا.

**هاوسەرگیریی**

هاوسەرگیریی پێشکەوتوترین میکانیزمی کۆنترۆڵکردنە کە ئەقڵی مرۆڤ بۆ بە مرۆییکردنی غەریزەی سێکسی لای مرۆڤ دایهێناوە، کە بە رێکنەخستن و لەقاڵب نەدانی ژیانی مرۆڤ وەکو ژیانی ئاژەڵی لێدەهات، کۆمەڵبوونیشیان وەکو ئاژاوەگێڕییەکی بە بەرەڵڵایی سێکسی لێدەهات کە ژیانی ئەخلاقی و ئاکاریانی دەشێواندو خاڵی دەبوو لەهەر پێوەرێکی دیسپلینی لە رێکخستنی پەیوەندی و پابەندی تاکەکانی، تا دەگەیشتە ئەوەی لە پێکهێنانی خێزانی کۆمەڵایەتیدا قەدەغەی دەکردن کە بە گوێرەی چوارچێوەی خزمایەتی-خوێنەکی هەڵدەستا بە درێژەدان و گەشەسەندنی رەگەزی مرۆیی.

هاوسەرگیریی سیستمێکی کۆمەڵایەتییەو

تارادەیەک خاوەن خەسڵەتی بەردەوامی و نوێنەرایەتیکردنی پێوەرو بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیە، بەمانایەکی تر هاوسەرگیریی یان ئەو میکانیزمە رێکخەرەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵدەستێ بە مرۆییکردنی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، بەپاڵپشتی پێوەرە عورفی و ئایینییەکان، رەوایەتی بە پەیوەندیی نێوان دوو رەگەز دەدات و دواجار لە رێی ئەو پەیوەندییەوە هەم رەگەزی مرۆڤایەتی دەپارێزرێ لە رێگەی خستنەوەی وەچەوە، هەمیش شەرعییەت بەو منداڵ و وەچانە دەدات کە لەو پەیوەندییەوە پەیدا دەبن، بۆیە لێرەوە یەکەم ئەرکی سەرەکی دوای هاوسەرگیریی نێوان کچ و کوڕێک دەستپێدەکات و ئامانج و پێشمەرجی پرۆسەکە دەردەکەوێ (بێگومان ئەم بیروڕایەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی ترو بە پێی دابونەریت و ئایین و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت)، لێرەوە دەتوانین بڵێین یەکێک لەئەرکەکانی هاوسەرگیریی دەستپێدەکات کە پاڵنەری سەرەکی هاوسەرگیرییەکەیەو هاندەری خەڵکە لەدامەزراندن و پێکهێنانی خێزانێک کە ماف و ئەرکە تایبەتییەکانی ژیانی هاوسەرداری و بەرپرسیارێتییەکانی بەرامبەر بە منداڵەکانی لەبواری گوزەران و پەروەردەو تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەوانی تر دەگرێتەخۆ.

لەپاش ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی دوای پرۆسەی هاوسەرگیریی کە خۆی نمایش دەکات، هاوسەرگیریی مرۆڤ پابەندی پێوەرە کۆمەڵایەتی و ئایینیی و یاساییەکان دەکات و دواجار ئاراستەی دەکات بەرەو ئەوەی کە بیکاتە کەسێکی بەرپرس لە رووی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە بۆ چاودێریکردن و پەروەردەکردنی خێزان و ئەندامانی خێزانەکەی، بێگومان نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە جەوهەری هاوسەرگیریی لەهەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا یەک شتە، کە لەنێوان ژن و پیاو بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەنجامدەدرێ بۆ ئەوەی لە رووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و فەرمییەوە بونیات بنرێ، بەڵام هاوسەرگیریی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە رووی شێوەو پێکهاتەوە جیاوازن، کە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ شێوازو قەبارەی ستركچەری خێزانەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووەو چەندین جۆرو شێوازی جیاجیای لەخۆگرتووە، بەڵام سروشت و جەوهەرەکەی لەسەرجەم قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی وەک خۆی ماوەتەوە.

لەگەڵ گۆڕانکاری لە پێکهاتەو شێوازەکانی خێزان و جۆرەکانیشیدا، ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی خێزانەکانیش گۆڕاون و بەشێک لە ئەرکەکانی خێزان کە لە ئێستادا بوونی هەیە، سەرباربوون و ئەرک و بەرپرسیارێتی خێزان گەلێک لە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانی زیاتر بوون، بەڵام بە هاتنە کایەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و میرییەکان، بەشێک لەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە لەئەستۆی خێزان نەماوەو بۆ شوێنی دی گواستراوەتەوە.

هاوسەرێتی دیاردەیەکی گشتییە لەهەموو کۆمەڵگاکاندا بە کۆن و نوێ، بەسەرەتایی و شارستانییەوە بوونی هەبووە، هەورەک ئەدوارد وستر مارک دەڵێ: هاوسەرگیریی لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا بوونی هەبووەو دیاردەیەکە تەنانەت لەناو هەندێ جۆری گیانلەبەری باڵادا دەبینرێت وەک (توتی و گۆریلاو مەیمون و هەندێ شیردەری تر)، بەڵام هاوسەرگیریی لەلای مرۆڤی سەرەتایی، سادەو ساکارو سەرەتایی بووە بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤی پێشکەوتوو و پەرەسەندوو نەبووە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ سەرجەم جۆری گیانلەبەراندا، هاوسەرگیریی لەلای گیانلەبەران دیاردەیەکی سروشتی رووتەو بەرئەنجامی غەریزەی سێکسی و پێداویستی زاوزێ و پاراستنی جۆری گیانلەبەرە، بەڵام لەلای مرۆڤی سەرەتایی لەچاخە کۆنەکاندا هاوسەرگیریی بریتیی بووە لە نەریتێکی باوی سەرەتایی و لەسایەیدا پیاوێک یان زیاتر لەگەڵ ژنێک یان زیاتردا بەشێوەیەکی

نیمچە ڕێژەیی بەیەکەوە ژیاون و پەیوەندی سێکسی بەیەکەوە گرێی داون و هەندێک نەریتی وەک بەخێوکردنی منداڵ و کاردابەشکردن تێیاندا بینراوە، پاشان ئەم نەریتە بەشێوەیەکی پلە پلە پەرەی سەندووەو ڕێکخراوەو ملکەچی هەندێ دابو نەریت و ڕێورەسمی ئاینی و یاسایی بووەو دواتریش بۆ سیستم و یاسا کە ئەمڕۆ سیستمی کۆمەڵایەتی دیاریکراو گۆڕاوە، لەمەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە هاوسەرێتی لەلای گیانلەبەران هاودەمیە، بەڵام لەلای مرۆڤ پەیوەست بوونەو بۆ ئەمەش دەتوانین بڵێین ئەو گرێبەستەیە کە لەنێوان کچ و کوڕێکدا ملکەچ بۆ دابونەریت و ڕێورەسمە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان خۆیان ئیمزای دەکەن، بە پێی ئەو مەرج و ڕێساو یاسایانەی کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی و بنەماو کۆڵەکە کەشی لێک تێگەیشتن و خۆشەویستییە، تا بتوانن پێکەوە خێزانێک وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست بکەن، کە لە پاشەڕۆژدا ئەرکی گەورەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ، نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کە بنەمای ئەم هاوسەرگیرییە لە سەرەتاوە بناغەیەک دەبێت بۆ ئەو پەروەردەو ڕۆڵەی کە خێزان دەبێت بیبێت لە ناو کۆمەڵگەدا.

هاوسەرگیریی لەلای مرۆڤەکان کە لەپێشتردا وەک جیاوازییەک لەنێوان هاوسەرگیریی گیانلەبەران و مرۆڤەکاندا ئاماژەمان بۆ کرد، لەلای مرۆڤ دیاردەیەکی بایۆلۆژی کۆمەڵایەتییەو هەندێ فاکتەری شارستانی زاڵە بەسەریداو ڕێکی دەخات و بە ڕێورەسمێکی تایبەتی دێتە ئەنجامدان وهەردوو ڕەگەزەکە دەبێت دان بە ئەرک و مافی بەرامبەرکەیاندا بنێن، واتە پەیوەندییەکی سێکسی شەرعی و نیمچە چەسپاوەو لەڕاگەیاندنی گرێبەستی هاوسەرگیری(عقد الزواج)ەوە دەست پێدەکات و چەندین ئەرک وماف لەخۆدەگرێت.

سەرباری ئەوەی لەسەرەوە تایبەت بە هاوسەرگیریی ئاماژەمان بۆ کرد، چەندین قسەو ڕای جیاواز جیاوازی بیریارو زاناو فەیلەسوفەکانی بواری کۆمەڵناسی لەسەر هاوسەرگیریی بوونیان هەیە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە بەشێکی زۆری ئەو بیرمەندو بیریارو فەیلەسوفانە کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو گرێبەستەی لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا مۆرو ئیمزا دەکرێت و ڕێکدەکەون لەسەری بەهەر شێوەیەک پێک بێت لەدواجاردا کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاوی لەسەر ئارامی و ئاسایشی تاک و خێزان و دواتر کۆمەڵگەش دەبێت، هەروەک چۆن کۆنفۆشیۆس دەڵێت: پەیوەندی هاوسەرێتی لە پەیوەندی تیمێکی مۆسیقی دەچێت کە چەندین ئامێری هەمەجۆری تێدایە، جا ئەگەر ئامێرژەنەکان بە ڕێکخراوەیی و بەپێی یاساو سیستم کار بکەن، ئەوا میلۆدییەکی جوان و سازگار بەرهەم دێنێت، گونجان و تەبایی لە پەیوەندییە هاوسەرێتییەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت بۆ ئارامی و بەرقەرارکردنی ژیانی کۆمەڵ بەگشتی.

**چەمکی خێزان:**

ناونیشانی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە کۆمەڵناسیدا لەسەر خێزان نووسراون جۆراو جۆرو جیاوازن، کە بەوەسفکردنی ژیانی خێزان و دیاریکردنی کۆڵەکەکانی دەستی پێکردووەو ناویلێناوە(دامەزراوە institution) بەو پێیەی ڕێکخراوێکی نارەسمیە(عورفی) و دەسەڵاتی بەسەر تاکەکانیدا گەیشتۆتە ئاستی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشتی ڕۆژانەیان و پەیوەندی کۆمەڵاییەتیان و چارەنووسی ئابووریان، دواتر وەکو خانەیەکی کۆمەڵایەتی وەسفکرا کە هەڵدەستێ بە بەرهەمهێنانی مرۆیی وەچەخستنەوە، دوای ئەم پێناسەیەش خێزان بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ناوزەندکرا کە تایبەتە بە کۆمەڵگە مۆدێرن و پیشەسازییەکان، ئەوەش بەهۆی بچووککردنەوەی قەبارەکەیی و لاوازبوونی دەسەڵاتی بەسەر تاکەکاندا.

لەحاڵەتەکانی تریشدا ئەو لێکۆڵینەوانە، خێزان

# هەر جۆرە پەروەردەیەك كە خێزان بە منداڵەكانی دەدات، بەهەمان شێوەی ئەو پەروەردەیە كاریگەری لەسەر كۆمەڵگەو تەندروستی كۆمەڵگە دادەنێت.

وەكو بابەتێكی تایبەت لەبابەتەكانی كۆمەڵناسی دیاری دەكەن، كە ناویان لێنا(زانستی كۆمەڵناسی خێزان)، ئەمەش بە روونكردنەوەی ئەركە بونیادییەكانی خێزانەوە پەیوەستكرا، بەواتایەكیتر نووسینە كۆمەڵناسییە سەرەتاییەكانی سەر خێزان هەوڵیاندا قەبارەو دەسەڵات و هێزی خێزان لە كۆمەڵگا كۆچەری و لادێی و سەرەتاییەكان روون بكەنەوە، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی كۆمەڵبوونی مرۆیی قەبارەی خێزان بچوك بوویەوە، بۆیە كۆمەڵناسەكانیش خێزانیان بە خانەیەكی كۆمەڵایەتی بچووك لە ئەرك و قەبارەدا وەسفكردو پاشان بە كۆمەڵناسی خێزان ناسێنرا، بەو پێیەی خێزان هاوكات دامەزراوەیەو خانەشەو كاریگەری و رۆڵی كارای لەسەرجەم جومگەو بوارەكانی كۆمەڵگەدا هەیە، بەتایبەتی لە رووی ئەو پەروەردەو پێگەیاندنە كۆمەڵایەتییەی كە بەئەندامەكانی(منداڵەكانی) دەدات، بەو سەردە مێژوویەی كە خێزان وەك دامەزراوەو خانەیەكی كۆمەڵایەتی هەیەتی، بەو راستییە دەگەین كە سەرباری گۆڕانكاری لە شێوازەكانی خێزان لە رووی قەبارەو ئەرك و فەرمانەكانی، هێشتا دەتوانێت رۆڵی كاریگەرو بەرچاوی لەسەر كۆمەڵگە هەبێت، هەر جۆرە پەروەردەیەك كە خێزان بە منداڵەكانی دەدات، بەهەمان شێوەی ئەو پەروەردەیە كاریگەری لەسەر كۆمەڵگەو تەندروستی كۆمەڵگە دادەنێت..

كۆمەڵناسەكان لەسەر ئەوە كۆكن كە خێزان دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی و چەمكێكی جیهانییە، چونكە لە هەموو سەردەمێك و لەهەموو شوێنێكدا هەبووەو هەیەو بەردەوامیش دەبێت، هەر خێزانەكانیشن كە كۆمەڵگە پێكدەهێنن و بەردەوامی پێدەدەن، خێزان هەم پارێزەرو هەم فەراهەمكەرو هەمیش فێرگەی تاكەكانە، جا ئەگەر ئەو خێزانە لە بچوكترین شێوەو قەبارەیشدا بێت، لەناو خێزاندا پەیوەندییەكی سۆزداری هەیە كە وا لەتاكەكان دەكات گوێڕایەڵ و ئەنجامدەری ئەو دابونەریت و پرەنسیپانە بن كە لە رێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتییەوە فێر دەكرێن، یان بە تێپەڕبوونی كات و زەمەن لە هزرو مێشكیاندا وێنای دەكات.

ئۆگەست كۆنت خێزانی وەكو یەكەمین شانەی جەستەی كۆمەڵگە ناساندووەو دەڵێت: یەكەم شوێن و خاڵی دەستپێكە بۆ گەشەسەندن، ئەو ناوەندە كۆمەڵایەتییە سروشتییە كە تاكی تێدا دروست دەبێت، هەروەها بە نیزامێكی بنچینەیی و گشتی دادەنێت كە بە بوونی بەردەوامی كۆمەڵگە زامن دەكات و هەر ئەمیشە وایكردووە خێزان لەهەموو دامەزراوەكانی تری ناو كۆمەڵگە گرنگتر بێت و یەكەم كۆمەڵەو دامەزراوەیشە بۆ تاك و هەر لەوێشدا كەسایەتی تاكەكان دروست دەبێت.

ئەفلاتۆن دیدو بۆچوونەكانی سەبارەت بەخێزان زۆر توندڕەوو رادیكاڵانە بووە، لەكتێبی كۆمارەكەیدا هەندێك راوبۆچوونی سەبارەت بە هاوسەرگیریی و خێزان لەكۆمەڵگە تۆتالیتارییەكاندا دەربڕیوەو دەڵێ: بۆ باشكردنی وەچەخستنەوە پێویست دەكات دەستەیەك لە پیاوان و ژنان هەڵبژێرین تا ئامادەیان بكەین بۆ گرتنە دەستی فەرمانڕەوایی یان ئەوەی ناوی ناون چینی پاسەوان و دەبێت هاوسەرگیریشیان لەرێگەی

تیروپشک بێ و لە رۆژەکانی پشوودا ئەنجامبدرێ، منداڵی ئەم خێزانانەش دەبێ لە دایک و باوکیان جیابکرێنەوەو بدرێن بەدەوڵەت تا سەرپەرشتیان بکات و نابێت دایکان و باوکان منداڵەکانی خۆیان بناسنەوەو منداڵەکانیش ئەوان بناسنەوە.

ئەرستۆ رەخنەی لەدیدو بۆچوونەکانی ئەفلاتۆن سەبارەت بە خێزان و هاوسەرگیریی گرتووەو پێیوایە کە دەوڵەت بەرپرسە لە رێکخستنی ژیانی خێزانی و پێویستە یاساناسان و دانەرانی یاسا ئەو سیستەمە رێکوپێک بکەن و ئەو پەیوەندییانەش دەستنیشان بکەن کە ئەندامەکانی خێزان پێکەوە دەبەستێتەوە، سەرەڕای پەروەردەکردنی رۆڵەکانیان، بەلای ئەرستۆوە خێزان لەمنداڵ و کۆیلەکان پێکدێت و سروشت خۆی ئەم نێوەندو پلە کۆمەڵایەتیانەی دیاریکردووەو هەندێکیانی بەسەر هەندێکی تردا باڵادەست کردووەو هەندێکیشی ملکەچکردووەو توانای مێشک و هزریی بەهەندێکیان داوەو هێزی بازووشی بەهەندێکی تر داوە.

زاناو بیریاران هەر لەکۆنەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات گرنگیان بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کاروباری خێزانداوە، ئەوەش بەهۆی ئەو گرنگی و رۆڵە گەورەیەی کە خێزان لە ژیانی تاک و گروپە مرۆییەکاندا هەیەتی، هەندێک توێژەرو بیرمەند بە تایبەتی هاوچەرخەکان پێیانوایە توندوتۆڵی کۆمەڵ و هێمنی ئەم دامەزراوەیە پەیوەندییەکی بەهێزو پتەوی بە توندوتۆڵی خێزان و تاکەکانییەوە هەیە، هەروەک چۆن دارمانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەهەر کۆمەڵێکدا بەهەمان شێوە پەیوەستە بە هەڵوەشان و لەبەریەکترازانی خێزانەکانی ناویەوە.

لەمێژە فەیلەسوف و بیریارو سەرکردەکان لەسنوورەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵدا بایەخیان بە خێزانیشداوە، بەڵام سەرهەڵدانی سیۆلۆژیای نوێ وەک زانستێکی سەربەخۆی بەربڵاو، بووە هۆی چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ توێژینەوەی خێزان وەک بەشێک لەبەشەکانی مەعریفە کە بەشێوەیەکی زانستی لەخێزان و کاروبارەکانی و سروشت و پەرەسەندن و قەوارەو کێشەکانی دەکۆڵێتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش زانستێکی تایبەت بە کاروبارەکانی خێزان هاتە بوون بە ناوی(سۆسیۆلۆژیای خێزان) بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە گرنگی خێزان و رۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی تاکەکانی و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی زانستیانە لێکبداتەوەو شیکاری بکات.

چەمکی خێزان و گرنگی و بایەخی لەناو کۆمەڵگەو رۆڵی لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی تاکەکانی، بەهۆی جیاوازی و دیدو بۆچوونە جیاوازەکانی بیریارو توێژەرەکانییەوە، نەتوانراوە ئەم چەمکە (چەمکی خێزان) بە یەک شێوە دیاری بکرێت و چەندین شێوەو مانای جیاوازی هەیە، بەڵام لەناو هەموو ئەو جیاوازیانەدا سەرجەمیان لەسەر بایەخ و گرنگی خێزان و کاریگەری لەسەرکۆمەڵگە کۆکن و لەوبارەیەوە قسەو بیروبۆچوونیان هاویەک و هاوتەریبەو لەچوارچێوە گشتییەکەی لە مانا جیاوازەکانی چەمکی خێزان لای زۆربەی توێژەران و بیریاران، خێزان جگە لە رێکخستن و یەکگرتنێک هیچی تر نییە کە بەهۆیەوە ئامادەباشی و توانا شاراوەکانی سروشتی مرۆڤایەتی لەهەوڵ و ململانێی کۆبوونەوەدان، خێزان بە رێورەسم و دۆخەکانییەوە بریتییە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و پێویستییەکی حەتمی بۆ مانەوەی نەژادی مرۆڤایەتی و بەردەوامبوونی.

گرنگی خێزان، بۆ تاک و بۆ کۆمەڵ:

خێزان کۆنترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لە ڕووی بوون و گشتایەتیەوە لە تەواوی کۆمەڵگەکاندا بە کۆن و نوێ و سەرەتایی و پێشکەوتوو هاوچەرخەوە، خێزان تیایاندا بوونی هەبووە و لەهەموو کات و زەمەنێکدا لەهەر ناوچەیەکی جوگرافی کە ئادەمیزاد تیایدا ژیابێت.

گرنگی خێزان لەسەر دووئاستدا خۆی بەیان دەکات، کە یەکێکیان گرنگی خێزانە بۆ

تاک(ئەندامەکانی)، ئەویتریش گرنگی خێزانە بۆ کۆمەڵ، ئەوەی پەیوەندی بە گرنگی خێزانەوە هەیە بۆ تاکەکەس ئەوەیە کە لێپرسراوە لەبەرامبەر لەدایک بوون و زۆربوون و پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ لە کۆن و نوێدا، ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە تاکەکەس بە گرووپێکی سەرەتایی هەژمار دەکرێت و بەرپرسە لە پێکهێنان و دارشتنی ڕەفتارو بۆچوون و هەڵویست و بەهاو دابونەریت و ڕەوشەکان، زیاتر لەهەر دامەزراوەیەکی تری ناو کۆمەڵگە، زۆربەی کتێب و نووسراوە کۆن و نوێیەکان کە تایبەتن بە لێکۆڵینەوەی خێزان و خێزان لەناویدا قاڵبوونەتەوە ئەوەیان دەرخستووە کە خێزانی هەڵوەشاوەو بێ سەروبەر فاکتەری یەکەمینە بۆ سەرهەڵدانی لادان و کێشەکانی تاکەکەسەکان.

خێزان لە ڕێگای پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان پیاوو ژنەوە ئەو پێداویستییە سەرەکیەی مرۆڤی لە کۆمەڵە کۆن و نوێیەکاندا تێرکردوەو سنووری بنەماو یاسایی بۆ دارشتووەو بە پیرۆزی هێشتویەتییەوەو پاراستویەتی، هەر خێزانەو چاودێری پێویست بۆ ڕۆڵەکانی فەراهەم دەکات و مافەکانیان دەپارێزێ لە ڕێگای میرات و موڵکایەتییەوە یان لەرێی چاودێریکردن و خزمەتکردنی نەخۆش و پەککەوتووەکانەوەو بەهاکانیش لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەی ئایندە دەگوازێتەوە، خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پێکهێنانی کەسێتی مرۆڤ و کامڵکردنی لەپێش هەموو دامەزراوەکانی ترەوە، خێزان دەربرینی هەست و نەست و سۆزو بەزەیی... تاکەکانی فێر دەکات و ڕایاندەهێنێ.

ئەوەشی پەیوەندی بە گرنگی خێزانەوە هەیە بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵگە، ئەوەیە کە بەردەوامی هەر کۆمەڵگەیەک بە دروستبوونی پەیوەندی هاوسەریتی و پێکهێنانی خێزانەوە پەیوەستە، مانەوەو بەردەوامی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە بۆ خێزان، ئەمەش لە کاتێکدا خێزان بەپێی خواستەکانی کۆمەڵگا تاکەکانی پەرروەردە دەکات و پێیان دەگەیەنێت و هەوڵدەدات بە پێی سیستم و دابونەریتەکان تاکەکانی پەروەردەو گۆش بکات.

سیستمی خێزانیی لەکۆمەڵگا کۆن و نوێیەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام ئەم سیستمە جیاوازە لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک دەوڵەت و خزمایەتی، مێژووی پەرەسەندنی ئەم سیستمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەمێژووی شارستانێتیدا خێزان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا نەهاتووە، خێزان لە کۆندا تاڕادەیەکی زۆر لە شێوە نوێیەکانی ئێستای چووە لە ڕووی قەبارەو ئەرکە جۆر بەجۆرەکانییەوە کە لە کۆمەڵگادا پێی هەستاوە، ئەم لێکچوونەش وامان لێناکات کە بڵێین سیستمی خێزان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەسپاوەو نەگۆڕ بووە.

لەلای دانیشتوانی ئەسڵی ئوسترالیاو ئەمریکا خێزان، بریتیی بووە لە تەواوی ئەندامانی تیرەو خێڵەکان و لەنێوان خێزان و خێڵدا جیاوازیان نەکردووە، لە سیستمی خێزانی یۆنان و ڕۆمانی کۆندا، خێزان بریتیی بووە لە تەواوی خزم و کەسوکارو هەر کەسێک کە سەرۆکی خێزان پەروەردەی کردبێت بە ئەندامی خێزان هەژمارکراوەو ئەرک و مافەکانی وەک ئەندامەکانی تر بووە.

لەلای عەرەبیش لە کۆندا خێزان هەموو خزم و کەسووکارێکی لەخۆگرتووە، خزمایەتیش پشتی بە بانگەشەو بڕیارێک بەستووە نەک بە پەیوەندی خوێن، ڕەنگە باوک کوڕی خۆی لە ئەندامێتی خێزان بێبەری کردبێت و لەهەمانکاتیش بێگانەیەکی بە ئەندام وەرگرتبێت، خێزان لەکۆمەڵە هاوچەرخەکاندا جۆرێک لە ئارامی بە خۆوە گرتووەو بەرتەسک بۆتەوەو وەک جاران نەماو شێوەو قەبارەی بە پێی گۆڕانی سەردەم و قۆناغەکان و پێداویستییەکانی مرۆڤ، چووە قۆناغێکی نوێوە، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا بریتییە لە ژن و پیاوو منداڵەکانیان، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شێوازی تری خێزان لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و سەرەتاییەکاندا بوونی نەبووە.

**کاریگەری خێزان لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ:**

به پێی هەموو ئەو پێوەرو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر خێزان لە دێر زەمانەوە تا ئەمڕۆ لەسەر خێزان ئەنجامدراوە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە خێزان کاریگەری گەورەی لەسەر پەروەردەکردن و پێگەیاندن و ئاراستەکردنی تاکەکان هەیە، بەجۆرێک ئەگەر پەروەردەو ئاراستەکەی پەروەردەو ئاراستەیەکی تەندورست بێت و تاکێکی تەندروست بێت یان بە پێچەوانەوە، یەکێک لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە راستەوخۆ رۆڵی تایبەت دەبینێ لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، دایک و باوکە لە پێگەی خێزاندا، لە رووی کۆمەڵناسییەوە خێزان بەوە پێناسەکراوە کە بریتییە لەبچوکترین شانەی یەکەی کۆمەڵگاو لانکەی پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی نەوەکانی دوارۆژەو درێژەپێدەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

پەروەردەکاران بیری ئەوەمان دەخەنەوەو پێمان دەڵێن: کە خێزان باڵی راستی پرۆسەی پەروەردەکردنەو رۆڵی بەرپرسیاری دایکان و باوکان لەدەستپێکی پەروەردەکردندا بە رێنمایی و راهێنان و ئاراستەکردنی منداڵەکانیان گرنگە، بەتایبەتی لە ساڵە زێڕینەکانی تەمەنیاندا کە (١-٦) ساڵیەو کەسێتی منداڵیش لە تەمەنی(٥) ساڵییەوە دەردەکەوێت، ئەویش بە چاوکرانەوەو وردبوونەوەو دیقەتدان لە دەوروبەرو ئەو ژینگەیەی تێیدا پەروەردە دەکرێت و مێشک و هزری بەرەو کرانەوە دەچێت و بەچاوی گەورەیی و گرنگییەوە دەڕوانێتە بوونی خودی و دەوروبەرو هاورێکانی، زۆرجار پرسیاری گەورە لەبارەیانەوە دەکات و خەونی گەورە دەبینێت، ئەمە جگە لەوەی بە پێی ئەو توێژینەوانەی لەمبوارەدا کراون، ئەوە دەردەخەن کە لە سەدا حەفتای ئەو زانیارییانەی کە کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی تاک هەیە لەم قۆناغەدا وەردەگرێت و دەبێتە بناغەی کەسێتی تاکەکان.

لەم قۆناغەی تەمەنیدا دروستکردنی متمانە بە خۆبوون بۆ نەوەکانمان زۆر گرنگەو کاریگەری زۆریشی دەبێت لەسەر کەسایەتیان لەئایندەدا، باس لەوەش دەکرێت تەنها ئەو کەسانە توانیویانە شاکاری گەورە بخولقێنن کە متمانەیان بەخۆیان هەبووە، ئەم متمانەیەش لە کەسایەتیی مرۆڤەکاندا لە خانەی یەکەمی فۆرمەلەبوونی کەسێتی وەریدەگرێت کە خێزانە، چونکە خێزان بەرپرسە لە پەروەردەیەکی تەندروست و رەسەن و هاوچەرخ، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانێت ئەو متمانە بەخۆبوونەی هەبێت لەناو کۆمەڵگەدا وەک تاکێکی تەندروست و خاوەن بڕواو ئیرادە ژیانی کۆمەلایەتی خۆی درێژە پێ بدات.

بەشێکی زۆری بیریارو فەیلەسوف و پەروەردەکاران رای تایبەت و جیاوازیان لەسەر رۆڵ و کاریگەری پەروەردەی خێزان لەسەر ئاراستەکردنی تاکی تەندروستدا کردووە، کە زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە خێزان دەتوانێت ئەو رۆڵە گەورەیەی هەبێت بەسەر تاکەکانەوە کە بتوانێت پەروەردەیەکی تەندروستی بکات، لەوبارەیەوە غەزالی پێیوایە ئەگەر دایک و باوک لە قوتابخانەی ماڵدا، مامۆستایەکی دڵسۆزو سەرکەوتوو نەبێ بۆ منداڵەکانی، ئەرکی مامۆستایان لە قوتابخانەی دەرەوەدا روو لە زیادبوون دەکات، کە مەبەست لەم وتەیەی غەزالی ئەوەیە کە پێش ئەوەی نەخشی مامۆستایانی دەرەوەی خێزان لەسەر تاکەکان و رەفتارو گوفتاریان دەربکەوێت، پێویستە خێزان وەک ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆی ببنە مامۆستایەکی بەرپرسیار بۆ منداڵەکانیان.

ئامانجیش لە پەروەروەردەی منداڵان ئەوەیە کە یارمەتی و هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی بە دروستی گەشە بکەن و بە جوانی پێ بگەن و بە باشی رەفتارو هەڵسوکەوت بکەن، کۆمەڵایەتی بن و کەسێتی دروستی بڕواو متمانە بەخۆیان بکەن و پشت بەتواناو بەهرەکانی خۆیان ببەستن، هەستی بەرپرسیارێتیان لا دروست ببێ و بتوانن بەهاو

پیرۆزییەکانی ژیان بپارێزن و پابەندی دەستووری ژیان ببن، کە ئەمەش وا دەکات تاکێکی تەندروست و پەروەردەیەکی تەندروست لەناو خێزاندا وەربگرن، کە زۆربەی تیۆرە پەروەردەییەکانیش تەرکیزیان لەسەر ئەم جۆرە لە پەروەردەو بنەما هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت پەروەردەیەکی تەندورست و پێگەیاندێکی ئەرێیانەی کۆمەڵایەتی وەربگرن.

ئەمجۆرە لە پەروەردە وەک ئاماژەمان بۆ کرد لە تەمەنی منداڵییەوە دەست پێدەکات، هەروەک جۆن دیوی کە منداڵ بە جۆرێک ناودەبات کە سەرجەم دەزگا کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان بەدەوریدا دەسورێنەوە، چونکە نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە پەروەردەی منداڵ زانست و هونەرو ئەرکێکی قورس، بەڵام پیرۆزو هەستیارە، هەروەک ئەفلاتون دەڵێ: هونەرێکی تر نییە لەپەروەردە بەرزترو پیرۆزتر هەبێت، ئەم قسەیەی ئەفلاتونیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پەروەردەکردن کارێکی لەخۆوەو ئاسان و بەرێکردن نییە، بەڵکو ئەرک و ماندوبوونی خۆی پێویستە، ئەوەش بەو مانایە نا کە کارێکی ئەستەم و نەکردە بێت، ئەگەر بە دڵسۆزی و پشوودرێژییەوە ئەنجام بدرێت، هەرچەند ئەرک و زەحمەتی زۆری بوێت، بەڵام لە پاشە رۆژدا ئەو ئەرکە قورسەی ئێستا لەبەردەم خێزاندا هەیە بۆ پەروەردەکردن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم خێزان و هەم کۆمەڵگەش لە سایەیدا بحەوێتەوەو تاکی تەندروست و کۆمەڵگەی تەندروست فەراهەم ببێت، بۆیە باسکردن لەزەحمەتی و قورسیی ئەم ئەرکە ساردمان ناکاتەوە، لەو رۆڵەی گەورەیەی کە خێزان هەیەتی لە بەرامبەر تاکەکاندا، هەروەک چۆن ئەرستۆ دەڵێ: رەگی پەروەردە تاڵە، بەڵام بەرهەمەکەی شیرینە.

کاتێک کە باس لەوە دەکرێت ئەرکی خێزان و دایک و باوکان قورس و گرانە لەپەروەردەکردنی منداڵاندا، مەبەست لەوەیە کە ئەم ئەرکە وەک یەکەمین شوێن و لانکەی مرۆڤ تەماشاکراوە، نەک ئەوەی کە تەنها منداڵ لە خێزانەوە پەروەردە دەکرێت، چونکە بیرمان نەچێت جگە لە خێزان قوتابخانەو شەقام و کۆمەڵگاو میدیاو ئێستاش تەکنەلۆژیا، رۆڵ و کاریگەییان لەسەر پەروەردەی منداڵ و ئاراستەکردنیاندا هەیەو ئەوانیش ئاراستەیان دەکەن، بۆیە خێزان وەک یەکەمین قوتابخانە ئەبێت پەروەردەیەک بداتە منداڵەکانی لەکاتی هاتنە دەری لەم قوتابخانەیە، قوتابخانەو شوێنەکانی تر تەواوکەری پەروەردە دروستەکەی ئەو بن، نەک بە پێچەوانەوە ئاراستەکردنی پەروەردەکە بەرەو ئاراستەیەکی ناتەندروستدا بڕوات، بۆیە هەر هەڵەیەک هەر کەمتەرخەمییەک لە پەروەردەی خێزان بۆ منداڵەکەی لە دوارۆژدا بە کارتێکردنی خراپی قوتابخانەو شوێنەکانی تر، تاک بەرەو ئاراستەیەکی هەڵە دەبات و دەیکاتە تاکێکی ناتەندروست، هەروەک ئەلیزابێت ماخ وەک پەروەردەکارێک پێیوایە لەکاتی پەروەردەکردنی منداڵدا هەر هەڵەیەک بکەین دەبێتە هۆی دۆڕاندنی جەنگێک لە پێناو دوارۆژێکی باشتردا کە دەستمان داوەتێ، بۆیە لێرەدا هەستیاری و قورسی ئەرکەکەی پەروەردەکردن لە نەکردنی هەڵەدا دووپات دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین لە پاشەڕۆژی منداڵ و خێزان و کۆمەڵگەدا دڵنیاو ئارام بین.

دامەزراوەیەکی ئەمریکی کە بایەخ بە تەندروستی هۆشی منداڵان دەدات، لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵ ٥٠ دایک و باوکی ئەمریکی ئەنجامدا کە لەبواری پەروەردەی منداڵاندا سەرکەوتوو بوون، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو دایک و باوکانە ئەم دامەزراوەیە چەند ئامۆژگارییەکی باشیان راگەیاند بۆ پەروەردەکردنی دروستی منداڵان، کە دەتوانرێت خێزانەکان و دایکان و باوکان وەک رێنمایی و بەرچاوو روونییەک سوودی لێوەربگرن و هەنگاوەکانیان لە بواری پەروەردەی منداڵەکانیاندا پەیرەوی بکەن لەوانە:

- بەخشینی سۆزو خۆشەویستی زیاتر بە منداڵەکان..

- دانانی کاتی دیاریکراو بۆ منداڵەکان..
- فێرکردنی منداڵ بۆ جیاکردنی کارە ڕاست و هەڵەکان..
- ڕێزگرتنی دوولایی لەنێوان خێزاندا گرنگی تایبەتی هەیە..
- پێدانی ئازادی بۆ ئەوەی ئەوەی منداڵ بە ئازادانە گوزارشت لەخۆی بکات..
- بەڕاست وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان..
- ئاگاداربوون لە پەروەردەی شەقام و کۆڵان و تەکنەلۆژیا...
- سەربەخۆیی دان بە منداڵ..
- هاوپلانی و هاوڕایی دایک و باوک لەسەر شێوازیکی تەندروستانەی پەروەردە..
- هاندان و ستایش کردن لەسەر کارە باشەکان...

ئەمانە بەشێکی کەمن لەو ئامۆژگاری یان بنەمایانەی کە پێویستە خێزان، دایک و باوک وەک پلانێکی هەمەلایەنە دایبڕێژن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان پەروەردەیەکی تەندروست وەربگرێت و بتوانێت لە دوارۆژدا تاکێکی تەندروست پەروەردە بکات، سەرکەوتوو بێت لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییانەی تاکەکانی...

لەدەرئەنجامی سەرجەم ئەو چەمک و ماناو مەفهومانەی لێرەدا خستمانەڕوو، لە هاوسەرگیریی و لە چەمکی خێزان و ڕاوبۆچوونی هەندێک لە پەروەردەکاران و بیریارو فەیلەسوفەکان، لە خوێندنەوەیان بۆ ڕۆڵ و پێگەی خێزان لە کۆنەوە بۆ ئێستا، لە کۆمەڵگەی سەرەتایی و هاوچەرخەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە خێزان ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ و تاکەکانی هەیە، یان بەمانایەکی تر خێزان ئەرک و بەرپرسیارێتی گەورەی هەیە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی تاکێکی تەندروستداو هیچ کاتێک لە قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ڕاستیی و ئەرکەی خێزان گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەگەرچی گۆڕانکاری لەشێوازەکانی پەروەردەکردندا هاتبێت، بەڵام ئەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە خێزان هەموو کات و لەهەموو سەردەمێک ئەرک و بەرپرسیارێتی گەورەی لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی تاکەکاندا هەبووە، بەو پێیەی خودی خێزان خۆی کاریگەری لەسەر تەواوی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هەبووەو هەیە..

**سەرچاوەکان:**


١- گۆڤاری کۆمەڵناسی ژمارە ٨...
٢- کۆمەڵناسی خێزان، د. مەعن خەلیل..
٣-خێزان وکارەساتەکان، د. حسین سەرمک حسن...
٤- پەروەردەکردنی منداڵ لەسەردەمێکی مەترسیداردا، و. سوهێل تاهیر..
٥- سۆسیۆلۆژیای خێزان، و. سابیر بۆکانی...
٦- چەمکی خێزان، ئامادەکردنی تاڤگە سابیر...
٧- پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵ، ن. مکارنکۆ...
٨- بونیادنانی خێزان و پەروەردەکردنی تاک لە دیدی بیریاری کورد ئەحمەدی موفتی زادە...
٩- سایکۆلۆژی ژیانی هاوسەرێتی، د. عبدلحلیم سەمعان، و. سۆزان جەمال...

# منداڵ و پەروەردە

## (خەمەکانی سەردەمی پێشکەوتن)






هیوا سەعید محەمەد

ماستەر لە بواری کۆمەڵناسیدا

## پێشەکی:

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا نیشانەیەکە لە نیشانە گرنگ و دیارەکانی ئەم سەردەمەی تێیدا دەژین، شۆڕشێکی تەکنەلۆجیای گەورەی تێدا دروست بووە، سات بە سات بەرەو پێش دەچێت و نوێبوونەوەوە و تازەگەری لە بوارەکانیدا ڕوو دەدات، دەبینین ئەم پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیایە کاریگەریی لەسەر تاک بەتاکی کۆمەڵگاکان و کۆمەڵگای خۆمان (کۆمەڵگای کوردی) بەجێ هێشتووە، لە شار و لادێکانەوە تا دەگاتە ژوور بە ژوور و سووچ بە سووچی ماڵ و خوێندنگا و زانکۆ و بازاڕ و میوانی و ناو سەیارە و سەرجەم پێکهاتەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئێمەی گرتووەتەوە، وەک موبایل و ئایپاد و کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن، یاری کۆمپیوتەر و ئۆنلاینەکان و پلەیستەیشتن و ئێکس بۆکس و فەیسبوک و تویتەر و سناپ چات و ئینیستاگرام و..... هتد، بۆیە ئەرکی زانستی کۆمەڵناسی و لێکۆڵەران و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونییە کە توێژینەوە لەسەر کاریگەرییە خراپەکانی بکەن، لەبەرئەوەی زانستی کۆمەڵناسی یەکێکە لەو زانستانەی کە گرنگی بە کۆمەڵگا دەدات کە مرۆڤەکان بەشێکن لەو کۆمەڵگا و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات، بۆیە لای هەمووومان ڕوون و ئاشکرایە گەر سەرجەمی ئامێرە پێشکەوتووەکان لە لامان و لە ماڵەکەماندا نەبێت ئەوا بێگومان ئامێرێکی وەک تەلەفزیۆن سووچی ماڵەکانی هەریەک لە ئێمەی گرتۆتەوە کە هێمن هێمن و لەسەرخۆ کاریگەریی لەسەر ژیانی خۆمان و نەوەکان و منداڵەکانمان بەجێهێشتووە، بۆیە بەپێویستمزانی کە باسێکی کورت و توێژینەوەیەکی کورت لەسەر کاریگەرییە خراپ و نێگەتیڤەکانی ئامێرە پێشکەوتووەکان بخەینە ڕوو، تاوەکو بتوانین خۆمان و ماڵ و منداڵمان لەو شەپۆلە گەورە و زیانبەخشە بەدوور بگرین کە بەرێوەیە و ژیان و ماڵ و منداڵی زۆرێک لە تاک و کۆمەڵگاکانی بەرەو ئاقارێکی خراپ بردووە.

ئێمە لەم باسەماندا باس لە سوود و قازانجەکانی تەکنەلۆژیا ناکەین، کە بێگومان خاڵێک لە خاڵەکانی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکان ئەم تەکنەلۆجیایەی ئێستایە کە جیهانی وەک گوندێکی بچووک لێکردووە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئایا ئێمە چۆن دەبێت ئەم تەکنەلۆجیایە بەکاربهێنین تا نەبێتە هۆی لە ناوچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی خۆمان و نەوەکانمان.

بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوون بێت لای هەمووان، باس لە پێناسەی خێزان و ڕۆڵ و ئەرکی لە ئێستا و لە پێش هاتنی ئامێرە تەکنەلۆجیایەکان و پەروەردە و ئەرکی پەروەردە دەکەین، پاشان باس لە تەلەفزیۆن و کاریگەرییە خراپەکانی تەلەفزیۆن و ئامێرەکانی وەک ئایپاد و موبایل و پلەیستەیشن ....، بەدیل و جێگرەوەی تەلەفزیۆن و ئامێرەکانی تر دەکەین.

## خێزان چییە؟

خێزان قەڵغانی خۆپاراستن و ماڵێکی ئارامە بۆ تاک کە لەوێدا چاودێرییەکی مرۆیی و وەڵامێکی ڕاستەوخۆ و خۆشەویستییەکی ڕاست و بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵی دەدۆزێتەوە، کە دامەزراوەکانی تر ناتوانن بە هەمان شێوە قەرەبووی بکەنەوە، چونکە لەناو خێزاندا ڕوخسارێکی مرۆیی و سروشتی و پەیوەندییەکی بەسۆزی تووندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە، وایان لێدەکات کە بەکاری پڕ لە سۆز و خۆشەویستی هەڵسن.(١)

خێزان بریتییە لەو ژینگە سروشتییەی کە منداڵ تێیدا گەشە دەکات، لەمیانیدا ئاشنا دەبێت بە کۆمەڵگای گەورەتر، چەمکەکانی یەکەمی دەربارەی ژیانی لێ وەردەگرێت و پێویستییە سروشتییەکانی جێبەجێ دەبێت تا ئەو کاتەی دەگاتە ئەو قۆناغەی کە تێیدا دەتوانێت ببێتە توخمێکی کاریگەر لە ناوەوە و دەرەوەی خێزان.(٢)

خێزان یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەییە کە

مرۆڤ بە هەڵهێنانی چاوی بە ڕووی ژیاندا تێکەڵی دەبێت، لە ناخی منداڵدا کەسێتی دروست دەکات، وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی و دادەنرێت بە بەرهەم و دەستکەوتێک بۆ هاوسەرگیریی.(٣)

کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ هەن کە کار دەکەنە سەر ژیانی تاکەکان و خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین کە ئەرکەکان ئەمانەن:

١- پەروەردەی جەستەیی و تەندروستی: لەسەر خێزان پێویستە چاودێری و پارێزگاریی منداڵ بکات و پەروەردەیەکی دروستی جەستەیی و تەندروستییان بکات.

٢- پەروەردەکردنی ئاکاری و دەروونی و ویژدانی: خێزان مەرجە لەسەر شێوازی زۆر چاک و گونجاو نەوەکانی ئامادە بکات تاوەکو بتوانێت تۆوی بەها و ڕاستییەکان لە دەروونیاندا بچێنێت کە گونجاو بێت لەگەڵ ویست و خواستی کۆمەڵگەدا و نەوەکانی فێر بکات کە چۆن بیر بکەنەوە و چۆن ڕێز لە بەرامبەر دەگرن.(٤)

٣- ئەرک و بەرپرسیاریتی خێزان لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە: پێویستە هەموو ئەندامانی خێزان بەتایبەتی باوان، لە گۆشەنیگای مرۆڤبوونی منداڵەوە سەیری منداڵ بکەن، منداڵ لە هزرو تێڕوانین و بەرنامە و پلانەکانی ئەواندا پێگەیەکی بەهێزی هەبێت، گشت مافەکانی پارێزراو بێت و دوور بێت لە هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکی جەستەیی و هزری و پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و... هتد.

٤- ئەرکی خێزان لە ڕووی دادپەروەرییەوە: ئەرکی خێزانە کە بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە مامەڵە و ڕەفتار لەگەڵ منداڵاندا بکەن، خۆیان لە هەر جۆرە جەور و ستەم و جیاکاریی نادادپەروەری لە نێوان کوڕان و کچاندا، تەنانەت لە نێوان کوڕ و کوڕ و کچ و کچدا بپارێزن.

٥- ئەرکی و بەرپرسیاریتی خێوان لەڕووی هزری و عەقڵییەوە: پێویستە باوان زۆر گرنگی بە گەشەی هزری و عەقڵی منداڵ بدەن، هانیان بدەن بۆ گەڕان بە دوای زانیارییدا، بۆ ئەوەی لە جیهانبینییەکی فراوان بەهرەمەند بن، لە ڕووی هزری و زمانەوانییەوە توانای ئەوەی هەبێت بەشێوەیەکی کارا گەشە بکات و زانستییانە بیر بکاتەوە و ڕاست و ناڕاست و چاک و خراپەکان بەسوود و بێسوودەکان لەیەک جیابکاتەوە.(٥)

٦- ئەرک و بەرپرسیاریتی خێزان لە ڕووی پەروەردەی ئاینییەوە: خێزان کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە ئاراستەکردنی منداڵ ڕووە و بیروباوەڕەکانی و فێرکردنی پەرستشەکان بۆ نزیکبوونەوە لە بەدیهێنەرەکەی کە (خودا)یە، پێویستە فێری بکات کە چۆن جیاوازی بکات لە نێوان چاک و خراپ و ڕێپێدراو و قەدەغەکراو و پاداشت و سزادا.

٧- پەروەردە سێکسی: پێویستە لەسەر دایک و باوک هۆشیاری بدەنە نەوەکانیان دەربارەی بابەتە سێکسیەکان، ئەو هۆشیارکردنەوەیە لەسەر بنەمای ڕاستی و ڕوونکردنەوەی بابەتەکان بێت، بەبێ پێچ و پەنا و پلەپلە و زانستییانە بێت، وەڵامدانەوەی دایک و باوک لە ئاست توانای تێشگەیشتنی منداڵەکانیشیاندا بێت.

٨- ئەرکی خێزانە شادی و کەیفخۆشی فەراهەم بێنێت: حەوانەوە و لەئامێزگرتنی منداڵ لە ئەستۆی خێزاندایە، پێویستە لەسەریان نەوەکان وا ئاڕاستە بکەن کە چێژ لە کاتە بەتاڵ و بۆشاییەکان وەربگرێت، لەسەر بنەمای سوود و قازانج بۆ کۆمەڵگاکەیان.

٩- ئەرکی خێزان لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەریدا: خێزان هەڵدەستێ بە پرۆسەی ڕەنگرێژی و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی گەشەدان بە گیانی خۆشەویستی نیشتیمان و پارێزگاریکردن لە ستەم و داب و نەریت و عورفەکان.(٦)

پێشتر باسی خێزان و ئەرک و بەرپرسیاریتی

خێزانمان کرد، بەپێویستی دەزانین کە باس لە پەروەردەش بکەین، بزانین پەروەردە چییە و ئەرکەکانی چین؟

پەروەردە: پەروەردە بە کردەوە یان پرۆسەیەک دەوترێت کە لەو ڕێگایەوە زانست، لێزانی، لێهاتوویی، چۆنێتی هەڵسوکەوت یان ئاکاری شیاو فێری تاک بکرێت.(٧)

سبنسر دەڵێت: پەروەردە بریتییە لە سازو ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ گشت قۆناغەکانی ژیان. جۆن دیوی دەڵێت: پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کارامەییەکان، بەمەبەستی فراوانکردن و قووڵکردنی ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی. د. شبل بەدران دەڵێت: پەروەردە پرۆسەیەکە تاکەکان لەو ڕێگەیەوە هەم فێری ڕۆشنبیری، هەم فێری واتا و چەمکی بەها ڕەوشتییەکان و ڕەوشتە دەروونییەکان و یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی و ... هتد دەبن، ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی تاکەوە دەبێت لەگەڵ ئەندامانی خێزانی و خزم و کەسانی و هاوسێیانی و هاوڕێیانی، ئەم پەیوەندییەش زەمینە خۆش دەکات تاکو تاک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بتوانێ خۆی لەگەڵ بەها و ڕەوشت و دابونەریتەکان بگونجێنێت. یان زانای فەڕەنسی (ئامیل دۆرکایم) دەڵێت: پەروەردە ئەو کارتێکردنانەیە کە وەچە بەتەمەنەکان لەسەر ئەو وەچانە پەیڕەوی دەکەن، کە هێشتا شیاوی ژیانی کۆمەڵایەتی نین بۆ ئەوەی توانای فیزیکی و ئەقڵییەکانیان گەشە و نەشونما بکات و بنەما ڕەوشتییەکانیان لە خۆیاندا بەرجەستە بکەن.(٨)

بۆیە پێویستە ئەرکی پەروەردە تێبگەین کە بریتییە لە:

١. گواستنەوەی شێوازە ڕەفتارییەکان بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگا.

٢. گواستنەوەی کەلەپووری کەلتووری لە نەوەکانی پێشووەوە بۆ نەوەکانی دواتر.

٣. پێدانی ئەزموونی کۆمەڵایەتی بە تاکە کەس کە بریتییە لە بەها و بیروباوەڕ و ستەم و دابونەریت و ڕەفتاری ئەو کۆمەڵگایەی کە تاکەکان تێیدا دەژین.

٤. ڕۆشنبیر کردنی تاک بە زانیارییە هاوچەرخەکان کە بوونەتە شەپۆل و شۆڕشێک بە ڕووی ژیانی ئەزموونی کۆمەڵگادا.(٩)

## کاریگەریی ئامێرە تەکنەلۆجییەکان لەسەر مرۆڤ بەتایبەتی منداڵ:

لە ماڵی هەریەکێکماندا ئامێرێکی (تەلەفزیۆن، موبایل، ئایپاد، کۆمپیوتەر، پلەیستەیشن...هتد) هەیە، کە ڕۆڵێکی زیاد لە ئاستی خۆی لە ژیانی هەمووماندا دەگێڕێت و بەردەوام کار دەکات، ئەو کاتانەی کە خۆمان سەرقاڵ کردووە بەو ئامێرانەوە، ئەوەندە کاتمان تەرخان نەکردووە بۆ منداڵەکانمان، بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان، بۆ سەردانی نەخۆش و کەس و کار و خزم و دۆستەکانمان، وردە وردە و بە پەنهانی تەواوی ژیانمانی وێران کردووە، هەرگیز وەک هۆکارێکی وێرانکەریش سەیری ناکەین و نایبینین، ئەو ئامێرەش بە پلەی یەکەم تەلەفزیۆنە و لە ساڵانی وەک ١٩٦٠ تا ٢٠٠٠ بەزۆری هەر ئامێری تەلەفزیۆن کاریگەریی هەبوو لەسەرمان، بەڵام ئێستا ئامێرە تازەکانی تەکنەلۆجیا وەک موبایل و ئینتەرنێت و ئایپاد و هاوشێوەکانی کاریگەریی گەورە و گرنگی لەسەر ژیانی یەک بەیەک و خێزان بە خێزانی کۆمەڵگاکەمان بەجێهێشتووە، کە ناتوانین فەرامۆشی بکەین و بە سادەیی و بەبێ بەرنامە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئامێرانەدا بکەین.

## ڕۆڵی خێزان لە پێش هاتنی ئامێرەکاندا بەتایبەتی تەلەفزیۆن:

لەپێش هاتنی ئامێرەکاندا دەبینین دایک و باوک و منداڵ پەیوەندییەکی تۆکمە و توندو تۆڵیان

هەبوو، چاودێرییان دەکردن، ڕایان دەهێنان کە چۆن بە تەنیا یاری بکەن و تێکەڵاوی منداڵانی تر بین، ئاگایان لە گەشەی منداڵەکانیان بوو، هانی ئەندامانی خێزان و منداڵ دەدرا کە چۆن چێژ لە کاتەکانی ژیانیان وەربگرن و چۆن سەردانی و هاموشۆی یەکتر بکەن و بە تەنگ کێشە و گرفتەکانی یەکترەوە بن.

هەموومان ئەو ڕاستییە باش دەزانین کە لە ساڵانی ١٩٩٠، پێش ئەو ساڵانەش کە چۆن کەسایەتی، خزمایەتی، تۆکمە و بەپیرەوەهاتنی یەکتر هەبوو. چۆن دراوسێ سەردانی ماڵە دراوسێکانی دەکرد و تێکەڵاوی و دۆستایەتیان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، لای زۆرێک لە خێزانەکان لە سەرەتای ساڵەکانی تەمەنی منداڵدا ئامێرەکان و بەتایبەت تەلەفزیۆن و موبایل و ئایپاد وەک دایەنی منداڵ بەکاردەهێنرێن لەناو ماڵەکاندا، لەبەرئەوەی دایک و باوک وایدەبینن کە خۆ خەریککردن بەو ئامێرانەوە بێ کێشە وگرفتە و سەلامەتە بۆ منداڵەکانی، سەیرکردنی و سەرقاڵبوونی بەو ئامێرانەوە بە بەراورد بە یارییەکانی تر بە سەلامەتتر دەبینرێت، بە مەترسی نازانرێت بۆ منداڵ، دایک و باوکیشی تورە ناکەن، بۆیە پێش هاتنی ئەم ئامێرانە منداڵ پەرەی بە ئارەزووەکانی خۆی دەدات و هەوڵی دۆزینەوەی شتی نوێی دەدات، ئەگەر بێزار بوایە ئەوا لە ڕێگەی یاری کردنەوە تا شوێنکەوتنی ئارەزووکانی، ئەوا ئەو بێزاری نەئەهێڵا، بۆیە گەر وردتر سەیر بکەین، پێش هاتنی ئەم ئامێرانە هەندێک لەو کێشە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دەروونییانەی کە لە ئێستادا هەن لە پێشتردا بونیان نەبوو، یان زۆر کەم بووە، بۆ نموونە لە ئێستادا ئەو ڕێژە زۆرەی خۆکوشتن کە لە هەردوو ڕەگەز زیادی کردووە، کەسانی وا هەن ڕاستەوخۆ بە لایف و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆی دەکوژێت، یان زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و نەخۆشییە دەروونییەکان و خەمۆکی و چەندەها کێشەی تر کە زۆربەیان و پێش هاتنی ئەم ئامێرانە بونیان زۆر کەم بووە.(١٠)

لە وڵاتی ئەڵمانیا، لە شاری هامبۆرگ، ڕۆژی شەممە بەرواری ٢٠١٨/٩/٨ لەسەر داوای منداڵێکی حەوت ساڵ بە ناوی (ئیمیلی ڕۆستیج)، چەندەها منداڵی تر لەگەڵیدا هاتنە سەر جادە و خۆپیشاندانێکیان کرد بە ناونیشانی (موبایلە زیرەکەکانتان لابەرن، یاری لەگەڵ ئێمەدا بکەن)، داوایان لە حکومەتی ئەڵمانیا کرد کە یاسایەک دەربکات کە دایک و باوکان لە ماڵەوە گرنگی لە منداڵەکانیان بدەن و یارییان لەگەڵ بکەن نەک وازیان لێبێنن و خەریک بن بە موبایلەکانیان، ئایا دەبێت لای خۆمان ئێستا چەند باوک دایک هەبن کەوا بەردەوام خەریکی مۆبایلەکانیان یان خەریکی ئەڵقەی تورکی و ئێرانی و عەرەبی و هیندی.... بن، بۆیە دەتوانین بڵێین پێش هاتنی ئەم ئامێرانە خێزان و بەتایبەتی منداڵ هەستی بە ئارامی ڕۆح و گرنگی پێدانیان دەکرد لە خێزاندا وەک لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا.(١١)

## کاریگەری خراپ و نەرێنییەکانی ئامێرە پێشکەوتووەکان لەسەرمان

(موبایل، تەلەفزیۆن، ئایپاد، یاری فیدیۆیی، ئەنتەرنێت، فەیسبوک، پلەیستەیشتن..)

ئەو منداڵەی لەمڕۆدا لەدایک دەبێت ناوەکەی دەبێت بە هەژدە ساڵ، کاتەکەی خۆی زۆرتر لە هەر چالاکییەکی تر جگە لە خەوتن بە دیار تەلەفزیۆن و موبایل و ئایپادەوە خەریک دەکات، ئاشکرایە ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی کە تاکەکان تیایدا سەرقاڵی تەلەفزیۆن و موبایل و ئامێرەکانن ئەوا کەمتر گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و گرفتە خێزانی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو خێزان دەدەن.

توێژینەوەیەک لە نێوان ئەو کەسانەی تەلەفزیۆنیان هەیە و ئەو کەسانەی کە نییانە ئەنجام دراوەو یانزە وڵاتی لەخۆگرتووە، وەک

ئەمریکا و هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتی پیرۆدا، و کاریگەریی سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەسەر ژیانی رۆژانەی کەسەکان دەرکەوتووە، داوایان لێکراوە کە تێکرای چالاکی رۆژانەی ٢٤ کاتژمێرییان پێرەستی بکەن، لە تێکرای وڵاتەکاندا ئەو کەسانەی کە خاوەن تەلەفزیۆن بوون کاتێکی کەمتریان لە چالاکییەکانە سەردانیکردنی کەسوکار و دۆست و برادەران و گفتوگۆ و قسەکردن و ئەرکەکانی ماڵەوە و نووستندا بەسەربردووە.(١٢)

ئەگەر ئێمە باس لە زیانەکانی موبایل و تەلەفزیۆن و ئامێرە پێشکەوتووەکان بکەین بە وردی، ئەوا پێویستمان بە چەندین کتێب و توێژینەوە دەبێت، تاوەکو ئەو زەرەر و زیانانەی کە هەیەتی روونی بکەینەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا بەشێوەیەکی زۆر کورت باس لە زەرەر و زیانەکان دەکەین، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر تاک بە تاکی کۆمەڵگا منداڵان و نەوەکانمان، بەتایبەت کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١ـ مێشک بە خێرایی گەشە دەکات: لە کاتی لەدایکبوونی منداڵ تا تەمەنی دەگاتە دوو ساڵ، سێ ئەوەندەی یەکەم رۆژی لەدایکبوونی، ئەوا مێشک زیاد دەکات و ئەو زیادبوون و گەشەکردنەی تا تەمەنی ٢١ ساڵی بەردەوام دەبێ، بۆیە بەپێی ئەو توێژینەوانەی ئەکادیمیای ئەمریکی پزیشکی منداڵان و کۆمەڵەی کەنەدی پزیشکی منداڵان ئاماژەیان پێکردووە نابێت منداڵان تا تەمەنی دوو ساڵ بە هیچ جۆرێک ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بە مۆبایل و تەلەفزیۆن و... هتد، بەکاربهێنن، لە تەمەنی ٣ ساڵی تا ٥ ساڵی نابێت لە یەک سەعات زیاتر بێت و لە تەمەنی ٦ ـ ١٣ ساڵ لە شەوورۆژێکدا لە دوو سەعات زیاتر بێت.(١٣) بۆیە ئەو ماوەیەی بە دیار شاشەی زیرەکەوە و بەتایبەت تەلەفزیۆن و ئایپاد و موبایل بەسەری دەبات چەند کورت بێ، ئەوا زیانر کەمترە لەسەر گەشەی دەروونی و عەقڵی منداڵ، چونکە لەو ماوەیەدا پرۆسەی بیرکردنەوە کە فەرمانێکی مێشکە ڕوو نادات، تەنها چاو و گوێ کار دەکەن و وێڵن بە دوای بزاف و جموجوڵ و ڕووداوەکانی نێو بەرنامەکە، ئەگەر فلیم کارتۆن بێت یان بەرنامەی منداڵان، گۆرانی بێت یان هەر شتێکی تر بێت، ئەوا بیرنەکردنەوەی منداڵ لەو ساتەوەختەدا لەبەرئەوەیە ئەو بزاف و جموجوڵانە لە بندەستی منداڵەکەدا نییە لێی حاڵی بێت، تەنها فریای ئەوە دەکەوێت تا بزانێت ڕووداوەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات و چاوەکانی دوای بکەوێت لەو کاتەشدا ناوبڕێک یان کاتی بەرنامەکەیان گۆرانییەکە تەواو دەبێت و تووشی سەدمەیەک دەبێت و ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکات کە چالاکییەکە کۆتایی هاتووە، چونکە ئەو بە هەموو گیانییەوە لە جیهانی دەرەوە دابڕاوە و تەنها بە دوای جموجوڵی ئەو شاشەوەیە کە دەیبینێ، ڕەنگە دایک و باوک نەزانن ئاکامی سەیرکردنیان و سەرقاڵ بوونیان بۆ ئایندەی ئەو منداڵە چی دەبێت؟ تا ئەو ماوەیەش زۆرتر بێت کار لە بەستەڵەکی بیرکردنەوەی دەکات و چاو و گوێ زیاتر ماندوو دەبن و لە جیهانی دەرەوە ئەپچڕێن و دوور دەبن لەو پەیوەندییانەی کە دەبێت لەگەڵ منداڵی هاوتەمەنی خۆیدا هەیبێت و لایەنی کۆمەڵایەتی فەرامۆش دەبێت، پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان وەک هاوکاری و ڕکابەری و گەشەدان بە تواناکان، هزرە جۆراو جۆرەکان لەدەست دەدات و منداڵ ئەگەر هەڵی بیرکردنەوەی کەمتر بوو، ئەو توانای چارەسەرکردنی سادەترین کێشە و گرفتەکانی خۆی نابێت.(١٤)

٢ـ دواکەوتن لە خوێندن: بەکارهێنانی ئامێرە پێشکەوتووەکان لە تەمەنێکی زووی منداڵدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵە لە خوێندن دوابکەوێ و کەسانی لێهاتوو و زیرەکیان تێدا بە کەمی دروست ببێت، یان هەر نەبێت، بۆیە لە کۆی سێ منداڵ لە ئەمریکادا ئەوا منداڵێک لە خوێندندا لە دواوەیە بە هۆی زۆر بەکارهێنانی موبایل و ئایپاد.... هتدەوە، لە تەمەنێکی منداڵیدا، بۆیە منداڵ لە ئێستادا لە

قۆناغەکانی خوێندن لە دواوەن، یان دەبینین و دەبیستین کە منداڵانمان زۆر لاوازن لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، یەکێک لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی منداڵ و نەوەکانمان کاتێکی زۆریان بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و ئایپاد و موبایل پلەیستەیشن و یارییە ئەلەکترۆنییەکانەوە خەریک کردووە، کە یەکێک لە سیفەتەکانی ئەو جۆرە یاریيانە بریتییە لە بەردەوام بوون لەسەری و خووپێوەگرتنی کەوا لەو کەسە دەکات زۆربەی کاتەکانی ژیانی بە موبایلەوە خەریک بێت و دوور بێت لەو ئەرکە فێرکاری و پەروەردەیی و زانستییەی لەسەریەتی.

٣- هۆکارێکە بۆ قەڵەوی: توێژینەوەیەک کە لە وڵاتی کەنەدا ئەنجامدراوە، ئاماژە بەوە دەدات کە لە چوار منداڵی کەنەدی یەکێکیان ئەناڵێنێت بەدەست قەڵەوییەوە، بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە، کە وا دەکات منداڵ و گەورە، زیاتر کاتەکانیان بە ئامێرەکانەوە بەسەر بەرن، نەک چالاکی تر، بۆ نموونە منداڵان پێش ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر بەردەوام لە کۆڵاندا خەریکی یاری جەستەیی و هزری و چالاکی بەردەوام بوون، کە سەرجەم ئەو توانایەی کە لە منداڵاندا بوونی هەیە لە یاری کردندا بەسەری دەبرد، بۆیە منداڵ و تەنانەت کەسە گەورەکانی ئەو کاتە، تەندروستییان باشتر بوو و نەخۆشیی کەمتر بوو، بەڵام لە ئێستادا دەبینین نەخۆشی زیاترە و قەڵەوی کە هۆکارێکە بۆ چەندین نەخۆشی وەک نەخۆشی شەکرە و دڵ و چەندەها نەخۆشی تر.

٤- کاریگەری خراپ لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا بەجێهێشتووە، بەتایبەتی منداڵ کە ئامێرەکان بوونەتە هۆی وێرانکردنی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان، چونکە کەسێکی ناچالاک و کەمدووی لێ دروست کردوون، تا ئەو کاتەی تەلەفزیۆن یان ئایپاد و موبایلەکەی لێوەرنەگرێت و لێی نەکوژێنێتەوە هیچ جۆرە وزە و قسەیەک ناکات.

٥- ئارەزوویان بۆ شەڕانگێزی: ئەو فلیم و ئەفلام کارتۆن و زنجیرە فلیمانەی پێشکەشی بینەران دەکرێت، بەتایبەتی لە کوردستان بەبێ هیچ پێوەرێکی زانستی و پەروەردەیی و ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێت، ئێمەی بینەر بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک خۆمان و ماڵ و منداڵمان دادەنیشین بە دیار هەواڵ و بەرنامەکانەوە، کە خۆیان لە چەندین دیمەن و فلیمی شەڕئامێز و کوشتن و تەقینەوە و پیاوکوشتن و شەڕە شمشێر و مادەی موخەدیرات و تاوان و دز و پۆلیس و لادان لە ئاکارە جوانەکانی کۆمەڵگای کوردی و ئاینی دەبینێتەوە، چەندین توێژینەوە باسیان لەوە کردووە کە ئامێرەکان کاریگەری زۆر خراپ لەسەر منداڵەکان بەجێ دەهێڵێت و ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگا دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، چونکە گەورەکان توانایان هەیە کە ڕاستی و ئەفسانە لێک جیابکەنەوە، یان خراپ و باشی لێک جیا بکەنەوە، بەڵام ناتوانن چونکە منداڵان هەستیارن بەو شتانەی دەبینن و دەبیستن بڕوا دەکەن قبوڵی دەکەن و ئامادەییان هەیە کە خۆیان وەک کەسایەتییە خۆشەویست و بەهێزەکانی تەلەفزیۆن دەربهێنن و بەتێپەڕبوونی کات خاڵی تێڕوانینی پۆزەتیف و نێگەتیفانەی ئەوان وەردەگرن وەک ئەوان مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکەن.(١٥)

٦- ئالوودەبوون (ئیدمان): یەکێک لەو خاسیەتانەی ئەم ئامێرە ئەلیکترۆنییانە بەجێی دەهێڵن بەسەر تاکەکانەوە بریتییە لە ئالوودەبوونیان بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن یان موبایل و سایتە کۆمەڵایەتییەکان، یان فەیسبووک و سناب چات و ئەنیستاگرام و تویتەر و یوتیوب و پلەیستەیشن و یارییە ئەنتەرنێتییەکان... هتد، کە وای لە کەسەکان کردووە لەزەت و ژیان خۆشی و تامی ژیانی لێ تێکداوین تەنانەت لە کاتی چوونمان بۆ سەردانی نەخۆش و بۆنە هەر خەریکی موبایل یان سەیرکردنی تەلەفزیۆن و هەواڵ و

یاری تۆپتۆپێنن، کە ڕەنگە هەریەکەمان چەندەها نموونەی زیندوو لە نێو خۆماندا بوونی هەبێت، ئەم نموونەیان با بۆ بگێڕمەوە، ئەندازیارێکی هاوڕێم وتی لای خاوەن کۆمپانیایەکی وەبەرهێنان کارم دەکرد، خاوەن کۆمپانیاکە بەردەوام خەریکی تەلەفون و وەڵامدانەوەی تەلەفون بوو، تەنانەت زۆرجار لە کاتی چوونی بۆ W.C موبایلی بەکاردەهێنا، کە ئەهاتە دەرە بەدەستێکی موبایل و بە دەستەکەی تری دەستی دەشۆرد، پاشان مۆبایلەکەی دەخستە دەستەکەی تری لەگەڵ ڕێزم بۆ خاوەن وەبەرهێنەکان، بەڵام ئەمە ڕاستییە کە زۆرێکمان بەهۆی خوگرتنمان بە تەلەفزیۆن و بەرنامە و زنجیرە فلیمەکانەوە وازمان لە چەندین ئەرکی کۆمەڵایەتی وز کلتووری و ئاینی هێنابێت.

٧- زۆربوونی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان: یەکێک لەو کۆمەڵگەی کوردیدا کە لە دوای هاتنی موبایل و ئەنتەرنێت و سایتە کۆمەڵایەتیەکانەوە دروست بوو بریتی بوو لە زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، وەک زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق بە هۆی خیانەتی زەوجییەوە، یان زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتن کە گەیشتووەتە ڕادەیەک کە لەم ماوەیەدا کەسێک لە شاری کۆیەوە ڕاستەوخۆ و بە لایف خۆی کوشت، یان کەم ڕۆژ هەیە نەبیستین کە ئافرەتان دەبنە قوربانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئەنجامدا پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن یان دەیانکوژن، جگە لەوەی کە دایک و باوکان بە هۆی سەرقاڵییان بە تەلەفزیۆن و موبایلەکانیانەوە ئاگایان لە منداڵ و نەوەکانیان نەماوە و لە ڕووی سۆز و خۆشەویست و سەرجەم ئەو ئەرکە پەروەردەییانەی کە لەپێشتر باسمان کرد ئیهمالیان کردوون کە پەروەردە چییە و چۆنە و ئەرکەکەی چییە؟ بۆیە پێویستە لەسەر باوان کە بەخۆداچوونەوە بکەین بە خۆمان و ماڵ و منداڵمان تاوەکو خۆمان و خێزان و ماڵ و منداڵمان نەکەوینە بەرلێشاوی ئەو زیان و گرفتانەی کە ژیانمان لێ تاڵ بکەن، سنوورێک بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆن و موبایل و ئایپاد و ... هتد دابنێین، خۆمان خەریک بکەین بە بابەتە پەروەردەیی و زانستییەکانەوە.

٨- کاریگەریی ئەو تیشکانەی لەو ئامێرانەوە دەردەچن: پێویستە هەموومان ئەو بزانین کە سەرجەم ئامێرە زیرەکەکان جۆرێک تیشک دەدەنەوە کە ئەم تیشکانە کار دەکەنە سەر جەستە و چاوی مرۆڤەکان و کاریگەریی لەسەر ئەو کەسە بەجێ دەهێڵێت، بۆیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان جۆرە پێوانەیەکیان بۆ سەرجەم جیهازەکان داناوە کە پێی دەوترێت پێوانەی (SAR) کە لە ئەورووپادا نابێت ڕێژەی تیشکەکانی لە (٢،٠) زیاتر بێت، یان لە ئەمریکادا نابێت لە (١،٦) زیاتر بێت، بۆ نموونە ئایفۆنی ٥ ڕێژەکەی ٠.٩٠، تابلێتی گوگڵX٧ ڕێژەکەی ١.٣٦، یان سامسۆنگی ١٠.١ ڕێژەکەی ١.١، بۆیە کۆمپانیایەکی وەک ئەپڵ لە سایتە ڕەسمییەکەی بە ٣٣ زمان ڕێژەی سەرجەم جیهازەکانی نووسیوە تا بەکارهێنەرانی بزانن ڕێژەی تیشکدانەوەکەی چەندە لەسەریان، بۆیە پێویستە ئێمەی بەکارهێنەری ئامێرەکان وردببینەوە و جۆرە جیهاز و موبایل و ئایپادێک نەکڕین، کە ڕێژەکەی ١.٦ یان ٢.٠ زیاتر بێت، چونکە هۆکارێکە بۆ دروستبوونی سەرەتان لەلایەن بەکارهێنەرەکانییەوە، ئەو تیشکانەش کاریگەری خراپ دەکەنە سەر چاو و گلێنەی چاو کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی چاو، کە چاوی بەکارهێنەران کز دەبێت، کە هەندێک جار بەرەو لەناوچوون دەچێت، بۆیە پێویستە لە کاتی بەکارهێنانیدا عەینەک یان فلتەری تایبەت بە تیشک هەیە بەکاری بهێنین.(١٦)

### بەدیلەکانی ئامێرە زیرەکەکان:

ئێمە وەک تاکێک کە لەناو خێزانیدا ژیان بەسەر دەبەین و ڕۆژانە و زۆربەی کاتەکانمان بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و بەکارهێنانی موبایل و .... هتد خەریک کردووە، دەتوانین بڕیار بدەین خۆمان

به چەندین کارو چالاکی و سەردانیکردنەوە خەریک بکەین وەک بەدیلێک بۆ ئەو ئامێرە زیرەکانە، کە چەندین پێشنیار و بەرنامە هەیە تاوەک بەدیلێک بەکاری بهێنین لە ژیانی رۆژانەماندا، کە ئەم بەدیلانە بۆ دایک و باوک و منداڵ و خێزان و هەموو کەسێک دەتوانێ جێبەجێی بکات، ئەمانەن:

١ـ هەوڵ بدە خۆت فێری زمانێکی تر بکە، رۆژانە زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بخوێنەرەوە و بەشداری خولی فێربوونی زمان ببە.

٢ـ سەردانی کتێبخانە گشتییەکان بکە و کتێبێک بخوازە و بیخوێنەرەوە.

٣ـ سەردانی مۆزەخانە و باخچەی ئاژەڵان بکە.

٤ـ خۆت و ماڵ و منداڵت فێری مەلەکردن بکە و هەوڵ بدە بیانبەیت بۆ مەلەوانگە و شوێنی مەلەکردن.

٥ـ پیاسە بکە و وەرزش بکە، یان پاسکیل لێبخورە.

٦ـ لە رێکخراوێک یان دەزگایەک کاری خۆبەخشی بکە.

٧ـ گوڵ یان سەوزە بچێنە.

٨ـ شەترەنج بکە.

٩ـ بیرەوەرییەکانت بنووسەرەوە.

١٠ـ سەردانی پارکەکان و شوێنە سەوزاییەکان بکە.

١١ـ لێکۆڵینەوە لە مێژووی بنەماڵەکەتان بکە.

١٢ـ فێری کاری دەستی ببە و هەوڵ بدە شتی ناوازە دروست بکەیت.

١٣ـ لە شەواندا دووربین بێنەو سەیری ئەستێرەکان بکە و چاودێری مانگ بکە و لەسەر ئەستێرەناسی بخوێنەرەوە.

١٤ـ کولیچە و کاری هەویر بکە و بیدە بە خوشک و برا و دراوسێکانت با زیاتر لێک نزیک ببنەوە و خۆشەویست ببن.

١٥ـ یاری تۆپی پێ بکە و وەرزش بکە.

١٦ـ مرەبا و ماست دروست بکە.

١٧ـ فێری شۆفێری ببە.

١٨ـ جلوبەرگەکانت بەدەست بشۆ.

١٩ـ لەگەڵ هاورێ و خێزانەکەتدا خواردن دروست بکە.

٢٠ـ ژوورەکە و ماڵەکەتان پاک بکەنەوە.

٢١ـ گەشتی خێزانی بکەن و سەردانی کەسوکار و دراوسێ و هاورێکانت بکە.

٢٢ـ چایەک لە باخچەی ماڵەوە دروست بکە و بیخۆنەوە.

٢٣ـ یارییە کوردەوارییەکانی وەک شاردنەوەی شت (کلاوکلاوێنە) و چەندین یاری کوردەواری تر کە پێی ئاشنای بیکە لەگەڵ منداڵ و خانەوادەکەتدا.

٢٤ـ سەردانی لادێ بکە و مەڕو ماڵات بدۆشە و کەمێک لە کارو فەرمانەکانی ئەوان بکەو یارمەتیان بدە.

٢٥ـ هەوڵبدە ژمارە یەک تا ژمارە ١٠ بە چەند زمانێک لەگەڵ مانگ و رۆژەکانی هەفتە فێر ببە.

٢٦ـ سەیری خۆرهەڵهاتن و خۆرئاوابوون بکە.

٢٧ـ یاری ژماردنی پەراسووەکانی منداڵ لەگەڵ منداڵەکەتدا بکە یان یاری هەلوربلور بکە لەگەڵ منداڵەکەتدا.

٢٨ـ دەتوانیت ئەو یارییە بکەیت بە منداڵەکانت بڵێت کەوا من لەم ژوورەدا شتێک دەبینم ئێوە بزانم دەیبینن وەک رەنگێکی سوور، چونکە منداڵەکە دەگەرێت بزانێت چ شتێک لە چواردەوریدا رەنگی سوورە، کە زانی، دەست خۆشی لێ بکە و با سەرەی ئەو بێت رەنگێک یان شتێک دەستنیشان بکات.

٢٩ـ پێکەوە دایم هەوڵ بدە نانی بەیانی یان نانی نیوەرۆ و ئێوارە سەرجەمتان بە جەماعی نان بخۆن لەسەر یەک سفرە، قسەی خۆش و چیرۆک بگێرنەوە و باس لە کێشە و گرفتەکانی ئەو رۆژە بکەن پێکەوە.

چالاکی و پێشنیازەکان زۆر زۆرن کە دەکرێت وەک بەدیلێک بۆ بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکان بەکاریان بهێنین و خۆمان پێوە سەرقاڵ بکەین.

## پەراوێزەکان:


١ـ د. معين خليل، و: ئارام ئەمین جەلال، کۆمەڵناسی خێزان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، ل١٢ـ ١٣.

٢ـ محمد شريف الصواف، و: نەوا محمد سعيد، پەروەردەی منداڵ و هەرزەکاران لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلام، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، ٢٠١٦، ل١٤.

٣ـ د. ابراهيم ناصر، دانا نادر محمد، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، چاپخانەی چوارچرا (چاپی یەکەم) ٢٠١٣، ل٦١.

٤ـ هەمان سەرچاوە، ل٦٦.

٥ـ محمد صالح پێندرۆیی (جگەرسۆز)، ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ٢٠١٥، ل١٥٧ ـ ١٥٨، ١٧٤.

٦ـ سەرچاوەی پێشتر، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، ل٦٥ـ ٦٦.

٧ـ برۆس کۆهێن، و. چەکۆ ئەحمەدی، بنەماکانی کۆمەڵناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم ٢٠١٤، ل٢٢٥.

٨ـ سەرچاوەی پێشووتر، ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابیدا، ل٨ ـ ١١.

٩ـ سەرچاوەی پێشتر، ابراهيم ناصر، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، ل٣٩.

١٠ـ د. هیشام تالیب و آخرون، و: د. بێخاڵ لەتیف محیّدین و ئەوانی تر، پەیوەندییەکانی دایباب و منداڵ، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری، چاپی یەکەم ٢٠١٧، ل٥٥٥ـ ٥٥٩.

١١ـ کەناڵی D.Wی عەرەبی بەناونیشانی (ألعبا معی ولیس بعواطفکم الذکیة). www.dw.com یان www.euro-times.com

١٢ـ ئەنتۆنی گیدز، و: حەسەن ئەحمەد مستەفا، کۆمەڵناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٢، ل٥٨٢.

١٣ـ مدير المدونة بتأريخ ٢٠ مايو ٢٠١٧. www.iphoneislam.com

١٤ـ کەمال فاروق نصرالدین، سایکۆلۆژیای منداڵ بۆ دایک و باوک، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون، چاپی یەکەم، ٢٠١٥، ل٩٩ـ ١٠٠.

١٥ـ د. گاربر، و: شەیدا سەلاح، چۆن لەگەڵ منداڵەکەمدا ڕەفتار بکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی قانع، چاپی یەکەم ٢٠٠٢، ل١١١.

١٦ـ بن سامی بتأريخ ١٧ أغسطس ٢٠١٣، w.iphoneislam.com

# ئەو چوار نێعمەتە مرۆییەی کە پێویستە لە خێزانی پێشەنگدا هەبن






**هەستیار عەلی سەعید**

ڕێنمایکاریی دەروونی

**یەکەم دەستپێشخەربە:**

دەستپێشخەری بریتییە لە توانای رەفتارکردن لەسەر بناغەی پرنسیپ و بەهاکان، لە جیاتی کاردانەوە لەسەر بناغەی هەست و بارودۆخەکە، توانای ئەنجامدانی ئەمکارە دەرئەنجامی برەوپێدان و بەکارهێنانی چوار نێعمەتە بێ هاوتاکەی مرۆڤە کە گیانلەبەرەکانی دیکە نیانە (لێ ی محرومن).

بۆ ئەوەی تێبگەیت ئەو چوار نیعمەتە چین، رێگەم بدە چیرۆکی ئەودایکەت بۆ بگێرمەوە کە چۆن بە تەنیا باڵی توانیویتی لە خێزانەکەیدا ببێتە هۆکاری گۆرانکاریی، دایکەکە دەڵێت:

«سالەهای ساڵ بوو من لەگەڵ منالەکانمدا هەمیشە شەرِم دەکرد، ئەوانیش هەمیشە لە ناوخۆیاندا شەرِیان دەبوو، بەردەوام حەکەمێتیم دەکرد و لۆمەم دەکردن و تۆمەتبارم دەکردن. ماڵەکەمان پربوو لە ناکۆکی، دەشمزانی کە ئەو بێزارییە بەردەوامەم زیان دەگەیەنێت بە رێز لە خۆگرتنی منالەکانم.

جارلە دوای جار هەوڵم دەدا بگۆرِێم « بەلاَم دەگەرِامەوە سەر هەڵسوکەوتێکی نەرێنی. دۆخەکە بەگشتی وای لێکردم رقم لە خۆم هەستێت، ئەو رقەشم بە منالەکانم برێژم، ئەمە وای لێدەکردم زیاتر هەست بەتاوان وخەتا بکەم، هەستم کرد بە لوولپێچێکی ترسناکدا دەخرێمە خوارەوە کە سەرەتاکەی هی سەردەمی منالێمە» ئەو سەردەمەی کە نەم توانیووە لە ئاستیدا هیچ بکەم. دەمزانی پێویستە شتێک بکەم «بەلاَم نەمدەزانی ئەو شتە چییە».

سەرەنجام بریارمدا گیروگرفتەکانم بکەمە بابەتی بیرکردنەوەیەکی بەردەوام وبابەتی چاکسازی و میانرِەویی،وهەروەها هی دوعاو نزاو نوێژێکی تایبەت و جدی، وردە وردە دوو تێروانینم سەبارەت بەپاڵ نەرە راستەقینەکانی رەفتارە نەرەنی و قەیراناویەکانم بۆ دروست بوو.

یەکەم: «بەئاشکراتر دەمبینی کە ئەزموونەکانی سەردەمی منالێم چۆن کاریان کردۆتە سەر رەفتارو هەڵوێستم. وردە وردە شوێنی برینە سایکۆلۆجیەکانی سەردەمی پێگەیشتنم دەبینی. ماڵەکەی سەردەمی منالێم لە هەموو روویەکەوە تێک شکابوو بیرم نایەت رۆژێک لە رۆژان دایک و باوکم باسی کێشە و جیاوازیەکانیان کردبێت، یان خەریکی دەمەدەمێ و شەرِ بوون «یاخود بێ دەنگییان هەڵدەبژارد و هەریەکەیان رێگە سەربەخۆکەی خۆی دەگرتەبەر. هەندێکجار ئەمە چەند رۆژێکی دەخایاند. سەرئەنجام هاوسەرگیرییەکەیان بە لێکجیابونەوە کۆتای هات. لەبەر ئەوە کە ناچار دەبووم رووبەرووی هەمان مەسەلەو کێشە لەگەڵ خێزانەکەی خۆمدا ببمەوە، نەمدەزانی چی بکەم، هیچ نموونەو مۆدێلێکم نەبوو چاوی لێ بکەم. لە بری ئەوەی نموونەیەک بدۆزمەوە «یان خۆم لە خودی خۆمەوە دایبهێنم «دەچوم هەموو ترس و سەرلێشێواییەکانی خۆمم بە منالەکانم دەرشت، بەمجۆرە وام لێهات بەهەمان شێوە رەفتار لەگەڵ منالەکانمدا بکەم کە دایک و باوکم لەگەڵ مندا دەیانکرد، هەرچەندە زۆر زۆریشم پێ ناخۆش بوو.

**دووەم**

«تێروانینی دووەم کە بەدەستم هێنا ئەوە بوو کە تێگەیشتم من دەمەوێت لە رێی هەڵسوکەوتی منالەکانمەوە ئافەرینی کۆمەڵ بەدەست بهێنم. دەمویست خەڵک خۆشیان بوێم لەبەر رەفتاری باشی منالەکانم، هەمیشە دەترسام کە لە بری بەدەستهێنانی ئەو ئافەرینە ، رەفتاری منالەکانم رووزەردم بکەن، بەهۆی نەبوونی متمانە بە منالەکانم ، ناچار بووم پەنا ببەمە جۆرە هەڵسان ودانیشتنێک کە خۆم دەمەوێت.. بەلاَم وردە وردە بۆم دەرکەوت ئەم ئارەزووە زۆرەی من بۆ سوپاس وئافەرین دەبێتە مایەی ئەوەی منالەکانم گەشەنەکەن و بەرپرسیاریەتی نەگرنە

## تێگەیشتم من دەمەوێت لە ڕێی هەڵسوکەوتی منالەکانمەوە ئافەرینی کۆمەڵ بەدەست بهێنم. دەمویست خەلك خۆشیان بوێم لەبەر رەفتاری باشی منالەکانم

ئەستۆ، کردەوەکانی من لەراستیدا هەر ئەو ئەنجامەی دەخولقاند کە لێی دەترسام : رەفتاری نا بەرپرسانەیە.

ئەم دوو تێڕوانینە یامەتیاندام کە تێبگەم من لە ڕاستیدا هەولمداووە بەسەر گیروگرفتەکانی خۆمدا زاڵ ببم، نەک هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر و ئەوەی وا لەبەرامبەرەکەت بکەیت بگۆڕێت. منالییە بەدبەخت و سەرلێشێواوەکەم هانی دەدام نەرێنی بم، بەلاّم زۆری لێ نە دەکردم. دەمتوانی کاردانەوەیەکی دیکە هەلبژێرم. شتێکی بێ سوود بۆ ئۆبالی بارودۆخە پڕ ناسۆرەکەم بخەمە ئەستۆی باوک و دایکم.

کارێکی زۆر زەحمەت بوو لە بەردەمی خۆمدا، خۆم ددان بەمەدا بنێم، دەبوایە بچم بە گژ فیز و عیزەتی نەفسی کۆکراوەی چەندین سالەم ، بەلاّم کە وردە وردە حەبە تالەکەم قوتدا، هەستێکی دلڕفێنی ئازادییم دۆزیەوە. هەستم کرد هێشتا کۆنترۆلی خۆمم لەدەست نەداوە و دەتوانم بەرێگەی چاکتر بڕیاری هەلبژاردن بدەم. بە کورتیەکەی خۆم بەرپرسیاری خۆم بوم.

ئێستا کە دەکەومە هەلوێستێکی خراپ و نائومێد کەرەوە رادەوەستم خۆ رادەگرم. تواناو مەیل و ئارەزوەکانم دەخەملێنم. بەراوردیان دەکەم بە تێروانینەکانم.خۆم بەدوور دەگرم لەوەی قسەی ناخۆش بکەم یاخود بەرامبەرەکەم بسرمەوە. بەردەوام بەدوای ئەوەدا دەگەڕێم خۆم کۆنترۆل بکەم و گۆشەنیگایەکم هەبێت.

جا لەبەر ئەوەی ململانێکان بەردەوامن، من زۆرجاردەچمەوە ناو خەلوەتگاکەی ناخی خۆم تا ناچار ببم خۆم جەنگە تایبەتەکانی خۆم ببەمەوە و پالنەرەکانیشم راست بکەمەوە. ئەم ژنە توانی دوگمەی راگرتن دروست بکات، یاخود بۆشاییەک بخولقێنێت لە نێوان رووداوەکە و کاردانەوەکەیدا بەرامبەر روداوەکە، لە بۆشاییدا ژنەکە توانی کردەوەی هەبێت نەک کاردانەوە، چۆن؟

تێبینی بکە بزانە چۆن توانی بگەڕێتە دواوە و لەویوە بڕوانێتە خۆی و وای لێ بێت ئاگاداری رەفتاری خۆی بێت. ئەمە یەکەمین نێعمەتەکەی مرۆڤە، خۆ ئاگایی (لە خۆ ئاگاداربون)، ئێمەی مرۆڤ دەتوانین دوور لە ژیانی خۆمان راوەستین وتەماشای بکەین. تەنانەت دەتوانین تەماشای بیروبۆچونەکانیشمان بکەین، پاشان دەتوانین دەستیان تێ وەردەین و گۆڕانکاریی و چاکسازییان تێدا بکەین، گیانلەبەرەکانی دیکە ناتوانن شتی وابکەن، بەلاّم ئێمە دەتوانین.ئەم دایکە توانی و ئەمەش ڕێنمایی کرد بەرەو گۆشەنیگا و تێگەیشتنگەلێکی گرنگتر.

نێعمەتی دووەم کە ئەو خانمە بەکاری هێنا (ویژدان ) بوو، تێبینی بکە بزانە چۆن گوێی خۆی – دەنگی ناوەوە یاخود هەستە رەوشتیەکەی – توانی لە قولایی ناخی خۆی تێ بگات و بزانێت کە ئەو شێوازەی منالەکانی پێ پەروەردە دەکرد شێوازێکی زیان بەخش بووە و خۆی و منالەکانی بەهەمان ئەو رێبازە دلشکێنەدا دەبات کە خۆی بە منالیی پیایدا رۆیشتوە. ویژدان یەکێکە لە نێعمەتە بێ هاوتاکانی دیکەی مرۆڤ کە هیچ

گیانلەبەرێکی دیکە پێی نەبەخشراوە. توانات دەداتێ ئەو شتانە هەڵبسەنگێنێت کە دەربارەی ژیانی خۆت تێبینیان دەکەیت.ئەگەر بمانەوێت خۆمان بە کۆمپیوتەر بچوێنین، دەڵێین ئەم هەستە رەوشتییە دەربارەی ئەوەی چی ڕاستەو چی هەڵەیە شتێکە لەناو «هاردویر»ەکەماندا، بەڵام لەبەرئەو هەموو «سۆفت وێر »ە کەلتووریانەی کە هەڵیاندەگرینەوە و لەبەر ئەوەی ئێمە ئەم نێعمەتە تایبەتەی هۆش فەرامۆش دەکەین و نرخی نازانین و خراپ بەکاری دەهێنین، ئەوا بە ئاسانی پەیوەندییەکانمان بەم بنەما رەوشتییە سروشتییەوە دەپچرێت کە لە ناخماندایە. هۆش تەنیا هەر هەستێکی رەوشتیمان ناداتێ بەڵکوهێزێکی رەوشتیمان پێدەبەخشێت، ویژدان ئەو سەرچاوەی وزەیەیە کە ڕێکمان دەخات و دەمانگونجێنێت لەگەڵ پرنسیپە هەرە ناسک و قوڵەکانی بەرزترین ئاستی سروشتماندا. هەر شەش ئایینە مەزنەکەی جیهان بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە زمانی جیا جیا ئەم بیرۆکە بنەڕەتییە فێری مرۆڤ دەکەن.

**سێیەم**

سێیەمین نێعمەت کە ئەم خانمە بەکاری هێنا بریتییە لە «خەیاڵ»، ئەمە بریتییە لە تواناى خەوبینین بە شتێکەوە کە بەتەواوی جیاواز بێت لە ئەزموونەکانی رابردووی. ئەو توانی کاردانەوەیەک بهێنێتە بەرچاوی خۆی یاخود خەونی پێوە ببینێت کە زۆر چاکتر بێت و لە هەردوو مەودای کورت خایەن و درێژخایەنیشدا کار بکات. خانمەکە کاتێک ئەم توانایەی ناسییەوە کە وتی: «کۆنترۆڵم لەدەست نەداوە، من دەتوانم رێگەیەکی باشتر هەڵبژێرم»، لە بەرئەوەی خود-ئاگاییشی هەبوو توانی ئارەزوەکانی تاقی بکاتەوە و بەراوردیان بکات بە دەر ئەنجامەکانی ئەو ڕێگا باشترە.

**چوارەم**

ئەی چوارەمین نێعمەت چییە؟ بریتییە لە ویستی سەربەخۆ. هێزی بڕیاردان وکارکردنە، گوێ لە خۆی بگرە، دەڵێت چی: تاقەتم چووە لە قسەی ناخۆش هەراوبەزم. بەردەوام خەبات دەکەم ببمە خاوەن تێڕوانینی خۆم و کۆنترۆڵ لە دەست نەدەم، مادام ململانێش هەر بەردەوامە، کەواتە پێویستە زوو زوو پابەند بونم رابگەیەنم و نیشانی بدەم کە مەبەستمە پاڵنەرەکانم روون وئاشکرا دەربکەون و جەنگەکە ببەمەوە.

تەنیا سەرنج بدە لە مەبەستە مەزنەکەی و لەو ویستە بەهێزەی کە دەری دەخات، ئەو دژی ڕەوتی روبارەکە مەلە دەکات، تەنانەت دژی ئارەزووە قوڵەکانی ناخی خۆی دەستی گرتوە بەژیانی خۆیەوە، حەزی لێیەو خۆشی دەوێت، دەیەوێت خەونەکانی بهێنێتەدی. بێگومان ئەمە کارێکی سەختە، بەڵام پوختەی بەختەوەری راستەقینە ئەمەیە: وەلا خستنی ئەو شتەی کە ئێستا دەمانەوێت لە پێناوی ئەوشتەی کە لە کۆتایدا دەمانەوێت، ئەم خانمە توانی شتی بەهێز بخاتە لاوە. توانی ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بخاتە لاوە، توانی ئارەزوی ئەوە بخاتە لاوە کە برووبیانو بۆ خۆی بدۆزێتەوە و ئارەزووەکانی تێربکات، بەڵام ئەمانەی هەموو خستە لاوە لەپێناوی حیکمەتی ئەوەدا کە ویژدان و خود-ئاگایی وخەیاڵ بۆیان سەلماندبوو کە ئەوەی لە کۆتاییدا مەبەستێتی بیهێنێتەدی شتێکی زۆر مەزنتر و بەهێزترە لە رۆحی خێزانەکەدا لە چاو ئارەزووی تێرکردنە کورتخایەنەکەی خودەکەی جارانیدا.

ئەم چوار نێعمەتە -خۆئاگایی، ویژدان، خەیالی خوڵقێنەر و ویستی سەربەخۆ، نیشتەجێی ئەو بۆشاییەن کە ئێمەی مرۆڤ هەمانە لە نێوان رووداوەکە و کاردانەوەکەی ئێمەدا بەرامبەری.

ئاژەڵان ئەو بۆشاییەی نیە لە نێوان کارلێکەر و کاردانەوەدا. ئاژەڵ بەتەواوی بەرهەمی

غەریزە سروشتییەکان و ڕاهێنانەکانە.گیانلەبەران هەرچەندە نیعمەتی وایان هەیە کە ئێمە نیمانن. بەڵام ژیانی ئەوان تەنیا لە پێناوی مانەوەو وەچەخستنەوەدایە.

بەڵام بەهۆی ئەو بۆشاییەوە کە ئێمەی مرۆڤ هەمانە، خاوەنی شتێکی زیاترین، شتێکی وا کە کۆتایی وسنووری نییە. ئەو شتەش هێزی ژیانە، ئەو ئارەزوویە کە پاڵمان پێوە دەنێت هەمیشە شایستە و گونجاو بین. لەراستیدا «گەشە بکە یان بمرە»دەستوورێکی رەوشتییە بۆ هەموو زیندەوەران.

ئێستا ئەم ژنە کە فێربووە چۆن دوگمەی ڕاگرتنی خۆی دروست بکات و بەکاری بهێنێت، دەبێتە کەسێکی دەستپێشخەر،هەروەها دەبێتە کەسێکی وەرچەرخێنلە خێزانەکەیدا، واتە گواستنەوەی ئارەزووەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەوەستێت. دیارە ئەمەش کارێکی ئاسان و بێ ئازار نییە. ئارەزووەکان کە پشتاوپشت لە باووباپیرانتەوە بۆت ماونەتەوە، ڕەتکردنەوەو و ڕاگرتنیان کارێکی ئاسان نییە، وەکو خامۆشکردنی ئاگرێکی چەندین ساڵە وایە.

نموونەکەی ئەم خانمە ئاگرێکی گەورە بوو لە زەرعاتی کەلتووری خێزانەکە و لە هەموو ئەوکەسانەش بەربوو کە گیرۆدەی ئەم ڕۆحە شەڕانی و تۆڵە ئەستێنەن.

ئایا ئەزانیت ئەم ژنە چی کارێکی باش دەکات ؟ چ گۆڕانکارییەک دەهێنێتەوە ئاراوە، چ نموونەیەک پێشکەش دەکات و سەرمەشقێکمان نیشان دەدات؟ ئەم خانمە بە هێمنی و لێزانانە و پلە بەپلە گۆڕانکارییەکی گەورە لە کەلتووری خێزاندا دەهێنێتە ئاراوە، سکریپێکی نوێ دەنووسێت، ئەم خانمە بۆتە کارایەک بۆ گۆران.

ئێمەش هەمووومان توانای کاری لەوجۆرەمان هەیە، هیچ شتێک هێندەی ئەوە سەرنج ڕاکێش وجوامێرانە و سەلمێنەرو دەسەڵاتپێدەر و بزوێنەرتر نییە  کە ئاگاداری ئەم چوار نێعمەتە بین کەچۆن پێکەوە یەکدەگرن بۆ بەدەستهێنانی گۆرانکاری بنەڕەتی لە ئاست تاک و خێزاندا.

ئێمە هەمووومان خاوەنی ئەم نێعمەتانەین. ئەمەش ڕاستیەکە و مانای وایە پێویست ناکات کەس ببێت بەقوربانی، تەنانەت ئەگەر لە خێزانێکی گەندەڵ و شکستخواردوشەوە هاتبێت، دەتوانێ بپەڕێتەوە بۆ ناو کەلتوورو سۆزو خۆشەویستی، نەک هەر ئەوە بەڵکو ئارەزوو بکەین میهرەبانتر و پشوودرێژتر و ڕێزدارتربین لە پێشەنگی نموونەکانی ژیانت.،چاندنی ئەم چوار نێعمەتە دەتوانن تۆوی ئارەزووەکانت بروێنێت ویارمەتیت بدات ببیتە ئەو جۆرەکەس و ئەو جۆرە ئەندامی خێزانە کە بەڕاستی دەتەوێت.

**سەرچاوە**

حەوت خوەکەی خێزانی پێشەنگ

،هیوافاوەندەیشن ، ل٤٢-٤٨




# ڕانانێك بۆ کتێبی
# پەیوەندییەکانی نێوان دایباب و منداڵ
# ڕێبەرێك بۆ پەروەردەکردنی منداڵان

**کۆسرەت ساڵح ئەحمەد**

توێژەر و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

ئەم پەرتووکە لە بنچینەدا بەزمانی ئینگلیزی بەناونیشانی:

(Parent – Child Relations:
A Guide to Raising Children)

لەلایەن هەر سێ بیرمەندی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی (دکتۆر هیشام تالیب، دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان و دکتۆر عومەر تالیب) نوسراوە، یەکەم گەڕی چاپی لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ٢٠١٣ لە لایەن پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی لە دووتوێی پەرتووکێکی ٥٢٨ لاپەرەیی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم کتێبە لەلایەن (د.بێخاڵ لەتیف محیەدین، زانا مەحمود حەسەن و ئازاد عەلی محەمەد) لە ئینگلیزییەوە بە ناونیشانی (پەیوەندییەکانی نێوان دایباب و منداڵ: ڕێبەرێک بۆ پەروەردەکردنی منداڵان) بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی وەرگێردراوە، وەک بەرهەمی ژمارە ٥٠ ی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی لە ساڵی ٢٠١٧ یەکەم گەڕی چاپی بە ئەنجام گەیشتووە و لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە. لە سلێمانی لە هەردوو ناوەندی سارا و ڕێنوێن، هەروەها لە هەولێر لە نوسینگەی تەفسیر دەستدەکەوێت.

سەبارەت بە پێکهاتەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، بە پوختی جگە لە چەند پێشەکییەک و ناساندنێک بە نوسەران و وەرگێڕەکانی، هەروەها پاشەکی و دەرەنجام و پاشکۆیەک، لە ٢٣ بەندی سەرەکی پێکهاتووە، هەر یەکێک لەم بەندانە لە چەند برگەیەک پێکدێن، کە سەرجەمیان هەوڵی پێشکەشکردنی ڕێبەرییەکی وردی کارا بۆ خێزان و تاکی موسوڵمان پێشکەش دەکەن، کە لە ڕێگەیەوە دایک و باوک دەتوانن ڕۆڵەیەکی نموونەیی کارا پێشکەش بە کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی بکەن، ڕۆڵەیەک ڕۆڵی بنیاتنان و ئاوەدانکاری و خودسازی و مرۆڤسازی بگێڕێت، لە بری وێرانکاری و نانەوەی ئاشوب و پشێوی. ئەمەش وەک هەوڵێک لەو هەزاران هەوڵە پەروەردەییەی کە پسپۆرانی بواری پەروەردە پێشکەشی دەکەن بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئاڵنگاری و ئاریشە سەردەمییەکانی تایبەت بە کەرتی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ. دەکرێت ئەم کتێبە بە پێشەنگ هەژماربکرێت لە بوارەکەی، کە نووسەرەکانی توانیویانە هەردوو جۆری زانستی ئەزموونی مرۆیی هاوچەرخ و ڕێنماییەکانی سروشتی خودایی هەڵقولاو لە قورئان بکەن بە وێناندنێکی گشتی و ورد بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و وەک ڕێبەرێکی پەروەردەیی شاکارئاسا پێشکەشی خێزان و کۆمەڵگەی موسوڵمان و جیهان بەگشتی بکەن.

ئەم کتێبە لە شێوە گشتییەکەی لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم پەیوەندیدارە بە دانانی بناغە و بنچینەییەکی تۆکمە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، ئەم پرسەش لە میانەی حەوت بەند خراوەتە ڕوو. هەروەها بەشی دووەم تایبەت کراوە بە چۆنییەتی گەشەکردنی منداڵ لە لایەنەکانی جەستەیی، عەقڵی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و مەعریفی، ئەمەش لە میانەی شەش بەندی سەرەکی ڕوونکراوەتەوە. بەشی سێیەم بریتییە لە شیکارکردنی پرەنسیپ و بابەتە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە بونیادنانی کەسێتی و کەسایەتی منداڵ، ئەمەش لە میانەی دە بەندی کۆتایی پەرتووکەکە تاوتوێ کراوە. بە پوختی لەسەر هەریەک لەم سێ بەشانەی خوارەوە دەوەستین و کورتەیەک سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەیان دەخەینە ڕوو.

### بەشی یەکەم: پەروەردەکردنی دانانی بناغە

وەک ئاماژەمان پێکرد ئەم بەشە لە حەوت بەند پێکهاتووە. یەکەمیان تایبەتکراوە بە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی جەوهەری و بنەڕەتی کە بریتییە لە: پەروەردەکردنی باش چیە و چۆن دەست پێبکەین؟ ئینجا لە میانەی وەڵامدانەی ئەم پرسیارە تیشک خراوەتە سەر قۆناغەکانی گەشەکردنی

منداڵ، شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردن و ڕێگاکانی، چۆن پێشبینی پەروەردەکردنی منداڵ دەکرێت، کورتەیەک سەبارەت بە ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردن، چۆن و بە چ ڕێگایەک زانیاریی دروست و تەندروست تایبەت بە پەروەردەکردنی رۆڵەکانمان دەستبخەین؟، باسەکانی پەروەردەیی نیزامی و خوێندنی پەروەردە لە قۆناغی ئامادەیی و بنەماکانی ڕێبەری بەریتانی پەروەردەیی لە قۆناغی ئامادەیی پەیکەری ئەم بەندە پێکدێنن.

**بەندی دووەم:** یەکەی خێزان: بۆچی گرنگە و ئەرکی چیە؟ نووسەران هەوڵیانداوە وەڵامی ئەو پرسیارە لە چەند بڕگەیەک بدەنەوە، هەر یەک لە بڕگەکانی: گواستنەوە بۆ قۆناغی دایبابێتی، رامانێک لە ئامارەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی خێزان و جیابونەوە و منداڵ، قەبارەی خێزانی هاوچەرخ لە ئەمریکا، دایبابی سەڵت و ڕێنماییکردن بۆ جێبەجێکردنی چەند بنەماییەکی پەروەردەیی پێویست لەم قۆناغەدا، کاریگەرییەکانی هەر یەک لە دایباب لە سەر منداڵ و گەڕان بە دوای وەڵامی: ئایا دایک یان باوک بەتەنیا دەتوانێت جێی ئەوەی تریش بگرێتەوە؟، گرنگی خێزان لە ئیسلامدا و کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیابونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزان، ئامانجەکانی پێکهێنان و گرنگیدان بە خێزان لە ڕوانگەی قورئانەوە، پەروەردەیی باش و تۆکمە و پرەنسیپ و بنەما سەرەکییەکانی، هەڵەکانی خێزانی موسوڵمان، چۆنییەتی ڕێنماییکردنی منداڵ بۆ پەیوەستبوون و فێربوونی بەها باڵا مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ژیارییەکان، رامانێک لە پەروەردەیی خۆرئاوا بەتایبەت ئەمریکا و بەریتانیا و چەمکە پەروەردەییە ونبووەکان لە هزری پەروەردەیی رۆژئاوادا، کۆتا بڕگە تایبەت دەکات بۆ وێچواندنێکی جوانی هاوسەر و منداڵان بە باخ و باخەوان و ناوی دەنێت: مۆدێلی کشتوکاڵیانەی خێزان: منداڵەکان وەک رووەک و دایباب وەک باخەوان، بەمەش کۆتایی بە باسە سەرەکییەکانی ئەم بەندە دەهێنێت.

**بەندی سێیەم:** پەروەردەکردنی باش: ئامانجی راست و دروست.

رونکردنەوەی پرسێکی لەم چەشنە ئەگەرچی لە بواری پەروەردە بە پرسە سەرەتاییەکان هەژماردەکرێت، بەڵام هەمیشە وەک بەردی بناغەی پەروەردەی تەندروست و پێگەیاندنی رۆڵەیەکی دروست هەژماردەکرێت، بۆیە لەم کتێبە دانانی ئامانجی پەروەردەیی راست و دروست وەک یەکەم هەنگاوی کرداری پەروەردەیی خێزان بۆ بەدیهێنانی پەروەردەیەکی باش دەستنیشانکراوە، دواتر چەند تێڕوانینێک سەبارەت بە ئامانجەکانی پەروەردەیی باش و دروست ڕێنوسکراون، دواتر بەچەند چالاکییەک کۆتایی بەم بەندە دێت.

**بەندی چوارەم:** گرنگترین ئامانج: بەخێوکردنی منداڵێک کە خوای خۆش بوێت.

لەم بڕگەیەدا بە چڕی تیشک خراوەتە سەر دوو جۆر پەروەردە، پەروەردەی ژیرانە و پەروەردەی هەڕەمەکی، لە میانەی شیکاری دەستنیشانکردنی کرۆکی پەروەردە لەسەر چەند بڕگەیەک وەستاوە، سەرەتا باس لە جۆرە باوەکەی پەروەردەی هاوچەرخ دەکات، دواتر شیکاری رەهەندی خۆویستی لە کەلتوری مرۆڤایەتی دەکات، ئینجا هۆکارەکانی دواکەوتنی پەروەردە و گەڕانەوە بۆ دواوە، دواتر هەوڵدەدات ڕێگایەکی هاوسەنگ پیشانی هاوسەران بدات بۆ گێڕانەوەی پەروەردەیەک کە تاکێکی ژیر بەرهەم بێنێت، دواتر لە سەر چۆنیەتی فێکردنی خواپەرستییەکان تایبەت خواناسی و خۆشویستنی قورئان و نوێژ و پێغەمبەرناسی و خۆشەویستی پەیامهێنی کۆتا و چۆنیەتی فێرکردنی هەڵسوکەوتی دروست و دانانی پلەبەندی بۆ فێرکردنی ژانەرە پەروەردییەکان، بەشێوەیەک لە گرنگترەوە و بۆ گرنگ دەستپێبکەین، تاوتوێکراون.

**بەندی پێنجەم:** رووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ و لاوازییە گشتییەکان

پەروەردە چ وەک پیشە چ وەک ئەرکی دایباب خاڵی نییە لە ئاستەنگ و ئاڵنگاری و کەلێن، ئەم بەندە تایبەت کراوە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئەم پرسانە، سەرەتا ئاستەنگە سەرەکییەکان دەستنیشان دەکات کە بریتین لە کەمئەزموونی دایباب لە کرداری پەروەردەیی و گوشارەکان و رەقی و درێژخایەنی کردارە پەروەردەییەکان. دواتر لە سەر پەروەردەکردنی هەمەلایەنە دەوەستێت، لە کۆتاییدا شیکاری چەند پرسێکی پەروەردەیی لە روانگەی ئینجیل دەکات.

**بەندی شەشەم: بۆچوونی هەڵە و لاوازی و ئەفسانە گشتییەکان بۆ چۆنێتی دووركەوتنەوە لێیان.**

لەدەستپێکدا باس لە چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەی چەمکە هەڵە و لاوازییە گشتییەکان دەکات، دواتر چۆنیەتی راستکردنەوەی بەرپرسیارییەتی دایبابێتی شیکاردەکات، ئینجا چەند ئەفسانەیەکی پەروەردەیی و دایبابێتی روونده‌کاتەوە و چەند رێگایەک بۆ چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەیان خراوەتەڕوو.

**بەندی حەوتەم: کاتێک شتەکان هەڵە دەبن.**

لەم بەندەدا باس لە چۆنییەتی کۆنترۆڵکردنی خووە هەڵەکانی منداڵ و راستکردنەوەیان دەکات، تایبەت ئەو خووانەی نەوەی نوێ لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بەدەستیانەوە گیرۆدە بووە وەک یاخیبوون، تووڕەبوون، هاربوون و سەرکەشی شێتانە. دواتر لەسەر چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەی ترس و تۆقاندنی منداڵ دەوەستێت، چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ هەرزەکار و ئاکارە هەرزەییەکانیان تەوەرێکی تری ئەم بەندە پێکدەهێنێت. لەکۆتاییدا لەسەر چەند بنەمایەک دەوەستێت کە دەروازەی دروستکردنی پەیوەندی و رایەڵەی ئەرێنی و باشن.

**بەشی دووەم: گەشەکردنی منداڵ**

**ئەم بەشە لە شەش بەندی سەرەکی پێکدێت.**

بەندی هەشتەم تایبەت کراوە بۆ بونیادنانی کەسێتی منداڵ. سەرەتا قۆناغەکانی گەشەکردن شیکراونەتەوە، دواتر پرسی دەروونزانی میللی جێگەی گرتووە و قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ لە منداڵییەوە تا پیری لە دیدگای قورئان شیکراونەتەوە. لەدرێژەی کۆباسەکانی ئەم بەندە باس لە چۆنیەتی رەخنە و راستکردنەوەی هەڵەکان کراوە بەتایبەت لای چینی هەرزەکار و زۆر بە هەستیار هەژمارکراوە، لە کۆتاییدا لە دوو برگە باس لە چەند پرسێکی تەواوکاری بونیادنانی کەسێتی منداڵ دەکات، یەکەمیان بایەخ دان بە کەسێتی و دووەمیان فێربوونی زمانی دووەم و کاریگەرییەکانی لەسەر فراوانبوونی ئاسۆ هزری و مەعریفییەکانی منداڵ.

**بەندی نۆیەم: رێگاکانی پەروەردەکردنی تەندروست**

لەم بەندە بایەخ بەلایەنی پەروەردەکردنی تەندروستانەی منداڵ دراوە، وەک: پاک و تەمیزی، خۆراکی دروست و تەندروست، گرنگیدان بە وەرزش و خەو. لە پێشەکی ئەم بەندە تیشک خراوەتە سەر گرنگی تەندروستی و بە خاڵی لەپێشینە هەژمارکراوە و وتەی: (تەندروستی لە پێش هەموو شتێکە) وەک سەرە برگە دانراوە، دواتر پرسەکانی پەیوەست بە سکپڕی، کوتان، پاکوخاوێنی، قژ و نینۆک، زۆرخۆریی، نەریتەکانی خواردن، نموونەیەکی خۆراکی رۆژانە، وەرزشی جەستەیی، پێڵاو، خەو و خەوزران، کاریگەرریە خراپەکانی ماددە هۆشبەرەکان. دواتر پرسی پەیوەندی خێزانی تەندروست خراوەتەڕوو، لە کۆتاییدا ئایین وەک خۆپاراستن و دەروازەی پێگەیاندنی نەوەیەکی دروست و تەندروست وێناکراوە.

**بەندی دەیەم: شیردانی سروشتی**

ئەم بەندە تایبەت کراوە بە شیردانی

سروشتی وەک یەکەم خواردنی کۆرپەلە و منداڵ. پرسی گرنگی ئەم جۆرە شیردانە لە قورئاندا و سوودەکانی لە هەردوو روانگەی پزیشکی و دەروونی رونکراونەتەوە، دواتر باس لە کار و شیردان لە ئەمریکا کراوە، ئینجا کاریگەرییە نەرێنییەکانی شیری قوتوو لەسەر منداڵ و هۆکاربوونی بۆ نەخۆشی و گەشەنکردن خراوەتەڕوو، ماوەی شیردانی سروشتی و چەند پێشنیازێک بۆ دایکی شیردەر بەشێکی تری ئەم بەندەن، لە کۆتاییدا خشتەیەکی خۆراکی بەسوود بۆ دایکی شیردەر پێشنیازکراوە، هەروەک جەستەی بەهێز و نەوەی بەهێز وەک کارگەی بەرهەمهێنان و ئومەتسازی بەهێز وێناکراون.

**بەندی یانزەیەم: گرنگی بەکارهێنانی مێشکی منداڵ**

گرنگی و چۆنییەتی بەکارهێنانی مێشکی منداڵ و گەشەکردنی لایەنی هزری تەوەری سەرەکی ئەم بەندەیە. چۆنیەتی گەشەکردنی شانەکانی هەستەدەمار و تۆڕەکانی مێشک، دیدگە، دەنگ، کاریگەرییەکانی میوزیک، رێکخستن و ئاراستەکردنی هەست و سۆز، فشاری دەروونی و مێشکی و کاریگەری لەسەر جوڵاندنی شەپۆلە سۆزدارییەکانی مێشک، جوڵە، سوودەکانی فێربوونی وشەسازی و لەبەرکردن لە تەمەنی منداڵیدا، چۆن مێشک دەگۆڕێت؟، پێویستی قسەکردنی ئەرێنیانە لەگەڵ منداڵ، جۆرەکانی مێشک و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵیان: مێشکی لۆژیکی، مێشکی میوزیکی و مێشکی زمانی، پرسی ئیسلام و میوزیک، ئیسلام و پەیکەر، چەند قسەیەک لەسەر پرۆگرامە پەروەردەییەکانی منداڵان بەر لە چوونە قوتابخانە لە ئەمریکا، گرنگترین تەوەری باسکراوی ناو ئەم بەندەن. لە کۆتاییدا شیکار و وەڵامی ئەم پرسیارە دەخاتەڕوو: ئایا سەرکەوتنی مرۆڤایەتی لە پێش تەمەنی پێنجساڵی دیاریکراوە؟!.

**بەندی دوانزەیەم: جیاوازییەکانی پەروەردەکردنی کوڕ و کچ**

لەم بەندە لەسەر خاڵە جیاوازەکانی کوڕ و کچ و کاریگەرییەکانیان لە ئاراستەکردن و پەروەردەدا خراوەتەڕوو. لۆژیکی کوڕ و هەست و سۆزی کچ، چۆن ئاراستەیەکی دروست دەکرێن؟، پەیوەستی سۆزداری، ئیدارەدانی هەستەکان، کاریگەری پلە و پاییە کۆمەڵایەتییەکان، زمانی جەستە و دەربڕینەکانی روخسار، جیاوازی کلتوور و شێوازی هەردوو رەگەزی نێر و مێ، حیکمەتی ئەم جیاوازیانەی نێوان دوو رەگەزەکە، کەی دابەشبوون و جیاوازییە رەگەزییەکان دەستپێدەکەن؟، ژنانی کوڕانی و پیاوانی ژنانی، ناهاوسەنگی پەروەردە لە پەروەردەکردنی هەردوو رەگەزەکە و هۆکار و چارەسەرەکەی، گرنگی رۆڵ و کاریگەری باوک لە پەروەردەکردنی منداڵ، بەراوردێک لەنێوان جیاوازی پێویستییەکانی کوڕ و کچ هەر لە سەرەتای منداڵییەوە و رەهەندەکانی، پرسی جیاکردنەوەی کوڕ و کچ لە قوتابخانە، پەروەردەکردنی منداڵ بەپێی پرەنسیپ و بنەماکانی شەرع هەموو ئەمانە لەم بەندە شیکارکراون، لە کۆتاییدا تیشک خراوەتە سەر باشترین جۆری پەروەردە کە بریتییە لەو پەروەردەیەی هاورێک و تەریبە لە گەڵ شەرعی خودا، چەند قسەیەکیش لەسەر پەروەردەی ئەمریکا، چین، ئەڵمانیا و هیند دەکات و دواخاڵ لەسەر ئەم بەندەش دادەنێت.

**بەندی سیانزەیەم: سێکس و رۆشنبیری سێکسی**

پەروەردەی سێکسی چییە؟ سێکس و بەهاکان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، پەروەردەی سێکسی بۆچی؟ ئایا گرنگ و پێویستە یاخود لاوەکی و زیادەیە؟، چ بابەتێک لە رۆشنبیری سێکسی پێویستە فێری منداڵ بکرێت؟، مەترسییەکانی بەدکاری سێکسی چین و چۆن بەری لێبگیردرێت؟، سزا شەرعی و یاساییەکانی بەدکاری سێکسی چین و رەهەندەکانی پشتیان چین؟، کاریگەرییەکانی

پەیوەندی دۆستایەتی نێوان کوڕ و کچ، چەند پرسێکی تری پەیوەست بە سێکس و مرۆڤ و کۆمەڵگە وەک: منداڵ لەباربردن، هەڵگرتنەوەی منداڵ، هاورەگەزبازی، سێکس و پاکوخاوێنی، هەرزەکاری و خۆگرتن، چارەسەری ئیسلام بۆ قەیرانی سێکس، گرنگی شەرم و حەیا، پۆشاکی شەرعی و گرنگی خۆداپۆشین، حوکمەکانی تێکەڵاوی و خەڵوەت، قەیرانەکانی سیستەمی پەروەردە و هاوسەرگیری پێشوەختە، بەرنامەی پەروەردەی سێکسی ئیسلامی سەرەکیترین باسەکانی ئەم بەندەن. لە برگەکانی کۆتایی بە کورتی تیشکێک دەخاتە سەر پاراستنی منداڵ لە لاقەکردن و دورخستنەوەیان لە ئارەزووپەرستی و لەشفرۆشی، هەروەها چۆنیەتی پاراستنی منداڵ لە خراپ بەکارهێنانی سێکسی لەلایەن گەورەکانەوە.

### بەشی سێیەم: بونیادنانی کەسێتی و کەسایەتی

سەرجەم بەندەکانی دواتر بۆ شیکارکردنی ئەم بەشە تەرخانکراون، کە بونیادی باڵەخانە ئاسای مرۆڤ تەواو دەکات. سەرەتا لە بەندی چواردەیەم تیشک دەخاتە سەر روونکردنەوەی کەسێتی و کەسایەتی وەک چەمک و مەفهوم و پێکهاتەکەیان. مەبەست لە کەسێتی چیە و کاراکتەر چ واتا و پێکهاتەیەکی هەیە، رەگئاژۆیی و قوڵایی کارەکتەر و کەسێتی چیە و چۆن گەشەدەکات؟. سەرجەم بەندەکانی دواتر، واتە لە پانزەیەمەوە بۆ بیست و سێیەم، تایبەتن بە توخم وڕانەرەکانی دروستکردنی کەسێتی و کەسایەتی.

#### بەندی پانزەیەم: چاندنی ئازایەتی

ئاشکرایە ئازایەتی لە ژیان، بە مەفهومە فراوانەکەی، پێگەیەکی تایبەتی و بنەرەتی هەیە لە دروستکردنی کەسێتییەکی تۆکمە و پێگرتوو و دروست، بۆیە وەک توخمی یەکەمی کەسێتی ناسێنراوە و خراوەتەروو. لە ناوەرۆکی ئەم بەندە تیشک خراوەتە سەر هەر یەکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئازایەتی و ترس، هۆکارەکانی زیادبوونی ترس لای منداڵان و چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی، بەراوردێک لەنێوان ئازایەتی و هەڵسوکەوت، کاریگەری هاوڕێ و لێکەوتە و فشارەکانی هاوڕێیەتی، کاریگەری دایباب لە سەر رواندن و پەرەپێدانی ئازایەتی و بنبڕکردنی ترس و بە کلتوورکردنی چاونەترسی و بوێری.

#### بەندی شانزەیەم: فێرکردنی خۆشەویستی

ئازایەتی وابەستەنەبێت بە خۆشەویستی و لێبوردەیی و بەزەیی کارەسات دروست دەکات، چونکە سەردەکێشێت بۆ خۆبەزلزانی و ملهوڕی و ستەمکاری. بۆیە لەم بەندە بە چڕی لەسەر چۆنییەتی چاندنی خۆشەویستی لە دەروون و ناخی منداڵ وەستاوە، لە چوارچێوەی بابەتەکە لەسەر چۆنییەتی بونیادنانی خۆشەویستی، چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەی رق و کینە، چۆنییەتی کۆکردنەوەی خۆشەویستی و متمانەبەخۆبوون، رێگە کردارییەکانی برەودان بە میهرەبانی، چۆن هەستی خۆشەویستی لای منداڵ دروست دەکەیت، پێکهاتەی ئەم بەندە تەواو دەکەن، لە کۆتاییدا بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەم بەندە بەکۆتا دەگەیەنێت: ئایا پێویستە دایباب منداڵەکانیان هەندێ جار فێری رق بکەن یاخود نا؟.

#### بەندی حەڤدەیەم: فێرکردنی راستگۆیی و متمانە

هەردوو پرسی راستگۆیی و متمانە وابەستەی یەکن، بۆیە هەمیشە لە دەستچوونی یەکێکیان لە دەستچوونی ئەوی تریشە، درۆ و متمانە هەرگیز بەیەکەوە کۆنابنەوە، بۆیە لەم بەندە جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە پێویستە دایباب هەمیشە متمانە بە منداڵەکانیان بکەن، بەڵام دوای دڵنیابوونەوە، بە واتایەکی تر، لە زەمینەی کرداری کە دایباب یان یەکێکیان پرسی شوێنی مانەوە لە رۆڵەکەیان دەپرسن لە کاتێکی دیاریکراو، پێویستە متمانە بە قسەکەیان بکەن، تا ئەو کاتەی بۆیان دەسەلمێت کە رۆڵەکەیان درۆی لەگەڵ کردون. دواتر لەسەر

بنەما گشتییەکانی ڕاستگۆیی و دوستکردنی متمانە قسەکراوە، ئینجا تیشک خراوەتە سەر چۆنییەتی ئاوێتەکردنی کاراکتەر و کەسێتی لەگەڵ تێڕوانینن و دیدگای گشتی، پاشان هۆکارەکانی درۆکردنی منداڵ و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ درۆکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی باس کراوە، لە کۆتاییدا بە شیکارکردنی شێوازی پێغەمبەرانە لە چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوە و بنەڕکردنی درۆ کۆتایی بەم بەندە هێناوە.

**بەندی هەژدەیەم: فێرکردنی بەرپرسیاریەتی**

کێشەی هەست نەکردن بە بەرپرسیارییەتی لە جیهانی سەردەم، تەنیا لە نێوان منداڵان نا بەڵکو لەنێوان سەرجەم چین و توێژەکان تایبەت لە ڕۆژهەڵات، نزیکبۆتەوە لە قەیران و بە دیاردەییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی قوڵ هەژماردەکرێت، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و چارەسەری ڕیشەیی هەیە. بۆیە لەم بەندەدا تیشک خراوەتە سەر چۆنییەتی بونیادنانی بناغەکانی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی، هەروەک تیشک خراوەتە سەر پلەبەندی و قۆناغ بەندی لە دروستکردنی بەرپرسیارییەتی، دواتر چەند پێشنیازێکی سەرنجڕاکێش و جوان کراون بۆ قۆستنەوەی دەرفەت بۆ فێرکردنی بەرپرسیارییەتی، دواتر لە سەر پێکەوە گرێدانی ماف و بەرپرسیارییەتیی دەوەستێت.

**بەشی نۆزدەیەم: فێرکردنی سەربەخۆیی**

ئەم بەندە بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ ئامۆژگاریکردنی دایباب لە چۆنییەتی فێرکردنی سەربەخۆیی و چاندنی تۆوی سەربەخۆبوون لە ناخی منداڵ تەرخانکراوە. سەرەتا بە نموونەیەک لەسەر ئەمریکا دەستپێدەکات کە تایبەت بە برەودان بە سەربەخۆبوون. دواتر تیشک خراوەتە سەر دەستکەوتەکانی سەربەخۆبوون بەگوێرەی تەمەنەکان، دواتر ئامۆژگاری دایباب کراوە کە لەڕێگەی چەند کردەیەکی جیاواز هەلی سەربەخۆبوون بە منداڵی ساوا بدەن، دواتر قسە لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو منداڵانە کراوە کە ناوێرن لە دایباب دوربکەونەوە. پاشان کاریگەری شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لە نێوان هەر دوو جۆری ئەرێنی و نەرێنی ڕوونکراوەتەوە. لە برگەکانی کۆتایی ئەم بەندە چەندین ئامۆژگاری زێڕین پێشکەشکراون، کەتیایاندا تیشک خراوەتە سەر پێویست بوونی ڕێگەدان بە منداڵ کە خۆی بژاردەکان دەستنیشان بکات، هەروەها یارمەتیدان و دەستگرتنی منداڵ تا بتوانن لە ڕێگەی بڕیاردانەوە سەربەخۆبوونی خۆیان زیادبکەن. لە کۆتا برگەشدا هەنگاوەکانی دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان خراونەتەڕوو.

**بەشی بیستەم: هاندانی کاری داهێنەرانە**

ڕونکردنەوەی چەمکە گشتییەکانی کاری داهێنەرانە، مێژووی داهێنان، بەربەستەکانی بەردەم داهێنان لای منداڵ و ڕێگری لێکردنیان، تێڕوانینی نەرێنی و ساردکردنەوەی هەوڵی داهێنان و کاری داهێنەرانەی منداڵ، ڕێگاکانی برەودان بە کاری داهێنەرانە، یاری داهێنەرانە و ئەنجامدانی چالاکی مێشک بزوێن، ئاشناکردنی منداڵ بە ئەزموونی جۆراوجۆر، چۆنیەتی گەشەسەندن و پەرەپێدانی هەستی داهێنەرانە لای منداڵ لە ڕێگەی یاری و نووسین و وێنەکێشان و بیرۆکەی جۆراوجۆر و جیاواز. دواتر بە پرسیاری: دایباب دەتوانن چی بکەن تا منداڵەکانیان داهێنەربن؟ کۆتایی بەم بەندە هێنراوە.

**بەندی بیست و یەکەم: باوەڕبەخۆبوون**

لەم بەندە هەوڵدراوە ڕێنمایی دایبابەکان بکرێت کە ڕۆحییەتی باوەڕبەخۆبوون لە ناخ و دەروونی منداڵەکانیان بچێنن و خۆیان لە پەروەردەکردنی منداڵی بەناز بپارێزن. تەنانەت برگەیەکی سەربەخۆ تایبەت کراوە بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی منداڵی گریئۆک و گڕ گڕ و ڕکەستوور، هەروەک لە برگەیەکی تر بەناونیشانی

(با هەوڵبدەین منداڵی بەناز پەروەردە نەکەین) ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی نازونوزی زیاد لە پێویستی منداڵ بە ڕێکاری دروست و شێوازێکی تەندروست خراونەتەڕوو.

**بەندی بیست و دووەم: هەڵبژاردنی هاوڕێی باش بۆ منداڵەکەت**

ئەگەر بمانەوێت منداڵەکەمان لەسەر کەسێتی و کەسایەتییەکی تۆکمە پەروەردە بکەین پێویستە هەوڵی لەپێشینەمان بریتی بێت لە پرسی بە کۆمەڵایەتیی بوونی منداڵ، چونکە گۆشەگیری زۆربەی جار کەسێتی لاواز بەرهەمدێنێت. کۆمەڵایەتییبوون لە ڕێگەی هاوڕێ گرتن و تێکهەڵبوونی کۆمەڵگە بەرهەم دێت، ئیدی لەوێوە پرسی هەڵبژاردنی هاوڕێ دێتە بەرباس، بۆیە لەم بەندە دایباب ڕووبەڕووی پرسیارێکی جەوهەری کراونەتەوە هەروەک ڕێنمایش کراون بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی دروست، ئەویش: چی دەکەی ئەگەر منداڵەکەت هاوڕێیەکی هەڵبژارد کە دایباب بە دڵیان نەبوو؟، ئاشکرایە هاوڕێ کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هاوڕێ هەیە، بۆیە گەر منداڵ بە یەکێک لە هاوڕێکانی سەرسام بوو و ئەم هاوڕێیەش بە دڵی دایباب نەبوو ئیدی چۆن چارەسەری پرسەکە بکرێت و بە چ ڕێگەیەک؟ ئەوە لەو بەندە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دراوە. بەهەمان شێوە لە قۆناغی هەرزەکاری کە سەرسامییەکی لە ڕادەبەدەر لە نێوان هەرزەکاران هەیە، چۆن و بە چ ڕێگایەک دەکرێت هەرزەکار لە هاوڕێی خراپ و سەرکەشی دوربخرێتەوە؟ هەروەها دۆخی خراپی خێزان و کاریگەرییەکانی لەسەر منداڵ تەوەرێکی تری ئەم بەندە پێکدێنن.

**بەندی بیست و سێیەم: کاریگەرییە نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیا**

تەکنەلۆژیا وەک سەرەکیترین ئاڵنگاری سەردەم لە نێوان سەرجەم چین و پێکهاتەکان سەیردەکرێت، وەک دوا وێستگەی ئەم کتابە ئەم بەندە بۆ چارەسەرکردنی لێکەوتە نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیا و ڕێنماییکردن بۆ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بە باشترین و پرسوودترین شێوە تەرخانکراوە. ڕێژەیەکی بەرزی منداڵ لە کۆمەڵگە جیاوازەکان خووگرتوو و ئالودەی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی وەک تەلەفزیۆن و مۆبایل و ئایپاد و کۆمپیوتەر بوون، چۆن بەدیلی ئەو ئامێرانە بۆ منداڵ بدۆزینەوە؟ چۆن لە خراپ بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە ڕزگاریان بکەین؟ چۆن منداڵەکانمان لە زیانەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بپارێزین؟ لەم بەندە بە چڕی تاوتوێی ئەم پرسانە کراوە و ڕێنمایی تەواو خراوەتە بەردەستی دایبابەکان بۆ چارەسەرکردنیان بە شێوازێکی دروست.

**تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە:**

لە کۆتایی ئەم بابەتە دەکرێت چەند خاڵێک بە کورتی لەسەر ئەم کتێبە بنووسین کە جیایی دەکاتەوە لە کتێبەکانی تری بواری پەروەردەی منداڵ.

**یەکەم:** ڕاستە کتێبەکە تەنیا لەسەر دەستی سێ بیرمەندی ناوداری پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی ڕێنووسکراوە، بەڵام لە هەقیقەتدا بەرهەمی پەیمانگایە وەک دامەزراوە. بە واتایەکی تر، ئەم پەرتووکە بەشێوەیەکی هەرەمەکی و سەرپێی لە بۆچوونی کەسێک و بیرۆکە و ئەزموونی تاکێک نییە، بەڵکو بەرهەمی چەندین سمینار و کۆڕ و توێژینەوە و خولە کە پەیمانگا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ تا ٢٠٠٠ ئەنجامیداون. نووسینی کتێبێکی لەم چەشنە لە چەندین کۆبونەوەی پەیمانگا پێشنیازکراوە، دواهەمینیان لە کۆبونەوەی بۆردی باوەڕپێکراوانی پەیمانگا لە دورگەی تیومان لە مالیزیا لە ئابی ١٩٩٤ بڕیاری نوسینی کتێبێکی لەم چەشنە درا.

## ڕێژەیەکی بەرزی منداڵ لە کۆمەڵگە جیاوازەکان خووگرتوو و ئاڵودەی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی وەك تەلەفزیۆن و مۆبایل و ئایپاد و کۆمپیوتەر بوون، چۆن بەدیلی ئەو ئامێرانە بۆ منداڵ بدۆزینەوە؟ چۆن لە خراپ بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە رزگاریان بکەین؟

دووەم: ئەم پەرتووکە تەنیا بیرۆکە و وێناندن نییە، بەڵکو چەندین هەوڵی کرداری جدی تێدا بەدیدەکرێن بۆ نموونە چالاکییەکانی کۆتایی هەر بەندێک لە بەندەکان، ئەگەر دایباب پێیانەوە پابەندبن بە دڵنیاییەوە لە پێکانی ئامانجی کتێبەکە نزیکدەبنەوە، کە خۆی لە پێگەیاندنی نەوەیەکی دروستی تەندروست و کارامە و دانا و زانا دەبینێتەوە.

**سێیەم**: ئەم پەرتووکە بەزمانێکی زۆر سادە نوسراوە، بەشێوەیەک هەرکەس تەنیا خوێندەواری هەبێت لێیتێدەگات و دەتوانێت پیادەی بکات. بەواتایەکی تر، وەک کتێبەکانی تری پەیمانگا رووی پێنووس لە چینی بژاردە و هزرڤانان نییە، بەڵکو بۆ کۆی خەڵک نوسراوە.

**چوارەم**: ئەم پەرتووکە تەنیا نووسین نییە، بەڵکو هەر بەندێک بەکۆمەڵێک وێنەی جوان و سەرنجراکێش رازاندراوەتەوە کە کتێبەکەی چێژبەخشترکردووە، هەروەک جۆرێتی چاپکردنی کتێبەکە لە بەرهەمەکانی تری زەهاوی جیاواترە، چونکە بە پەڕی گۆڤار و بە ڕەنگاوڕەنگ چاپکراوە، کە کوالێتییەکی زۆر بەرز و ناوازە و سەرنجراکێشی هەیە بەشێوەیەک کە خوێنەر لە جارسبوون دەپارێزێت.

**پێنجەم**: ئەم پەرتووکە راستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێردراوە، واتە دەستی دووە بۆ زمانی کوردی بەپێچەوانەی بەشێک لە بەرهەمەکانی تر کە سەرەتا بە زمانی ئینگلیزی نوسراون و دواتر بۆ عەرەبی یان فارسی وەرگێردراون ئینجا بۆ زمانی کوردی، هەروەک ئەم کتێبە چۆن بە کۆمەڵ نووسراوە بەهەمان شێوە بە کۆمەڵیش وەرگێردراوە، بەرزی جۆرێتی کاری بە کۆمەڵ بەراورد بە کاری تاک وەک جیاوازی نێوان مانگ و ئەستێرەیە.

ماوەتەوە بڵێین، پێویستە هەموو ماڵێکی خاوەن منداڵ دانەیەک لەم کتێبەی تێدا بێت و بە وردی دایک و باوک بیخوێننەوە و پابەندی رێنماییەکانی بن و لە پەروەردەکردنی رۆڵەکانیان وەک مەشخەڵی پڕشنگداری رێگای تارییە شەو لێی بڕوانن.



# بابەتی گشتیی



# هەڵەبجە

## لە بیرەوەری ع.ع شەونمدا

ئامادەکردنی: عادل صدیق عەلی

ع.ع شەونم ناوێکی دیاری نێو دنیای ئەدەب و نوسینی کوردییە، ئەو ساڵی ١٩٢٥ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، تائێستا لە ژیاندایە و لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، دوای نێوەڕۆیەکی باراناوی ڕۆژێکی زستان(٢٠١٥/١٢/١٦) لە ماڵەکەی خۆیدا چوومە خزمەتی و نزیکەی دوو کاتژمێر و نیو گفتوگۆم لەگەڵدا کرد، ئەمەی خوارەوە بریتییە لە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە کە لەو دیدارەدا ئاڕاستەی ناوبراومان کردووە...

من ناوم عەلی عەبدوڵڵا سۆفی محەمەدە، دایکم ناوی فاتمەی کچی حاجی حسەینی کوڕی فەقێ مەحمودە، فەقێ مەحمود لە عەشیرەتی هەمەوەند بووە، واتە دایکم دەچێتەوە سەر هەمەوەندەکان، دایکم هەر لە هەڵەبجە شووی بە باوکم کردووە.

ئێمە تیرە و عەشیرەتمان نیە، هەر خێزان بووین، چونکە لە هەڵەبجەی کۆندا عەشیرەت نەبوو، تەنها جاف نەبێت، کە لە دواتردا هاتنە هەڵەبجە، ئەوانی دیکە هەمووی خێزان بوون، لەبەرئەوە باوکم سەر بە هیچ تیرە و عەشیرەتێک نەبووە هەر خۆی بە تەنها بووە.

هەرچی سەبارەت بە دایکمە، باپیری دایکم لە کەرکوک و ناوچەی هەمەوەندەوە هاتووەتە هەڵەبجە و سەروەت و سامانی پێکەوە ناوە و بووە بە بازرگان لە نێوان هەڵەبجە و سەقزدا، دواتریش موڵکێکی زۆری لە بیارە کڕیوە، بۆ زانیاریتان باخەکانی بیارەی بەناوی حاجی حسەینەوەیە، بەکورتی پیاوێکی دەوڵەمەند بووە و نزیکەی (١٠ تا ١٥) خانووی لە هەڵەبجەدا هەبووە.

**ئاستی خوێندەواری دایک و باوکم:** باوکم خۆی خۆی فێری خوێندەواری کردبوو، دایکیشم ئەگەرچی خوێندەوار نەبوو، بەڵام زۆر ڕۆشنبیر بوو. باوکم زیاتر لەگەڵ ڕۆشنبیرەکاندا ئاشنایەتی هەبوو وەک ئەحمەدموختار، باوکیشم حەزی لە ڕۆشنبیری ئەکرد، تەنانەت باوکم زۆرێک لە کتێبە کوردییەکانی ئەو سەردەمەی کڕی بوو، لە ماڵی خۆماندا ئەو کتێبانە دەخوێندرایەوە، کتێبی وامان هەبوو ئێستا لە کوردستاندا بوونی نیە و نایبینم. بەداخەوە ئەو کتێبانە دوای مردنی باوکم کەوتنە دەستی براکەم، براکەشم هاوڕێی، ئەوانە کتێبەکانیان بردووە و لەوکاتەدا کە دەستنووس و کتێب پارەی دەکرد لە بەغداد فرۆشتوویانن.

خوشک و برا: سەبارەت بە برا و خوشکەکانم، برایەکم هەبوو بەناوی ساڵح، ساڵی ١٩٢٨ لەدایکبووە و لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا شەهید بووە، چوار خوشکیشم هەیە، کە بریتین لە: شەمسە، گوڵعوزار، گێسیا، قومری، هەرچواریشیان لە ژیاندا ماون.

**ژنهێنان:** من لە ١٩٥٧/١/١ لە هەڵەبجە ژنم هێناوە، خێزانەکەم ناوی (زوهرە ئیبراهیم فەتاح بابان)ە، خەڵکی هەڵەبجەیە، خۆیان لە ڕەچەڵەکدا لە سلێمانی بوون، بەڵام باوکی هاتە هەڵەبجە و دوکانی دانابوو، بابانەکان بە خێزان لە هەڵەبجە نەبوون تاک و تەرایان وەک ئەمان لە هەڵەبجە بوون و ژیاون.

**چوونە خوێندنگا:** لە ساڵی ١٩٢٥ لەدایکبووم، بەڵام ڕۆژ و مانگەکەی نازانم، باوکم وتی پێش تۆ کوڕێکمان هەبووە بەناوی عەلی ئەو مردووە، ڕۆژ و مانگەکەیم نوسیوە، بەڵام هی تۆم نەنووسیوە وتوومە ئەوەمان پێوە نایەت، باوەڕیان وابووە نوسینی ئەو تەئریخە شووم بووە بۆیە مردووە.

ساڵی ١٩٣٤ ڕۆیشتمە قوتابخانە، واتە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، بەڵام بەرلەوەی بڕۆمە قوتابخانە قورئانم لەبەر بوو، گوڵستانم لەبەربوو، لە مزگەوتی پاشا دەمخوێند لەلای مامۆستا مەلا محەمەدی شەشکی خوا عەفووی بکات، ئەو مەلای ئەو مزگەوتە بوو، لەژێردەستی مامۆستا مەلا شێخ عومەری قەرەداغیدا بوو، چەند مامۆستایەک هەبوون لەژێردەستی مامۆشتا شێخ عومەردا بوون. من ئەوکات نەمدەزانی ئەوان وەزیفەیان چی بوو، بەڵام ئەوەندە دەزانم مامۆستا مەلا محەمەدی شەشکی

دەنگی خۆش بوو، بانگی مزگەوتی پاشا ئەو دەیدا، ژووریکیشی درابوویە لە مزگەوتەکەدا بۆئەوەی قوتابی تیایدا بخوێنن، ئێمە قوتابی ئەوبووین.

من لە مزگەوت فێری خوێندەواری ببووم، بەشێوەیەک دەمتوانی بنووسم و بخوێنمەوە، لە پاڵ ئەوەشدا شیعری زۆرم لەبەربوو، لەبەرئەوە کاتێک ڕۆیشتمە قوتابخانە مامۆستاکان هەوڵیان دەدا بمخەنە پۆلی دوو، ئەیانگووت تۆ بۆ پۆلی یەک ناشێیت. مەکتەبەکەشمان ناوی (ئەوەڵی هەڵەبجە) بوو، مەکتەبی ئەوەڵیش لە چوار پۆل پێکدەهات، ئەوانەشی شەش پۆلی بوون پێیان دەگووت (ئیبتیدائی). وابزانم ئەو کات ڕەفعەتەفەنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، خەڵکی دەرەوەی هەڵەبجە بوو، بەڵام نازانم خەڵکی کام شار بوو. یەکێکی دیکە لە مامۆستاکان ناوی (فیلیپ ئەفەنی) بوو، فیلیپ گاور بوو، هەر خەڵکی عێراق بوو، کوردی دەزانی، ئەوکاتە مامۆستا لە هەموو شوێنێکەوە نقڵ دەکرا بۆ شوێنانی تر، یەکێکی دیکەیان ناوی (سەرکیز)بوو، ئەویش هەر گاور بوو، مامۆستایەکی دیکەیان ناوی (بەهجەت)بوو، بەهجەتەفەنی خەڵکی سلێمانی بوو، ئەمەیان زابتی کۆنی عوسمانلی بوو، هاتبوویەوە و ببوو بە مامۆستا، کۆمەڵێک بوون مامۆستاییان دەکرد.

بینای قوتابخانەکەمان خانووی خەڵکی نەبوو، بەڵکو میری دروستی کردبوو، لە ساڵی ۱۹۲٥دا و لە سەردەمی ئەحمەد موختاردا بنیاتنرابوو، قوتابخانەکە دواتر بوو بە شەش پۆلی، ئێمە نزیکەی (۱۲۰) قوتابی ئەبووین لەو قوتابخانەیەدا. ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییەکان جولەکە بوون، من برادەری جولەکەم زۆربوو، خۆشەویستی زۆر لە نێوانماندا هەبوو، مالومێکیش هەبوو لە مەکتەب، تەعینیان کرد بوو دەرسی ئەگووتەوە، پیاوی ئاینی جولەکەکان بوو، بەڵام لە مەکتەب تەعینیان کردبوو وەک مامۆستا دەرسی ئەگوتەوە. ماددەکانیشمان بە زمانی کوردی بوون و بریتی بوون لە: مێژوو(بەزۆری مێژووی عەرەب بوو)، جوگرافیا، ڕیازیات، حساب و هەندەسەمان دەخوێند، من پۆلی شەشەکەم لەو خوێندنگایە خوێند.

**چالاکی سیاسی:** هیچ ڕێکخراویک چالاکی نەبوو، تەنها ئەشخاس چالاکی هەبوو، دیارترین ئەو ئەشخاسانەش: ئەحمەدموختار جاف، عەلی کەمال باپیر ئاغا بوون، کەمالیش لە عەشیرەتی جافە، ماوەیەک لە چەمچەماڵ قایمقام بوو.

سەراکان و باخەکانی میر و چوارباخ: ئەوکات لە هەڵەبجە دوو سەرا هەبوو، سەرای کۆن کە مێژوویەی کۆنی هەیە، بیناکەی ئێستاش شوێنەکەی دیارە لە سەروو ماڵی ئەحمەد بەگی سۆسەنەوە بوو لە نزیک مزگەوتی گەورە(جامیعە)، گەڕەکی سەرا کە دواتر دروست بوو بەناوی ئەو سەراوەیە.

گەڕەکی دووەمی سەرا کە لە ساڵی ۱۹۳۰ دروستکرا، ئەحمەدموختار(ئەوکات بە ئەحمەدبەگی پاشا ناسرابوو)، زەوییەکانی بەسەر خەڵکدا دابەشکرد، خۆشی باخێکی دروستکرد پێیان ئەگووت (چوارباخ). پێشتر باخی میر هەبوو، ئەو هات باخێکی دیکەی دروستکرد و هەر خۆشی ناوینا چوارباخ، وابزانم بەناوی (چوارباخ)ی پێنجوێنەوە ناویناوە، دواتر بە باخی عەبۆل ناوی ڕۆیشت، چونکە عەبۆلی کرد بەباخەوانی. ئەحمەد بەگ ئەو باخەی بۆ خۆشی خەڵکی هەڵەبجە دروستکرد، بەشێوەیەک شوێنی دانیشتنی تیادا دروستکردبوو، بۆئەوەی ئێواران خەڵکی تیایدا دابنیشن و ئیسراحەت بکەن، باخەکە زۆرجوان و خۆش بوو، لە زۆر شوێنەوە درەختی جۆراوجۆری بۆ هێنابوو، من خۆم نەمدیوە، بەڵام ئەیانگووت داری خەنەشی بۆ هێناوە و تیایدا ناشتوویەتی.

ئەحمەدبەگ خەڵکی شارەکەی زۆر خۆشەویست، حەزی لە خزمەتکردنیان بوو، پیاوێکی زۆر چاکی سەخی تەبیعەتی مرۆڤپەروەر بوو، هەموو زەوییەکانی سەرا ئەم دابەشیکرد، واتە بەشی سەرەوەی مزگەوتی تەکیە، هەروەها ئەو زەوییەی

کە لە مزگەوتی تەکیەوە دەستپێدەکات هەتا سەر جادە سەرەکییەکە، دواتر بەو پارچە زەوییەیان ئەگووت باخچەی تەکیە، پێشتر ساحەی یاریکردنی منالان بوو، ئێستا مەکتەبێکی تیایە.

**باخی میر و ئەحمەد موختار:** باخی میر باخێکی گەورەی جوان بوو، دوو سێ کانی جوانیشی تیابوو، جۆگەیەکی بەناوا ئەڕۆیشت، باخەوانی لەسەر بوو، یەکەم باخەوان کە لەسەری بوو (مچە مەریوانی) بوو، کە زەوییەکەیان دابەشکرد، دوو پارچە زەوی یەکەم و دووەمی بەرامبەر چوارباخی نزیک مزگەوتی تەکیە (شوێنی مەکتەبی شاهۆی ئێستا)، یەکەم خانوو هی کەمالی بوو، دووەم خانوو هی مچە مەریوانی بوو، ئەحمەد بەگ بەخۆڕایی دابووی بە هەردووکیان، ئەو باخەوان بوو، باخی میر تایبەت نەبوو بە کەس، ئێمە مانان لە ئێوارانداا ئەچووینە ناوی وەک هاوینەهەوار وابوو، لەسەر کانی دائەنیشتین، هەتا مەغریب لەوێ ئەماینەوە، چایخانەی لێ بوو، بە ئیجار گرتبووی لەسەر کانییەکە، باخەکە ئەنواع میوەی جوانی تیابوو، میوەکان ئەفرۆشرا.

**کوشتنەکەی ئەحمەدموختار:** من بەباشی لێی نازانم داخەکەیشم ئەوەیە، ئەو هەموو هاورێم هەبوو کە لەگەڵ ئەو بوون رۆژێک لە رۆژان لێم نەپرسین ئەو رووداوە چۆن روویداوە، کە یەکێکیان حیلمی سەعاتچی بوو، یەکێکی دیکەیان خاڵە باقی بوو، من نازانم بۆچی چووبوویە دەرەوە و چەند کەسی لەگەڵ بوو، ئەڵێن گوایە قەرزار بووە و لە ترسی خاوەن قەرزەکان چووەتە دەرەوە، بەڵام ئەو قسەیە راست نیە، چونکە تائێستاش موڵکیان هەیە، قەیسەرییان هەبوو، کرێی دوکانەکانی وەردەگرت، قەیسەرییەکە موڵکی وەسمان پاشای باوکی بوو، قەیسەرییەکەی حامید بەگ لە دوای ئەو دروستکرا (قەیسەری حامید بەگ بچووک بوو، بەڵام زۆر فەنی بوو، چوار دەرگای هەبوو بەپێی ئیتیجاهاتی رۆژ، دوکانەکانی هەمووی بەشێوەیەکی فەنی دروستکرابوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا نەماوە و بینایەکی تر لە شوێنەکەی دروستکراوە!!

ئەڕۆمەوە سەر باسی کوشتنەکەی ئەحمەدموختار، من و ئەفراسیابی کوڕی بەیەکەوە رۆیشتینە مەکتەب و پێکەوە بووین، رۆژێک ئەوەنەم زانی ئاغا رۆ ئاغا رۆ دەستیپێکرد، لەسەر جادەکەوە بەرەو حەمامی بچووکی ماڵی پاشا، کە لەناو کۆشکەکەدا بوو، حەمامی گەورە بەرامبەر قەیسەری حامید بەگ بوو، هی ماڵی پاشا بوو، عمومی بوو، بەڵام حەمامی بچووک هی خانم بوو، دوای وەفاتی خۆی ئیتر ئەمیش ئەدرا بە کرێ و بوو بە عمومی. تەرمەکەی ئەحمەدموختاریان هێنا بۆ حەمامی بچووک بیشۆن، قەرەباڵغییەکی گەورە وروژمی هێنا، قەرەباڵغییەکە ئەوەندە زۆربوو بوار نەبوو چەند کەسێک تەرمەکە بەرێ بکەن لەبەرئەوە دارە مەیتەکەیان ئەدایە دەستی یەکتر، بەوشێوە رەوانە کرا، هەموو عەشیرەتەکانی سنووری هەڵەبجەش هاتبوون.

لەوکاتەدا فەوجێکی عەسکەری حکومەت لە هەڵەبجە بوو، نەیتوانی رێگە لە ئاپۆرای خەڵک بگرێت، لە بەغداوە خەبەر هاتبوو کە رێگری نەکرێت لە گێرانی شیوەن و تەعزییەکەی، فەرمانیان پێکرابوو تەنها پارێزگاری لە دۆخی شار بکەن، دواتر بە جلەکانی کۆتەڵیان بۆ کرد و بە ئەسپ ئەیانگێڕا لە پشتی حەمامی گەورەوە، ئەوکات ئەو شوێنە تەختاییەک بوو، ماڵی تیادا نەبوو، لەو تەختاییەدا ئەسپەکانیان ئەگێڕا و خەڵکیش بە دەوریدا ئەسوڕانەوە و ئاغا رۆیان ئەکرد.

ئەم کۆتەڵە دوای شۆردن و ناشتنی ئەحمەدموختار لە عەبابەیلێ هەتا ماوەیەک هەر بەردەوام بوو، ژنان بەجیا لە کۆشکەکەی خۆیاندا لە دەوروبەری حەوزی ئاوەکەی ماڵی پاشا دەیان کرد، حەوزەکە لە بەردی مەڕمەڕ دروستکرابوو، ئەو فوارەی کە گۆران ئەڵێت:

**حەوز و فوارە و حەوشی مەڕمەڕ باخچە و چیمەنی**
**بەسەر ناچێ هەرگیز جوانی گوڵی دەگمەنی**

لە حەوشەکەدا کۆمەڵێک ئافرەت ئەڵقەیاندابوو، یەکێک لە ناوەڕاستیاندا گۆرانی ئەوت، ئەوان ئەیانگووت:

**ئاغا ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ ڕۆ**
**ئەمیش نیوە شیعرێکی ئەوت:**
**بڵێن بە ناهی خان دڵ نەدا لە دڵ**
**ئاغام ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ ڕۆ**

ژنەکان ئاوا شیوەنیان ئەگێڕا، ئەم ئافرەتە هەر لە بەیانی هەتا ئێوارە بەمشێوە شیعری جوانی ئەگووت و دووبارەی نەدەکردەوە، دواتر کە من عەقڵم پێی شکا وتم ئەم ئافرەتە کێ بوو؟ وتیان ناوی صافیە بووە و عەمری خوای کردووە، صافیە خەڵکی هەڵەبجە نەبوو، لە دەرەوە هاتبوو.

ئەم شیوەنە نزیکەی دوو مانگ بەردەوام بوو، لای پیاوانیش دوو مانگ ئەم کۆتەڵگێڕانە بەردەوام بوو، بەڵام ئاغا ڕۆکەی پیاوان جۆریکی تر بوو، ئەو ئاوازەی ئافرەتان نەبوو. ئەوەش بڵێم دوای ڕووداوەکە، حەبیبەخانی خێزانی ئەحمەد موختار بەمنی گووت ئاگات لە ئەفراسیاب بێت با کەس باسی باوکی نەکات.

دیاترین کەسایەتییەکانی هەڵەبجە: کەسایەتییە دیارەکان ئەوانەبوون کە پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆشنبیریدا هەبوو، ناویان هەبوو بە شیعر و چیرۆک، لەوانە: مەلا حەسەنی قازی، ئەحمەدموختار، کەمالی، ناتیق، هەرچەند ناتیق ئەوکاتە شیعرەکانی بڵاونەکردبوویەوە، بەڵام خەڵکی دەیزانی کە شاعیرە، ناتق قۆڵچی حکومەت هەبوو.

- گۆرانیش لەوێ بوو، لە دواییشدا لەوێ بوو، بەڵام بێکەس لە چلەکاندا هات بۆ هەڵەبجە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد، پێش مردنی(١٩٤٨) من لە بەغدا هاتبوومەوە، لەنادی بووم ناردی بە شوێنمدا، بۆیەکە هات(بۆی بەو کوڕە گەنجە دەوترا کە لە نادیدا خزمەتی ئەکرد، وادیارە لە Boyی ئینگلیزییەوە هاتووە) وتی: فایەقە فەنی بانگت ئەکات، وتم عەرزی بکە دێمە خزمەتی، بەڵام جارێ با ئیسراحەتێک بکەم، بۆیەکە ڕۆیشتوو هاتەوە وتی: بەخوا ئەڵێ ئەگەر نەیەت دێین بە شەق ئەیهێنینە دەرەوە، بۆ سوعبەت وای وت. منیش بە ناچاری ڕۆیشتم بۆ لای.

هەڵەبجە و میوان دۆستی: هەڵەبجە مەرکەزی ڕۆشنبیریی و خۆشەویستی بوو، هەرکەسێک بە لێهاتوویی خۆی ناوی پەیدا ئەکرد، بیرمە عەبوودییەک هاتە هەڵەبجە کە کەس ئێستا نایناسێت، لە ساڵانی سییەکاندا، وادیاربوو لە بیستەکانیشەوە هاتبوو(من هەر ئەوەندەی لێ ئەزانم)، ئەم عەبودییە ئەجنەبی بوو، بەڵام نازانم ئەرمەنی بوو یان تورک، قۆریی و شتی چاک دەکردەوە، قۆریش ئەو کاتە فەخفوری بوو، خۆشەویست بوو لای خەڵکی، ئەو عەبودییە ئەڕۆیشت پشتوێنێکی تەنەکەی بۆ ئەکرد و دەرمانی لێ ئەدا، ئیتر نەی ئەدەلاند، و قۆرییەکە ئیشی ئەکرد، کاروکاسپی ئەوە بوو، کابرایەکی سوعبەت چی بوو خەڵکی خۆشیان ئەویست.

عەلی ئەکبەرێک هاتبوو دانساز بوو، کەس نەیدەزانی خەڵکی کوێیە، زمانی بە لای تورکیدا ئەڕۆیشت، هەموو کەسێک خۆشی ئەویست، ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک ئەزیەتی نەداوە بڵێت ئەمە غەریبە، لەگەڵ مارفی هەواسدا لەسەر خانوویەک بوو بە کێشەیان، بەڵام کێشەکە نەگەیشتە شەڕ، مەحکەمەیان لە یەکتری گرت، تا من ئاگام لێیان بوو مەحکەمەکەیان دە ساڵی خایاند.

ئاجی مەیخانەچی لەوێ بوو، ئەویش نازانم خەڵکی کوێ بوو، بەڵام مەسیحی بوو، ژنێکی هەبوو شێت بوو، بە دوکاندارەکانی ئەوت ئەم ژنەی من هەرچی برد و خوارد پێی مەڵێن بۆ وائەکەی، حسابی بکەن خۆم پارەکەی ئەدەم.

جولەکەکانی هەڵەبجە: مسوڵمان و جولەکەکانی شار پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێوانیاندا هەبوو، هەر لە زەمانی کۆنەوە خەڵکی هەڵەبجە ئیحتیرامی جولەکەکانی شارەکەیان گرتووە و بەشداری موناسەبەی یەکیان دەکرد، وەکو مێژوو ئەڵێت

نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا هاتوون بۆ ناوچەکە.

هەندێکیان مسوڵمان ئەبوون، بەتایبەتی ئەو کچەکانەیان کە شوویان بە مسوڵمانەکان ئەکرد، من بیرمە ماڵی یەعقوبە لارە هەبوو لە هەڵەبجە، کە جولەکە بوو، ماڵی حاکمی هەڵەبجە لە ماڵیاندا بوو، دەستەیەکی خانوو هەبوو لە ماڵیاندا، باوکی منیش موباشیری مەحکەمە بوو، واتە لەژێر دەستی حاکمدا بوو، بەوهۆیەوە هاتوچۆمان هەبوو لەگەڵیاندا و حەزیان بە قسەی دایکم دەکرد، لەوکاتەدا کچێکیان هەبوو ناوی نێرگز بوو، نێرگز لەگەڵ صدیقە فەنیدا کە مامۆستا بوو لە هەڵەبجە حەزیان لە یەک ئەکرد، دواتر مسوڵمان بوو و شووی پێکرد، دوای ماوەیەک تەلاقیدا، دواتر شووی کرد بە کەسێک پێموابێ ناوی حەسەن عەجەم بوو، لەو پیاوە چەند کوڕێکی باشی هەبوو.

**جولەکەکان زیاتر کاری:** سەڕافی، خومخاری، عەتاری، زەڕەنگەریی و بازرگانییان ئەکرد، کشتوکاڵیان نەدەکرد، خومخانەیان هەبوو، گەڕۆکی عەتاریان هەبوو بە دێهاتەکاندا ئەگەڕا. دانیالی بابە یەکێک بوو لەو کەسایەتییە جولەکانە، کوڕێکی هەبوو ناوی باروخ بوو، شیووعی بوو، جولەکەکان لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٨دا وەک خەڵکانی تری عێراق دژی پەیمانی پۆرت سمۆس وەستانەوە، باروخ لە خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجەدا قسەیەکی هەبوو دواتر خەڵکی ڕەخنەیان لێگرت لەسەری، شیوعییەکان سەرقافڵەی ئەو خۆپیشاندانانە بوون، پارت هەبوون، بەڵام تاک و تەرا، خۆشیان زۆر دەرنەدەخست، جەمال خەفاف و ڕەوفی حاجی حەمەعەلی و ئەمانە هەبوون، چەند کەسێکی مەحدود بوون، باروخی دانیال بەڕێوەبەری خۆپیشاندانەکە بوو، دوای ئەوان کۆمەڵێک فەقێ هەبوون، یەکێک لە درووشمەکانی باروخ ئەوەبوو ئەیگوت: بژی برایەتی فەقێ و جولەکە. دواتر مەلاکان ڕەخنەیان لێگرت، وتیان: ڕاستە ئێمە خەڵکی شارێکین و ڕێزی یەکتر ئەگرین، بەڵام نابین بەبرا، ئەوان جولەکە و ئێمە ئیسلام.

یەکێکی تریان هەبوو پێیان ئەوت شیلانی عەتار(پیاو بوو)، من لە دوکانێکدا دانیشتبووم شیلانی عەتار بە بەردەمماندا ئەڕۆیشت لەپڕ کەوت، لەگەڵ کەوتنیدا ئێمە چووینە سەری مردبوو، وتیان ئاوێنە بنێن بە دەمییەوە بزانن ماوە یاخود مردووە، منیش وتم بەم هاوینە هەڵم چۆن لە ئاوێنەدا دەرئەکەوێت، خۆ زستان نیە. جگە لەمانە دانیالی عەتار و ئیسحاقی ئاشێر هەبوون، ئەمانە چەند کەسایەتییەکی جوولەکە بوون، زۆرم لە بیر نەماوە.

جولەکەکان زۆر حەزیان لە هەڵپەڕکێ و جلی کوردی بوو، کەریم بەگی داود بەگ ژنی هێنا لە عەبابەیلێ شاییەکی گەورەی کرد من لەوێ بووم، مستەر سەعادەت(ناوەکە عەرەبییە منیش نازانم بۆچی وایان پێ ئەوت) بە جیبێکەوە هات بە گردەکەدا سەرکەوت، خەڵکی سەریان سوڕ دەما.

کاتێکیش ڕۆیشتنەوە خەڵکی هەڵەبجە هەمووی ئەگریا بە دوایاندا، وڵات بەوانەوە زۆرخۆش بوو، هەمیشە خەریکی ڕابواردن و قسەی خۆش بوون. هەتا من وێنەیەکم هەیە وابزانم کۆتا وێنەشە دوای ئەوە ئیتر ئەوان ڕۆیشتن، لە کانی شێخی بامۆک، ئەوکاتە ئەو ناوە باخی تیا نەبوو هەمووی دەشت بوو، تەنها باخی میر هەبوو، هەتا چاو بڕی ئەکرد و دەچوویتە گوندی بامۆک درەختێک لەوناوەدا نەبوو، جولەکەکان ئەڕۆیشتن بۆ سەروو چەمی کوڵەبۆز(چەمی کوڵەبۆز بە پشتی باخی میردا ئەڕۆیشت هەتا باخی مەحمودی یاروەیس) پونگڵە و کوزەڵە و بەنۆڵە و ئەمانەیان ئەهێنا، حەزیان لێی بوو.

لە ڕووی سیاسییەوە، شیوعی لەناو جولەکەکاندا بە قوەت بوو، بەڵام هیوا هەر بەدەم بوو، منیان بردە ناوی هیچی نەبوو، حەویجە لەوێدا درا بە عەرەب نە هیوا نە پارت (پارت سێ ساڵ بوو دروست ببوو) یەک خۆپیشاندانیان نەکرد و یەک عەریزەیان نەدا. حکومەت بەبڕیارێک دای بە بەدووەکانی عەرەب و پێیوتن لێرە دانیشتن موڵکی خۆتانە، ئەو هەموو

زەوییە جوان و بەپیتە فراوانەیدا بە عەرەب و کەسیش قسەی نەکرد، دووڕاجییەکانی تیابوو کە کورد بوون.

جولەکەکان جەژنی خۆشیان هەبوو، کەپرە شینەیان هەبوو، کەپرە شینە سالانە لە وەرزی پایزدا بوو کە دەچووی بۆ پیرۆزبایی، ئەنواعی قەزوان و چەقالە و شتی دیکەیان دادەنا و درەختیان ئەڕازاندەوە، مسوڵمانەکان ئەرۆیشتن بۆ پیرۆزبایی کردن لێیان، ئەوانیش شتیان بۆ مسوڵمانەکان ئەنارد، ئەوەی برۆیشتایە بۆ لایان و پیرۆزبایی لێبکردنایە بە جام چەرەسیان بۆ دەبرد.

لە ڕووی ڕەچەڵەک و زمانەوە، جولەکەکان فەرعێکن لە ئارامی، ئارامی گشتگیرە، جولەکە و عەرەب و سامییەکان بەشێکن لە ئارامییەکان، هەتا ئێستا من دەستووری نوسینی کوردیم نوسیوە(کورد واتەنی)م هەیە، ناوم ناوە خەتی ئارامی نەک خەتی عەرەبی، ئەم خەتەی کە ئێمە پێی دەنووسین خەتی ئارامییە عەربی نیە.

**چالاکی هونەری:** لە سییەکاندا چالاکی کوردایەتی و تەمسیل هەبوو، تەمسیلی بەرەڵا بەبێ جێگا، چۆن؟ بیرمە لە ساڵی ١٩٢٩دا ئەحمەد بەگی پاشا لەناو شاردا ئیعلانی کرد سەری مانگ ئەرۆین بۆ زەڵم بۆ سەیران، خەڵکینە کێ دێت بڕوات لای مەلا عەبدوڵڵا ناوی خۆی بنووسێت و ڕووپییەیەک بدات بۆ مەسرەف، چونکە هەفتەیەک ئەمێنینەوە، سەیرانی هەفتەیەک، خۆشی و ناخۆشی تیادا ئەبێت، بریینداری تیادا ئەبێت، هاتوون تەمسیلیان داناوە ئەمانە تیمار ئەکەن، ئەمانە مەحکەمە ئەکەن، حاکمەکە مەلا عەبدوڵڵای بەقاڵ بوو، مەلا عەبدوڵڵا ببوو بە پاشا و کۆمەڵێک وەزیری هەبوو، هەرکەسێک شکاتی لێبکرایە جەزای لێ ئەسەند، دەوڵەمەند پارەی لێوەردەگیرا، فەقێ دوو سێ جار فڕێ ئەدرایە ئاوی زەڵمەوە، بە جلەکانییەوە هەڵیان ئەکێشایە ئاو و ئەیانهێنایە دەرەوە، ئەمە تەمسیل بوو ئەمە شانۆ نەبوو، تەمسیلێکی کوردەواری بوو لە کۆنەوە هاتووە و هەبووە.

کۆڕی شیعریش ئەوەی کە من ئاگاداربم یەکەم کۆڕی شیعری کۆڕیش نا خوێندنەوەی شیعر کە خۆم بینیبێتم ئەوکات نەچووبوومە مەکتەب لە ساڵی ١٩٣٠دا بوو، من تەمەنم پێنج ساڵان بوو، تەبیعەتی من وابوو حەزم ئەکرد شت بزانم، بە کورتی عەقڵم نەختێک پێش منالیم کەوتبوو، هەرچەندە خۆم ئەم قسانەم بەلاوە جوان نییە، ناشیرینە ئینسان مەدحی خۆی بکات، بۆئەوەی برواشم پێ بکەن هەموو ئیبتیدائیم بەیەکەم تەواوکردووە، لە شەشیشدا یەکەمی هەموو موحافەزەی سلێمانی بووم. لە ساڵی ١٩٣٠دا ئەترافی مەکتەب حەوشەکەی تەلبەند بوو، هەتاوەکو ئەو حکومەتە ڕووخا هەر تەلبەند بوو نەکرا بە دیوار، لە تەلبەنەکەوە سەیرم ئەکرد ئەو وەختە مەکتەب عادەتی وابوو کە شەهادەیان تەوزیع ئەکرد، باوک و دایک بانگ ئەکران، کورسییان بۆ دائەنرا وەک ئاهەنگێک و دواتر شیعر ئەخوێنرایەوە، ئا لەوێدا شیعرێک خوێنرایەوە وتیان شیعری ئەحمەدبەگی پاشایە، تەئریخی ئەو شیعرە ئێتر دیارە کەیە:

بخوێنن، چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە ..هتد

دوای ئەوە (ا.ب.هەوری) لە ساڵی ١٩٣٧دا بە مامۆستایەتی هات بۆ هەڵەبجە، وابزانم ئەوکات من لە پۆلی چوار بووم، مامۆستا بەرنامەیەکی هەبوو، بەرنامەکە ئەوە بوو ئەو کات دەوامی مەکتەب شەش دەرس بوو، چواری لە پیش نیوەڕۆ و دوانەکەی تری لە دوای نیوەڕۆ بوو، لە دوای چوارەکە تەلەبە ئەرۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، دوای دوو سەعات ئەگەڕانەوە بۆ مەکتەب، دوو دەرسەکەی دیکەیان ئەخوێند، مامۆستا ڕۆژی دووشەممانی دیاری کردبوو بۆ شیعر خوێندنەوە و ئەدەب، دەرسی تیادا نەدەخوێنرا، تەلەبەکان شیعریان ئەخوێندەوە یان کەسێکی تر یان کۆڕی شیعری ساز ئەکرا، ئەمەی کرد بە بەرنامە، ئێمە فیربووین کۆئەبووینەوە و

شیعر ئەخوێنرایەوە و خەڵکی هەڵەبجەش تەنانەت دوکاندارەکانیش ئەهاتن گوێیان ئەگرت، ئیتر ڕۆژی دوو شەممان ئەبوو بە کۆڕی ئەدەبی.

من یەکەم کەس بووم کە ڕۆژنامەی (ژین) هاتە هەڵەبجە، سەی حسەین ڕۆژنامەی ئەفرۆشت، وتم لەمەولا ڕۆژنامەی ژینم بۆ دابنێ، ڕۆژنامەکە شیعری تیابوو، شیعرەکەم هەڵدەگرت و لەوێ ئەم خوێندەوە، ئەوانیش ئافەرینیان بۆ ئەکردم، دواتر دەروێشی مەلا ئەحمەد بوو بە مونافیسم، ئەو دوو ساڵ لە پێش منەوە بوو لە خوێندنگا، ئەویش وەک من ژینی وەردەگرت، ئیتر من دەسەپاچە بووم، چی بکەم باشە، ڕۆیشتم بۆ ماڵی مەلا حەسەنی قازی (ئەوان دەستیان هەبووە لە بەخێوکردنی مندا، مەلا حەسەن قازی بوو، باوکم لەلای ئەو بوو، ماڵەکەشیان بەرامبەرمان بوو، بیرمە ئەهاتن پەلیان ئەگرتم و ئەیانبردم بۆ ماڵی خۆیان) ڕۆیشتم وتم دیوانەکەی شێخم ئەوێ، وتیان ئەوە دیوانەکەیەتی، بەڵام ناتوانین بتدەینێ تاخۆی نەیەتەوە، زۆری پێ نەچوو خۆی هاتەوە و منیش ڕۆیشتم بۆ لای، بەخۆیم وت، ئەویش وتی ئەوە دیوانەکەیە، چی لێ دەرئەهێنی دەری بهێنە، بەڵام نەیبەیتە دەرەوە، هەر لێرە چیت ئەوێ بینووسە، جا شیعرەکانی هەمووی سەوری بوون:

**نامەوێ کوردێکی وا کوردێکی هاودەردم ئەوێ...**

یان

**دڵ لە میحنەت کەی لە ساقی سایە ڕووی**
**بمدەرێ جارێ بە دەم تەلعتی جارانەوە**
**چونکە ئێستا وا لە سازی سینەی گریانەوە**
**دێتەگوێم دەنگی بەسۆز و شیوەن و گریانەوە**
**ناڵەی کوردە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە**

دوو دێڕی ئاخیری هی ئەحمەدموختارە، سیانەکەی پێشوو کە تەخمیس کراوە هی مەلا حەسەنە، دوانەکەی کۆتایی ئەسڵە، سیانەکەی پێشوو ئەم زیادی کردووە، هەمیشە لە شیعردا وایە، جا ئەوە زۆرە، هەمووی کراوە بە پێنجی، هەر هەموویم لەبەربوو، کە ڕۆیشتمەوە و لە مەکتەب خوێندمەوە هەموویان کەوتنە دواوە، نەیان ئەزانی ئەمەم لە کوێ هێناوە، کەسیش لێی نەپرسیم کە هی کێیە، بەڵام مامۆستا ئافەرینی لێکردم و وتی شیعرێکی جوانت خوێندەوە.

کتێبخانە و بڵاوکراوە: لە هەڵەبجەی ئەوکاتدا کتێبخانە نەبوو، بەڵام سەی حەسەن کتێب فرۆش بوو، کتێب و ڕۆژنامەی ئەفرۆشت، خۆشی پیاوێکی خوێندەوار بوو. چیرۆکە مەشهورەکانی ئەوکات ئەهاتە هەڵەبجە، بۆ نمونە من لە ماڵی خۆاندا ئەمانەم دیوە: مەلیک موختار تائێستاش لە کوردستاندا نیە، لە ئێران بە لەهجەی هەورامی دەرچووە، ئەبێ ئاگات لەوەبێت هەموو سەقافەتی کوردستان لە شێوەزاری هەوامییەوە سەرچاوەی گرتووە، هەرچی چیرۆکە کۆنەکان هەیە (بارام و گوڵ ئەندام) کە ئێستا لێرە نیە لە ماڵی خۆماندا دیومە، ئەلچۆ و شێرۆ لە ماڵی خۆماندا دیومە، هەمووی تەرجوومەکراوە بۆ کوردی سۆرانی، نازانم باوکم چۆن تەرجومەی کردووە بۆ کوردی سۆرانی، خۆشی نەیکردووە، پارەی داوە بۆیان کردووە، بەڵام کێ کردوویەتی نازانم، باوکم ئەمانەی بەشێوەی کتێب ئەهێنا نازانم بۆ لای کێی ئەناردن بۆیان ئەکرد بە سۆرانی، بەڵام چۆن شێوەیەک لەگەڵ ئەسڵەکەدا فەرقی نەبوو.

جگە لە مانە، هەلالە ئەهات لە ئێرانەوە، گەلاوێژ هی خۆمان بوو هەر ئەهات، پەیژە هەبوو وابزانم لە سلێمانی دەرەچوو، قاعیدە هەبوو لە بەغداد بە دزییەوە دەرەچوو، ژین، ئەمانە سەبارەت بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەڵام سەبارەت بە کتێب، زۆر کتێب ئەهاتە هەڵەبجە، خوێنەری چاکیش هەبوو، بۆ نمونە دیوانی مەولەوی کە پیرەمێر کردبووی بە سۆرانی و ناردی بۆ هەڵەبجە لە سییەکاندا و لە سێ بەرگ پێکهاتبوو، لە هەڵەبجە هەر فووی لێکرا، دەست نەئەکەوت.

بەگزادەکان و خەڵکی هەڵەبجە: ئەوەی من

دیومە لە هەڵەبجە بەگزادەکان هیچ فەرقێکیان لەگەڵ خەڵکی تردا نەبوو لە ژیانی ڕۆژانەدا، بۆ نمونە خوێندکار بووم هەموو منالی بەگزادە لەژێر دەستی مندا بوون، بەڵێ خۆ هەڵکێشانی تیایە، بەلام بۆ منالی ئەوانە نەیان ئەوت ئێمە بەگزادەین و ئەبێ لەگەڵ کێ مامەڵە بکەین و لەگەڵ کێ نەیکەین، نەخێر ئێمە و منالی بەگزادەکان و منالانی تریش کۆمەڵێک بووین هەر بەیەکەوە یاریمان ئەکرد، نوکتە و سێباز و ئەنواع یاریی و گۆرانیمان ئەوت، بەیەکەوە ئەڕۆیشتین بۆ ڕاوە چەقەڵ و تووخواردن و باخ، هیچ خۆیان بە گەورە نیشان نەدەدا، گەورەکانیشیان، حەمەئەمینی وازۆڵی هەبوو لە هەڵەبجە، خەڵکی وازۆڵ بوو، مالی لە گەڕەکی کانی عاشقان بوو، ببوو بە مونافیسی حامید بەگ، لەکاتێکدا حامید بەگ دەستڕۆیشتوویەکی گەورەی جاف و نائیبیش بوو. فەلاحەکان بە ئارەزووی خۆیان شتیان ئەبرد بۆ بەگزادەکان، ئەوەی کە ئەخەملێنرا ئەوەیان نەدەدا، هەندێک جار نیوەی خەملاندنەکەشیان ئەدا بە بەگ، ئەمە ڕاستییە ئەوان توندوتیژ نەبوون.

بژێوی خەڵک: لە سی و چلەکاندا خەڵک زۆر هەژار بوو، بەتایبەتی لە سالانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، چەند سالێکی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی خۆشی هەبوو، وادیاربوو ئینگلیز وای ئەویست، ئاخر ئێمە ژێردەستەی ئەوان بووین، ئابوورییەکەشمان لەژێر دەستی ئەواندا بوو، من ڕۆژی چوار فلسم هەبوو کۆم ئەکردەوە بۆئەوەی لەسەر قسەی مامۆستا فلچە و دەرمان بکرێت بۆ دەم و دانمان(١٩٣٧)، واتە من لەوکاتەوە دەم و ددانم بە فلچە و دەرمان شۆردووە، کۆلینووسی دانەکە بە (٢٥٠) فلس بوو، لەوکاتەدا خێزانێکی (١٠)کەسی دوو ڕۆژ بە (٢٥٠)فلس ئەژیان، چونکە بازرگانییەکە لەژێر دەستی ئینگلیزدا بوو ئاوا ئەیفرۆشت.

خەڵک شەکری نەبوو بیخوات، خورمایان بە چاوە ئەخوارد، خەڵکی نانی نەبوو، بەڕوویان ئەهێنا و ئەیان هاڕی، ئەیانگێڕایەوە لە گمە و پشتە هەژاری بەشێوەیەک بووە خەڵکی ئەو ئاردی بەڕووەیان خواردووە.

حەز ئەکەم دوو شتی دیکە هەیە باسی بکەم، کە لای من هەردووکیان پێکەنیناوییە، یەکەمیان لە حەربی ڕەشید عالیدا لە دژی مەلیک فەیسەڵ و ئینگلیز ئەوانەی لایەنگری ئەڵمانیا بوون، خەڵکیان کۆئەکردەوە لە مەیدانی هەڵەبجە (چوار ڕێیانی بازاڕی هەڵەبجەی ئێستا مەیانەکە بوو)، لە وێدا خەڵک هەڵئەپەڕی، بەدەم هەڵپەڕینەوە ئەیانگوت: لا اله الا الله ئینگلیز بشکێ ئیشەڵلا، هەموو هەڵەپەڕین، هەڵپەڕکێکە ئاوا ئەڕۆیشت، لە دوای مانگێک ئینگلیز سەرکەوت و گەڕایەوە، لە هەمان شوێندا خەڵکی کۆبوونەوە ئەمجار ئەیانگووت: لا اله الا الله ئەڵمان بشکێ ئیشەڵلا. شتەکە هەڵگەڕایەوە، خەڵک هەر لە خۆیەوە ببوو بە دوو بەشەوە، بەشیکی ئەڵمان خواو بەشێکی ئینگلیز خوا بوو.

هەڵەبجە و شیوعییەکان: شیوعییەکانی هەڵەبجە بەهێزبوون، تەنانەت عەلی و حەسەنی حسەین بەگ کە لە بەگزادەکانی جاف بوون لە سەرەتاوە شیوعی بوون، حسەین بەگ خۆشی شیوعی بوو، شیوعی دریش بوون، بەلام دژی هیچ کەسێک نەبوون، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی١٩٥٨ ململانێ لە نێوان شیوعیی و پارتدا پەیدا بوو، پێش ئەو بەرواره کێشەیان نەبوو.

کۆماری مەهاباد و هەڵەبجە: خەڵکی هەڵەبجە وەک سلێمانی و ناوچەکانی تری کوردستان زۆر ئاگاداری ئەو شتە نەبوون لەبەرئەوە زۆر گرنگییان پێ نەدا، بەلام لەوکاتانەدا بوو من لە بیارە بووم، شێخەکانی بیارە ویستیان هێزی خۆیان نیشانی حکومەت بدەن و ناچاری بکەن بە قسەیان بکات (شێخ عەلادین و کوڕەکانی) هەرچییان ئەوێت بۆیان بکات، تەقەیان لە هەموو مەخفەرەکان کرد.

هەڵەبجە و نارەزایەتییەکان: سالی ١٩٤٨ بە

بۆنەی وەسبەوە لە هەڵەبجە خۆپیشاندان کرا، لە ساڵی ١٩٥٢ش خۆپیشاندان کرا، پۆلیس بە ئەسپەوە هاتنە ناو خەڵکەکە و تەقەیان بەناو خۆپیشاندەراندا کرد و چەند کەسێک کوژرا و بریندار بوو، هەتا (ئەورەحیمە دزە) کە ئەوکاتە شیوعی بوو لە کۆڵانەکاندا بە دەمانچەوە موقاوەمەی ئەکرد و پۆلیسەکانی ڕاونا.

مێژوو و ناوی هەڵەبجە: تورک بە ئولوبجەی داناوە و نوسیوە، هەتا لە تاپۆکاندا بەوشێوەیە نوسراوە، عەرەبیش بە (حلبجە)ی داناوە. بەبۆچونی من ئەمانە هەڵەن، کەس نازانێت، بەپێی زانستی زمان هەموو (٥٠٠) جارێک چارەکێکی زمان ئەگۆڕێت، واتە لە ماوەی دوو هەزار ساڵدا هەموو زمانەکە ئەگۆڕێت، ئێمە دوو هەزار ساڵ بەسەر زمانەکەماندا تێپەڕیوە، ئەمە هەر هەڵەبجە نیە، ئەی شنروێ بەواتای چی دێت؟ وەرمەزیار یانی چی؟ کە دێیەکە لە خوار هەڵەبجەوەیە و نزیک پردی زەڵمە، ئەگەر نەبوبێت بەژێر ئاوەوە.

بەبڕوای من هەڵەبجە لە زەمانی سۆمەرییەکانەوە هەبووە و چۆڵ نەبووە هەتا ئەمڕۆ، بەڵگە بوونە، من مێژوویەکی تایبەتم هەیە، من سەیری ڕواڵەتی ئێستا ئەکەم و بە دەلیلەکاندا دەڵێم هەڵەبجە لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەبووە هەتا ئەمڕۆ و چۆڵ نەبووە. بەنمونە دووجار مردووی لە کوپدا نێژراو لەلای مەکتەبەکەی خۆمان لە گەرەکی پیر محەمەد دۆزرایەوە. هەروەها من و براکەم پارەی کۆنمان لە خانووەکەی خۆماندا کە لە نزیک باخچەی تەکیە بوو دۆزییەوە، پارەکەمان لەکاتی زەوی هەڵکەندندا دۆزییەوە، زۆریش بوو، هەندێکی گەورە و هەندێکی بچووک بوو. پارەکان شتی زۆریان لەسەر نوسرا بوو، نوسینەکە کوردی و عەرەبی نەبوو، بەوپێیەی کە براکەم لە من بچووکتر بوو دۆزیبوویەوە، من نەم ئەتوانی بڵێم هی منە. دواتر براکەم هات سەربازی لە منداڵان پێ ڕاگرت، منداڵانی کۆئەکردەوە و چوار و پێنج ئەیدانێ، ئەیووت ئێوە معاشتان ئەوەنەیە، تۆ ئەبێ لە بامۆک تووم بۆ بێنی، تۆ توترکم بۆ بێنی، تۆ ڕێوازم بۆ بێنی لەم بابەتانە.

لەبەرئەوە من باوەڕم وایە ئەم شارە لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە هەر هەبووە و ئەبێ بە بێستان سووری ببەستینەوە، چونکە لە نێوان هەڵەبجە و بێستان سووردا چەند تەپۆڵکەیەک هەیە کە هێشتا هەڵنەدراونەتەوە، ئەگەر هەڵبدرێنەوە شتی سەیر بۆ دنیا دەردەکەوێت، نەک تەنها بۆ ئێمە. بەکورتی ناوچەکە لەباربووە بۆ ژیان، ژینگەی وانابێت چۆڵ بێت، دۆزینەوەی گۆزەی سادە لە هەڵەبجە مانای ئەوەیە هێشتا ژیان هێندە پێشکەوتوو نەبووە هی پێش مێژووە.

مەسعودی تاهیر بەگ: تاهیربەگ هەر مەسعودی هەبوو، ئەویش هەرچی موڵکی باوکی هەبوو لە پێنجوێن فرۆشتی، شلێر و ناوخوان هی ئەو بوو، حامید بەگ شروشۆڵی هەبوو، مەسعودیش حەزی لە ئۆتۆمبیل دەکرد، شلێر و ناوخوانی بەو ئۆتۆمبیلە لێ کری. مەسعود دوو ژنی هەبوو، بەڵام منداڵی نەبوو، یەکێکیان کچی معاون شورتەیەک بوو، ئەوی تریان ناوی زارا بوو.

هەڵەبجە شاری شاعیران: جگە لەو شاعیرە دیارانەی کە ناو و بەرهەمیان هەیە، ئەڵێن ئەولای حەسەن و وەلی دیوانە و شاعیری تریش هەبوون، بەردەوام ڕۆشنبیری لە هەڵەبجەدا هەبووە، بۆ باوک و باپیری گۆرانیش لەوانەیە شیعری تاک و تەرایان لەملاو ئەولا هەبێت. هەرچی سەبارەت بە حەسەن فەهمی بەگە شاعیر بوو، بەڵام شیعری تاک و تەرای هەبوو، عەرەب ئەڵێن شاعیرانی یەک قەسیدەیی (شعراء ذات القصائد الواحدة)، بەڵام هەر شاعیرە.

بۆ ناهی کچی عادیلەخانمیش من نەمبیستووە دەستی شیعری هەبووبێت، بەڵام ئەو سافیەیەی کە لە تەعزییەکەی ئەحمەدموختاردا شیعرەکانی ئەخوێندەوە، یەکێک لە شیعرەکانی ئەوە بوو ئەیوت:

**بڵێن بە ناهی خان دڵ نەدا لە دڵ**
**وەختێ دیمەوە چوار باخ بکا بە گوڵ**

فیعلەن ئەوکاتەی کە هاتەوە چوارباخ گوڵی کردبوو.

پەیوەندی لەگەڵ شاعیران: لەگەڵ کەمالی و ناتق دا مەرحەبایی و تێکەڵیمان هەبوو، لەگەڵ حیلمی شەو و ڕۆژ بەیەکەوە بووین، تەنانەت هاتوچۆی ماڵەوەشمان هەبوو، بەڵام لەگەڵ گۆران نەمبووە، چونکە ئەو گەورە بوو مامۆستاشمان بوو. لەنێو ئەو شاعیرانەشدا کە من بە شیعریان موعجەب بووم، مەولەوی بە پلەی یەکەم، گۆرانیش بە پلەی دووەم، ئێستاش دیوانەکەی گۆران لەبەردەستمایە.

پەندی پێشینان: من خۆم ڕوباعییەکم داناوە ئاخر من پەندم هەیە، دیوانێکم هەر پەندە، لە یەکێک لە پەندەکاندا دەڵێم: پەندی پێشینان وەکو یاسایە بۆ کورد دەوڵەتی بەبێ سوپایە. بەو دەوڵەتەدا (پەندی پێشینان) کوردستان ماوە، ئەوەش کوردستانی هێشتووەتەوە، پەندی پێشینان خەڵک لەبەریەتی، ئەوە (٥٥٠٠) پەند لێرەدایە و لەبەردەستمدایە هێشتا بڵاوم نەکردووەتەوە، کتێب و دەستنووسەکانم کەمیان بڵاوبوونەتەوە.

ئیمکانیات نیە هەموویان بڵاوبکەمەوە، ئاخر من (٢٠) کتێبم هەیە، ئەوە دەستووری نوسینی کوردییە داهێنانم تێدا کردووە، تائێستا (٣٦) حەرفم پێشاندراوە، (٣٦) دەنگ لە کوردیدا هەیە، من گەیاندوومەتە (٦٠) دەنگ، ئەی ئەمە نابێت زانکۆ بزانێت، نابێت خەڵک بزانێت (٦٠) دەنگ هەیە لە زمانی کوردیدا.

جگەلەوەش کاری دیکەم تێدا کردووە هەمووی داهێنانە، ناتوانم چاپی بکەم، ئیمکاناتم نیە، ئەوە (٤٥) ئۆپەرێتە هەمووی قازانجە بۆ ئەم میللەتە، تیایەتی شارەکانی کورد کراوە بە عەرەب، ئێمە هەموومان ئەڵێین سەعدییە و میقدادییە ناڵێین شارەبان و قزرابات، چونکە عەرەب وای ناوناوە، ئامێدی ناوناوە عەمادییە، ئاکرێی ناو ناوە عەقرە، حەفتەغاری گۆڕیوە بە (افتیخار)، چەمەبۆری گۆڕیوە بە زمبور کە عەرەبییە.

**عادیلەخانم:** من نازانم خوێندەوار بووە یاخود نا، هەر باسیش نەکراوە، کە خوێندەوار بووە یاخود نا، بەڵام ئەو ئافرەتە بەو زیرەکییە ئەبێت خوێندەوار بووبێت، ئەوەشی کە ئەڵێن لەکاتی داواکردندا خانم پاشای نەبینیوە مەنتیق قبوڵی ناکات، وەسمان پاشا بەو دەسەڵات و بوونەوە چەندینجار چووەتە سنە، چووەتە ماڵیان و میوانیش بووە لایان، چۆن ئەبێت ئەم کچە ئەم پیاوە گەورەی نەبینیبێت، لەبەرئەوە ئەم جۆرە قسانە دروستکراون و ئەسڵیان نییە. سەبارەت بە مردنەکەشی بیستوومە کە خواردنی خواردووە هەڵیهێناوەتەوە، ئەو هەڵهێنانەوەیە قورحەی مەعیدەیە، نەخۆش بوو.

**سەرەتای نوسین:** شیعرێک شیعر بێت لە چل ساڵییەوە دەستمپێکردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٣دا شیعرێکم لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکرایەوە، بەناونیشانی (ئەی دڵ بەهارە کوێستانی ئازیز)، شیعرەکەش سەخت بوو، چونکە وامداناوە موستەزادە، دانانی شیعر بەوجۆرە نەختێک سەختە، چونکە وەزن و قافیە و زیادەی هەیە، بەدوو شێوە ئەخوێنرێتەوە، زیادەکانی لێ ئەکەینەوە بەجۆرێک شیعرەکە ئەخوێنرێتەوە، زیادەکانیشی ئەخەیتەوە سەر لەگەڵ زیادەکان ئەخوێنرێتەوە، لەوکاتەوە ئیتر شیعرم نوسیوە.

**بەرهەمەکان:** گرنگترین بەرهەمەکانم بریتین لە: کوردواتەنی(دە بەرگە بڵاوکراوەتەوە)، پیران و پەندیار (بەرگی یەکەم بەشی پەندە چاپ بووە)، پیران و پەندیار (بەرگی دووەمی چاپ نەبووە، ناومناوە دیوانی ع.ع شەونم)، دیوانی ع.ع شەونم بەشی منال، ٤٥ یاری منداڵانە، دەستووری نوسینی کوردی، ئۆپەرێت (دیوانی ع.ع شەونم بەشی ئۆپەرێت)، ڕێزمانی کوردی...هتد.






## کاتێك ئایدیۆلۆجیا مێژوو دەنووسێتەوە

# مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم

د. کامەران محەمەد

### حەقیقەت و مێژوو

مەبەست لە مێژوو تەواوی ئەو توێژینەوانەیە کە بە بوونەوەرو شتەکانەوە پەیوەستن، ئەوانەی کە بەسەرچوون، واتە توێژینەوەیەکە ناچارمان دەکات ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ بگرینەبەر، چونکە لەسەربەنی گریمانە گەلێکەوە دەگەڕێین، بۆ ئەوانەی کە (ونن)! بەڵام جێی خۆیەتی کە بپرسین: تا چ سنوورێک دەتوانین مێژوو-بەواتا فراوانەکەی- بە تاکە مێژووییەکی ڕاستەقینە دابنێین؟(١)

یەکێک لە سەرەتاییترین کارەکانی مێژوونووس بریتییە لە خستنەڕووی تەواوی ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندییان بە بابەتەکەیەوە هەیە، دواتر دەبێت لە پاڵ خستنەڕووی (گشت) ئەو زانیاریانەی پەیوەندییان بە تاکەتاکەی بەڵگەنامەکانەوە هەیە ئەم پرسیارە ئاراستە بکات: ئایا دەتوانرێت بە ڕاست بزانرێت یاخو متمانەی پێدەکرێت؟

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوە روون بکەینەوە کە مەبەست لە (گشت) ئەوەیە کە ئەوانەی باوەڕ یاخود متمانەی پێبکرێت، ئەوە ناگەیەنێت کە دەقاودەق ڕوویداوە! بەڵکو مەبەست لەوەیە کە نزیکە لەوەی ڕوویداوە! کە دەتوانین لە ڕێگەی پشکنینێکی وردی باشترین سەرچاوەی بەردەست پێی بگەین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەوەی پێی گەیشتین (هاوشێوە)ی ئەوەیە کە بە کرداری ڕوویداوە(٢).

لەم ڕوانگەیەوە ئەمە کەمترە لەوەی کە واتای وەسفکردنێکی وردی ڕوداوێکی ڕابردوو ببەخشێت! بەواتایەکی تر مێژوونووس بڕیاری لەسەر شیاوێتی دروستێتی دەدات، نەک بڕیاردان لەسەر ڕاستێتی بابەتیبوونی. هەرچەندە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە، بەڵام (دووانە) ش نین!

لەم سەربەنەوە (حەقیقەتی مێژوو) دەکرێت بە دۆخێکی دیاریکراو وەسف بکرێت، کە لە (بەڵگەنامە گەلێکی مێژوویی) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ داتاشراوە! بەوپێیەی کە ئەوە متمانە پێکراوە، دوای ئەوەی بە پێی یاساکانی میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی پشکێنراوە.

لێرەوە ژمارەیەکی بێشومار ڕاستی هەن کە تەواوی مێژوونووسان ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕیوە، بۆ نموونە ڕاستی ئەوەی کە (سوقرات ژیاوە)و (ئەسکەندەر هندستانی داگیرکردووە)و (مایکل ئەنجیلۆ پەیکەری موسای هەڵکۆڵیوە)و (بانکەکان لەساڵی ١٩٣٣و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەسەر بڕیاری سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داخران.. تاد). (ڕاستی) گەلێکی سادەو چەسپاوی لەم شێوەیە بە دەگمەن ناکۆکی لەسەر دروست دەبێت، چونکە تێبینیکردن و تۆمارکردنی ئاسانەو بڕیارگەلێک لەخۆ ناگرن کە بەهایەک ڕوونبکەنەوەو دواتر نەساز نییە لەگەڵ هیچ زانیارییەکی چەسپاو لامان.

هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ گوزارشت هەن سادەو دروستن! بەڵام دەبنە شوێنی پرسیار لامان! ئەگەر کەس ناکۆک نەبێت دەربارەی کەسێتی سوقرات، ئەوا ڕێکەوتنێکی کەمتر بەدیدەکەین دەربارەی ئەو کەسایەتییە کۆنانەی کە ئەدەبی گەلی جولەکە باسی کردوون! هاوکات ئەگەر کەس گومان لەوە نەکات کە پەیکەری موسا لەلایەن مایکل ئەنجیلۆوە دروستکراوە، ئەوا کەسانێکی کەم تا ئێستاش گومانیان هەیە دەربارەی شانۆنامەکانی شکسپیر کە لەلایەن (فرنسیس بیکۆن)ەوە نووسرابن!!(٣)

ئەگەر جیاوازی لەنێوان مێژوونووساندا لەسەر زانیاریگەلێکی سادەی لەو شێوەیەدا دروست ببێت، ئەی چۆن ناکۆکی لە هەڵسەنگاندنی مێژووییەکی ماوە مامناوەند (بەواتا برۆدێلییەکەی) فرە ڕەهەندی کۆمەڵگەیەکی وەک یەکێتی سۆڤێت دروست نابێت؟!

ئاشکرایە ئەوەی مێژوونووس قسەی لەسەر دەکات، لە ئێستا ئامادەیی نییەو بەسەر چووە. بۆیە

دەبێت ڕێگەیەکی ناڕاستەخۆ بگرێتەبەر، کە لەسەر بنەڕەتی گریمانەگەلێکەوە هەوڵی دۆزینەوەی ئەوانە دەدات کە ونن! بۆیە لە ڕووی مادییەوە جگە لە شوێنەوارو بەڵگەنامەکان شتانێکی تر لە بەردەستدا نین، کە بە پێی ویستی مێژوو یەکەمجارو پاشانیش ویستی (مێژوونووس) کۆدەکرێنەوەو هەڵدەبژێردرێن (٤).

لەم سەربەنەوە (ماکس فیبەر ١٨٦٤-١٩٢٠) پێیوایە مەعریفەی مێژوویی سنوردارە، واقعی مێژوویش کە مێژوونووس هەوڵی ڕاڤەکردنی دەدات، واقعێکی چڕ و دەوڵەمەندو فرە ڕەهەندە، لەبەر ئەوە هیچ میتۆدێکی کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەتەنها ناتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت(٥)!

هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە بوو لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا مێژوونووسی گەورەی فەرەنسی (فێرنان برۆدێل) بانگەشەی بۆ (یەکێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان) کردو پێیوابوو (ئابووریناس، دیموگرافەر، کۆمەڵناس، دەروونناس، جوگرافیناس، مێژوونووس،...تاد) وەکان زۆر ساویلکەن! چونکە هەریەکەیان لە خۆیاندا ڕۆچوونو پێیانوایە تەنها بە پێوەرە تایبەتەکانی خۆیان دەتوانن بەسەر هەموو شتێکدا زاڵبن، وایە پێیان وایە میتۆدە سنووردارەکەی ئەو بوارەی هەر یەکێک لەوان کاری تێدا دەکەن دەتوانێت مرۆڤایەتی بەرجەستە بکات(٦). هەر (ماکس فیبەر) پێیوابوو ئەو هۆکارو ئامرازانەی کە لێکدانەوەی دیاردەکانی پێدەکەن، یەکگرتوونینو لەسەربەنی پەیوەندی مێژوونووس بە بەها ئایینیو ئاکاریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو... تاد وەرگیراوە!(٧)

دواتر (ە.مارو) دەڵێت:« دەبێت مێژوونووس بتوانێت لە بەڵگەنامەوە بۆ ئەو واقیعە هەنگاوبنێت کە لێیدەکۆڵێتەوەو سەبارەت بە (ئەو) شتێکی دەرەکییە، ئەستەمە ئەو ڕوداوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە دروست بکرێتەوە! لەکاتێکدا تێپەڕبوونی هەر چرکەساتێک پلەی (یەقینبوون) دوورتر دەخاتەوە. هیچ بەڵگەنامەیەک بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە ناتوانێت گوزارشت لە بوونی واقعێک بکات، هەروەک تاکە بەڵگەنامەیەکیش دەسەوسانە لە خستنەڕووی واقیعیبوونی واقیعێک ( لەبەرئەوەی هەموو سەلماندنەکان لەژێر کاریگەری هۆکاری تایبەتیدایە، ئەمە لەکاتێکیشدا ئەگەر متمانەمان بە گەواهیدەرەکە هەبێت».(٨)

هەروەها (پۆل ریکۆر)یش ئەوەی دەرخستووە، کە مەعریفەی مێژوویی (خودێتیو بابەتێتیو تەفسیرکردنو تێگەیشتنو تێبینیو گریمانەکردنو منو ئەوی ترو ڕابردوو ئێستاو..تاد) هەموو ئەمانە پێکەوەو تێیدا پێکدا دەچن!(٩)

واتە مێژوو بەتەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییەو کارێکی (ئەدەبی)یش نییە، بۆ نووسینەوەی مێژووی مرۆڤایەتی. مێژوو (مەعریفەیەکی زانستییە!)، ئەو مەعریفە زانستیەیە کە مێژوونووس دەربارەی ڕابردوو دای دەڕێژێت، پشت بە میتۆدێکی زانستی ورد دەبەستێت، کە ئامانجی ئاشکراکردنی حەقیقەتەکانی ئەو مێژووەیە(١٠).

بەم واتایە مەعریفەی مێژوویی مەعریفەیەکی ڕێژەییە، کە ناتوانرێت بۆ ئاستی بابەتیبوونو یەقینیی زانستەکانی تر بەرزبکرێتەوە!

## لێوان لێو لە ئایدیۆلۆجیا

کتێبی (مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم) لە نووسینی (ریمۆند لۆتا)* و وەرگێرانی (وەلید عومەرو زەردەشت نورەدین)ە. لە دووتوێی پێنج بەشدا لە سێ ئەزموونی مێژوویی دواوە، ئەوانیش ئەزموونەکانی (کۆمۆنەی پاریس)و (شۆڕشی ئۆکتۆبەرو سەردەمی ستالین)و (ئەزموونی چین)و لە کۆتایشدا باس لە شەپۆلی نوێی کۆمۆنیستی دەکات. ئێمە لێرەدا تەنها لە ڕوانگەی ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە کە بەشی سێیەمی کتێبەکەی

بۆ تەرخانکراوە، هەوڵی هەڵسەنگاندنی (مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم)مان داوە.

ڕاشکاوانە بڵێم ناونیشانی کتێبەکە سەرسامی کردم! ئەمە سەرەڕای ئەوەی جیاوازی لە ناونیشانی هەرسێ چاپە ئینگلیزیو فارسیو کوردییەکەیدا هەیە! کە بەڕای ئێمە وەرگێڕە بەڕێزەکان سەرکەوتوو نەبوون لە وەرگێڕانێکی دروستی ناونیشانەکەیەوە! The communist revolution and the) real path to emancipation)، (تاريخ واقعى كمونيسم)، (مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم)! کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان واتاکانی هەر سێکیاندا بەدیدەکرێت. بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی بەکوردی بڵاوکراوەتەوەو دیارە وەرگێڕەکان بەڕاستییان زانیوەو خوێنەری کوردیش هەر ئەو ناونیشانەی بینیوە، بۆیە بەشیاو زانرا قسە لەسەر ئەو ناونیشانە بکرێت!

بۆ یەکەمجار ناونیشانێکم بەرچاو کەوت، زۆر بوێرانەو بێسڵکردنەوە بە خوێنەر ڕابگەیەنێت، ئەگەر دەتەوێت بە مێژوویەکی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم ئاشنابێت؟ ئەوەتا لەبەردەستدایە! (مرۆڤێک) بتوانێت بەو تێڕوانینو بۆچوونانەی لە میانەی چەندەها گوزارەدا بەرانبەر بە مێژوویەک دەری ببڕێتو بە ڕاستەقینە وەسفی بکات، بەڕاستی نووسەرێکە کە دەبێت هەموو خوێنەرێکی (ڕاستەقینە) هەڵوێستە لەسەر نووسینەکەی بکات!

(مرۆڤ)ێک کە (ناتەواوی) و (نەزانی) و (ئارەزوو) بەشێک بێت لە پێکهاتەییو ئەم خەسڵەتانەش لە سروشتی هەموو مرۆڤێکدا ڕەخسابێت، ئەوجاش بێتو ئەو مێژووەی ئەو دەیگێڕێتەوە بە (ڕاستەقینە) پەسنی بکات، بەڕاستی نووسەرێکی بوێرە!

ناونیشانی ئەم کتێبە پێمان دەڵێت، مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم لە دووتوێی لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمەدایە! واتە ناڕاستەخۆ نەفی تەواوی ئەو نووسراوانە دەکات، کە تا ئێستا لەسەر مێژووی کۆمۆنیزم لەلایەن مێژوونووسو قوتابخانە جیاوازەکانەوە خراونەتەڕوو!

لێرەدا ڕەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵ بدات، کە بۆچی قسە لەسەر نووسەر دەکرێت، لەباتی ئەوەی خوێندنەوەیەکی زانستییانە بۆ تەواوی ڕستەکانی نێو کتێبەکە ئەنجام بدرێت؟

ئەستەمە قسە لەسەر بەرهەمێکی مێژوویی بکرێت، ئەگەر قسە لەسەر خودی مێژوونووس نەکرێت! چونکە لە کۆتاییدا ئەوە (جیهانبینیو فراوانیو تەسکی بازنەی زانیارییەکانو پسپۆرییو ویستو حەزو بەرژەوەندیو خەونو...تاد) مێژوونووسە کە مێژوو بونیاد دەنێت! هەر لەم سەربەنەوە (جیاوازی) دەبێتە ئادگارێکی دیاری نێو لێکدانەوە مێژووییەکان.

### دیکتاتۆرێتی چینی باڵادەست

لەسەربەنی ئەو تێڕوانینەی مارکس کە هەر دەوڵەتێک لە جەوهەری خۆیدا بریتییە لە دیکتاتۆرێتی چینی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگاوە»(١١)! واتە لەم ڕوانگەیەوە هەریەکە لەو دوو چینە (بۆرژوازیو پرۆلیتاری) بەپێی ئایدیۆلۆجیای خۆیان حوکمی تەواو بەسەر چینەکانی تردا دەکەن! کەواتە دیکتاتۆرێتی بۆرژوازیو دیکتاتۆرێتی پرۆلیتاریا دوو دیووی یەک دراون! ئەمەش پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە سروشتی دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە، وەک (تێری ئیگڵتۆن) بەڕاشکاوی پەنجە لەسەر ئەم خاڵە دادەنێتو دەڵێت:» ڕەنگە مارکسیزم لە تیۆرییدا زۆر باش بێت. بەڵام هەرکاتێک کەوتە بواری پراکتیکییەوە، دەرەنجامەکەی جگە لە ترسو تۆقاندن، ستەمکاریو کوشتاری بە کۆمەڵی ترسێنەردا، شتێکی دیکەی بەدوای خۆیدا نەهێناوە. لەوانەیە مارکسیزم بۆ ئەکادیمییە پارەدارە خۆرئاواییەکان ئایدیایەکی باش بێت کە دەتوانن ئازادیو دیموکراسی وەک شتگەلێکی گرنگو یەکلاییکراوە سەیر بکەن. بەڵام بۆ

میلیۆنان پیاوو ژنی ئاسایی لەنێو قاتوقڕی، مەینەتی، ئەشکەنجە، کاری زۆرەملێ، ئابووریی داڕماوو دەوڵەتە سەرکوتکەرەکاندا ترسناک بووە. ئەوان کە سەرەڕای هەموو ئەمانە، کەچی هێشتا بەرگری لە تیۆریی مارکسیزم دەکەن، یان عەقڵیان سووکەو ساویلکەن یاخود پشتیان لە هەموو بەها ئەخلاقییەکان کردووە. سوسیالیزم واتە نەبوونی ئازادی، هەروەها واتە کەمبوونەوەی کاڵا ماتریالییەکان، چونکە ئەمانە دەرەنجامی تووڕەیی لەنێوبردنی بازاڕ بووە.» تێری ئیگلتۆن: بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو؟، (وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد، دەزگای ئایدیا، ٢٠١٥، ل ٥١

گەر کەسێک پاشخانێکی مەعریفی مێژوویی دەوڵەمەندی هەبێت، بەئاسانی لەوە تێدەگات، کە بەشێکی زۆری دەوڵەتو دەسەڵاتدارێتییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی هەڕەشەو مەترسی گەورە بوونەتەوە، بەڵام پاکانەکردن بۆ جینۆسایدکردنو قەلاچۆکردنی نەیارو ئەو کەسانەی کە هاوئاواز بیر ناکەنەوە لەگەڵ توێژی فەرمانڕەواکاندا ئەوا نەک هەر ئەو مرۆڤە بوونی پێودانگە زانستییەکان لە بابەتەکەیدا بەتاڵ دەکاتەوە! بەڵکو لە بەها مرۆیيو ئاکارییەکانیش خاڵی دەکاتەوە(١٢)!! چونکە تەنانەت کەسانێکی وەک (نیرۆن)و(هیتلەر)و...تاد، بەهانەو بیانوویيان بۆ کارە دڕندانەکانی خۆیان هێناوەتەوە!

هاوکات سازشکردنی (ستالین)بۆ هێزە ئایینیو نەریتیو...تاد، لەلایەکەوەو پاشەکشەکردن لەو (دەستکەوتانە)ی کە لەبارەی مافی ژنو هاوڕەگەزبازییەکانو لەباربردنی کۆرپەلەو ستایشکردنی خێزانی تەقلیدیی کە پێشتر بەدەستهاتبوون(١٣). لەلایەکی ترەوە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە (ستالین)کارێکی جیاوازی لە کاری بەشی هەرەزۆری سەرکردەکانی تری مێژوو ئەنجام نەداوە! ستالینیش وەک ئەوان سیاسەتی کردووە(ماکیاڤیلی) گوتەنی بۆ بە ئاکام گەیشتنی مەبەستەکانی، بێگوێدانە بەها باڵاکانی کۆمۆنیزم ئەوەی پێویست بوو بێتو تەواوی ئامرازە شەرعیو ناشەرعییەکانی بەکارهێناوە!

(لۆتا) دەربارەی ڕژێمی باڵادەستی ڕوسیا دەڵێت:» ڕژێمێکی ستەمکارو سەرکوتکەر بوو سەڵتەنەتی قەیسەر لەسەر بنەمای پۆلیسی نهێنی، زیندانو ڕاوەدوونانو چاودێریکردنی خەڵک دامەزرابوو!»(١٤) لە ڕاستیدا ئەگەر قسەکردن لەسەر ئەو دامەزراوانەو ستەمکاری بێت، ئەوا ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا هات تەنها بریتیبوو لە گۆڕینی چەند ناونیشانێک لەسەردەمی دوای شۆڕشو دروستبوونی یەکێتی سۆڤێتو سەردەمی فەرمانڕەوایەتی (ستالین)! ئەگینا بازنەی ستەمکاریو سەرکوتکردنو ڕاوەدوونانو...تاد بەشێوەیەکی ترسناک فراوانتر بوو!

(لۆتا) کاتێک باس لەو دەوڵەتە نوێیە دەکات، کە هاتبووە ئاراوە، دەڵێت:» یەکسەر دوو فەرمانی هەژێنەری واژۆ کردبوو، یەکەم فەرمانیان، ڕوسیای لە جەنگ هێنایە دەرەوەو خوازیاری کۆتایهێنان بوو بەو کوشتو برە دڵتەزێنەو خوازیاری ئاشتییەک بووبەبێ هیچ سەرکەوتنێکو پێکەوە لکاندنی هیچ وڵاتو سەرزەمینێکی تر.»(١٥)

بەڵام ئەوە هەر ئەم دەوڵەتە نوێیە بوو، کە ڕاستەخۆ یاخود ناڕاستەخۆ سەروەری چەندەها وڵاتی پێشێلکردو یەک لە دوای یەک سنووری دەوڵەتە نوێیەکەی پێ فراوانتر دەکردن! ئەوەی (لۆتا) لێرەدا دەیبینێت واژۆکردنەکەیە، بەڵام ئەوەی چاوی لێ دەپۆشێت پێشێلکردنی ئەو واژۆیەیە لەلایەن خودی دەوڵەتە نوێیەکەیە! واتە لێرەدا ئایدیۆلۆجیا نووسەری بەشێوەیەک لەت کردووە کە نەیتوانیوە خۆی کۆبکاتەوەو بۆچوونەکانی یەک بخاتەوە!

(لۆتا) کاتێک باس لە سوپاو دادگاو پۆلیسو زیندانو...تاد لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا دەکات. وەک دامەزراوەی سەرکوتکەر وەسفیان

## لەساڵی 1925 سۆڤێت پێشقەرەوڵی ئەو وڵاتانە بوو کە پڕوپاگەندەی ژاراوییان دژی شۆڕشی کورد لە باکوری کوردستان دەکردەوەو بە ڕاپەڕینێکی ئایینیو کۆنەپەرستانە دەیانناساند

دەکات. بەڵام لە بەرانبەردا باس لە (دیکتاتۆریتی پرۆلیتاریا) لە دەوڵەتە نوێیەکەدا وەک فریشتە دەکاتو وا لە خوێنەر دەگەیەنێت، کە لە دەوڵەتە نوێیەکەدا ئەو دامەزراوانە ڕۆڵکی باشیان بینیوەو دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر نەبوون! ئەگەر سەرکوتیشیی کردبێت، ئەوا بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو مەترسیانە بووە، کە لەلایەن کەسو هێزەکانی دژە شۆڕشەوە ئەنجام دەدران.(١٦)

### دەوڵەتە نوێیەکەو کەمینە نەتەوەییەکان

(لۆتا) دەڵێت: ئەم دەوڵەتە دانی بە مافی چارەی خۆنووسیندا نا، مافی ئەو نەتەوە ستەمدیدانەیە کە لە ئیمپراتۆریەتێک یان نەتەوەیەکی دەسەڵاتدار جیاببنەوەو سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبێنن! (لۆتا) نموونەی فیلەندا دێنێتەوە کە لە ڕوسیا جیا دەبێتەوەو دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ(١٧)، بەڵام یەکێتی سۆڤێت، هەموو کاتێک، بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی تەماشای دۆزی نەتەوە بندەستەکانی کردووە! سیاسەتی سۆڤێت لە پارچەکانی کوردستاندا پەیوەندی بە بەرژەوەندیو هەڵوێستی تایبەتی وان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کورد تیایاندا دەژی هەبووە. شۆڕشی شێخ مەحمود کە لە ساڵی ١٩١٩دا دەستپێکردو بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ تا ١٩٣١ درێژەی هەبوو، لەگەڵ ئەوەی شێخ نامەی تایبەتیشی بۆ (لینین) نووسیبووو داوای یارمەتی لێکردبوو، نامەو داواکارییەکەی شێخ بێوەڵام مانەوە!(١٨)

لەساڵی ١٩٢٠-١٩٢١ دا ٣٩ هەزار تفەنگو ٦٣ ملیۆن فیشەکو ٥٤ تۆپو ٢٠ هەزار ماسکی دژی کیمیاییو زەخیرەو نەوتێکی زۆری کردە خەڵاتی تورکیا!

لەساڵی ١٩٢٥ سۆڤێت پێشقەرەوڵی ئەو وڵاتانە بوو کە پڕوپاگەندەی ژاراوییان دژی شۆڕشی کورد لە باکوری کوردستان دەکردەوەو بە ڕاپەڕینێکی ئایینیو کۆنەپەرستانە دەیانناساند(١٩). ئەوا هەڵوێستی سۆڤێت بەرانبەر بە کۆماری کوردستانو دواتر سوریاو دواتر شۆڕشی ئەیلولو...تاد هەموو ئەوانە ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە سۆڤێتو بەتایبەتیش لەسەردەمی (لینین)و(ستالین) دا داکۆکیکاری مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی بندەست بووبێتن!!

یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەم کتێبەو بەشێک لە هەڵگرانی ئایدیۆلۆجیا پەرگیرەکان ئەوەیە کاتێک دەیانەوێت لە گەورەیی تاوانێک بچووک بکەنەوە، ڕاستەوخۆ سەرنجی خوێنەرو مرۆڤەکان بۆ تاوانی کەسانو حوکمڕانییەکانی ناو مێژوو ڕادەکێشنو پێیان دەڵێن ئەوەی ئێمە کردمان دڵۆپێکە لەچاو دەریایەک لەوەی ئەوان کردیان!!

(لۆتا) دەڵێت:» بەدرێژایی قۆناغی (١٩٣٦-١٩٣٨)... زۆرێک لە خەڵکی بێگوناه سەرکوتکران، کاربەدەستە ئابوورییەکان، ئەفسەرە سەربازییەکان، ئەندامانی حیزب کە ساڵانی پێشوو نارەزایەتیو ناکۆکییان نواندبوو، یان کەسانێکی تر وەک سەرچاوەی نووستووی ناکۆکی دەبینران، چەشنی ڕۆشنبیران کە سەرکوتکران، مافە سەرەتاییەکانی خەڵک هەڵوەشێنرایەوەو خەڵکیش بەپێی ئەم هەڵوەشانەوەیە لەناوبرانو ئیعدام کران. هەروەک وتم ئەم هەڵانە زەقو زل بوون»(٢٠).

دواتر دەڵێت:» گەر ئەو هەمووە زیادەرۆگەرییەی لە یەکێتی سۆڤێتدا روویدا، بەرەسمی بناسین، ئەوا تەنانەت قابیلی بەراورد نیە بە ڕوداوێک لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانداو، قەترەیەکە لەچاو دەریای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا...»(٢١)

دواتریش بەخێرایی سەربووردێکی تاوانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی جیفرسۆنەوە تا جەنگی کۆریاو عێراق دەکات! بۆ ئەوەی پێمان بڵێت کە ئەوەی (ستالین)لە یەکێتی سۆڤێتدا کردی:» بۆ داکۆکی کردن لە شۆڕشێکی زۆر گرنگ ئەنجامیدا، کە ئامانجەکەی بریتی بوو لە ڕزگارکردنی دونیا لە کۆیلایەتی ئەویش لە فۆرمە مۆدێرنەکانیدا(٢٢).

ئەوەی لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانو یەکێتی سۆڤێتدا بوونەتە قوربانی تەنها مرۆڤەکان بوون! ئەگەر دەسەڵاتێک بە هەر بیانوویەکەوە بێتو ملیۆنەها مرۆڤ لەناو ببات! ئیتر چاوەڕوانی چ بەهەشتێکی لێ دەکرێت کە لە ئایندەدا بە خەیاڵی خۆی بۆ ئەوانی دیکەی دروست دەکات؟ ئەوە کەی کوشتنی مرۆڤەکان بە شۆڕشێکی گرنگ دانراوە؟! ئەوە چ سوکایەتیکردنێکە بە پیرۆزترین شتی مرۆڤەکان کە ئەویش (خو[ن)یانە؟! ئەگەر سیستمێک لە بەرگریکردن لە شکۆو ڕێزو بوونی مرۆڤەوە بگۆرێت بۆ شکاندنو لەناوبردنیان! ئەوا کەڵکی ئەو سیستمە لە کوێدایەو بۆ کێیە؟!

تەنانەت کۆیلایەتی لەتەواوی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتییداو بە فۆرمی جیاواز هەبووەو تەنانەت لەسەردەمی خودی ستالینو لە یەکێتی سۆڤێتدا گەیشتە ترۆپک! بەڵام لە فۆرمێکی مۆدێرندا نەک بەو شێوە تەقلیدییەی لە مێژووی کۆیلایەتیدا خوێندومانەتەوە!

چ گاڵتەجارییەکە بەناوی نەهێشتنی کۆیلایەتییەوە سەدەها هەزارو بگرە ملیۆنان مرۆڤ پاکتاوو ڕابگوێزین؟ پاکانە کردن بۆ ئەزموونێکی تاڵی لەو شێوەیەی مێژووی مرۆڤایەتی ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێت کە ئەوە ئایدیۆلۆجیایە قسە دەکات نەک مێژوو! چونکە ئایدیۆلۆجیاو مێژوو سەر بەدوو جیهانی جیاوازن! هەریەکەیان (بنەڕەت)و (ئەرک)و (ئامانج)و (ئەنجام)ی تایبەت بە خۆی هەیە!(٢٣)

مێژوونووسینو مێشک شۆردنەوە

کاتێک (مێژوونووس) پێداگیری لەوە دەکات، کە ئەو مێژووەی ئەو (بونیاد)ی دەنێتەوە، یاخود پێشکەشی دەکات مێژوویەکی ڕاستەقینەیە! ئەوە مێژوونووسێکی ترسناکە! چونکە ئەو مێژوونووسەی وەک ئەو بیر ناکاتەوە، یان وەک ئەو مێژوو ناخوێنێتەوە یان وەک ئەو مێژوو نانووسێتەوە، ئەوا مێژوونووسێکی سەرلێشێواوو چەواشەکارو مێشکی شۆردراوەتەوە! دیارە ئەمەش لە تێڕوانینی مێژوونووسەکەوەیە وەک مرۆڤێک بۆ حقیقەت! کاتێک حەقیقەت لە مەعریفەیەکی عەقیدەیی DOGMATOQUE دا دەبیەستێ، دەبێتە هۆکاری پەرتەوازەییو کێشمەکێشمو وەلاخستنو توندو تیژی، مرۆڤی ئایدیۆلۆجیست هەمان شەڕی دژ بە لاداوانو سەرلێشێواوانو هەڵگەڕاوانو ناپاکان بەرپا دەکات، کۆ ناکات بۆ چەسپاندنی (حەقیقەت) پەنا بۆ توندوتیژی ببات،(٢٤) بەوەش (حەقیقەت!) دەبێتە شتێکی نامرۆڤانەو بکوژ: مرۆڤ بەناوی حەقیقەتەوە دەکوژرێ! دواتر مێژووش بەناوی حەقیقەتەوە دەشێوێندرێ!

# سیاسەتی سۆڤێت لە پارچەکانی کوردستاندا پەیوەندی بە بەرژەوەندیو هەڵوێستی تایبەتی وان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کورد تیایندا دەژی هەبووە.

(لۆتا) لە وەسفی ستالیندا دەڵێت:»(ستالین) تێگەیشتنێکی وەهای نەبوو و بۆ چارەکردنی گرفتەکانیش پشتی بە پۆلیسو پاکتاوکردن دەبەست!»(٢٥). بەڵام هەر خۆی دەربارەی ئەو کەسانەی کە ڕەخنە لە (ستالین)دەگرن لەسەر ئەو پاکتاوکردنو ستەمکارییەی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا بەرانبەر بە هاوڕێو ئەندامانی حیزبو ڕکابەرو تەنانەت چینەکانی تری کۆمەڵگا گرتییەبەر بە (مێشک شۆراوەکان) ناویان دێنێت! وەک دەڵێت:» من دەربڕینی مێژوونووسێک بەکاردێنم بە ناوی ئارنۆ مایەر کە باوەڕی وایە داتاشینی سیمایەکی ئەهریمەنی لە (ستالین)(بۆتە سرووتو ڕێوڕەسمێکی باو) بهێڵە با ڕاشکاوبمو بڵێم، ئەوانەی ئەم (سرووتی بە ئەهریمەنکردنە) قبوڵ دەکەنو دووبارەی دەکەنەوە، لە قوربانییەکانی (مێشک شۆردنەوە)ن. پێویستە مێژوو لە شێواندنەکان پاک بکەینەوەو بەشێوەیەکی زانستی سەیری کەسەکانو ڕووداوەکان بکەین. واتە بیخەینەوە ناو چوارچێوە ڕاستەقینەکەی خۆیان، ئەو سەردەمە چ شتێک لە جیهاندا لە ڕوودانا بوو؟ ئەوانە چ تێگەیشتنێکیان هەبووو ڕووبەڕووی چ مەسەلەیەکیش بوونەوە؟ بە دەربڕینێکی کورتتر، ئێمە دەبێت تەمو مژەکان بڕەوێنینەوە.»(٢٦)

هەموو ئەم پێشەکییە دەربارەی مێژوو بۆ ئەوەیە پاکانە بۆ (ستالین)بکاتو بە چاپێکی تۆختر لە نووسینە ئاساییەکەی کتێبەکە پێمان بڵێت:»(ستالین) شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینەو ڕەسەن بوو.»(٢٧)

بە تێڕوانینی ئەو «لەبەر ئەوەی ئەو ڕیزە گۆڕانکارییە ڕیشەییە شۆڕشگێڕانەیە کە لە سۆڤێتدا لە ڕوودانا بوونو باسمکردن تێکڕا تا ڕادەیەکی زۆر بەسترابووەوە بە ڕێبەرایەتی ستالینەوە».(٢٨)

لێرەدا هیچ سەرنجێک لەسەر ڕۆڵی تاک لە مێژوودا بەگشتیو لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا بە تایبەتی ناخەینەڕوو! کە بابەتێکی بنەڕەتی وتوویژ بووە لەنێوان بیرمەندانی خودی ئەو ڕەوتە فکرییەی مێژووی مرۆڤایەتی. بەڵام پاکانە کردن بۆ کەسایەتییەک کە پاکتاوو ستەمی ئەنجام دابێت، لە پێناو چەسپاندنی پایەی دەوڵەتە نوێیەکەدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە نووسەر باوەڕی پێیەتی کە ئەویش بریتییە لە (دەوڵەتبوون پێش مرۆڤبوون)! پێشتر دەوڵەت ئامرازی داپڵۆسین بوو! بەڵام ڕێبەرانی کۆمۆنیزم بەدەنگێکی بەرز پێیان ڕاگەیاندین دەبێت کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام سەرلەنوێ لۆتا بە تەقدیسەوەو لەژێر ناوێکی جیاوازدا بەرگری لە هەمان بوون دەکات!!

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی کەسێکی ئایدیۆلۆجیستی وەک نووسەر نەیتوانیوە بچێتە دەرەوەی ڕووداوەکانو لەوێوە هەوڵ بدات ڕووداوەکان وەک خۆی ببینێت، وای لە کتێبەکە کردووە، کە بەتەواوی سەر بە جیهانی ئایدیۆلۆجیا بێتو کڵۆڵ بووە لەچوونە ناو سنوورەکانی مێژووەوە!!

## پەراوێزو سەرچاوەکان


١ عزيز لزرق و محمد الهلالي: دفاتر فلسفية نصوص مختارة (التاريخ ٢٤)، دار توبقال للنشر، الطبعة الاولى، ٢٠١٤، ص ١٧.

٢ لويس جوتشلك: كيف نفهم التاريخ مدخل الى تطبيق المنهج التاريخي، ت: عائدة سليمان عارف و احمد مصطفى ابو حاكمة، دار الكاتب العربي، مؤسسة فرنكلين للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٦٦، ص١٦٤.

٣ المصدر نفسه، ص١٦٥.

٤ عزيز لزرق و محمد الهلالي: المصدر السابق، ص٣٥.

٥ مفهوم التاريخ (http://philom.blogspot.com/٢٠١٢/٠٣/blog-post_١٠٨٠.html)

٦ کامەران محەمەد: فێرنان برۆدێلو گوتاری مێژوویی، بەڕێوەبەریتی چاپو بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٧٤.

٧ مفهوم التاريخ (http://philom.blogspot.com/٢٠١٢/٠٣/blog-post_١٠٨٠.html).

٨ عزيز لزرق و محمد الهلالي: المصدر السابق، ص٤٣.

٩ كامةران محمد: بول ريكور وابستيمولوجيا التاريخ، مجلة أداب الفراهيدى، العدد (٢٦)، كلية الاداب، جامعة تكريت، ٢٠١٦، ص ٢٥٦ ومابعدها.

١٠ ه.ا. مارو، من المعرفة التاريخية، ت: جمال بدران، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، ١٩٧١، ص٢٦.

• ڕیموند لۆتا (١٩٤٩- ): بیرمەندێکی شۆڕشگێری چەپڕەوە، بەشێوەیەکی بەرفراوان نووسین گەلێکی دەربارەی چین لەسەردەمی شۆڕشی ڕۆشنبیروچینی میللی پاش شۆڕشو ڕوونکردنەوەی هزری (ماو)و ..تاد خستووەتەڕوو. هاوکات ڕۆڵێکی بنەڕەتی گێڕاوە لە ئاشکراکردنی گەڕانەوەی سەرمایەداری لە یەکێتی سۆڤێتو چیندا. یەکێک لە گرنگترین نووسراوەکانی بریتیە لە کتێبی (مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم)ە.

١١ ڕیمۆند لۆتا: مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم، و: وەلید عومەرو زەردەشت نورەدین، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠١٧، ل٢٩.

١٢ هەمان سەرچاوە، ل ل ٧٥ ٧٦.

١٣ هەمان سەرچاوە، ل ل ٧٢ ٧٣.

١٤ هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.

١٥ هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

١٦ هەمان سەرچاوە، ل ل ٤٢ ٤٣.

١٧ هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

١٨ کرمانج گوندی: سی ساڵ خەباتو وڵاتێکی وێران، ل٨٥.

١٩ هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٢٠ ڕیمۆند لۆتا: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

٢١ هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

٢٢ هەمان سەرچاوە، ل ل ٧٨ ٧٩.

٢٣ کامەران محەمەد:ئایدیۆلۆجیا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (١٢)، ٢٠١٧، ل١٣.

٢٤ هەمان سەرچاوە، ل١٣.

٢٥ ڕیمۆند لۆتا: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

٢٦ هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.

٢٧ هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٢٨ هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

# فەرهەنگۆکی زاراوەکانی

# حوکمڕانی سیاسەت دیموکراسی



**سامان مامڵێسی**

لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢، تەکیە- چەمچەماڵ. ماستەر لە هزری پەروەردەیی ئیسلامیی- زانکۆی جینان- لوبنان. خوێندکاری دکتۆرا و مامۆستا لە زانکۆی سەڵاحەدین. خاوەنی ١٠ کتێبی چاپکراوە.

(زاراوە) وا ناسێنراوە کە: یەکڕایی کۆمەڵێک کەسە لە ناونانی شتێکدا دوور لە واتای یەکەمی و، کردنەدەرەوەی بێژەیەکە لە واتا زمانەوانییەکەیەوە بۆ یەکێکی دیکە، بە هۆی ئەو بۆنەیەی لەنێوانیاندایە.
یان بریتییە لە: بێژەیەکی دیاریکراو لای کۆمەڵێکی دیاریکراو. (عبدالهادی، ٢٠٠٧، شبکە الالوکە.)
زاراوەناسیی بووەتە ڕێچکەیەکی تایبەت و چەندان کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە، بە شێوەیەک بۆ هەر زانستێک کۆمەڵە زاراوەیەکی تایبەت بە خۆی هەس، کە کۆکراونەتەوە و لە دووتوێی کتێب یان فەرهەنگدا بڵاوکراونەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی هەر یەکێک لەو زاراوانە، واتای تایبەتی لای هەڵگرانی ئەو زانستە یان دانەرانی هەیە. یانی بۆ نموونە: زانستی بیروباوەڕ زاراوەیەلی تایبەت بەخۆی هەس، زانستی سیاسەت و حوکمڕانیش هەروا، تا بە یەک بە یەکی زانستەکانی دیکەیش دەگات. لەم خستنەڕووە کورتەدا، گرینگترین زاراوەکانی تایبەت بە بواری حوکمڕانی، سیاسەت و دیموکراسی دەناسێنرێن.

**چەپڕەوی توندڕۆ**
**چەپڕەوی نوێ**
**پۆست چەپڕەو**

**ڕەگ و ڕیشەی ناوی چەپڕەو:**
وەکی زاراوەیەکی سیاسیی، ڕیشەکەی بۆ کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نیشتمانی فرەنسیی دەگەڕێتەوە، کە دوای شۆڕشە نێوبەدەرەکەی فرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ دەکران.
ئەوەبوو زۆربەی لایەنگرانی شۆڕش و توندوتیژی و، ئەندامانی یانەی (یەعاقیبە) لەسەر کورسییەکانی هەڵکەوتوو لەلای چەپی ژووری کۆبوونەوەکانەوە دادەنیشتن، تا وای لێ هات ناوەکە بەو کەسانە دەوترا کە بانگەوازی یەکسانی تەواویان لەنێوان گرۆی بنیادەمدا دەکرد و، هەڵگری دیدگەی شۆڕش و گۆڕانکاریی ڕیشەیی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بوون.
ئەمانە بڕوایان بە ڕێوشوێنەکانی دیموکراسی و سیاسەتەکانی هەڵبژاردنەکان نییە و، ئامانجیان تەنێ گۆڕانکاریی ڕیشەییە و، ئامرازەکەی بە شۆڕشکردن دادەنێن.

**گرینگترین جۆرەکانی:**
چەپڕەوی توندڕۆ: چەند ناوێکی دیکەیشی هەن، وەکی: ئەوپەڕی چەپ، چەپڕەوی شۆڕشگێڕ، چەپڕەوی ڕادیکاڵ، بانگەواز بۆ لای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی تەواو لە نێوان گرۆی بنیادەمدا دەکەن، هەندێک جار وەکو ئۆپۆزسیۆن و هەندێک جاریش خۆیان وەکو ڕکابەرێکی توندئاژۆ دەردەخەن. دژی دابەشکردنە چینایەتییەکانی وەکی: چینەکانی ئابووریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتین.
٢ جۆر لە چەپڕەوی توندڕۆ هەن:
- چەپڕەوی توندڕۆی ئابووریگەرا (شیوعییەت)، لە نموونەی ئایدیۆلۆژییەکانی: لینینی، ترۆتسکیی، لۆکسمبۆرگیی، شیوعییەتی چەپگەرا، شیوعییەتی ئەنجوومەنخواز، ماویزم، تیتەویزم و سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕیی.
- چەپڕەوی توندڕۆی کۆمەڵایەتی (نادەسەڵاتگەر)، لە نموونەی ئایدیۆلۆژییەکانی: فیمینیزم، نادەسەڵاتگەری سەوز، نادەسەڵاتگەری سەرەتایی، نادەسەڵاتگەری ڕووەکگەرا و نادەسەڵاتگەری ناتوندوتیژ. هەروەک هەندێک ئایدیۆلۆژیای دیکە هەن و هەردوو جۆرەکەیان کۆکردووەتەوە، وەکی: نادەسەڵاتگەری چەپڕەو، شیوعییەتی نادەسەڵاتگەر، سۆشیالیزمی ئازادیخواز، نادەسەڵاتگەری کۆمەڵایەتی، نادەسەڵاتگەری کۆمەڵەکیی و نادەسەڵاتگەری سەندیکایی.

**چەپڕەوی نوێ**: بزاوتێکی سیاسییە و لە شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە سەریهەڵداوە. لە

کۆمەڵە چالاکوانێکی ڕۆژئاواییە کە داوای مافی مەدەنیی، سیاسیی، ئافرەتان، هاوڕەگەزبازەکان، مافی لەباربردنی کۆرپەلە، ڕۆلگۆڕینەوەی هەردوو ڕەگەز، مادەهۆشبەرەکان و چاکسازیی سیاسییان دەکرد. بە بڕوای هەندێک، دەرکەوتنیان وەکی بەرچەکردارێک وا بوو لە بەرانبەر مارکسیزم و سەندیکا کرێکارییەکان و بزاوتەکانی دادپەروەریی کۆمەلایەتیدا.

پۆست چەپڕەو: دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لە ماوەکانی سەدەی بیستەم بە سەردەمی زێڕینی چەپەکان دادەنرا، بەهۆی پەیدابوونی (تەکنۆکراتی بێلایەن) ەوە، خۆری برەویان بەرەو ئاوابوون ڕۆیشت، تا وای لێ هات، چەپگەرایی لە نێو بۆتەی تێکنۆلۆژیادا وەکی قورقۆشمی تواوەی لێ هات.

بەشێوەیەک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەژموونی ئابووریی و کۆمپانیاکانی فرەڕەگەز، دنیایان کردووەتە گۆڕی گومی چەپگەرایی و، لێرە و لەوێ چەند دەنگێکی کز و لاواز نەبێت، چالاکییان نابیسترێت.

**میانڕەوی چەپگەرا**
**میانڕەوی ڕادیکاڵیی**
**میانڕەوی ڕاستگەرا**

**میانڕەوی چەپگەرا:** زاراوەیەکی سیاسییە، ئەو کەس و پارت و ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە خانە هزرییەکانیان لە نێوان ئایدیۆلۆژیای چەپڕەویی و ڕاستڕەویدا، خۆی مەلاس داوە. بڕوایان بە هەلوێستەکانی چەپڕەوی ڕادیکاڵ نییە، بەڵکو مەیلی هزرییان بەلای میانگیرییەکی چەپگەراییدا لە ولاتێکی دیاریکراودا، سەرەوشۆڕ دەبێتەوە.

گرینگترین ئایدیۆلۆژیاکانی میانڕەوی چەپگەرا، ئەمانەن: پێشکەوتنخوازیی، لیبراڵیی کۆمەلایەتیی، دیموکراسییەتی کۆمەلایەتی، سۆشیالیزمی دیموکراسیی و سیاسەتی سەوز.

**میانڕەوی ڕادیکاڵیی:** یان ڕادیکاڵی میانگیر، ئاماژەیە بۆ فەلسەفەیەکی سیاسیی لە دەوڵەتانی ڕۆژئاواییدا، بە تایبەت لە ئەمریکا و بەریتانیادا، کە لە ٣ چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا باوبوو.

هەرچی زاراوەی (ڕادیکاڵی) یە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆربەی هەلگرانی ئەم هزرە، بانگەواز بۆ لای چاکسازیی بنەڕەتی لە دامەزراوەکاندا دەکەن. مەبەست لە زاراوەی (میانڕەو) یش یانی چارەسەرە کردەییەکان، پێویستیان بە واقیعیبوون و بەرژەوەندیخوازبوون هەیە، نەک هەلچوون و ئایدیالیبوون.

بڕوایان وایە، دەبێت حکومەت ئاگەداری بازاڕەکان بێت و بیانخاتە ژێر چاودێرییەکی چڕەوە، تاکو کێشە کۆمەلایەتییەکان لە بەرژەوەندی گشتیدا بشکێنێتەوە. هەروەک پێیان باشە حکومەت، لە دەوڵەتانی بەرەو فراژووبووندا، زێتر خۆی هەلبداتە نێو گەشەی جیهانیی چینی مامناوەندەوە. هەندێک لە لایەنگرانی ئەم هزرە، لە نێو پارتە سیاسییەکاندا کاردەکەن، وەلێ حەشیمەتێکی زۆریان، خۆبەربژێرکردنی سەربەخۆ و دەرەوەی پارتەکان، بە باشتر دەبینن.

**میانڕەوی ڕاستگەرا:** یان سیاسەتی ڕاستگەرای میانڕەو، کە ملی بە لای هزرە ڕاستڕەوییەکاندا لار کردووەتەوە، وەلێ میانڕەوییەکەی زێترە.

**ڕاستڕەوی توندڕۆ**
**ڕاستڕەوی بەدیل**
**ڕاستڕەوی نوێ**

**ڕاستڕەوی توندڕۆ:** زاراوەیەکی سیاسییە و بەسەر ئەو تەیار و پارتانەدا دابڕاوە کە بڕوایان بە بەکارخستنی دەستێوەردانی زۆرەکیی هەیە و، داوا دەکەن حکومەت بە توندوتیژیی و بەکارهێنانی چەک، نەریت و بەهاکان بسەپێنێت. ئەم جۆرە حوکمکردنە، جودایە لە پارتە

سیاسییەکانی ڕاستڕەوی تەقلیدیی، کە داوای پاراستنی نەریت و دابەکانی نێو کۆمەڵگە دەکەن.

چاودێران هۆکارەکانی تەشەنەکردنی ڕاستڕەوی توندڕۆ بۆ هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەتی بەرێ دەگێڕنەوە، دوابەدوای ئەوە دەوڵەتەکان لایان بە لای ڕەچەڵەکیاندا کردەوە. هۆیەکی دیکەیش یەکگرتنی وڵاتانی ئەورووپی بوو لە نێو بۆتەی یەکێتی ئەورووپادا، کە وای کرد گرینگیی بە بنەڕەت و ڕەچەڵەکی خۆیان بدەن، دیسان هۆکارێکی دیکەیش ئەوەبوو پەتای بێکاریی و بێبازاڕیی ئابووری لە ئەورووپادا بڵاوبووەوە. لەولایشەوە قەیرانی دارایی جیهانیی وای کرد ئەورووپییەکان بە تێڕوانێکی گوماناوییەوە لە بێگانەکان بنۆڕن.

**ڕاستڕەوی توندڕۆ لە ئەورووپا:** لە ساڵی ٢٠٠٨ دا چەند پارتێکی ڕاستگەرای توندڕۆ لە شاری (ئەنڤێر)ی بەلجیکا کۆبوونەوە و ڕێکخراوێکی نوێیان بۆ قەڵاچۆکردنی ئەوەی ناویان نابوو: (بەئیسلامکردن) دامەزراند و ناویان نا: (شارەکانی دژ بە ئیسلامکردن) و بۆ ڕۆژنامەنووسانیان ڕاگەیاند. هەر یەک لە سەرۆکی پارتی: (بەرژەوەندی فلامینگۆ)، (فیلیپ دێوینتەر) و سەرۆکی پارتی: (ئێف بی ئۆ) ی نەمسایی (هاینز کریستیان ستراسی) و سەرۆکی بزاوتی: (ئەلزاس ئەپیوەر) ی فەرەنسیی (ڕۆبەرت سبیلەر) و، نوێنەری پارتی ڕاستڕەوی ئەڵمانی: (دای ڕێبو بلێکانەر) و نوێنەری پارتی نیشتمانی بەریتانی و نوێنەرانی چەند پارتێکی دیکەی ئیتاڵیی و دانیمارکی، ئامادەی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی بوون.

لە فەرەنسا بەرەی نیشتمانی بە سەرکردایەتی: (مارین لۆبان) و، لە هۆڵەندا سەرۆکی پارتی ئازادی ڕاستڕەوی توندڕۆ (خیرەت فیلدەرز) و، لە ئیسرائیل حاخام (یەعقوب یوسف) بە هەڵگرانی ئەم هزرە دادەنرێن.

**ڕاستڕەوی بەدیل:** گرۆیەک لە لایەنگرانی ئایدیۆلۆژیای ڕاستڕەوەی توندڕۆ دەگرێتەوە، کە سیاسەتی موحافیزەکار -کۆنزەرڤاتیڤ - ڕەتدەکەنەوە، بە زۆریی لە ئەمریکا و، کەمێکیش لە کەنەدا و ئەورووپا هەن.

فەیلەسووفی ئەمریکی: (پۆڵ گۆتفرێد) لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە بە داهێنەری ئەم زاراوەیە: (ڕاستگەرای بەدیل) دادەنرێت، لەوەودوا بیرۆکەکەی وای کرد کەسانی وەکی: (ڕیچارد سپنسەر) کە بەرگریکارە لە بیرۆکەی (باڵابوونی سپی پێستەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە سەری دەربهێنن.

ئەم ڕەوتە بە: خۆدابڕێنەر، دژایەتیکردنی سامییەت و باڵابوونی سپی پێستەکان دەناسرێتەوە. چەندان گرووپ و بزاوت بوونە هەڵگری، وەکی: نەتەوەی ئەمریکیی، پاشانشینگەراییەکان و بزاوتی مافەکانی پیاوان، کە لە هەڵمەتی بانگەشەی (دۆناڵد ترەمپ) دا بەشداربوون.

لە گرینگترین ڕێکخراوەکانی ئەم ڕەوتە: زە دەیلی ستۆرمەر، ٤ شان، کۆماری فلۆریدا، عەسائیبی باشوور.

**ڕاستڕەوی نوێ:** ئەو دەنگۆیانەن کە بانگەواز بۆ لای گەڕانەوە بۆ نەتەوەپەرستی و میللیگەرایی دەکەن و پەردەی ڕۆشنبیریی و گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی، بەسەردا دەدەن. بڕوایان وایە پێویستە بوار بۆ بێگانەکان فراوان نەکرێت و، ئازادییەکانی تاکیی کەوتوونەتە ژێر مەترسییەوە.

لە دیارترین پارتی لایەنگیریی ئەم هزرە، پارتی سۆشیالیزمی دیموکراسیی ئەڵمانییە. هەروەها پارتەکانی (حەریدی) واتە: دۆگما ئاینییەکانی ئیسرائیل، پارتەکانی نەتەوەپەرستی ئاینگەرا و بزاوتی (ئێم ترتسۆ) یش لایەنگیری ئەم هزرەن و، سەرۆکوەزیران: (بنیامین ناتەنیاهۆ) بەرگریی لێ دەکات.

**کۆنفیدراڵیی**
**ئیمپراتۆریی**
**فیدراڵیی**
**کۆنترۆڵخواز**
**دەوڵەتی مەرکەزی**

**کۆنفیدراڵیی:** گرۆپەکە لە دەوڵەتان و، ئەندامەکانی دەوڵەتی سەربەخۆن و خاوەن سەروەرین، بە پێی ڕێکەوتنی پێشوەختە هەندێک لە دەسڕۆیشتووییەکانی خۆی بە دەستەیەک یان چەند دەستەیەکی هاوبەش دەسپێرێت، تاکو سیاسەتی دەوڵەتەکانی بەشداربوو، لە هەندێک بواردا، هاوڕێک و تەبا بن، بێ ئەوەی ئەم گرۆیە یان کیانە، دەوڵەت دروست بکات.

لە سیاسەتی ئەمڕۆدا بریتییە لە: یەکگرتنێکی بەردەوامی چەند دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی، بۆ کارکردنی هاوبەش لەبارەی دەوڵەتانی دیکەوە. نەریت وایە پەیماننامەیەک لە نێوان خۆیاندا واژوو دەکەن، یان بە زۆریی دەبێتە دەستوورێکی هاوبەش. زێتر بۆ پرسەکانی بەرگریی، کاروباری دەرەوە، یان بۆ دراوی هاوبەش دروست دەکرێت.

لە دیارترین نموونەی ئەم جۆرە هزرە، یەکێتی ئەوروپایە.

**ئیمپراتۆریی:** لە بێژەی (Imperium) ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای دەسەڵات یان هێز دێت.

لە ڕووی سیاسییەوە یانی: کۆمەڵێکی زۆر لە دەوڵەت و هەرێم و گەلانی جوداجودا، یەکدەخرێن و لە لایەن کەسێکەوە کە ئیمپراتۆرە، فەرمانڕەوایی دەکرێت.(حکومەتی ئۆلیگارکی).

فیدراڵیی: شێوازێکە لە شێوازەکانی حوکمڕانیی و تێیدا دەسەڵاتەکان، بە پێی دەستوور، لە نێوان حکومەتی مەرکەزیی و کۆمەڵە هەرێم، یان ویلایەتێکدا، دابەش کراون.

هەرێم یان ویلایەتەکان بە یەکەیەکی دەستووریی دادەنرێن و، هەر ٣ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەرییان دەبێت. (حوکمی زاتیی).

**کۆنترۆڵخواز:** حکومەتێکی خاوەن سەروەریی وەکی ئیمپراتۆرییەتە و دەوڵەتی زاڵبوو پیادە دەکات، لەجێتی زاڵبوونی سەربازیی، ڕاستەوخۆ هێز بەکاردەخات. (سەرکردایەتی جیۆسیاسی).

دەوڵەتی مەرکەزی: یان دەوڵەتی یەکخواز، ئەو دەوڵەتانەن دەسەڵاتەکان مەرکەزین و، سەرجەم یەکە کارگێڕییەکان سەر بە ناوەندن. زۆربەی زۆری دەوڵەتانی دنیا، لەم شکڵەن، لە ١٩٣ دەوڵەتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٦٥ یان لەم جۆرەن.

**ئۆتۆکراسیی**
**چەوسێنەر**
**دیموکراسی نالیبراڵیی**
**نیمچە دەسەڵاتخواز**
**دیکتاتۆریی**
**شمولیی**
**دیموکراسیی**

**ئۆتۆکراسیی:** جۆرێکە لە جۆرەکانی حوکمڕانی، دەسەڵات تێیدا بە دەستی تەنیا کەسێکەوەیە و، دیاری دەکرێت و هەڵنابژێردرێت. بناغەی وشەکە یۆنانییە و یانی: حاکمی تاقانە.

**چەوسێنەر:** شکڵێکە لە شکڵەکانی حوکمڕانیی و، دەسەڵاتی ڕەها بە دەستی پاشاوەیە، وەکی دەسەڵاتی باوک بەسەر منداڵەکانییەوە وایە. جاری وایە تەنیا کەسێک، یان چەند کەسێک دەسەڵاتدارن و بە ڕەهایی حوکم دەکەن.

**دیموکراسی نالیبراڵیی:** یان دیموکراسی ساختە، سیستمێکە حکومەت لەڕێی هەڵبژاردنەوە دێتە سەر کار، بەڵام دەستوورێک نییە ئازادییەکانی مەدەنیی بپارێزێت. یان سیستمێکی هەڵبژێردراوە،

کەچی پارتی ئۆپۆزسیۆن و ئازادی ڕاگەیاندن، بوونیان نییە.

**نیمچە دەسەڵاتخواز:** سیستمێکە هەم دیموکراسیی و هەمیش دەسەڵاتخوازە، هەندێک سیمای دیموکراسی، دامەزراوەی دیموکراسی و ئازادییەکانی سیاسیی تێدا دەبینرێت، کەچی هەندێک سیمای نەبوونی ئازادیی و پاوانخوازیشی تێدا دەبنرێت.

دیکتاتۆریی: دەسەڵات لەم شکڵەی حوکمڕانیدا لە تەنیا کەسێکدا کۆدەبێتەوە، وەکی پاشایەتی، یان تاکە پارتێکی سیاسیی، یان دیکتاتۆرییەتی سەربازیی.

دوو جۆر دیکتاتۆرییەت هەن:

- دیکتاتۆرییەتی تاکەکەس.
- دیکتاتۆرییەتی دەستەیەک.

**شمولیی:** دەوڵەتێکە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا دەدات و، دەیهەوێت هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکەکان، بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

بۆ یەکەم جار نووسەر (کارڵ شمیت) ی ئەڵمانیی لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٢٧ لە ژێر ناوی (چەمکی سیاسەت) دا بڵاوی کردووە، بەکاری هێنا.

**دیموکراسیی:** بە واتای حوکمی گەل بۆ گەل دێت. بناغەکەی یۆنانییە و، هەڵبژاردن تێیدا بنەمای حوکمڕانییە. دیارترین سیماکانی حوکمی زۆرینەیە و، جوداکردنەوەی هەر ٣ دەسەڵاتەکەیە: یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی.

**دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆ**
**دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی**

**دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆ:** جۆرێکە لە جۆرەکانی دیموکراسییەت و بڕیارەکان ڕاستەوخۆ دەنگیان لەسەر دەدرێت. فەرمانەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، هەڵبژاردن و دەست پێ لەکارکێشانەوەی بەرپرسان و سازکردنی دادگاییکردنەکان، لە سیماکانی ئەم جۆرەن. دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆ ڕێ بە سێ شکڵی کاری سیاسی دەدات: ڕاپرسی، دادگاییکردن و دەسپێشخەریی. ڕاپرسی بۆ نەویستنی یاسایەک یان بەرنامەیەک کە دادەنرێت، دەکرێت. دەسپێشخەریی پێشنیارکردنی پرۆژە یاسایەک، کە خەڵکی دایدەنێن، دەگرێتەوە. دادگاییکردن بۆ لادانی هەر بەرپرسێکە پێش تەواوکردنی وادەی دیاریکراوی بەرپرسیارێتییەکەی. (سویسرا) لە ئێستەدا نزیکترین سیستمە لەم جۆرەی دیموکراسییەوە.

**دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی:** شکڵێکی دیموکراسییە و بیردۆزەی مەدەنیبوونە، هاوڵاتیان بەشێوەیەکی نهێنیی و ئازادانە لە هەڵبژاردنێکی فرەییدا، دەنگی خۆیان بە نوێنەرەکانیان، دەدەن.

دیموکراسییەکانی لیبراڵیی نوێ، لەمڕۆماندا باشترین نموونەی ئەم شکڵەن و، ئەمریکا لە دیارترینیانە. لێرەدا ئەندامانی پەرلەمان دەسەڵاتی زێتریان پێ دەدرێت و، لە دەرکردنی یاسا و ڕێنماییەکاندا، دەسکراوەتر دەبن.

یەکەمین کەسێک ئەم جۆرەی لە دیموکراسی پیادەکرد، (دیکاناویدا) ی سەرکردەی هیندییە سوورەکان بوو لە سەدەی ١٦ دا، ئەوەبوو کۆمەڵەی گەلان (ئایرۆکواس) ی لە ٥ هۆزی هیندی، لەو ویلایەتەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت: (نیویۆرک)، پێکهێنا. ئەو نموونەی نوێنەرایەتییەی هیندییە سوورەکان، کاریگەری قووڵی لەسەر فەیلەسووفانی بەریتانیا و، سەرکردەی ئەمریکی: (بنیامین فرانکلین) هەبوو، بۆیە دوای ئەو کارە، ئەوە بە خەیاڵیاندا هات سیستمێک بۆ دیموکراسییەتی نوێنەرایەتیی، پێکبهێنن. توێژەران پێیان وایە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە، دەتوانرێت ئەوە بوترێت: بۆ یەکەم جار لە مێژووی بنیادەمدا، زۆربەی زۆری دانیشتووانی جیهان، لە ژێر سایەی ئەم جۆرە لە دیموکراسیدا دەژین (www.freedomhouse.org/ Freedom in the World).

**پاشایەتی ڕەها**
**پاشایەتی دەستووریی**

**پاشایەتی ڕەها:** بریتییە لە حوکمڕانی ڕەها و، دەسەڵات تێیدا بە دەستی تەنیا کەسێک، پاشا یان سوڵتان یان ئەمیرەوەیە، تەواوی ژیانی هاوڵاتیانی لەبەردەستدایە. لە هەندێک باردا دەسەڵاتی ئایینی دەتوانێت دەسرۆیشتووییەکانی پاشا یان سوڵتان، سنووردار بکات، چونکی دەستوورێکی نووسراویان نییە.

دیارترین وڵاتانێک کە ئەم جۆرەی حوکمڕانی پیادە دەکەن: ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیی، پاشانشینی سعوودیی عەرەبیی، پاشانشینی عوممان، پاشانشینی بەحرەین و قەتەر، ڤاتیکان، برۆنای، سۆزیلاند.

**پاشایەتی دەستووریی:** یان سیستمی پاشایەتی پەرلەمانیی، بە پێی دەستوورێکی نووسراوە، دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات.

دیارترین وڵاتانی پاشایەتی دەستووریی: مەغریبی عەرەبیی، کوەیت، یابان، دانیمارک، سوید، بەریتانیا، هۆڵەندا، نەرویج و ئیسپانیا.

**ئەرستۆکراسی**
**دیکتاتۆرییەتی سەربازی**
**بلۆتۆکراسی**
**ستراتۆکراسی**
**تیمۆکراسی**

**ئەرستۆکراسی:** بناغەی وشەکە یۆنانییە و یانی: حوکمی باشترین. شێوەی حوکمڕانیی تێیدا بۆ باشترینی هاوڵاتیانە، یان دەسەڵاتی کەسانی تایبەت. لە ڕووی سیاسییەوە چینێکی کۆمەڵایەتی پایە بڵند دەبنە فەرمانڕەوا.

نموونەی ئەم جۆرە حوکمڕانییە تەواوی بنەماڵەکانی دەرەبەگیی ئینگلتەرا و فرەنسا و ڕووسیای بەرێ، دەگرێتەوە.

**دیکتاتۆرییەتی سەربازی:** حوکمڕانی عەسکەر، تەواوی دەسەڵاتەکان لە دەست هێزە چەکدارەکاندا دەبێت، جا ئەو دەسەڵاتانە سیاسیی یان ئابووریی یان کۆمەڵایەتی بن.

**بلۆتۆکراسی:** یانی حوکمڕانی چینی دەوڵەمەند و پارەدار.

نموونەکانی لە مێژوودا: یۆنانی کۆن، قرتاجە، بازرگانە ئیتاڵییەکان، جینەوا، فلۆرەنسا و ڤینس(بوندوقیە).

**ستراتۆکراسی:** جۆرێکە لە حوکمڕانیی کە سەرکردەکانی سوپا بەڕێوەی دەبەن. یانی ئەنجوومەنی سەربازی فەرمانڕەوایە.

**نەبوونی دەسەڵات**
**ئەنۆکراسی**
**کریتۆکراسی**
**کۆماری**
**سیۆکراسی**

**نەبوونی دەسەڵات:** یانی پشێویی و نەبوونی فەرمانڕەوا، هەر کەس بۆ خۆی حاکمە. ماناکەی لە جەنگیی نێوخۆیشەوە نزیکە.

**ئەنۆکراسی:** دەسەڵاتی چینی دەستەبژێر، دەسەڵاتەکان بە دامەزراوەکانی گشتی نادرێن، بەڵکو بەسەر ئەو دەستەبژێرانەدا دابەش دەکرێت کە بەردەوام لە کێبڕکێی چوونە سەر دەسەڵاتدان. (باشووری سۆماڵ بە نموونە).

**کریتۆکراسی:** فەرمانڕەوایی دادوەرەکان دەگرێتەوە.

**کۆماری:** ئەو سیستمەی حوکمڕانییە، کە تێیدا سەرۆککۆمار، ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە

هەڵدەبژێردرێت. وەکی دەوڵەتانی: فەرەنسا و ئەمریکا و تورکیا.

**سیۆکراسی:** حوکمڕانیی پیاوانی ئاین، یان حکومەتی ئاینیی، کە تێیدا پیاوانی ئاین بە ناوی خوداوە حوکم دەکەن. ڤاتیکان، ئێران، سعودییە و پاکستان دیارترین نموونەی ئەو جۆرە حوکمڕانییەن.

**ناپارتایەتی**
**یەک پارتی**
**دوو پارتی**
**فرە پارتی**

**ناپارتایەتی:** واتە سیستمی حوکمڕانی ناحیزبیی، کە نە دەستوورێک، نە یاسایەک بوونیان نییە، ڤاتیکان باشترین نموونەیە.

**یەک پارتی:** واتە دەسەڵاتی پارتی فەرمانڕەوا، یان تاکڕەویی حیزبیی.

**دوو پارتی:** یانی فەرمانڕەوایی دوو پارتی گەورە. بۆ نموونە: پارتی کۆماری و پارتی دیموکراتی لە ئەمریکا، پارتی پارێزگاران و پارتی کرێکاران لە بەریتانیا، یەکێتی و پارتی لە باشووری کوردستان.

**فرە پارتی:** یانی دەسەڵاتی چەندان پارتی بەشداربوو لە حکومەت و پەرلەمان. سویسرا دیارترین نموونەیە.

**سەرچاوەکان:**

1- W. Wilson (1994). Saudi Arabia: The Coming Storm. M.E. Sharpe.

2- Kenneth H. Winn (1990). Exiles in a Land of Liberty: Mormons in America, 1830–1846. صفحه 203.

3- Constitutional Justice: A Liberal Theory of the Rule of Law . Oxford University Press.

4- Benjamin Powell; Ryan Ford, Alex Nowrasteh (2006-01-30). «Somalia After State Collapse: Chaos or Improvement?». Independent Institute. Cite uses deprecated parameter |coauthors.

5- Bouvier، John (1999). Institutes of American law. The Lawbook Exchange, Ltd. 7 صفحه. ISBN 978-1-886363-80-9. .

6- ch.ch – A service of the Confederation, cantons and communes. Berne, Switzerland: Swiss Confederation. 2017 اگلع عليه بتاريخ 9 يناير.

7- Sondrol, P. C. (2009). «Totalitarian and Authoritarian Dictators: A Comparison of Fidel Castro and Alfredo Stroessner». Journal of Latin American Studies 23 (3): 599. doi:10.1017/S0022216X00015868.

8- Pipes, Richard (1995), Russia Under the Bolshevik Regime, New York: Vintage Books, Random House Inc., ISBN 0-394-50242-6. Robert Jaulin L›Univers des totalitarismes (Paris : Loris Talmart, 1995.

9- Carroll Quigley (1983). Weapons systems and political stability: a history. University Press of America. صفحه 307. ISBN 978-0-8191-2947-5 اگلع عليه بتاريخ 20 مايو 2013.

10- Diamond, Larry & Morlino Leonardo. Assessing the Quality of Democracy, Johns Hopkins University Press, 2005, p. xli.

11- The Rise of Illiberal Democracy, Foreign Affairs, November/December 1997.

١٢- كل ما تحتاج معرفته بشأن حقوق الإنسان. منقمه العفو الدوليه، نسخه محفوظه، ٢٩ نوفمبر ٢٠١٤.

١٣- مراسلون بلا حدود، التصنيف العالمي ٢٠١٣، خيبات أمل واستقرار بعد الربيع، رۆژی ٣٠- ٦- ٢٠١٨ بینراوە.

١٤- مستەفا حەسەنێن عەبدولهادی، http://www.alukah.net/fatawa_counsels/٠/١٤٤٢٢/ رۆژی ٣٠- ٦- ٢٠١٨ بینراوە.

١٥- archive.li/M٠WMq، رۆژی ٣٠- ٦- ٢٠١٨ بینراوە.

١٦- www.freedomhouse.org/ Freedom in the World)، رۆژی ٣٠- ٦- ٢٠١٨ بینراوە.

١٧- موقع جريده الوسگ: http://www.alwasatnews.com/، رۆژی ٣٠- ٦- ٢٠١٨ بینراوە.

## له بڵاوكراوەكانی
## ناوەندی ڕۆشنبیری و هزی خاڵ



# لە بڵاوکراوەکانی
# ناوەندی ڕۆشنبیری و هزی خاڵ



## له بڵاوكراوەكانی
## ناوەندی ڕۆشنبیری و هزی خاڵ



# له بڵاوكراوەكانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی



# له بڵاوكراوەكانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی



# ڕێنماییەکان بۆ نوسەرانی خۆشەویستی گۆڤاری خاڵ

یەکەم: داوا لە نوسەران و توێژەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن لە ناردنی بابەتەکانیاندا بۆ گۆڤارەکە:

١ـ ناونیشانەکان کورت و پوخت بن.
٢ ـ ناوەڕۆکی بابەتەکان دەبێت تەعبیر بێت لە ناونیشان و بە پێچەوانەشەوە.
٣ ـ نوسینەکان دەبێت زانستی و پوخت بێت و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.
٤ـ بە وردی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت.
٥ـ ڕەچاوی خاڵبەندی بکەن.
٦ـ بابەتەکانیان بە فۆنتی کوردی(یونیکورد/Unikurd goran) بنوسن و ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرچاوانەشی کە عەرەبین بە فۆنتی(Ali K sahifa bold)بنوسن.
٧ـ نوسەران بەر لە ناردنی بابەتەکانیان هەڵەچنی زمانەوانی وردی بکەن.
٨ـ لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا، وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلێکی کورتی خۆیان بەوشێوەی کە لە ژمارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

دووەم: هەر لە گۆڤارەکەدا ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی: گفتوگۆی زانستی، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە قورسایی زانستی و ڕۆشنبیرییان هەیە لەگەڵ کورتە و پوختەی ئەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی کە بە شێوازێکی زانستی نوسراون و دەکرێت خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پوختەیەوە شارەزای ناوەڕۆکی ئەو نوسینانە ببێت.

# تۆكمەی خێزان و بەها باڵاكانی كۆمەڵگە

تۆفیق كەریم

كۆمەڵگەكەمان ئەمڕۆ لە هەر كاتێكی دیكە زیاتر پێویستی بە تاكی چاكەخواز و بەخزمەت و چاكساز هەیە، ئەزموونی مرۆڤایەتی دەیسەلمێنێت بەبێ تاكی بەهێز و خێرخواز، ئەستەمە سیستەم و یاسا و بەرنامە لە هیچ كۆمەڵگەیەكدا جێبەجێ بكرێت، هەرچی گۆڕانكاریی و پێشكەوتنی مرۆڤایەتییە جێپەنجەی تاكەكانی كۆمەڵگەی لەسەر نەخشە.

گومانیش لەوەدا نییە پەروەردەبوونی ئەم تاكە لەسەر چاكەكاریی و خزمەت و دڵسۆزیی بۆ كۆمەڵگەكەی بنەمای پێگەیشتن و داهێنان و بەخشینیەتی. ئەم پەروەردەبوونەش كە لە سەرەتای هاتنە ژیانەوە دەستپێدەكات، خێزان ڕۆڵی سەرەكی هەیە تیایدا، خێزانی تۆكمە و پەروەردەكراو تاكی پەروەردەكراو و تەندروست بەرهەم دەهێنێت. بۆیە هەر پێشكەوتن و گۆڕانكاریی و تەكنەلۆژیایەك زیان بە پێگەی خێزان بگەیەنێت، دەبێت ڕێگری لێ بكرێت و بەرەنگاریی بكرێت و چارەسەری بۆ دابنرێت. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین هیچ فلتەرێك لەو بوارانەدا لە ئارادا نییە، ئەوان وا خەریكن لەناو خێزانەكانماندا شاڵاومان بۆ دێنن و هەرچی ریسەكانمان هەیە دەیكەنەوە بە خوری، واتە ئەو كەلتورەی كە بۆ ماوەی چەندین نەوەی پێش ئێمەیە، بە چاك و خراپیەوە، بە جوان و ناشیرینیەوە، وا بە بەرچاومانەوە تێكوپێك دەشكێنرێت، بێ ئەوەی چارەسەرێكی گونجاوی لە ئاستی خۆیدا بۆ دانرابێت، من دڵنیام نە شاڵاوی ئەوان و نە جگە لەوانیش توانای نەهێشتن و لەناوبردنی بەها خێزانیەكانی ئێمەیان نابێت، لەبەر ریشە داكوتراوی و بتەوی ئەو بنەمایانە، هەروەها بە هۆی گونجاویان لەگەڵ فیترەت و سروشتی كۆمەڵگەكەمان و كاریگەریی بەهێزی ئایین لە سەرمان.

بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت گرفتمان بۆ دروست ناكەن و كاریگەریی مەترسیداریان نابێت، بەپێچەوانەوە لە چەند دەیەی ڕابردوودا، كۆمەڵگەی كوردی تووشی كۆمەڵێك نەخۆشی دژوار هاتووە كە پێشتر ئەو نەخۆشییانەی بەخۆوە نەدیوە، بێگومان بەشی هەرە زۆریان كاریگەریی ئەو شاڵاوەیە. ئێمە بۆ پارێزگاری لە تۆكمەی خێزان و بەها باڵاكانی بەوهۆیەشەوە بۆ پارێزگاریكردن لە نەریتە ئەرێنییەكانی كۆمەڵگە دەكرێت تاكی كوردی لە دوو بواردا هۆشیار بكەینەوە:

١. ناسین و ناساندنی گرفتە هاوچەرخەكانی خێزان لە سایەی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا و بەكاڵابوونی بەهاكان، پاشان مەترسی و لێكەوتەكانی ئەم شاڵاوە و چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵیدا.

٢.دەستخستنە سەر خاڵە ئەرێنی و نەرێنیەكانی كەلتوور و دابونەریتی خێزان و كۆمەڵگەی كوردی، چونكە ناكرێت ئەوەی بۆمان ماوەتەوە هەمووی بە پیرۆز سەیر بكرێت و مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت، هەڵاوردكردنی چاك و خراپ، بەهای زیندوو باوناماو، كەلەپوور و ئاین، پرۆسەیەكی زۆر گرنگن لەم سەردەمەدا، هەرگیز ناتوانین بە ناوی ئایینەوە لە هەموو كەلەپوور بە پیرۆز بڕوانین، بێگومان كۆمەڵێك دابونەریتی خێزانیش هەیە ئەگەر بۆ سەرجەمی خۆیان گونجاو بن، بە دڵنیاییەوە بە كەڵكی ئەمڕۆمان نایەن.